حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- خوێندنی باڵا

# تیرۆر و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ و ئاسۆی ئایندەیی

ماستەرنامەیەکە لەلایەن خوێندکار

جزا احمد فارس

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستە ڕامیارییەکان.

بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆری یاریدەدەر

دکتۆر عابد خالد رسول

٢٧٢٢ کوردی ١٤٤٤کۆچی ٢٠٢٢زاینی

حكومة إقليم كردستان- العراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية العلوم السياسية- الدراسات العليا

# الارهاب و تداعياته على الأبعاد الامنية في العراق بعد ٢٠٠٣ و أفقه المستقبلى

رسالة تقدم بها

جزا احمد فارس

الى مجلس كلية العلوم السياسية في جامعة السليمانية، وهي جزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في العلوم السياسية.

بإشراف

أ. م. د. عابد خالد رسول

٢٧٢٢ كوردية　　١٤٤٤هجرية　　٢٠٢٢ ميلادية

# بەڵێننامە

من (جزا احمد فارس) بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانی بریتییە لە (تیرۆر و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ و ئاسۆی ئایندەیی) هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەشی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێداوە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەرجێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژۆ:
ناوی خوێندکار: جزا احمد فارس
بەروار:

## ڕاسپاردە و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

دەستنووسی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (تیرۆر و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ و ئاسۆی ئایندەیی)، کە لەلایەن خوێندکار (جزا احمد فارس) پێشکەشکراوە، بە سەرپەرشتی من لە (کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی) ئەنجامدراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا.

واژۆ:

ناو :پ.ی.د .عابد خالد رسول

بەروار:

## پێداچوونەوەی زمانەوانی

بۆ بەڕێز: لیژنەی خوێندنی باڵا لە کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی

من کە ناوم (ئاڤێستا کمال محمود)ە، هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆرا)م، لە پسپۆڕی (زمانی کوردی)، پێداچوونەوەی زمانەوانیم بۆ ئەم توێژینەوەیە ئەنجامداوە، بە ناونیشانی (تیرۆر و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ و ئاسۆی ئایندەیی) کە لەلایەن خوێندکار (جزا احمد فارس) پێشکەشکراوە، سەرجەم هەڵەکانم بۆ چاککردووەتەوە و لەبەر ئەوەش لە خوارەوە واژۆم کردووە.

واژۆ:

ناوی سیانی:پ.ی.د.ئاڤێستا کمال محمود

بەروار: / /٢٠٢٢

# پێشنیاری سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا

بەپێی ئەو پێشنیارانەی کە کراون، ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق ٢٠٠٣-٢٠٢٠) کە لە لایەن خوێندکار (جزا احمد فارس)ەوە ئامادەکراوە، پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم.

واژۆ:

ناوی سیانی:

بەروار: / /

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم توێژینەوەیەمان خوێندەوە، بە ناونیشانی (تیرۆر و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ و ئاسۆی ئایندەیی) لە لایەن خوێندکار (جزا احمد فارس)ەوە پێشکەشکراوە، لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و گوێمان لە بەرگرییەکانی گرت، پاشان بڕیارماندا، کە شایستەیە بڕوانامەی ماستەری لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت بە پلەی (                )

واژۆ:
ناو: پ.د.سەردار قادر محی الدين
بەراور:   /   /
ئەندام

واژۆ:
ناو: پ.ی.د.بارزان جوهر صادق
بەروار:   /   /
ئەندام

واژۆ:
ناو: پ.ی.د.عابد خالد رسول
بەروار:   /   /
ئەندام و سەرپەرشتیار

واژۆ:
ناو: پ.د.دانا علی صالح
بەروار:   /   /
سەرۆکی لیژنە

# ڕاستاندنی ئەنجومەنی کۆلێج

ئەنجومەنی( کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان- زانکۆی سلێمانی) لە کۆنووسی دانیشتنی ژمارە (    ) لە بەرواری (    /    /    ) بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی ماستەرنامەی خوێندکار (جزا احمد فارس)ی بە ناونیشانی (تیرۆر و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق لە دوای ٢٠٠٣ و ئاسۆی ئایندەیی) پەسەند کرد و بڕیاریدا کە بڕوانامەی ماستەری لە (زانستە ڕامیارییەکان)دا پێبدرێت.

واژۆ:
ناو :پ.ی.د .عابد خالد رسول
ڕاگری کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان زانکۆی سلێمانی
بەروار:

## پێشکەشە بە:

- ڕۆحی باوکم، دایکی ئەزیزم.

- قوربانیانی کردە تیرۆریستییەکان.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستیایش بۆ یەزدان کە هێزی ئەوەی پێبەخشیم ئەم ماستەرنامەیە بە ئەنجام بگەیەنم .

- سوپاسی بێپایانم بۆ مامۆستای ئازیزم (پ.ی.د.عابد خالد رسول)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمی گرتەئەستۆ، بەخستنەڕووی سەرنج و تێبینییە وردەکانی ئەم توێژینەوەی لە کەموکورتی و ناتەواوی پاراست.

- سوپاس بۆ بەرێز (د.تارا عومەر) سەرۆک بەشی زانستە ڕامیارییەکان لەماوەی خوێندنی ماستەرەکەمان هاوکارمان بوو.

- سوپاس بۆ بەڕێز (د.جلیل عومەر علی ) سەرۆکی یەکەی خوێندنی باڵا لە ماوەی (٢) ساڵی خوێندنی ماستەرەکەمان زۆر ماندوو بوو لەگەڵمان.

- سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەرێزانەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندنی ماستەرەکەم ماندوو بوون لەگەڵمان.

## پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٦ | پێشەکی |
| ٧-٥٦ | بەشی یەکەم چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان |
| ٧-٣٦ | باسی یەکەم: چەمکی تیرۆر |
| ٧-١٧ | تەوەرەی یەکەم:چییەتی تیرۆر |
| ١٨-٢٤ | تەوەرەی دووەم: چەمکە نزیکەکان لەچەمکی تیرۆرەوە |
| ٢٥-٢٨ | تەوەرەی سێیەم: شەپۆلەکانی تیرۆریزم |
| ٢٩-٣٦ | تەوەرەی چوارەم: جۆر و شێوازەکانی تیرۆر |
| ٣٧-٥٦ | باسی دووەم: چەمکی ئاسایش |
| ٣٧-٤٢ | تەوەرەی یەکەم: چییەتی ئاسایش |
| ٤٣-٤٨ | تەوەرەی دووەم: ئاستەکانی ئاسایش |
| ٤٩-٥٠ | تەوەرەی سێیەم: قوتابخانەی کۆپنهاگن |
| ٥١-٥٦ | تەوەرەی چوارەم: ڕەهەندەکانی ئاسایش |
| ٥٧-١٠٩ | بەشی دووەم: تیرۆر وهۆکار و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق پاش٢٠٠٣ |
| ٥٧-٦٦ | باسی یەکەم:تیرۆر و پرۆسەی داگیرکردنی عێراق و دووبارە بنیاتنانەوەی لە ٢٠٠٣دا |
| ٥٧-٦٠ | تەوەرەی یەکەم: تیرۆر و پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە |
| ٦١-٦٦ | تەوەرەی دووەم: تیرۆر و پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق |
| ٦٧-٨٨ | باسی دووەم:هۆکارەکانی تیرۆر و جۆر و شێوازەکانی لەعێراقی پاش ٢٠٠٣ |
| ٦٧-٧٤ | تەوەرەی یەکەم:هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر لە عێرقدا |
| ٧٥-٨٢ | تەوەرەی دووەم:جۆرەکانی تیرۆر لە عێراقدا |
| ٨٣-٨٨ | تەوەرەی سێیەم:شێوازەکانی تیرۆر لە عێراقدا |
| ٨٩-١٠٩ | باسی سێیەم:چۆنییەتی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق پاش ٢٠٠٣ |
| ٨٩-٩٣ | تەوەرەی یەکەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی سیاسی |
| ٩٤-٩٧ | تەوەرەی دووەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ڕەهەندی ئابووری |
| ٩٨-١٠٠ | تەوەرەی سێیەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ڕەهەندی سەربازی |
| ١٠١-١٠٧ | تەوەرەی چوارەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی کۆمەڵگەی |
| ١٠٧-١٠٩ | تەوەرەی پێنجەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی ژینگەیی |
| ١١٠-١٥٢ | بەشی سێیەم: ڕێگەچارەی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش و ئاسۆی ئایندەیی لە عێراقدا |
| ١١١-١٣٤ | باسی یەکەم: ڕێگە چارەکانی کێشەی تیرۆر و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایش لە عێراقدا |
| ١١١-١٢٨ | تەوەرەی یەکەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق |

| | |
|---|---|
| تەوەرەی دووەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لەسەر ئاستی دەرەوە | ١٣٤-١٢٩ |
| باسی دووەم: ئاسۆی ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش | ١٥٢-١٣٥ |
| تەوەرەی یەکەم: سیناریۆی یەکەم : کۆتای پێهاتنی تیرۆر لە عێراق و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش | ١٤٠-١٣٥ |
| تەوەرەی دووەم: سیناریۆی دووەم: مانەوەی تیرۆر وەک خۆی لە ئێستادا و لێکەوتەکانی لە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایش | ١٤٧-١٤١ |
| تەوەرەی سێیەم:سیناریۆی سێیەم گەرانەوەی تیرۆر بەهێزتربوونی لە عێراق و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش | ١٥٢-١٤٨ |
| ئەنجام | ١٥٥-١٥٣ |
| ڕاسپاردەکان | ١٥٧-١٥٦ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٩٠-١٥٨ |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی کوردی | ١٩١ |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی | ١٩٢ |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگلیزی | ١٩٣ |

# لیستی خشتەکان، هێڵکارییەکان ونەخشەکان

## یەکەم: خشتەکان


| ژ.خشتە | ناوی خشتە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| خشتەی ژمارە(١) | توخمە دووبارەبووەکان لە پێناسە جیاجیاکانی تیرۆریزم (١٠٩) پێناسە وەک نمونە وەرگیراوە | ١٦ |
| خشتەی ژمارە(٢) | جۆرەکانی ئاسایشی مرۆی ئەو هەڕەشانەی کە لەسەریەتی بەپێی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان | ٤٤ |
| خشتەی ژمارە(٣) | خشتەی قوربانیانی مەدەنی بەهۆی کردە توندوتیژییەکانەوە لە عێراقدا(٢٠٠٣-٢٠١٩) | ٩٠ |
| خشتەی ژمارە(٤) | لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر (تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی عێراق) (٢٠٠٣-٢٠١٨) | ٩٦ |
| خشتەی ژمارە(٥) | پارەی تەرخانکراو لە بودجەی گشتی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بۆ کەرتی بەرگری وئاسایش بەبەراورد بەکەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی(٢٠٠٦-٢٠١٠) | ٩٨ |
| خشتەی ژمارە(٦) | ئاوارەبوون لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق لە (٢٠٠٣-٢٠٢٠) | ١٠٤ |
| خشتەی ژمارە(٧) | ژمارەی داواکاری مافی پەناهەندی عێراقییەکان لە ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٨) | ١٠٥ |
| خشتەی ژمارە(٨) | خەرجی سەربازی بە دیناری عێراقی لە نێوان (٢٠١١-٢٠١٦) | ١٢٠ |


## دووەم: هێڵکاری


| ژ.هێڵکاری | ناوی هێڵکاری | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| هێڵکاری ژمارە(١) | قوربانیانی مەسیحییەکانی عێراق بەهۆی تیرۆرەوە (٢٠٠٣-٢٠١١) | ١٠٢ |


## سێیەم: نەخشەکان


| ژ.نەخشە | ناوی نەخشە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| نەخشەی ژمارە (1) | ئەو ناوچانەی چەکدارەکانی داعش چالاکی تێدا ئەنجامدەدات لە پاش پاشەکشەی هێزەکانی هاوپەیمانان | ١٤٤ |
| نەخشەی ژمارە (٢) | هێرشە ئاسمانییەکان بۆسەر داعش لە مانگی (١-٨) ی ساڵی ٢٠٢٠ | ١٤٥ |

## پێشەکی

تیرۆر بە یەکێک لەو چەمکانە هەژمار دەکرێت کە بە شێوەیەکی گشتی زۆرترین لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەکادیمی لە سەرکراوە و لە ناوەندە ئەکادیمییەکان جێگەی بایەخ و گفتوگۆی زانستییە ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم دیاردەیە چەندین واتای هەیە دەکرێت لە دیدگاو ڕەهەندی جیاوازەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت. هەرچەندە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی کۆنە، بەڵام لەم سەردەمەدا بە یەکێک لەو کێشە گەورانە دادەنرێت، کە بە بڕ و شێوازی جۆراوجۆر لێکەوتەی هەیە لەسەر ئاسایشی جیهان، لەبەرئەوە زۆربەی دەوڵەتان کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لەوڵاتەکانیان، چونکە تیرۆر مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایش، کە بنەمای پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەردەوڵەتێکە.

عێراق بە یەکێک لەو دەوڵەتانە هەژماردەکرێت، کە پاش داگیرکردنی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٠٣)دا چەندین گروپی تیرۆریستی ڕوویتێدەکەن و ئەو بارودۆخە نوێیەی کە هاتووەتە ئاراوە هاوکار دەبێت بۆ بەهێزبوون و فراوانبوونی ئەم گروپە تیرۆریستییانە، دەرئەنجامی ئەو ترس و تۆقاندنانەی کە گروپە تیرۆریستییەکان بڵاویدەکەنەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە عێراقی پاش (٢٠٠٣)دا. ئاسایشی عێراق ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبێتەوە، ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەی ئەو هۆکارە ناوخۆی و دەرەکییانە دەکات کە یارمەتیدەربوون بۆ دروستبوون و بەهێزبوونی گروپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا کە بوونەتە هۆی دروستبوونی کێشەی تیرۆر لەم وڵاتەدا.

گروپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە بە شێوەیەکی زۆر خێرا گەشەیان کرد و فراوانبوون ئەمەش چەندین لێکەوتە و کاریگەری گەورەی لە سەر سەرجەم کۆمەڵگەی عێراق بە تەواوی پێکهاتەکانەوە جێهێشتووە، ئەم توێژینەوەیە لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە هەریەکە لەڕووی (سیاسی، سەربازی، کۆمەڵگەی، ئابوری و ژینگەی) شرۆڤەدەکات، مەبەستیشمان لەخستنەڕووی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش شیکردنەوەی ئەو مەترسیانەیە کە تیرۆر لەسەر ئاسایشی عێراق بەجێیهێشتووە.

ئەم توێژینەوەیە سەرەڕای ئەوەی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا دەخاتەڕوو ئەو میکانیزمە چارەسەریانە شیدەکاتەوە کە دەکرێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر وەک یەکێک لەو کێشانەی کە مەترسی گەورەیە بۆسەر ئاسایشی عێراق و پاشان لە ڕێگەی چەند سیناریۆیەکەوە هەوڵدەدات کە ئایندەی تیرۆر لەم وڵاتە دەستنیشان بکات.

### گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، لەوەدا خۆیدەبینێتەوە، کە لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان لەمیانەی گەڕانەکانماندا ئەوە دەرکەوت کە توێژینەوە، چی ماستەر یان دکتۆرا، لە بواری بەستنەوەی

چەمکی تیرۆر بە ئاسایشەوە لە بواری زانستی سیاسیدا نەکراوە. ئەمە لە کاتێکدایە لە پاش ساڵی (٢٠٠٣)وە تیرۆر لێکەوتەی گەورەی لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش هەبووە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی عێراقییەکان بە جێهێشتووە و لێکەوتەکانی بۆ چەندین دەیەی داهاتوو دەمێنێتەوە. کاربەدەستان دەکرێت سود لەو ڕێگە چارەسەرییانە ببینن کە ئەم توێژینەوە خستوویەتییەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا هەروەها لە ڕێگەی کۆمەڵێک سیناریۆوە پێشبینی بۆ ئایندەی تیرۆر کراوە، کە دەکرێت دەزگا ئەمنییەکان سودی لێببینن و هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەماهەنگی یەکتریین بۆ کارکردن پێکەوە بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارە گەڕانەوەی تیرۆر، ئەم توێژینەوەیە هەندێك گرنگی تریشی هەیە کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوە کورتیان بکەینەوە:

١- تیرۆر یەکێکە لەو چەمکانەی کە جێگەی لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناوەندە ئەکادیمیەکان و نوسەران بووە ئەمە دەرئەنجامی ئەو مەترسیانەیە ئەم دیاردەیە لەگەڵ خۆیدا درووستیدەکات بۆیە خستنەڕوو و شیکردنەوەی ناساندنی ئەم چەمکە لە چەندین ڕەهەندی جیاجیاوە یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە ئەم توێژینەوەیە بە بایەخەوە گرنگی پێداوە.

٢- خستنەڕووی ڕەهەندکانی ئاسایش گرنگییەکی زۆری هەیە بەو پێیەی بە زمانی کوردی کەمترین توێژینەوە و نوسین لەم بارەیەوە هەیە.

٣- ناساندن و پۆلێنکردنی گروپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا بەمەبەستی لێکدانەوە بۆ لێکەوتەکانیان لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی عێراق یەکێکی ترە لە بایەخەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**گرفتی توێژینەوە:**

گرفتی سەرەکی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە بەستنەوەی چەمکی تیرۆر بە چەمکی ئاسایشەوە لە میانەی خستنەڕووی ئەو لێکەوتانەی، کە تیرۆر لە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایش بە جێیدەهێڵێت بۆ ئەم مەبەستەش نمونەکەمان عێراقی پاش (٢٠٠٣) یە، کەواتە پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتیە لە لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی عێراق دوای (٢٠٠٣) چییە؟ بۆ ئەوەی کە وەڵامێکی دروستمان دەستبکەوێت بۆ ئەم پرسیارە سەرەکییەی توێژینەوەکە پێویستمان بە وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری تر هەیە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

-چەمکی تیرۆرچییە؟ شێوازەکانی تیرۆرکامانەن؟ چەمکە نزیکەکانی تیرۆر چین؟ هۆکارەکانی درووستبوونی تیرۆر چییە؟ چەمکی ئاسایش چییە؟ ئەو گۆرانکاریانە چین کە بەسەر واتای چەمکی ئاسایشدا هاتووە؟ ئاستەکانی ئاسایش کامانەن؟ ڕەهەندەکانی ئاسایش کامانەن؟

-پرۆسەی بونیاتنانەوەی عێراق پاش(٢٠٠٣) بە چ شێوازێک بووە ؟ کاریگەری بارودۆخی عێراق پاش (٢٠٠٣) لە سەر درووستبوونی تیرۆر چییە؟ هۆکارەکانی درووستبوونی تیرۆر لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا چین؟ گروپە تیرۆرستییەکان کامانەن؟ .

-ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا بەرەو کوێ دەڕوات ؟ چارەسەرەکانی کێشەی تیرۆر بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا کامانەن؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە و پرسیارەکانی تر، کە لە گرفتی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو زیاد لە گریمانەیەك بەکارهێنراوە، کە لە ڕێگەی ئەم گریمانانەوە لە پاڵ ئەوەی، کە توێژینەوەکە دەگات بە وەڵامی پرسیارەکانی کێشەی توێژینەوەکە یارمەتیدەریشە بۆ وروژاندنی چەندین ڕەهەندی پەیوەست بە بابەتاکانی توێژینەوەکەوە، گریمانەکان ئەمانەن:

١- بەهۆی شکستهێنان لە پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی عێراق و دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی، ململانێ مەزهەبییەکان ڕۆڵی گرنگی گێراوە لە دروستبوونی چەندین گروپی تیرۆریستی جۆراوجۆر، کە دەرئەنجامەکەی لێکەوتەی نەرێنی لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش هەبووە لە عێراقدا.

٢- گروپە تیرۆریستییەکان سودیان لەو بۆشاییە ئاسایشییە (ئەمنییە) وەرگرتوە کە لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) ەوە دروستبوو لە دەرئەنجامی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگاکانی ڕژێمی پێشوو بەمەبەستی قایمکردنی شوێنپێی خۆیان.

٣- بەهۆی هەژموونی وڵاتانی دەرەکی و لاوازی دامەزراوەکان لە عێراقدا و دابەشبوونی چڕی پێکهاتەکان لە ڕووی مەزهەبییەوە، تەواوی ڕەهەندەکانی ئاسایش کەوتوونەتە بەر مەترسی و هەڕەشەی تیرۆرەوە ئەمەش ساڵ لە دوای ساڵ وڵاتەکە بەرەو چارەنوسێکی خراپ دەبات.

**میتۆدی توێژینەوە:**

بەمەبەستی سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە پشتبەستراوە بە بەکارهێنانی چەند ڕێبازێکی زانستی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێدراوە:

١-میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك: سود لەم میتۆدە بینراوە بە مەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوە بۆ چییەتی هەردوو چەمکی سەرەکی توێژینەوەکە کە خۆی لە چەمکی تیرۆر و ئاسایش دەبینێتەوە.

٢-میتۆدی وەسفی: سود لەم میتۆدە بینراوە بۆ ناساندنی بابەتەکانی توێژینەوەکە و خستنەڕوویان بە شێوەیەکی ئەکادیمی و ڕوون و هەروەها دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە هەیە.

٣-میتۆدی سیستەم: ئەم توێژینەوەیە سودی وەرگرتووە لە میتۆدی سیستەمی دیڤد ئیستن سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنی سیستەمی سیاسی عێراق بەو پێیەی سیستەمی سیاسی لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) نەیتوانیوە وەڵامدانەوەی داخوازی و داواکاریەکانی خەڵك بێت، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ دروستبوون و گەشەسەندنی تیرۆر لە عێراق.

٤-میتۆدی مێژووی: پشت بەم میتۆده بەستراوه بەمەبەستی خستنەڕووی پرۆسەی سیاسی لە عێراقی پاش (٢٠٠٣)دا کە بە مێژووی نزیك هەژماردەکرێت.

٥-میتۆدی تێبینیکردن: لەسەر بنەمای ئەوەی، کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە عێراقی پاش (٢٠٠٣) یە، هەروەها ئێمەش کارلێکراوین بەو ڕووداوانە، لەم توێژینەوە سودمان لەم میتۆده بینیوه و تێبینی دیاردەی تیرۆر و لێکەوتەکانیمان کردوه و زانیاریمان لەسەر کۆکردۆتەوە بە ئامانجی گەیشتن بە ڕاستی و خستنەڕووی مەعریفەیەکی زانستی سەبارەت بەم دیاردەیە.

٦- میتۆدی پەیپێبردن بەکارهێنراوه بۆ دیاریکردنی ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیارییە کەڵەکە بووەکان، کە سیناریۆکان پشتی پێدەبەستن.

٧-سودمان لە قوتابخانەی کۆپنهاگن وەرگرتووە بۆ دیاریکردنی ڕەهەندەکانی ئاسایش.

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری بابەتی توێژینەوە: سنوری بابەتی ئەم توێژینەوەیە بەو پێیەی کە بریتییە لە پێکەوە بەستنی دوو چەمکی گرنگ کە ئەوانیش چەمکی تیرۆر و ئاسایشە لە میانەی لێکدانەوە بۆ لێکەوتەکانی تیرۆر وەك گۆڕاوی یەکەمی توێژینەوەکە لە سەر ئاسایش کە گۆڕای دووەمی توێژینەوەکەیە فراوانە بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە دەرخستنی لێکەوتەکانی تیرۆرە لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش، کە بۆ دیاریکردنی ڕەهەندەکان سود بینراوه لەو بەرەو پێشچوونانە کە قوتابخانەی کۆپنهاگن لە بواری ئاسایش کردویەتی هەروەها ئاسایشی مرۆییش لەبەرچاو گیراوه لەو دیدگایانەی کە هاوبەشە لەگەڵ قوتابخانەی کۆپنهاگن.

-سنوری جوگرافیای توێژینەوە: سەرای ئەوەی لە توێژینەوەکە هەڵوەستە لەسەر چەمکی تیرۆر و ئاسایش دەکات، بەڵام خاڵی جێی بایەخ ئەوەیە سنوری شوێنی توێژینەوەکە بریتییە لە عێراق، لەمیانەیدا باسی هەرێمی کوردستانیش کراوه لە هەندێک شوێندا کە بە پێویست زانراوه.

-سنوری کاتی توێژینەوە: سنوری کاتی توێژینەوەکەمان لێکۆڵینەوە کردنە لەسەر کێشەی تیرۆر لە پاش ساڵی (٢٠٠٣) هەروەها دەرخستنی لێکەوتەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر ئێستا و ئایندەی لە عێراق .

**توێژینەوەکانی پێشوتر:**

وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا کە تاوەکو دەستکردن بە نوسینی ئەم توێژینەوەیە لەمیانەی گەڕانەکاندا ئەوەندەی زانیاریمان هەبێت دەرکەوت کە بەزمانی کوردی توێژینەوە نەکراوه تایبەت بە لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی عێراق پاش ( ٢٠٠٣ ) بەڵام بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی هەندێك توێژینەوە کراون، کە هەرچەندە لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە نزیك نین بەڵام سودیان لێوەرگیراوه؛ وەك سەرچاوه بەکارهێنراون لەم توێژینەوەیە، کە گرنگترین توێژینەوەکان ئەمانەن:

١- زانا تۆفیق كاكە امین، تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهان (لێكۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)، تێزی دكتۆرایە پێشكەشكراوە بە كۆلێژی زانستە ڕامیارییەكان ، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٢٠.

توێژینەوەیەكی پڕبایەخ و وردە توێژەر لەسەر بنەمای تیۆری جەنگی ڕەوا كاری لەسەر جەنگی دژە تیرۆر كردووە. سود لەم توێژینەوە وەرگیراوە لە بواری چارەسەركردنی كێشەی تیرۆر لە عێراقدا لەسەر بنەمای دروستكردنی ئاشتەوای لە نێوان پێكهاتەكانی عێراق بۆ هێنانە ئارای سەقامگیری، هەروەها توێژەر ئەرگومێنتی بە دامەزراوەیكردنی هێزە عێراقییەكانی كردوە بۆ چارەسەركردنی هێزی نادەوڵەتی لە عێراقدا و بوونی دەسەڵاتی دەوڵەت بە سەر سەرجەم هێزە سەربازییەكان، كە بە بۆچونی ئەم توێژینەوەیە ئەمە چارەسەرێكی پەسەندە، بەڵام جیاوازی توێژینەوەكە لەگەڵ توێژینەوەی ناوبراوە لەوەدایە كە ئەم توێژینەوەیە بابەتەكەی بەستنەوەی پرسی تیرۆرە بە ڕەهەندەكانی ئاسایشەوە.

٢- د.بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەكانی سەر ئاسایشی هەرێمی كوردستان-عێراق، گۆڤاری لێكۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەكان، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی، بەرگی (٣)، ژمارە(٦)، ٢٠٢٠.

توێژینەوەیەكی ئەكادیمی ورد و گرنگە كە سود لەم توێژینەوە بینراوە بۆ دیاریكردنی واتای ئاسایش و ناساندنی قوتابخانەی كۆپنهاگن و لێكەوتەكانی تیرۆر لەسەرهەندێك لە ڕەهەندەكانی ئاسایش، هەرچەندە هەوڵماندوە فراوانتر لەم توێژینەوەیە واتای ئاسایش بخەینە ڕوو لە ڕووی زمانەوانییەوە، هەروەها جیاوازی توێژینەوەكەی ئێمە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە ئێمە نمونەی توێژینەوەكەمان عێراق و تیرۆرمان وەك گۆڕاوێكی سەرەكی وەرگرتووە كە لێكەوتەی لەسەر ڕەهەندەكانی ئاسایش هەیە.

٣- هۆگر ئیبراهیم حەكیم، ڕۆڵی دامەزراوە زانكۆییەكان لە دەستەبەركردنی ڕەهەندەكانی ئاسایشی نیشتمانی، گۆڤاری لێكۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەكان، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی، بەرگی(٤)، ژمارە(٨)، ٢٠٢١.

ئەم توێژینەوە بەرچاو ڕونییەك بوو بۆ دیاریكردنی چوارچێوەی ڕەهەندەكانی ئاسایش بۆ ئێمە، كە وەك سەرچاوەیەك بۆ دیاریكردنی ڕەهەندەكانی ئاسایش سودی لێبینوە، ئێمە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە لە هەریەك لە ڕەهەندەكانی ئابووری و سەربازی بەكارمان هێناوە، جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كە بەشێوەیكی قوڵتر و ووردتر ڕەهەندەكانی دەستنیشانكردووە.

٤- دعماد جاسم حسن، أثر الارهاب على الاوضاع الاقتصادية فی العراق وانعكاساته الاجتماعية..الاسباب والمعالجات، مجلة بحوث، مركز لندن للبحوث والدراسات والاستشارات، العدد الثامن عشر، لندن، 2018.

توێژینەوەیەكی وەسفی شیكارییە، كە شرۆڤەی هۆكار و لێكەوتەكانی تیرۆر لە سەر عێراق دەكات، توێژەر شرۆڤەیەكی وردی كردوە بۆ لێكەوتەكانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی ئابووری عێراق

سود لەم توێژینەوە بینراوە لە دیاریکردنی هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر لە عێراقدا و هەروەها لە لێکەوتە ئابوریەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی ئابوری ئاسایش.

٥- م.د ماجد صدام سالم، أثر الإرهاب على الأمن المائي العراقي، مجلة أبحاث ميسان، المجلد الحادي عشر، العدد الثاني والعشرون، ميسان، السنة 2015.

توێژینەوەیەکی ئەکادیمی وردە کە بایەخ بە لێکەوتەی تیرۆر دەدات لەسەر ئاوی عێراق، سود لەم توێژینەوەیە بینراوە لە خستنەڕویی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی ژینگەی ئاسایش، بەلام توێژینەوەکەی ئێمە فراوانترە کە هەولیداوە لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر هەریەکە لە ڕەهەندەکانی (سیاسی، سەربازی، کۆمەڵگەی و ئابوری) لەبەرچاوبگرێت.

٦- Patrick H. O'neil, Essentials of Comparative Politics, Norton & Company,six edition, Canada, 2018.

کتێبێکی پڕبایەخ و بەسودی نوسەر پاتریک ئۆنێڵە، کە لە چەندین بەشدا زۆرێک لە بابەتەکانی بواری زانستی سیاسی خستووەتەڕوو و شیکردووەتەوە، بەشێکی ئەم کتێبە بەناوی (توندوتیژی سیاسی) کە سودی لێبینراوە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان چەمکی تیرۆر و چەمکی شۆڕش، بەڵام جیاوازی توێژینەوەکەی ئێمە لەگەڵ ئەم کتێبە ئەوەیە کە ئێمە توێژینەوەکەمان چەندین چەمکی تریشامان خستوتە ڕوو کە لە تیرۆرەوە نزیکن.

**ئاستەنگەکانی بەردەم ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە:**

لەمیانی نوسینی ئەم توێژینەوەیە توشی چەندین گرفت بووین، یەکێک لە کێشەکان بریتی بوو لەوەی هەر یەک لەو چەمکانەی کە گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکە بوون زۆر دیدگا و تێڕوانین هەبوو دەربارەیان، پێویست بوو ئەو دیدگاو تێڕوانینانە وەربگرین کە دەگونجێت پراکتیزە بکرێت بەسەر عێراقی پاش (٢٠٠٣) کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمانە، هەروەها بەستنەوەی چەمکی تیرۆر بە ڕەهەندەکانی ئاسایشەوە ئاستەنگییەکی گەورەبوو بەو پێیەی هیچ توێژینەوەیەک لەم بوارەدا نەکرابوو تەنانەت بەزەحمەت دەستمان گەشت بە هەندێک توێژینەوە کە نزیکبن لە بەستنەوەی چەمکی تیرۆر بە چەمکی ئاسیشەوە لەبەرئەوە پێویست بوو بە وورپای و ژیری و ووردەکارییەکی زۆرەوە کاربکەین بۆ بەستنەوەی ئەم دوو چەمکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و پراکتیزەکردنی.

## بەشی یەکەم چوارچێوەی تیۆری چەمکەکان

کارێکی پەسەندە ئەگەر توێژینەوەی ئەکادیمی بە چوارچێوەیەکی تیۆری دەستپێبکات، وەک دەروازەیەک بۆ چوونە ناوبابەتی توێژینەوەکە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بۆ خستنەڕووی چوارچێوەیەکی تێۆری تەرخانکراوە، لە باسی یەکەمی توێژینەوەکە چەمکی تیرۆر لە چەندین دیدگای جیاوازەوە شیکردنەوەی بۆکراوە هەروەها لە باسی دووەمی توێژینەوەکە چەمکی ئاسایش شرۆڤە کراوە. ئامانجمان لە شرۆڤەکردنی ئەم دوو چەمکە بۆ ئەوەیە کە لە بەشەکانی تری توێژینەوەکە ئەم چوارچێوە تیۆرییە پراکتیزە بکرێت بەسەر بارودۆخی عێراقدا.

### باسی یەکەم: چەمکی تیرۆر

ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی چەمکی تیرۆر وەک گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکە لە (٤) تەوەرەدا، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی چییەتی تیرۆر دابەشکراوە بۆ دوو لق، لقی یەکەم بە ناونیشانی واتای زمانەوانی تیرۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە ئەم چەمکە خراوەتەڕوو، لقی دووەم بە ناونیشانی پێناسەی تیرۆر لە ڕەهەندی جیاجیاوە چەمکی تیرۆر شیکراوەتەوە، هەروەها تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی چەمکە نزیکەکان لەچەمکی تیرۆرەوە کە تێیدا هەندێک لەوچەمکە نزیکانە خراوەتەڕوو کە نزیکن لە چەمکی تیرۆرەوە، تەوەرەی سێیەم بە ناونیشانی شەپۆلەکانی تیرۆریزم، لێرەدا شەپۆلەکانی تیرۆریزم شیکراوەتەوە، کۆتا تەوەرەی ئەم باسە بە ناونیشانی جۆرەکان و شێوازوکانی تیرۆر کە بە دوو لق جۆرەکان و شێوازەکانی تیرۆر شرۆڤەکراوە.

### تەوەرەی یەکەم:چییەتی تیرۆر

تیرۆر یەکێکە لەو وشانەی زۆرترین لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆکراوە لە چەندین دیدگاو ڕەهەندی جیاوازەوە، بە مەبەستی تێگەشتنێکی زانستی و ئەکادیمی بۆ ئەم دیاردەیە لقی یەکەمی ئەم تەوەرە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی واتای زمانەوانی تیرۆر لە لقی دووەمی ئەم تەوەرەیەش پێناسەی تیرۆر لە چەندین دیدگای جیاوازەوە شیکراوەتەوە.

### لقی یەکەم: واتای زمانەوانی تیرۆر

تیرۆر یەکێکە لەو چەمکانەی لە ڕووی زمانەوانییەوە وەک زۆرێک لە چەمکەکانی تر سەرچاوەیەکی لاتینی هەیە، بەپێی زۆرێک لە توێژەر و نوسەران تیرۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەر وشەی (terrere)ی لاتینی کە بەواتای (ترسان یان لەرزاندن) دێت هەرچەندە تیرۆر ڕەگوڕیشەکەی زۆر کۆنەو لە ڕۆمای کۆندا زیاتر لە (٢١٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا بەکارهاتووە[1]. بە تایبەتی لە سەردەمی ئیمپراتۆرێتی (رۆما) دا کە توندوتیژیان بەکاردەهێنا دژ بە تاکەکان و لە خاچپیاندەدان، یان بەکۆمەڵ

---

[1] Jonathan Matusitz, Terrorism And Communication A Critical Introduction, Sage Publications Inc, USA, 2013, P. 1.

جینۆسایدیان دەکردن بە ئامانجی ناچارکردنی تاک و نەتەوەکان تاوەکو ملکەچیان بن[1]. ئەمە لە کاتێکدایە لەپاڵ ئەوەی تیرۆر ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی★ هەیە هەندێک نوسەر بۆ سەدەی چوارەمی پێش زایین بۆ نوسینەکانی (زەینەفۆن)ی یۆنانی دەگێڕنەوە، کە ناوی تیرۆری هێناوە، باسی ئەوەی کردووە، کە کاری تیرۆریستی لە جەنگدا کاریگەری هەیە بۆ سەر ورەی بەرامبەر[2].

بە شێوەیەکی گشتی بۆ یەکەمجار تیرۆر هاتووەتە نێو گروپی زمانە ڕۆمانییەکان و دوای ئەوە گەیشتووەتە نێو زمانە ئەوروپییەکان.[3] ڕیشەی زمانەوانی وشەی تیرۆر لەزمانە ئەوروپییەکاندا هێندەی زمانەکان خۆیان کۆنە، چونکە وشەی تیرۆر واتای (ترس یان تۆقین) دەگەیەنێت[4]. لە سەرەتای سەدەی (١٢) هەمدا وشەی لاتینی (terrere) هاتووەتە ناو زمانی (فەرەنسی، ئینگلیزی و ئیسپانی)[5].

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین بەکارهێنانی وشەی تیرۆر لە سەردەمی نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕۆبسپێردا (١٧٩٣-١٧٩٤) هەروەها لە ساڵی (١٧٩٥) بۆ یەکەمجار وشەی تیرۆر بەکارهێنرا بۆ پەسنکردنی تایبەتمەندی کردەوەکانی کۆمەڵەی (ژاکۆبییەکان)★، کە لەپاش شۆڕشی فەرەنسی دەسەڵاتیان گرتەدەست[6] وشەی

---

[1] Erik Männik, Terrorism: Its Past, Present And Future Prospects, Kvüõa Toimetised, No. (12), Published By: Kaitseväe Ühendatud Õppeasutused, 2012, P.152.

★هەندێک پێیان وایە، کە زیاد لە (٢٠٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا یەکەم کردەی تیرۆر لە لایەن خێڵی توندڕەوی زیلتۆس (Zealots) ئەنجامدراوە کە گروپێکی جولەکەی چالاک بوون لە ماوەی سەدەی یەکەمی بەر لە زاین ئەم گروپە بەرهەڵستی کارەکانی ئیمپراتۆری رۆمانییەکانیان کردووە

بڕوانە:

بروس هۆفمان، تیرۆریزم، و:ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٦٤.

[2] عادل عەلی، تیرۆریزم هەڕەشە و مەترسییەکان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٠.

[3] د.عەلیرەزا سەمیعی ئیسفەهانی و عەبدلکەریم سالمی، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، و: ڕێباز مستەفا، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٢.

[4] ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەڵەتی سەرەتا و پەرەسەندنی، چاپخانەی بینایی، چ٣، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٩.

[5] Jonathan Fine, Political Violence In Judaism, Christianity, And Islam: From Holy War To Modern Terror, Littlefield Publishers, 2015, P.10.

★ کۆمەڵەیەکی سیاسی بوون زۆر جار بەناوی یانەی ژاکۆبییەکان ناویان دەهێنرێت کە ڕۆڵی گرنگیان گێڕا لە ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی لە فەرەنسادا و دروستکردنی سیستمی کۆماری، لەسەردەمی فەرمانڕەوای ئەمان تیرۆر دەگاتە لوتکە.

بڕوانە:

-Michael Ray, Jacobin Club French political history, The Editors of Encyclopaedia Britannica, Availabile at: https://www.britannica.com/event/Coup-of-18-Fructidor, (Accessed . 27/11/2022)

[6] Diana B. Baisagatova, Saken T. Kemelbekov And Others, Correlation Of Concepts "Extremism" And "Terrorism" In Countering The Financing Of Terrorism And Extremism, International, Journal Of Environmental & Science Education, Vol. (11), No. (13), 2016, P.5904.

تیرۆر یەکەمجار لە فەڕەنسا بەکارهاتووە بەواتای (سیستەم) یان (ڕژێم) ی تیرۆر [1] بە مەبەستی گوزارشتکردن لە سیستەمی نوێی حکومەت کە لە ماوەی شۆڕشی فەڕەنسیدا فەرمانڕەوایکردووە، کەلە سەردەمێکدا پێی وتراوە (ماوەی تیرۆر). [2] بۆ زیاتر تێگەیشتن لە واتای تیرۆر باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگی (لۆپۆتی رۆبێر) ی فەڕەنسی کە بە چەندین شێوە واتای وشەی تیرۆری شیکردووەتەوە لەوانە: "بە واتای ترسێکی بێسنوور کە توانای ئەوەی هەبێت کارەساتی لێبکەوێتەوە و جوڵە ئیفلیج بکات، یان لەرزین، دڵەڕاوکە، هەژان، هەرانانەوە، ژیان لەنێو تیرۆردا، هەواڵێک کە بۆنی تیرۆری لێدێت"[3] لەپاڵ ئەوەی لەسەردەمی شۆڕشی فەڕەنسیدا تیرۆر بۆ وەسفکردنی کردەی (ژاکۆبییەکان) بەکاردەهات. بە واتای (ڕژێمی تیرۆر)ش دێت، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا، دەستەواژەی تیرۆر بەکارهێنرا بۆ ڕەفتاری سەرکوتکارانەی ڕژێمە تۆتالیتارەکانی ساڵانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم (ئیتالیا مۆسۆلینی، ئەڵمانیا نازی، ڕوسیا ستالین.....) دواتر لە دەیەی (١٩٥٠) هەندێک نوسەر بۆ ئاماژەدان بە گروپە بەرهەڵستکارەکانی بەرامبەر بە حکومەتەکان بەکاریان هێناوە [4].

لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Terror) لە کرداری لاتینی (Tersere) هاتووە، کرداری لاتینی (terrere) زۆر کۆنترە بە واتای (ترساندن) یان (بترسێت) دێت[5]. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی فەرهەنگی (Politics And Government) وشەی تیرۆر بەواتای سەرکوتکردن، توندوتیژی، کاتێک خەڵک لە دۆخێکی بەردەوامی ترسدا دەژین دێت، ئەم وشەیە دەبەسترێتەوە بە (ماوەی تیرۆر) لە شۆڕشی فەڕەنسیدا وەک پێشتر خستمانەڕوو[6] بە پێێ فەرهەنگی (Longman) تیرۆر بەواتای "هەستکردن بە ترسێکی زۆر"[7]هاتووە، ئەمە لە کاتێکدایە لە ویلایەت یەکگرتووەکانی ئەمریکا مانای وشەی تیرۆریان بەستۆتەوە بۆ پەسنکردنی چەندین چالاکی جۆراوجۆر لەوانە (مانگرتن، دامەزراوەی کۆیلایەتی، تیرۆر لە شەڕی ناوخۆدا)[8].

ئەگەرچی تیرۆر وشەیەکی لاتینییە، بەڵام لە هەموو زمانەکان بەکاردەهێنرێت، یان لەهەندێک زمان وشەیەکی هاوواتایان بۆ داتاشیووە[9]. لەزمانی عەرەبیدا وشەی (ارهاب) بەکاردەهێنرێت

---

[1] Peter Alan Sproat, An Investigation Of The Concept Of State Terrorism, Ph.D. Thesis. Department Of Politics, University Of Newcastle Upon Tyne,1997, P.28.

[2] بروس هۆفمان، تیرۆریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

[3] وەرگیراوە لە عادل باخەوان، تیرۆریسم وەک بیناکردنی کۆمەڵایەتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٢.

[4] د.عەلیرەزا سەمیعی ئیسفەهانی و عەبدلکەریم سالمی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[5] Jonathan Fine, Op.cit, P. 10.

[6] P.H. Collin, Dictionary Of Politics And Government, Third Edition, Peter Collin Publishing, Uk, 2004, P. 244.

[7] Della Summers, Longman Active Study Dictionary, person Education, Uk, 2007, p. 772.

[8] Beverly Gage, Terrorism And The American Experience: A State Of The Field, *Journal Of American History*, Volume( 98), Issue 1, June 2011, P. 75.

[9] مەسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٦٥.

بەرامبەر وشەی تیرۆر [1]. کە سەرچاوەکەی لە زمانی عەرەبیدا لە کرداری (رهب، یرهب، رهبة) هاتووە کەبەواتای (ترسا، دەترسێ، ترسان) دێت[2]. مەبەست لە ووشەی تیرۆر لە زمانی عەرەبیدا ترساندن و تۆقاندنە ئەو ترسە ئەگەر بەرامبەر کەسانی مەدەنی بێت یان دژ بە داگیرکەران و دەستدرێژیکەران بێت[3].

تیرۆر وەک دیاردەیەکی ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە زمانە جیاوازەکانی جیهان بەکاردەهێنرێت بە واتا و شێوازی جیاجیا کە واتاکانیان زۆر لەیەکەوە نزیکن لە زمانی کوردیشدا واتای (تۆقاندن، هێنانە لەرزین) دەگرێتەوە[4]. ئەمە لە کاتێکدایە بە پێی فەرهەنگی پۆلەتیک هەریەکە لە وشەکانی (ترس، تۆقین، تۆقاندن و کشتوبڕ) بەکاردێت بەرامبەر بە وشەی تیرۆر[5] بەڵام هەندێک نووسەر پێیان وایە " لەبری وشەی تیرۆر لە زمانی کوردیدا وشەی (غافڵکوژ) بەکاربهێنرێت باشترە ئەمەش بەو مانایە دێت تیرۆر شەڕێکی نادیار و نابەرامبەرە"[6] ئەمە لە کاتێکدایە هەندێکیتر بۆ واتای زمانەوانی تیرۆر وشەی (ڕەشەکوژی) بە پەسەند دەبینێت[7]. لەپاڵ ئەوەی هەندێک توێژەر و نوسەری کورد هەریەکە لە وشەی (غافڵکوژی یان ڕەشەکوژی) لە بری وشەی تیرۆر بەکاردەهێنن، ئێمە پێمان باشە کە هەر وشەی تیرۆر بەکاربهێنرێت لەبەرئەوەی هەریەک لەم وشانە لەپاڵ ئەوەی واتاکانیان نزیکە لە ووشەی تیرۆرەوە، بەڵام واتای تەواوی تیرۆر ناگەیەنن.

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی لە زۆرێک لە زمانە دیارەکانی جیهاندا واتای زمانەوانی تیرۆر لە یەکەوە نزیکە هەرچەندە هەندێکیان وشەیان بۆ تیرۆر داناوە بەڵام هەر وشەی تیرۆر بە شێوەیەکی فراوان لە سەر ئاستی نێودەڵەتی وەک وشەیەکی جیهانی بەکاردەهێنرێت، کە واتای ترس و تۆقاندن و لەرزین دەگەیەنێت.

**لقی دووەم:پێناسەی تیرۆر**

بەرلەوەی پێناسەی تیرۆر بخەینەڕوو جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدرێت، کە دوو لێکدانەوە سەبارەت بە پێناسەکردن بۆ چەمکی تیرۆر هەیە، لێکدانەوەی یەکەم پێیوایە کارێکی قورسە پێناسەی تیرۆر یان بە چەمککردن بۆ ئەم دیاردەیە بکەین، ئەمە لە کاتێکدایە لێکدانەوەی دووەم لەگەڵ پێناسەکردن و بە چەمککردنە بۆ ئەم دیاردەیە، ئەوانەی لەگەڵ لێکدانەوەی یەکەمن لەبەرئەوەیە تیرۆر سروشتێکی سیاسی هەیە کارێکی ئەستەمە ئەوکارانە دیاریبکەین کە بە تیرۆر هەژماردەکرێن یان

---

[1] د.محمد عوض الترتوری و د.أغادیرعرفات جویحان، علم الارهاب الاسس الفكرة والنفسية والاجتماعية والتربوية لدراسة الارهاب ، دار الحامد للنشر والتوزيع، ط١، عمان، ٢٠٠٦، ص ٢٠.

[2] د.كريم مزعل شبى، مفهوم الارهاب دراسة فی القانون الدولی الداخلی، مجلة اهل البيت، العدد(٢)، جامعة أهل البيت، ٢٠٠٥، ص٣٢.

[3] د.عەلی قەرەداغی، جیهاد و توندوتیژی و خەلافەت و وەلاء و بەراء، و:زانا ناجی، چاپخانەی چوارچرا، چ١، سلێمانی، ٢٠١٣ ، ل٣٥.

[4] محمد صابیرکریم، کولتوری زەبروزەنگ و تیرۆر، چاپخانەی بەدرخان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل.ل٦٣-٦٤.

[5] هاوکار حسێن، فەرهەنگی پۆلەتیکس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٢١.

[6] کارزان عەلی، هەڕەشەی تیرۆر لە کۆمەڵگادا، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ک)، ژمارە (٥٧)، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٣٣.

[7] مەسعود عەبدالخالق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٥.

بەتیرۆر هەژمارناکرێن[1]. پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە بۆچی پێناسەکردنی تیرۆر قورسە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە چوار هۆکاری بنەڕەتی هەیە:[2].

١- تیرۆر چەمکێکە مشتومڕ و لێکدانەوەی زۆری بۆ دەکرێت لە هەریەک لە بوارەکانی (سەربازی، ستراتیجی، زانستی سیاسی، یاسا و زانستە کۆمەڵایەتییەکان).

٢- تیرۆر لە چەندین جۆر و شێوازدا دەردەکەوێت.

٣- زاراوەی تیرۆر لەماوەی (٢٠٠) ساڵی ڕابردودا بە بەردەوامی گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

٤- لەبەرئەوەی زۆربەی کات پرسیاری پێناسەکردنی تیرۆر بەستراوەتەوە بە ڕەوایەتی نەدان و تاوانەکردنەوە.

ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیە کە پێی وایە دەکرێت تیرۆر پێناسە بکرێت هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پێمان باشە لەو خاڵەوە دەستپێبکەین لە پاڵئەوەی تیرۆر یەکێکە لەو چەمکانەی لەڕووی زانستییەوە لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاواز هەیە دەربارەی، بەڵام دەکرێت لەڕووی ئەکادیمییەوە پێناسە بکرێت[3]. فێرناندۆ ریناس پێی وایە لە پێناسەکردنی تیرۆر بە شێوەیەکی ئەکادیمی دەبێت سێ سیما جیابکەینەوە:[4]

١-کردەیەکی توندوتیژییە دەبێتە هۆی درووستبوون و بڵاوبونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ، کە کاریگەری دادەنێت لە سەر هەڵوێست و ڕەفتارەکان.

٢-توندوتیژییەکی سیستەماتیک و پێشبینینەکراوە هەمیشە ئاراستە دەکرێت دژی سیمبولە بە ئامانجگیراوەکان.

٣- توندوتیژییەکە پەیامەکان و هەڕەشەکردن دەگوازێتەوە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی.

بەپێی (موسوعة السیاسیة) تیرۆر بریتییە لە " بەکارهێنانی توندوتیژی-نایاسایی-(یان هەڕەشەکردن) بە بەکارهێنانی بە شێوەی جیاجیا وەک (تیرۆرکردن، شێواندن، سزادان، تێکدان، وێرانکردن) بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسی وەک ڕووخاندنی ڕۆحی بەرگریکردن و

---

[1] Willem Schinkel, On The Concept Of Terrorism, Contemporary Political Theory , Vol. (8), 2009, P.180.

[2] Alex Schmid,*Terrorism - The Definitional Problem*, the Case Western Reserve Journal of International Law Vol. (36), Iss.( 2), Western Reserve University, 2004, P389.

[3] محمد عبد المحسن سعدون، مفهوم الإرهاب وتجريمه في التشريعات الجنائية الوطنية والدولية، مجلة مركز دراسات الكوفة ، العدد (٧)، ٢٠٠٨، ص١٣٧.

[4] *Gregor Bruce,* Definition Of Terrorism Social And Political Effects, Journal of Military and Veterans’ Health, Volume (21) Number( 2) May 2013, P.27.

پابەندکردنی  تاک و ڕوخاندنی ورەی دامودەزگاکان وەک ئامڕازێک لە ئامرازاکانی بەدەستهێنانی زانیاریی یاخود سامان"[1] ئەم پێناسەی سەرەوە زۆر نزیکە لە پێناسەی  فەرهەنگی (Webster)ەوە لەو خاڵەدا، کە جەختدەکاتەوە لەسەر (بەکارهێنانی توندوتیژی یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی)دەکاتەوە بە پێی فەرهەنگی (Webster) تیرۆر " بریتییە لە هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی یان بەکارهێنانی توندوتیژی بە مەبەستی دروستکردنی دڵەڕاوکێ یان ترس بە تایبەتی کاتێک بەکاردەهێنرێت وەک ئامڕازێک بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری سیاسی"[2]. ئەوەی ئەم پێناسەی فەرهەنگی وێبستەر جیادەکاتەوە لە پێناسەی پێش خۆی جەختکردنەوەیە لەسەر بەکارهێنانی تیرۆر وەک ئامڕازێک بۆ گۆڕان لەڕەفتاری سیاسی ئەمەش ئامانجێکی بنەڕەتی گروپە تیرۆریستییەکانە ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی (معجم المصطلحات السیاسیة)  تیرۆر "هەوڵێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن بە مەبەستی سیاسی، هەروەها ئامڕازێکە حکومەتە ستەمکار و دیکتاتۆرەکان بەکاریدەهێنن بۆ سەپاندن و سەردانەواندنی میلەت بۆ خۆبەدەستەوەدانیان بۆ حکومەتەکان، یان دەکرێت بڵێین تیرۆر بەکارهێنانی هێزی مرۆییە بە مەبەستی سەرنەویکردنی ئەوانیتر و کاریگەری دانان لە سەریان و ترساندنیان یاخود تیرۆ ئاراستەدەکرێت بەرامبەر هەندێک شت بە مەبەستی وێرانکردن و تێکدان و زاڵبون بە سەریدا"[3]. لەکۆی ئەو پێناسانەی کە بە پێی چەند فەرهەنگێک خستمانە ڕوو هەموویان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بڵاوکردنەوەی ترس یەکێکە لە توخمە بنەڕەتیەکانی تیرۆر و ئامانجێکی سیاسی لە پشت کردە تیرۆریستییەکانەوەیە.

زۆرێک لە توێژەرانی جیهانی بواری تیرۆر دیدگا و ڕای تایبەت بەخۆیان هەیە سەبارەت بەم چەمکە، لوسی ڕیچاردسۆن  لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە پێناسەکردنی تیرۆردا دەڵێت "بە ئەنقەست(مەبەست) ئەنجامدانی توندوتیژییە بۆ بە ئامانجگرتنی خەڵکی مەدەنی لەپێناو ئامانجی سیاسیدا"[4]. لەسەر بنەمای پێناسەکەی ڕیچاردسۆن تیرۆر بە ئەنقەست توندوتیژی بەکاردەهێنن و ئامانجێکی سیاسیشیان هەیە کە ئەمەش خاڵی هاوبەشی پێناسەکەیەتی لەگەڵ نوسەر و توێژەر عەمید محەمەد خەلیفە، کە پێناسەی تیرۆر دەکات و پێیوایە " بریتییە لە بەکارهێنانی هێز بە شێوەی ڕێکخرا و پەیوەندیدار و ناشەرعی بە مەبەستی بە دیهێنانی ئامانجێک، کە سروشتێکی  سیاسی هەیە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوە  لە سیستەمی گشتی دەوڵەت، لە بوارەکانی (ئاسایشی گشتی، تەندروستی گشتی، گشت دانیشتوان)"[5]. هەروەها ئەلیکسەندەر لی پێناسەی تیرۆری کردوە  کە پێناسەکەی لە پێناسەکەی لوسی ڕیچاردسۆن زۆر نزیکە و  خاڵی هاوبەشیشی هەیە لەگەڵ پێناسەکەی عەمید محەمەد

---

(1) د.عبدالوهاب الکیالی، موسوعة السیاسة، الجزء الاول، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٦، ص١٥٣.

(2) Susan Ellis Wild, Webster’s New World Law Dictionary, Published By Wiley, Hoboken, Canada,2006, P.255.

(3) د.وضاح زیتوی، معجم المصطلحات السیاسیة  أول معجم  شامل فی کل المصطلحات السیاسیة المتداولة فی العالم و تعریفتها، دار أسامه للنشر والتوزیع، الاردن، ٢٠١٤، ص٢١.

(4) Antonia Ward, How Do You Define Terrorism?, Publish On Nationalinterest, May 31, 2018, Avilabile at: Https://Nationalinterest.Org/Feature/How-Do-You-Define-Terrorism-26058, (Accessed . 2/11/2021)

(5) د.هیثم عبدالسلام محمد، مفهوم الارهاب فی الشریعة الاسلامیة، دار الکتب العلمیة، ط١، بیروت، ٢٠٠٥، ص٢٧.

خەلیفە و سەبارەت بە تیرۆر دەڵێت "تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژییە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی، کاتێک ئەو توندوتیژییە بە شێوەیەکی سەرەکی مەبەست لێی درووستکردنی ترس بێت لە نێوان خەڵکی مەدەنی و دانیشتواندا"(1). والتەر لاکویر سەبارەت بە تیرۆ پێی وایە "بریتییە لە بەکارهێنان یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژییە، شێوازێکی شەڕکردن یان ستراتیژێکە بۆ بە دەستهێنانی چەند ئامانجێک، کە ئامانجی دروستکردنی ترسە لای کەسی قوربانی ئەمەش کارێکی بێبەزەییانەیە و لەگەڵ ڕێسا مرۆییەکان یەک ناگرێتەوە و بنەڕەتی کاری تیرۆریستییە"(2). ئەوەی ئەم پێناسەیەی والتەر لاکویر جیادەکاتەوە لە هەندێک لە پێناسەکانی پێشووترئەوەیە ئەم پێیوایە تیرۆر تەنها بەکارهێنانی توندوتیژی نییە، بەڵکو هەڕەشکردن بە بەکارهێنانی توندوتیژیش دەکرێت بە تیرۆر هەژمار بکرێت. هەروەها بروس هۆفمان سەبارەت بە تیرۆرزیم پێیوایە" تیرۆریزم بریتییە لە خولقاندنی ترس و تۆقاندن بە مەبەستی هێنانەدی گۆرانکاری سیاسی هەموو کردەوەیەکی تیرۆریستانە چەڕدەیەک توندوتیژی تێدایە لە لایەن گروپە ناحکومییەکان یان تاکەکانەوە ئەنجامدەدرێت ئەو گروپانەی بەشێک نین لە هێزی سەربازی، یان دەزگایەکی جێبە جێکردنی یاسا، یاخود دەزگای هەواڵگری یان هەر دەزگایەکی تری حکومی ناو دەوڵەت، یان هیچ سیفەتێکی ڕەسمی دیکەشیان نییە"(3). بروس هۆفمان لە پێناسەکەیدا دەوڵەت بێبەری دەکات لە کاری تیرۆر ئەمە لە کاتێکدایە دەکرێت دەوڵەت تیرۆر ئەنجام بدات.

لەپاڵ ئەوەی پێناسەکردنی تیرۆر لە بواری زانستی سیاسیدا قورسە بەهۆی ئەو لێکدانەوە زۆر و ئایدیا جیاجیانەی لەبارەیەوە هەیە (4) بەڵام هەندێک پێیان وایە تیرۆر" لە سیاسەتدا بە کار و کردەوەی توندوتیژانە و نایاسایی و تۆقێنەرانە دەگوترێت، کە بۆ وەلانان، سەرکوت و لە ناوبردنی دژبەران بەکاردەهێنرێت لە لایەن تیرۆریستانەوە، هەروەها تیرۆریست کەسێکە، کە ئەنجامدەر و جێبەجێکەری تیرۆرەکەیە ، هەرچی (تیرۆریزم)یشە واتە بۆچوونێک یان ئایدیایەک، کە بڕوای بە مرۆڤکوژی و هەڕەشە و پێکهێنانی کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن بۆ لەناوبردن و وەدەرنانی کەسانی دژبەر لە گۆڕەپانەکە هەیە"(5).

تیرۆر وەک دیاردەیەکی سەردەم زۆرێک لە یاسادانەرانی وڵاتان یاسای تایبەتییان بۆ دەرکردووە و پێناسەیان بۆ داناوە، لەبەرئەوەی سنوری جوگرافیای توێژینەوەکە تایبەتە بە عێراق و لەمیانیدا (هەرێمی کوردستان)یش، بۆیە بەپێی یاسادانەری هەریەک لە عێراق و هەرێمی کوردستان ئەم چەمکە دەخرێتەڕوو، "لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)دا چەندین بنەمای یاسایی هەیە بۆ

---

(1) Alexander Lee, Who Becomes A Terrorist? Poverty, Education, And The Origins Of Political Violence, World Politics, Volume (63), Number (2), April 2011, P.205.
(2) Joseph S. Tuman, Communicating Terror: The Rhetorical Dimensions of Terrorism, SAGE Publications, 2010, p.9.
(3)بروس هۆفمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.
(4) Leonard Weinberg , Ami Pedahzur and Sivan Hirsch-Hoefler, The Challenges Of Conceptualizing Terrorism, Terrorism And Political Violence, Vol.(16), No.(4), 2004, P.777.
(5) محەمەد حاجی زادە، فەرهەنگی ڕاڤەیی ئیزم ەکان، و:سیروان موسا پوور، کتێبخانەی هەژار موکریانی، چ١، تاران، ٢٠١٨، ل١٤٣.

ڕێگریکردن لە تیرۆر کە چەندین یاسا لەسەر ئەم بنەمایانە دانراوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی، لە دیباجەی دەستورەکەدا هاتووە تیرۆریش نەبووە ڕێگر لە بەردەمماندا بۆ بونیادنانی دەوڵەتی یاسا، ئێمەی گەلی عێراق ئێستا دوای هەستانەوەمان ..... لەڕێی ڕژێمێکی کۆماری فیدڕاڵی دیموکراسی فرەیی.... پەیمان مانداوە هیمەت بکەین بۆ ڕێزگرتن لە بنەما یاسای و لەناوبردنی سیاسەتی دوژمنکارانە... ریشەکێشکردنی ئاگری تیرۆر[1] هەروەها لە مادەی (٧)ی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)دا لە هەریەک لە برگەی(١-٢)دا هاتووە ڕێگە نادرێت بەهیچ هێزێک ڕەگەزپەرستی یان تیرۆر یان تەفکیریان پاکسازی نەژادی بکات... دەوڵەت پابەند دەبێت بە دژایەتیکردنی تیرۆر بە هەموو شێوەکانییەوە و کاردەکات بۆپاراستنی خاکەکەی لەوەی ببێتە بارەگا و شوێنی تێپەڕبوون و گۆڕەپانی چالاکی تیرۆریستان[2] جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین کە بەپێی یاسای ژمارە (١٣) بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ساڵی (٢٠٠٥) ی عێراق کە لە (٦) مادە پێکهاتووە لە مادەی یەکەم بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆر کراوە "هەر کردەیەکی تاوانکارییە، کە کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک یان دامەزراوەیەکی فەرمی یان نافەرمی کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە موڵک و ماڵی گشتی یان تایبەتی، بە مەبەستی تێکدانی ئاسایش و ئارامی و یەکپارچەیی نیشتیمانی و نانەوەی ترس و تۆقاندن لە نێوان خەڵکدا یان نانەوەی ئاژاوە لە پێناوی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی تیرۆریستی"[3]. هەروەها بە پێی مادەی (١) ی یاسای (بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر) لە (هەرێمی کوردستان) کە لە ساڵی (٢٠٠٥) دەرچووە " کردەوەی تیرۆر بەکارهێنانی توندوتیژی سازدراوە، هەڕەشەپێکردنێتی، هاندانە بۆی، یان پێهەڵدانێتی، کە تاوانکار پەنای بۆ دەبات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی تاوانکاری، کەسێک یان کەسانێک پێی هەڵدەستن و تاکێک یان کۆمەڵە کەسانێک دەکەنە ئامانج، یان هەر بە هەڕەمەکی ئەنجامیدەدەن بەنیازی نانەوەی تۆقاندن و ترس و شڵەژان و ئاژاوەنانەوە لە نێو جەماوەردا بۆ ئەوەی زیان بە سیستەمی گشتی، ئارامی، ئاسایش، سەلامەتی کۆمەڵگە و هەرێم، ژیانی تاکەکەسان، سەربەخۆییان، پیرۆزییان و ئاسایشیان بخرێتە مەترسییەوە، یان بۆ زیان پێگەیاندن بە ژینگە، بە یەکێک لە سەرچاوە گشتییەکان، بەدەزگا، سامانە گشتی یان تایبەتەکان، بۆ بەدیهێنانی هەندێک مەبەستی سیاسی، هزری، ئاینی، تایەفەگەری، یان ڕەگەزی"[4].

"تیرۆر بە شێوەیەکی گشتی تاوانێکە بەپێی شەریعەتە ئاسمانییەکان و یاسا نێودەوڵەتیەکان سەرکۆنە و حەرامکراوە"[5]هەندێک پێیان وایە تیرۆر" بریتییە لەو دەستدرێژییەی کە کەسێک یان کۆمەڵێک یان دەوڵەتێک، بەناڕەوا دەیکاتە سەر پێویستییەکانی مرۆڤ لە ئاین، گیان، عەقڵ، شەرەف،

---

[1] دیباجەی دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥).
[2] دەستوری کۆماری عێراق ساڵی (٢٠٠٥)، مادەی (٧) برگەی (١-٢).
[3] قانون مكافحة الارهاب رقم (١٣) لسنة (٢٠٠٥)، الوقائع العراقية ،ع: ٤٠٠٩، ٢٠٠٥، ص١.
[4] یاسای بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان-عێراق، یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (٢٠٠٦)، مادەی(١).
[5] د.وضاح زيتوى، المصدر السابق، ص٢١.

ماڵ و سامان، بەهەر شێوازێک بێ، کە ژیان، ئاسایش، سەربەستی بوون و دەربڕینی بخاتە مەترسییەوە"[1].

هەندێک جار زۆر پێناسەی جیاواز لە ناو خۆی یەک وڵات یان یەکێتیەک دەکرێت بۆ نمونە لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕیکەوتنێک نییە لە سەر پێناسەیەکی دیاریکراو لەسەر تیرۆر، کە هەریەک لە (وەزارەتی دەرەوە،پنتاگۆن، ئێف بی ئای، وەزارەتی ئاسایشی نیشتیمانی) هەریەکەیان پێناسەی تایبەت بە خۆیان و جیاوزیان بۆ تیرۆر کردوە، تەنانەت سەرەڕای ئەوەی یەکێتی ئەوروپاش پێناسەیەکی کردوە بۆ تیرۆر لە دوای (١١ سێپتەمبەر) بەڵام هەریەک لە وڵاتانی ئەوروپا پێناسەی تایبەت بە خۆیان کردوە بۆ ئەم دیاردەیە[2].

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، تیرۆر (٣) توخم(ڕەگەز)ی سەرەکی پێکهێنەرێتی:[3]

١)بەکارهێنانی توندوتیژی.

٢)بوونی ئامانجی سیاسی.

٣)دروستکردنی ترس لەلای دانیشتوان.

لە پێناو باشتر تێگەیشتن لە چەمکی (تیرۆر) لێرەدا ئەو خشتەیە دەخەینە ڕوو کە (*Alex P. Schmid,*) لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوە کردن لە پێناسەی تیرۆر دروستیکردوە بۆ باشتر تێگەشتن لەم چەمکە و خستنەڕووی توخمەکانی.

---

(1) د.حەسەن خالید مستەفا، دیاردەی تیرۆر لەڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە پێناسەو جۆر و هۆکار و چارەسەرییەکانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٥.

(2) Jørgen Staun, A Linguistic Turn Of Terrorism Studies, Danish Institute For International Studies, Printed In Denmark By Vesterkopi As, 2009, P.11.

(3) gérard chaliand and arnaud blin,the history of terrorism from antiquity to alqaeda, translated by edward schneider, kathr ynpulver, and jesse browner, university of california press, USA, 2007, p.14.

خشتەی ژمارە (١) توخمە دووبارەبووەکان لە پێناسە جیاجیاکانی تیرۆریزم

(١٠٩) پێناسە وەک نمونە وەرگیراوە

| ژ | توخمەکان | ڕێژەی سەدی(٪) دووبارەبونەوەیان |
|---|---|---|
| ١ | توندوتیژی، زەبروزەنگ | ٨٣,٥ |
| ٢ | سیاسی | ٦٥ |
| ٣ | ترس، جەختکردنەوە لەسەر تیرۆر(تۆقاندن) | ٥١ |
| ٤ | هەڕەشە | ٤٧ |
| ٥ | کاریگەری دەروونی و کاردانەوەی پێشبینیکراو | ٤٢,٥ |
| ٦ | جیاکاری ئامانج -قوربانی | ٣٧,٥ |
| ٧ | ئامانج، پلان، سیستەماتیک، تاکتیک | ٣٢ |
| ٨ | شێوازی شەڕکردن، ستراتیجیەت، تاکتیک | ٣٠,٥ |
| ٩ | پێشێلکردنی ڕێسا پەسەندکراوەکان بەبێ گوێدانە سنوورە مرۆییەکان | ٣٠ |
| ١٠ | زۆرکردن و ملکەچکردن | ٢٨ |
| ١١ | سەرنجڕاکێشانی گشتی(خەڵکی) | ٢١,٥ |
| ١٢ | هەڕەمەکی و نەبوونی جیاکاری | ٢١ |
| ١٣ | قوربانییەکان (هاوڵاتی مەدەنی ، بێلایەن، کەسانی ناشەڕکەر) | ١٧,٥ |
| ١٤ | ترساندن | ١٧ |
| ١٥ | دووبارە بوونەوەی قوربانیانی بێتاوان | ١٥,٥ |
| ١٦ | بکەرەکانی کردەی تاوانەکە( گروپ، ڕێکخراو، بزوتنەوەکانن) | ١٤ |
| ١٧ | لایەنی ڕەمزی، خۆپیشاندان بەرامبەر ئەوانیتر | ١٣,٥ |
| ١٨ | چاوەڕواننەکراوە و قابیلی پێشبینیکردن نییە | ٩ |
| ١٩ | نهێنی و سروشتی شاراوەی | ٩ |
| ٢٠ | دووبارە بوونەوەی زنجیرەیەک توندوتیژی | ٧ |
| ٢١ | تاوانکار | ٦ |
| ٢٢ | داواکردنی لە لایەنی سێیەم | ٤ |

سەرچاوە:

*Alex P. Schmid, in the book* THE ROUTLEDGE HANDBOOK OF TERRORISM RESEARCH, *Edited by Alex P. Schmid,* First published by Routledge, 2011, p.74.

لەگەڵئەوەی کە لێکدانەوە و تێڕوانینی جیاواز دەربارەی تیرۆر هەیە، بەڵام زۆربەی توێژەر و لێکۆڵەرەوەکانی ئەم بوارە بڕوایان بەوە هەیە کە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و بوونی ئامانجی سیاسی و جیاوازی نەکردن لە نێوان قوربانییەکان، لە گرنگترین تایبەتمەندی و توخمە پێکهێنەرەکانی ئەم دیاردەیەن، و لەمەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی تیرۆر دیاردەیەکی نامرۆڤانەی ناڕەوایە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بەکارهێنان یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی دلڕەقانەترین شێوازەکانی توندوتیژی دژی هاوڵاتیانی مەدەنی یان دامودەزگاکان جا ئەم کردەوەیە لە لایەن (گروپ، کۆمەڵەکان، پارت و ڕێکخراوەکان) ئەنجام دەدرێت یان حکومەتەکان، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی.

## تەوەرەی دووەم: چەمکە نزیکەکان لە چەمکی تیرۆرەوە

لەمیانەی ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری تیرۆر وەک یەکێک لە دیارترین و بەربڵاوترین چەمکەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، کە چەمکی سەرەکی توێژینەوەکەیە، ڕووبەڕووی چەندین چەمک دەبینەوە، کە لە چەمکی تیرۆرەوە زۆر نزیکن و هەندێکجار ئەم چەمکانە بەشێوەیەک لەگەڵ چەمکی تیرۆر تێکەڵدەبن کە جیاکردنەوەیان مەحاڵە، لیرەدا هەوڵدەدەین هەندێک لەو چەمکانە بناسێنین، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

### لقی یەکەم: چەمکی تیرۆر – چەمکی توندووتیژی سیاسی

وشەی توندوتیژی لە زمانی ئینگلیزدا (violence)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، لە وشەی (violentia) لاتینییەوە وەرگیراوە بەواتای (توند) دێت یان هێزێکی سۆزداری کە ناتوانرێت کۆنترۆڵبکرێت[(1)]. بەرلەوەی توندوتیژی سیاسی بخەینەڕوو، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکرێت (توندوتیژی) یەکێکە لەو چەمکانەی، کە مەودایەکی فراوان لەخۆدەگرێت بۆیە توێژەران پێیانوایە زەحمەتە ماناکانی توندوتیژی بە شێوەیەکی ورد و هەمەلایەن دەستنیشانبکەین، چونکە "توندوتیژی دیاردەیەکی بەرفراوانە لە سروشتەوە دەستپێدەکات و بە مرۆڤ و کۆمەڵگاو زماندا بڵاودەبێتەوە"[(2)]. هەروەها جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە پێناسەیەی تێد هۆندریچ سەبارەت بە توندوتیژی بدرێت کە پێیوایە "بەکارهێنانی هێزی جەستەییە (مادی)، کە دەبێتە هۆی بریندارکردن یان پێشیلکردن (سەرپێچیکردن) و زیانگەیاندن و تێکشکاندنی خەڵک یان شتەکان، ئەمە لەکاتێکدایە مانفرید ستریگەر پێیوایە توندوتیژی بۆ کۆمەڵێک مانا بەکاردێت لەوانە (هێز، بریندارکردن، ئابڕووبردن، پێشێلکردن) "[(3)]. لەپاڵ ئەوەی، کە ڕێکەوتنێک لەسەر دیاریکردنی چەمکی توندوتیژی نییە، بەڵام جۆرە ڕێکەوتنێک هەیە سەبارەت بە توندوتیژی کاتێک دەبێت بە توندوتیژی سیاسی، کە ئامانجێک یان پاڵنەرێکی سیاسی هەبێت، هەرچەندە لێکدانەوەی جیاوز هەیە سەبارەت بە سروشتی ئامانجەکە و جۆرەکانی، بەڵام زۆربەی توێژەرەکان پێیان وایە مەبەست لە توندوتیژی سیاسی بەکارهێنانی هێزی مادییە یان هەڕەشەکردنە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی سیاسی [(4)] لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی توندوتیژی کاتێک ئامانجێکی سیاسی هەیە ئەو کاتە دەکرێت کە بە (توندوتیژی سیاسی) هەژمار بکرێت، کە ئەمەش خاڵی لێکچوونیەتی لەگەڵ تیرۆر، کە ئامانجی سیاسی هەیە، لەڕاستیدا دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی کۆنە هێندەی کۆنی مرۆڤایەتی، هاوشان لەگەڵ بوونی مرۆڤدا دەرکەوتووە ئەمەش خاڵێکی

---

(1) Peter Imbusch , The Concept Of Violence, International Handbook Of Violence Research, Volume 1, Kluwer Academic Publisher, Netherlands , 2003, P.1 3.

(2) مەریوان وریا، شوناس و ئاڵۆزی چەند ووتارێکی دژبە دۆگماتیزم، بڵاوکراوەی ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢١٢.

(3) Vittorio Bufacchi, Two Concepts Of Violence, Political Studies Review, Vol (3), 2005, P.194.

(4) طارق رشاد محمود، العنف السياسي العوامل المادية والايديولوجية والسيكولوجية، مركز حرمون للدراسات المعاصرة، ط١، تركيا، ٢٠١٨، ص٣٧.

تری هاوبەشی توندوتیژی و تیرۆرە، کە هەردوکیان وەک (کردە) مێژووییەکی کۆنیان هەیە وەک لە پێشووتردا ئاماژەی پێکراوە ★، جێگەی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بدەین توندوتیژی سیاسی وەک تیرۆر لە سەردەمەکانی ئەم دوایەدا زۆرترین ڕێکخراوەیی و زۆرترین بەربڵاوی بەخۆیەوە بینیوە[1]. هەروەها یورام دینستن پێیوایە تیرۆر وەک کارێکی توندوتیژی نایاسای دەدەنرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە حکومەتەکان هەندێک جار پاساو دێننەوە بۆ توندوتیژییە سیاسییەکانیان [2]. کردەی تیرۆرستی جەخت لەسەر کاریگەریدانان لەسەر دڵ و ئەقڵی جەماوەر دەکاتەوە بە سەرنجدان لەوەی کە خەڵک چۆن بیردەکەنەوە و هەست دەکەن لەبەرئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتیان، بەڵام ئەم ڕەهەندە لە توندوتیژی سیاسدا نییە، واتە توندوتیژی سیاسی جەماوەر بە ئامانج ناگرێت، هەروەها لە کاتیکدا، کە تیرۆر زۆر کات ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەردەگرێت، بەڵام توندوتیژی سیاسی زیاتر ڕەهەندێکی ناوخۆیی وەردەگرێت و پەیوەستە بە ناوخۆی دەوڵەتێک یان وڵاتێکەوە یان هەرێم و ناوچەیەکەوە [3]. بەمەش کە توندوتیژی سیاسی و چەمکی تیرۆر لەپاڵ ئەوەی کە چەندین خاڵی هاوبەشیان هەیە دەکرێت لە هەندێک ڕووشەوە لە یەکەوە جیاوازبن وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە.

**لقی دووەم: چەمکی تیرۆر- چەمکی بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان**

لێرەدا سەرەتا بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان شرۆڤەدەکەین پاشان خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی لەگەڵ چەمکی تیرۆر دەخەینەڕوو."بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦٢٥)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١٩٧٠/١٠/٢٠) بەڕوونی و ئاشکرایی پێناسەی کردووە و دەڵێت " ئەو بزوتنەوانەن کە خەبات دەکەن لە پێناوی سەربەخۆیی لە کۆلۆنیالیزم و داگیرکاری بێگانە و حکومەتە ڕەگەز پەرستەکان بۆ گەیشتن بە مافی چارەنوسی گەلەکەیان"[4].هەروەها بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان یان ئازادیخوازەکان پێکهاتەی ڕێکخراون و بوونیان لە سەر بنەمای (بزوتنەوەی بەرگریکردن لە خودە)، کە (تۆڵەی چاکەی) پێدەوترێت[5] هەر لە سەر ئەم بنەمایەش (کۆمەڵەی گشتی) لە بڕیاری ژمارە (١٤٧/٣٢)ی ١٦ ی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٦)دا سەرکۆنەی بەردەوامبوونی کردەکانی سەرکووتکردن و تیرۆری کرد، کە ڕژێمە داگیرکەرو ڕەگەزپەرست و بیانییەکان پێیهەڵدەستن، کە مافی ڕەوای گەلانیان لە دیاریکردنی چارەنوسی سەربەخۆیی و مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا زەوتکردووە. هەروەها لەو بڕیارەیدا جەخ لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە نابێت دەستبخرێتە مافی دیاریکردنی چارەنوس و سەربەخۆیی سەرجەم ئەو گەلانەی، کە لە ژێر دەستی ڕژێمە داگیرکەر

---

★ بۆزانیاری زیاتر بڕوانە( بەشی یەکەم، باسی یەکەم، چەمکی تیرۆر، تەوەرەی یەکەم:پێناسەی تیرۆر، لقی یەکەم:واتای زمانەوانی تیرۆ، ل.١٠.

(1) أ.م.د.بشار حسن يوسف، مفهوم العنف عند الحركات الاسلامية (جماعة الاخوان المسلمين فی مصر)-أنموذجا،مجلة أبحاث كلية التربية الاساسية، المجلد(١١)،ع(١)، كلية العلوم السياسية، جامعة الموصل، ٢٠١١، ص٥٤٨.

(2) م.د.كريم مزعل شبی، مفهوم الارهاب دراسة فی القانون الدولی والداخلی، المصدر السابق، ص٣٣.

(3) قبي آدم، رؤية نظرية حول العنف السياسي، مجلة الباحث، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسيير، ع(٢)، الجزائير، ٢٠٠٢، ص١٠٨.

(4) عادل عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل.ل.٢٠-٢١.

(5) Gregor Bruce, Definition Of Terrorism Social And Political Effects, Journal Of Military And Veterans’ Health, Volume (21), Number (2), May 2013, P.28.

و ڕەگەز پەرستییەکان، یان هەرشێوەیەکی تری دەسەڵاتی بیانیدان. بەپێی ئامانجەکان و پرەنسیپەکانی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیارە دەرچووەکانی لیژنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بارەیەوە، بڕیار لە ڕەوابوونی خەباتەکەیان دەدرێت بە تایبەت خەباتی بزوتنەوە ئازادیخوازە نیشتیمانییەکان"[1].گروپە تیرۆریستییەکان کردەکانیان هیچ ڕەوایەتییەکی نییە ئەمە لە کاتێکدایە وەک لەپێشتردا ئاماژەی پێدرا بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان ڕەوایەتی نیودەوڵەتییان هەیە.

کێشە بنەڕەتیەکە ئەو کاتە دروستدەبێت، کە هەندێک لە گروپە تیرۆریستییەکان خۆیان وەک بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی دەناسێنن... هەروەها هەندێک لە گروپە تیرۆرستیەکان بۆ مافی چارەی خۆنوسین و ڕزگاری نەتەوەی شەڕدەکەن، لە لایەکی ترەوە هەندێک لە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان پەنا بۆ تیرۆر دەبەن، بەڵام هەموو بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان پەنا بۆ تیرۆر نابەن بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزەکەیان، بە واتایەکی تر هەندێک لە گروپە یاخیبووەکان هەم تیرۆریستن کاتێک، کە کاری تیرۆر دەکەن، کاتێکیش کاری تیرۆر ناکەن تیرۆریست نین یان ناکرێت بە تیرۆر هەژمار بکرێن[2]. خاڵی بنەڕەتی جیاکردنەوەی گروپە تیرۆریستییەکان و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان ئەوەیە کە تیرۆر گرنگی بە قوربانییەکان نادات و گرنگ نییە کێ دەبێتە قوربانی؟ بەڵام بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان بەلایانەوە گرنگە حکومەت و دەسەڵاتداران بە ئامانج دەکەن، واتە تیرۆریستان هاوڵاتیانی مەدەنیش دەکەن بە ئامانج بەڵام بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان خۆیان بە دوردەگرن لە بە ئامانجگرتنی خەڵکی مەدەنی[3].

کەواتە بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکان هەندێکجار کردەی تیرۆریستی ئەنجامدەدەن لە پێناو زیاتر ناساندنی دۆزەکانیان و هەروەها گروپە تیرۆریستییەکان وا خۆیان نمایندە دەکەن، کە بۆ ڕزگاری نیشتیمانی هەوڵدەدەن ئەمەش لە پێناو ئەوەی سەرنجی زۆرترین خەڵك و لایەن بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

**لقی سێیەم: چەمکی تیرۆر - شەڕی گەریلا**

هەرچەندە لە ڕووی مێژووییەوە بەکارهێنانی چەمکی شەڕی گەریلاو و تیرۆر بە واتا نوێکەی زۆر لەیەکەوە نزیکن بەو پێیەی بەکارهێنانی دەستەواژەی شەڕی گەریلا لەسەردەمی نوێدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕەکانی ناپلیۆن لە ئەوروپادا، کە تیرۆریش بۆسەردەمی شۆڕشی فەرەنسی دەگەڕێتەوە بەڵام لە پاڵ بوونی خاڵی هاوبەش دەکرێت جیاوزی بنەڕەتیشیان هەبێت[4].هنتکتۆن پێیوایە (شەڕی

---

[1] د.ئەحمەد محمەد ڕەفعەت و د.ساڵح بەکر ئەلتەیار، تیرۆری نێودەوڵەتی، و:کوێستان جەمال، سەنتەری لێکۆڵینەوەی عەرەبی ئەوروپی، چاپخانەی ڕەنج، چ١، ٢٠٠٣، ل١٦٦.

[2] Gérard Chaliand And Arnaud Blin,The History Of Terrorism From Antiquity To Al Qaeda, Op.cit, P.27.

[3] Julia Jansson, Terrorism, Criminal Law And Politics The Decline Of The Political Offence Exception To Extradition, Published By Routledge, 2020, P.19

[4] S. Kalyanaraman, Conceptualisations of Guerrilla Warfare, Strategic Analysis, The Institute for Defence Studies and Analyses, Vol. (27), No. (2), Apr-Jun 2003, p.172.

گەریلا) شێوازێکە لە شێوازەکانی شەڕکردن، کە لایەنی لاوازی شەڕەکە ستراتیجیەتی هێرشکردنی تاکتیکی بەکاردەیەنێت بەشێوەیەکی بەردەوام لەکات و شوێنی دیاریکراودا(1). ئەمە لە کاتێکدایە، کە چێ گێڤارا ڕای جیاوازە لە هنتکتۆن و پێیوایە "شەری گەریلا شەڕی گەلە و تێکۆشانێکی جەماوەرییە"(2).

چەمکی تیرۆر بە بەراورد بە چەمکی شەڕی گەریلا نەرێنییە ئەمە لە کاتێکدایە، کە شەڕی گەریلا دیدگایەکی ئەرێنمان بۆی هەیە، هەروەک هنتکتۆن پێیوایە کە شەڕی گەریلا لە پاڵ ئەوەی فۆرمێکە لە شەڕکردن، کە ستراتیجیەتی لایەنی لاواز تێیدا بریتییە لە بەکارهێنانی تاکتیک لەکات و شوێنی دیاریکراودا، ئەمە لە کاتێکدایە تیرۆریزم زۆرجار لە شێوەی شەڕی گەریلادا دەردەکەوێت(3) ڕەنگە ئامانجەکانی شەڕی تیرۆر و شەڕی گەریلا لە هەندێک ڕووەوە وەک یەکبن، بەڵام ئەوەی لە یەکتریيان جیادەکاتەوە مەبەستەکانیانە یان وردتر ئامانجی کردارەکانیانە، ئامانجەکانی شەرڤانانی گەریلا سەربازین ئەمە لە کاتێکدایە تیرۆریستاکان بە ئەنقەست خەڵکی مەدەنی دەکەنە ئامانج. بە پێی ئەم لێکدانەوەی سەرە ڕێکخراوی تیرۆریستی چیتر ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات شەڕکەری ئازادین لەبەرئەوەی، کە شەڕ بۆ ئازادی نەتەوەی یان ئامانجی بەبایەخ دەکەن تەنانەت ئەگەر ئامانجەکانیشیان شەرعی بێت ئەو ڕێکخراوەی، کە خەڵکی مەدەنی بە ئامانج دەگرێت ڕێکخراوێکی تیرۆریستییە لەبەرئەوەی هیچ شتێک شایستەی ئەوە نییە لە کاتی شەڕکردن لە پێناوی ئازادی دانیشتوانێک مافی دانیشتوانێکی تر پێشێلبکەیت(4). هەندێکی تر پێیان وایە هەرچەندە لەوانەیە ئامانجەکانی شەڕی گەریلا و تیرۆر یەکبێت بەو پێیەی کە هەردوکیان ئامانجێکی سیاسیان هەیە، بەڵام ئەو ڕێگانەی بۆ گەشتن بە ئامانجەکەیان بەکاریدەیەنن جیاوازە(5). جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەبدەین، کە گروپی تیرۆریستی و هێزەکانی گەریلا لە شەرێکی بەردەوامدان لەگەڵ نەیارەکانیان و چالاکییەکانیان بە یاخیبوون دەناسێنرێت(6). هەروەها دانیەڵ جۆرجی جیاوازیدەکات لە نێوان گروپە تیرۆریستییەکان و شەری گەریلا پێی وایە کە گروپە تیرۆریستییەکان پتر لە شارەکان کۆبوونەتەوە و لە هێرشەکانیان پتر

---

(1) S. Kalyanaraman,Ibid.

(2) Ernesto Che Guevara, Guerrilla Warfare: A Method, Printed In The People's Republic Of China,1963, P. 2.

(3) Boaz Ganor, Defining Terrorism Is One Man's Terrorist Another Man's Freedom Fighter?, In The Book Examining Political Violence Studies Of Terrorism, Counterterrorism, And Internal War, Edited By David Lowe, Austin Turk, Dilip K. Das, International Police Executive Symposium Co-Publication, Crc Press Is An Imprint Of The Taylor & Francis Group, An Informa Business, USA, 2014,P.14.

(4) Henry Prunckun And Troy Whitford, Terrorism And Counterterrorism: A Comprehensive Introduction To Actors And Actions, Lynne Rienner Publishers, USA, 2019,P.5.

(5) Boaz Ganor, Op.Cit, P.16.

(6) Joshua Sinai, How To Define Terrorism, Perspectives On Terrorism, Vol.( 2), No.( 4), February 2008, P.10.

خەڵکی مەدەنی دەکەن بە ئامانج، بەڵام شەڕی گەریلا بەو شێوەیە نییە [1]، کە زۆربەی کات لە دەرەوەی شارەکانن و دەزگا سەربازییەکان دەکەنە ئامانج.

### لقی چوارەم:چەمکی تیرۆر - چەمکی تاوانی سیاسی

بەرلەوەی پێناسەی تاوانی سیاسی بخرێتەڕوو، پێویست دەکات چەمکی (تاوان) بناسێنرێت "تاوان کردارێکە یاسا بەهۆی دانانی سزاوە ڕێگەی لێگرتووە و لەکاتی پێشێلکردنی ئەنجامدەرەکەی سزا دەدات، بەو واتایەی تاوان کردارێکی قێزەونی نەویستراوە لە ژێر کایە و سیستەمی دەوڵەت قەدەغەکراوە، بە جۆرەها شێواز پێشی لێدەگیرێ و هەوڵی نەهێشتن یان کەمکردنەوەی دەدرێت یاساش فاکتەری سەرەکی پاراستنی گیان و سامانی هاوڵاتیانە هەر بە یاسا دەتوانرێت سنوورێک بۆ تاوانباران دابنرێت تا دوربکەوەنەوە لە تاوان و ئەنجامی نەدەن"[2] پێناسە و لێکدانەوەی جیاواز بۆ تاوانی سیاسی هەیە محمد مصطفى القليلي پێیوایە " تاوانی سیاسی گوزارشتدەکات لە کاری دوژمنکارانە بەرامبەر سیستەمی سیاسی دەوڵەت لە ناوخۆ یان لە دەرەوە"[3]. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(١١١) ساڵی (١٩٦٩) مادەی (٢١) بڕگەی (أ)بەم شێوەیە پێناسەی تاوانی سیاسی کردووە"بریتییە لە هەر تاوانێک کە بەهۆی پاڵنەرێکی سیاسی ئەنجامبدرێت یان دژی مافە سیاسییە گشتییەکان یان تاکە کەسییەکان ئەنجامدەدرێت، جگە لەوانە تاوانی ئاساین"[4]. کەواتە هەر تاوانێک، کە پاڵنەرێکی سیاسی هەبێت و دژی مافە سیاسیەکان یان مافە تاکە کەسییەکان بێت دەکرێت بە تاوانی سیاسی هەژماربکرێت.

تاوانی سیاسی لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرندا دەرکەوت وەک تێگەشتنێک بۆ هەندێک تاوان دژی دەوڵەت ئەنجامدەدرێن کە لە یاسای زۆرێک لە وڵاتان باسیانکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە تیرۆر وەک ئاماژەی پێکرا ڕەگو ڕیشەیەکی کۆنتری هەیە وەک کردەوە[5]. جیاوازی سەرەکی نێوان چەمکی تیرۆر و چەمکی تاوانی سیاسی ئەوەیە کە تیرۆر هاندەرێکی سیاسی هەیە تیرۆریستەکان ئەنجامی دەدەن ئەمە لەکاتێکدایە کە تاوانی سیاسی هەرچەندە تاوانکاران لە کاتی ئەنجامدانی لەوانەیە زۆرجار قوربانییەکانیان (تیرۆر) بکەن هەرچۆنێک بێت مەبەستیان تیرۆرکردن نییە، بەڵکو دەرهێنانی پارە و سامان و موڵکە بەمەبەستی خۆدەوڵەمەندکردن[1]. کەواتە تیرۆر ئیلهام لە هۆکارێکی

---

[1] مایکڵ لیمەن و گاری پوتەر، تیرۆریزم وەک تاوانێکی ڕێکخراو، و:ئەبوبەکر مەجیدی، چ١ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦، ل٩.

[2] مظفر خالید عبدالرحمن، تاوان و لێکۆڵینەوەی تاوانکاری، کتێبخانەی هەولێری یاسای بۆ چاپ و بڵاو کردنەوەی یاسای، چ١ ، هەولێر، ٢٠٢٠، ل.ل٣٥-٣٦

[3] القاضي سعيد رشيد، الجريمة السياسية، المجلة العراقية لحقوق الانسان، مجلة سنوية تصدرها الجمعية العراقية لحقوق الانسان، العدد الثامن-تموز-٢٠٠٣، ص.٢٩.

[4] قانون العقوبات رقم(١١١)،مادة (٢١) ، فقرة(أ) تاريخ التشريع : ١٩٦٩/١٢/١٥.

[5] Julia Jansson, Op.cit, P.12.

باڵا یان ئایدیۆلۆژییەکەوە وەردەگرێت بۆکردنی کارەکەی کە گەورەترە لە ئیلهام و هاندەرە خودیەکانی کە بنەمای تاوانی سیاسییە[2].

## لقی پێنجەم: چەمکی تیرۆر- چەمکی شۆڕش

شۆڕش یەکێکە لە و چەمکانەی، کە تێڕوانینی جیاواز دەربارەی هەیە، هەندێک پێیان وایە شۆڕش وەک فۆرمێکی توندوتیژی سیاسییە هەرچەندە ئەم وشەیە بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی هەرگۆڕانێکی ریشەی چی لە بواری سیاسی بێت یان تەکنەلۆجی هەروەها دەستەواژی شۆڕش دیدگایەکی ئەرێنی بەرامبەری هەیە بۆیە خەڵکی دژی ئەوانەن، کە بەرەنگاری شۆڕش دەبنەوە چونکە دژە شۆڕش وەک هەوڵێک دەبینرێت بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی تاریکی ... شۆڕش بەشداری گشتی توخمێکی گرنگی پێکهاتنەکەیەتی[3]. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە پێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد " شۆڕش شەڕکردنی خەڵکە دژی حکومەتی هەبوو، بۆ دانانی حکومەتێکی نوێ لە جێگەی."[4] لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە خەڵک یان جەماوەر بە شۆڕشکردن هەڵدەسن و لە هەمانکاتدا توندوتیژی تێیدا ڕوودەدات لەبەرئەوەی ئەو جەماوەرەی، کە شۆڕش دەکەن هەوڵی ڕووخاندنی ئەو حکومەتە یان دەسەڵاتە دەدەن کە فەرمانڕەوایی دەکات، ئەو دەسەڵاتەش لە پێناو مانەوەی هەموو کارێک دەکات، لە بەرامبەریشدا زۆر جار شۆڕشگێڕانیش ئامرازی توندوتیژی بەکاردەهێنن. لەسیاسەتی نوێدا تیرۆر و شۆڕش وەک بەشێک لە پرۆسەیەک پێکەوەبەستراوە، ئەمەش بنچینەکەی بۆ شۆڕشی فەڕەنسی دەگەڕێتەوە بە تایبەت بۆ رۆبسپێر، کە سەرکردەیەکی دیاری ئەو شۆڕشە بوو و تیرۆر لە سەردەمی ئەمدا بەشێکی بنەڕەتی شۆڕشی فەڕەنسی بوو پێیوابوو تیرۆر هیچ نییە جگە لە دادپەروەری[5]. "شۆڕش و تیرۆر پەیوەندی نزیک هەیە لە نێوانیاندا بە جۆرێک شۆڕش زۆرجار ئامانجی کۆتایی تیرۆریستانە، پێیانوایە بەکارهێنانی توندوتیژی یارمەتیدەر دەبێت بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ شۆڕش"[6]. خاڵێک کە دەکرێت بە خاڵی بنەڕەتی جیاکاری بێت لە نێوان تیرۆر و شۆڕشدا بریتییە لەوەی کە تیرۆر جەماوەری نییە، بەڵام ڕووداوگەلێک دەبنە شۆڕش، کە لە ناوخۆیاندا بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی

---

(1) Chidiebere Obi1, Chidimma Stella Ukaulor2, The Moral Questions on the Religious Basis for Terrorism, International Journal of Humanities and Social Science Inventi, Volume 5 Issue 4, April. 2016, p.23.
(2) Julia Jansson, Op.cit, P.24.

(3 ) Patrick H. O'neil, Essentials of Comparative Politics, Norton & Company,six edition, Canada, 2018, p.p.211-212.
(4) Angela crawley, Oxford Elementary Learner's Dictionary, Oxford university press, 1994,p.304.
(5) Patrick H. O'nel,Op.cti, P.222.
(6) Ibid, P.223.

جەماوەی هەڵبگرن و سیفەتێکی جەماوەریبوونیان هەبێت، بەو پێیەی، کە جەماوەری بوون بە گۆشەیەکی گرنگی ڕەوایەتی دان بە شۆڕش هەژماردەکرێت.[1]

تیرۆر یەکێکە لەو چەمکانەی کە پەیوەندی بە چەندین چەمکی ترەوە هەیە ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆرێک لە چەمکەکانی بواری زانستە سیاسییەکان پەیوەندی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە، هەرچەندە چەندین چەمک هەیە لە چەمکی تیرۆرەوە نزیکن و لەزۆر ڕەهەندەوە خاڵی هاوبەشیان هەیە لەگەڵیدا، بەڵام تیرۆر دەکرێت چەمکێکی سەربەخۆبێت و جیابکرێتەوە لەو چەمکانەی لێوەی نزیکن.

[1] ئەنتۆنی گیدنز، شۆڕش و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، و:هیوا حاجی دێلۆی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٩٠.

## تەوەرەی سێیەم: شەپۆلەکانی تیرۆریزم

لەم تەوەرەدا هەڵوەستە لەسەر شەپۆلەکانی تیرۆریزم دەکرێت، کە تێیدا هەریەک لە شەپۆلەکان خراوەتەڕوو. هۆکاری باسکردنی شەپۆلەکان لێرەدا بۆ ئەوەیە کە ئەو گروپە تیرۆریستیانەی، کە لە بەشەکانی تر ئاماژەی پێدەدرێت دەکەونە ناو یەکێک یان دوان لە شەپۆلەکانەوە. پسپۆڕانی بواری تیرۆریزم ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە دابەشکاری بۆ شەپۆلەکانی تیرۆریزم، دەیڤد ڕاپۆپۆرت تیۆرێکی لەسەر شەپۆلەکانی تیرۆریزم نوسیوە ئاماژە بە (٤)چوار شەپۆلی تیرۆریزم دەکات لە جیهاندا کە لە ساڵی (١٨٨٠) دەستپێدەکات[1]. بە پێی تیۆرەکەی ڕاپۆپۆرت شەپۆلەکانی تیرۆریزم دەستپێدەکات بە (ئەنارشیزم، دژە کۆلۆنیالیزم، چەپی نوێی شۆڕشگێڕی، تیرۆریزمی ئاینی)[2] هەرچەندە بەپێی ڕاپۆپۆرت ئایدۆلۆژیا پاڵنەری تیرۆرە ئەمە لە کاتێکدایە هەندێک لە توێژەرانی تر بانگەشە بۆ شەپۆلی پێنجەم دەکەن کە جیاوازە لەو (٤) شەپۆلەی پێشووتر، د.کە.گۆپتا و جێفری سایمۆن و جێفری کاپڵان کە هەریەکەیان ڕاو دیدگای جیاوازیان هەیە سەبارەت بە سروشت و تایبەتمەندیەکانی ئەم شەپۆلە[3]. دەکرێت شەپۆلەکانی تیرۆریزم بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

### ١- ئەنارشیزم شەپۆلی یەکەمی تیرۆریزم (١٨٨٠-١٩١٤)

ئەو توندوتیژییە ئەنارشیینەی، کە لە نێوان ساڵانی (١٨٨٠ – ١٩١٤)دا دەرکەوت لەلایەن نارۆدۆنکییەکان لە ڕووسیا و نهێلستییەکانی فەڕەنسا و فەوزەوییەکانی ئیتالیا زۆرجار بە یەکەم شەپۆلی تیرۆریزمی هاوچەرخ دادەنرێت،[4] تایبەتمەندی ئەم شەپۆلە لە تیرۆریزم لەسەر بنەمای تیرۆرکردنی سەرکردەکانە بە مەبەستی لەناوبردنی سیستەمی سیاسی[5] واتە ئەنارشیەکان پەنایان بۆ تیرۆری کەسی دەبرد، لە گرنگترین تیرۆرەکانیش تیرۆرکردنی قەیسەری ڕووسیا ئەلیکسەندەری دووەم لەساڵی (١٨٨١)...ئەم تیرۆرە بووە هۆی ئیلهام بەخشین بۆ چەندین کارو کردەوەی تری تیرۆریستی لە

---

(1) Martin J. Gallagher, The 2016 ‘Lone Wolf’ Tsunami - Is Rapoport’s ‘Religious Wave’
Ending?, *Journal Of Strategic Security* 10, No. 2 (2016), P.62.

(2) Jose F. Pinto, Global Religious Terrorism, A Troubling Phenomenon, Global Journal Of Human-Social Science: A Arts & Humanities – Psychology, Volume 19 Issue 1 Version 1.0, Year 2019, P.1.

(3) Vincent A. Auger, Right-Wing Terror: A Fifth Global Wave?, Perspectives On Terrorism, Volume 14, Issue 3, June 2020, P.88.

(4) Beatrice De Graaf* And Wouter Klem, Joining The International War Against Anarchism The Dutch Police And Its Push Towards Transnational Cooperation, 1880–1914 , In The Book Shaping The International Relations Of The Netherlands, 1815–2000, 1st Edition, Routledge, London, 2018, P.57.

(5) Jose F. Pinto, op.cit.,p.1.

ئەوروپا و ئەمریکا، کە چەندین تەقینەوە و کاری تیرۆر وڵاتانی(ئیسپانیا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، فەڕەنسا) لە لایەن گرووپی جیاجیاوە، کە هەندێکیان بیرکردنەوەشیان جیاواز بوو لە ئەنارشییەکان[1].

## ٢- کۆلۆنیالیزم شەپۆلی دووەمی تیرۆریزم (١٩٢٠-١٩٦٠)

ئەم شەپۆلە لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە دەستپێدەکات هەرچەندە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە سەرچاوەی گرتووە، لەم شەپۆلەدا تیرۆر لە چوارچێوەی شەڕی گەریلادا بەکارهێنراوە بە مەبەستی ڕزگاربوونی نیشتیمانی لە دەستی داگیرکاری ئەوروپییەکان باشترین نموونە وەک خەباتی (ڤێتنامییەکان دژی فەڕەنسییەکان) و (جەزائیری و فەلەستینییەکان دژی کۆنترۆڵی بەریتانییەکان)[2]. "یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکانی ئەم شەپۆلە تەقاندنەوەی ئوتێلی (شا دەیڤید) بوو لە ساڵی (١٩٤٦) لە ئورشەلیم لە لایەن گرووپێکی نهێنی جولەکەکانەوە، کە بە ناوی ئیرگۆن زڤای لیومی (ڕێکخراوی سوپای نەتەوەیی) یەوە ناسرابوو هێرش کرایە سەر ئوتێلەکە چونکە لە وکاتەدا ببوە بنکەی سەربازی سەرەکی بەریتانیا و ئۆفیسی بەڕێوەبردنی فەلەستین لەلایەن بەریتانییەکانەوە (٩١) کەس کوژران و (٤٥) کەسی تریش بریندار بوو لە (پیاوان، ژنان، عەرەب ، جولەکە و بەریتانی) وەک یەک. ئەو تەقینەوە بە یەکێک لە خوێناویترین ڕوودای تیرۆریستانەی سەدەی بیستەم دادەنرێت"[3].

## ٣- چەپە نوێیەکان شەپۆلی سێیەمی تیرۆریزم (١٩٦٠-١٩٨٠)

ئەم شەپۆلە بە شەپۆلی چەپە نوێیەکان ناسراوە کە لەساڵانی(١٩٦٠-١٩٨٠) ، کە شەڕی نێوان ئەمریکا و ڤێتنام ئەم شەپۆلەی دیاریکرد، لەم قۆناغەدا ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە دایک بوون وەک سوپای سوری ئەڵمانیا، دەستەی لیواسورەکانی ئیتالیا، کە پرۆسەی شۆڕگێڕییان بەکاردەهێنا بۆ جوداخوازی وەک (بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەرمینیا)[4]. لەپاڵ چەپە نوێیەکاندا جوڵانەوەی ڕاستڕەوەکانیش وەک پەرچە کردارێک دەرکەوتن بە شێوازی فاشیزمی نوێ و نازیزمی نوێ لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش سەریان هەڵدا، هەم ژمارەیان بە بەراورد بە چەپەکان کەم بوو هەم لایەنگری جەماوەریشیان کەمبوو[5].

---

[1] United Nations Office On Drugs And Crime, Module 1 Introduction To International Terrorism, Education For Justice University Module Series Counter-Terrorism, Publishing Production: English, Publishing And Library Section, United Nations Office At Vienna., 2018, P.5.

[2] Emilio Sánchez De Rojas Díaz, Are We Facing The Fifth Wave Of International Terrorism?, Spanish Institute For Strategic Studies, Spain, 2016, P.8.

[3] بروس هۆفمان، تیرۆریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل. ل٧١-٧٢.

[4] Rindha Widyaningsih And Kuntarto, Family Suicide Bombing: A Psychological Analysis Of Contemporary Terrorism, Walisongo: Jurnal Penelitian Sosial Keagamaan Vol. (26), No.(2), (2018), P.303.

[5] بروس هۆفمان، تیرۆریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

## ٤- تیرۆریزمی ئاینی شەپۆلی چوارەمی پاش ١٩٨٠

دەرکەوتنی ئەم شەپۆلە پەیوەندی بەو گۆڕانکاریانەوە هەیە، کە لە هەندێک وڵاتی موسوڵماندا هاتنەئاراوە وەک (شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە)[1] ، کە ئەم ڕووداوانە درێژدەبنەوە بۆ ساڵانی دواتر وکاریگەریان دەبێت لەسەر جیهان. ئەم شەپۆلە لە ساڵی (١٩٨٠)ەوە دەست پێدەکات، مارک ساگمان (Marc Sageman) دابەشیدەکات بۆ دوو نیمچە شەپۆل یان شەپۆلی لاوەکی، کە یەکەمیان سەرکەوتوو بوو لە گەیاندنی ئەو پەیامەی هەڵیگرتبوو و بریتی بوو لە ڕاکێشان وئیلهام بەخشین بە بیانیەکان بۆ بەشداریکردن لە ململانێی ئەفغانستان بۆ هاوکاریکردنی موجاهیدەکان دوای داگیرکردنی لەلایەن سۆڤیەتەوە ئەم شەپۆلە (قاعیدە) و ئەندامە سەرەتاییەکانی دەگرێتەوە لە نێویاندا ئوسامە بنلادن، دووەم شەپۆلی لاوەکی ئەو دەستەبژێرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بۆ خوێندن ڕوویان لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا کرد و دوای پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی شەپۆلی لاوەکی یەکەم و پشتگیری کارەکانیان بوون، هەروەها بوون بە بەشێک لە ململانێکان لە هەریەکە لە (بۆسنە، چیچان، کشمیر) یان خۆیان چالاکییان کرد وەک ئەوەی لە (٢٠٠١/٩/١١)ڕوویدا[2].

## ٥-شەپۆلی پێنجەمی تیرۆریزم

هەندێک لە توێژەرانی تیرۆر بانگەشە بۆ شەپۆلی پێنجەم دەکەن د.کە.گۆپتا پێشنیاری ئەوە دەکات ئەگەر شەپۆلی پێنجەمی تیرۆریزم بگات دەبێت لەسەر بنەمای (ئیتنک، ناسیۆنالیزم، ناسنامەی ئاینی) یان چینی ئابوری بێت لەهەموو حاڵەتێکدا ئەو (٣) توخمەی تێدایە،[3]. ئەمە لە کاتێکدایە جێفری سایمۆن جەخت لەوە دەکاتەوە کە هیچ ئایدۆلۆژیایەک بەسەر شەپۆلی پێنجەمدا زاڵنابێت لە جیاتی ئەوە شەپۆلێکی تەکنەلۆجی دێتە ئاراوە لەرێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و ئامێری سایبەرەوە[4]. هەروەها پێشبینی ئەوە کراوە کە تەکنەلۆجیاو ئایدلۆژیا کاریگەری بکەنە سەر هەرچوار شەپۆلەکەی پێشوو لە شێوزێکی نوێی توندوتیژی سیاسیدا دەربکەون[5]. ئەمە لەکاتێکدایە جێفری کاپڵان شەپۆلی پێنجەمی تیرۆریزم دەبەستێتەوە بە دوو گرۆپی دیاری تیرۆرستییەوە کە (الخمیر احمر) لەکەمبۆدیا لە ساڵی (١٩٧٥-١٩٧٩) فەرمانڕاوایيان گرتوتە دەست هەروەها (سوپای بەرگریکردن لە خودا) لە ئۆگەندا کە دەکرێت وەک دەرکەوتەی شەپۆلی پێنجەمی تیرۆریزم هەژمار بکرێن[6]. هەروەها بە پێی لێکدانەوەی (جێفری کاپڵان) دەستدرێژی سێکسی یەکێکە لە نەریتەکانی شەپۆلی پێنجەمە... بۆیە ژنان ناوەندی سەرەکی توندوتیژی بەرامبەر کراون هەم وەک قوربانی و هەم وەک کارەکتەر... وە کچانی منداڵ

---

(1) Vincent A. Auger, Op.cit., P.88.
(2) Martin J. Gallagher, Op.cit, P.65.
(3) Vincent A. Auger, Op.cit, P.88.
(4) Ibid.
(5) Tom Parker & Nick Sitter, The Four Horsemen Of Terrorism: It's Not Waves, It's Strains, Published With License By Taylor & Francis., Terrorism And Political Violence, 2016, P.212.
(6) Jeffrey Kaplan, Terrorism’s Fifth Wave: A Theory, A Conundrum And A Dilemma, Perspectives On Terrorism, Volume Ii, Issue 2, 2008, P.13.

وەک دەسکەوتی شەڕ بەسەر شەرکەرەکان دابەشدەکرێن و  بەکارهێنانی منداڵان لەم توندوتیژیانەش سیمایەکی تری ئەم شەپۆلەیە[1].  دانانی گروپە جیهادییە تەکفیرییەکان وەک (بۆکۆ حەرەم) لە (نایجیریا) و (دەوڵەتی ئیسلامی) لە (عێراق) لەگەڵ شەپۆلی پێنجەمدا دەگونجێت بە پێچەوانەی تێڕوانینەکانی (جێفری کاپڵان) کە پێی وایە گروپە تیرۆریستییە ئیسلامیەکان بە شێک نین لە شەپۆلی پێنجەم[2].

لێرەدا گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کە شەپۆلەکانی تیرۆریزم بە پێی تیۆرەکەی ڕاپۆپۆرت کە دەست پێدەکات بە (ئەنارشیزم، دژە کۆلۆنیالیزم، چەپی نوێی شۆڕشگێری، تیرۆریزمی ئاینی) لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا پۆلێنکراوە بەڵام شەپۆلی پێنجەمی تیرۆریزم ئایدیۆلۆژیا تێدەپەڕێنێت.

---

[1] Jeffrey Kaplan,Ibid, P.14.

[2] Anthony N. Celso, The Islamic State And Boko Haram: Fifth Wave Jihadist Terror Groups, Published For The Foreign Policy Research Institute By Elsevier Ltd, February 19, 2015,P.249.

**تەوەرەی چوارەم: جۆر و شێوازەکانی تیرۆر**

ئەم تەوەرەمان دابەشکردوە بۆ دوو لق، لقی یەکەم بە ناونیشانی جۆرەکانی تیرۆر کە تێیدا جۆرەکانی تیرۆرمان خستووەتە ڕوو، لقی دووەم بە ناونیشانی شێوازەکانی تیرۆر کە لە دیارترین شێوازەکانی تیرۆر دواوین.

**لقی یەکەم: جۆرەکانی تیرۆر**

جۆناثان وایت لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (دەروازەیەک بۆ تیرۆریزم) پێنج جۆری تیرۆریزمان بۆ دیاری دەکات (تیرۆرزیمی تاوانکاری، تیرۆریزمی ئایدۆلۆژی، تیرۆریزمی ناسیۆنالستی، تیرۆریزمی دەوڵەت، تیرۆریزمی شۆڕشگێرانە)[1]. ئەمە لە کاتێکدایە فلیپس پرۆفیسۆری بواری فەلسەفەو نوسەری (پۆلێنەکانی تیرۆریزم) پێیوایە، کە دەکرێت (١٦) جۆر لە تیرۆر دەستنیشان بکەین لە نێوان تیرۆری دەوڵەتی و نادەوڵەتی و تیرۆری ناوخۆی و نێودەڵەتی[2]. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین، کە چەندین جۆری دابەشکاری هەیە جگە لەو دابەشکاریانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا بەڵام ئەم توێژینەوەیە لەسەر دوو بنەما جۆرەکانی تیرۆر دەستنیشان دەکات کە ئەوانیش (بەپێی سەرچاوەی کاری تیرۆرەکە، بەپێی ناوەڕۆکی کاری تیرۆرەکە).

**١- بەپێی لایەنی ئەنجامدەری تیرۆرەکە:**

لەسەر بنەمای ( لایەنی ئەنجامدەری کاری تیرۆرەکە) دەکرێت تیرۆر دابەشبکەین بۆ دوو جۆر، کە ئەوانیش (تیرۆری دەوڵەت، تیرۆری تاک و کۆمەڵەکان(بەکۆمەڵ) ).

**أ- تیرۆری دەوڵەت:**

زاراوەی (تیرۆری دەوڵەت) لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ئەمریکا ڕۆناڵد ڕێگان هاتە ئاراوە بۆ ئاماژە پێکردن بەو توندوتیژیانەی، کە کرانە سەر دیپلۆمات و دامەزراوە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بە تایبەت گرتنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران لە (١٩٧٩)، ئەو دەوڵەتانەی، کە پشتگیری ئەم کردەوانە دەکەن، بە دەوڵەتە تیرۆریزمییەکان ناوزەند دەکرێن. هەرکام لەو دەڵەتانە بەهۆی هۆکاری جۆراو جۆرەوە پشتیوانی لە تیرۆر دەکەن لە ڕویی سیاسی یان سەربازییەوە بێت، جاری وا هەیە دەوڵەت لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی تیرۆر دەکات بە ئامانجی بە جیهێنانی دەستکەوتی جیاجیا[3].

---

(1) مایکڵ لیمەن و گاری پوتەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(2) Jason-Leigh Striegher, Violent-extremism: An examination of a definitional dilemma, 8th Australian Security and Intelligence Conference, held from the 30 November – 2 December, 2015 (pp. 75-86), Edith Cowan University Joondalup Campus, Perth, Western Australia, p.81.

(3) مایکل لیمەن و گاری پوتەر، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧.

شارەزاری بەریتانی سی گیرالت پێناسەیەکی گونجاوی بۆ تیرۆری دەوڵەت کردوە و پێیوایە تیرۆری دەوڵەت خراپترین بەکارهێنانی دەسەڵاتە و بە بەکارهێنانی دامودەزگاکانی بۆ توندوتیژی لە لایەن دەوڵەتێکەوە بۆمەبەستی پارێزگاریکردن لە سیستەم و ئاسایشی نیشتمانی دژی گەلەکەی خۆی ئەمەش کاری نایاسایی وەک سزادان، کۆچپێکردن، کوشتنی نهێنی و (تیمی مەرگ) دەگرێتەوە[1].

هەندێک نوسەر ئاماژە بەوە دەدەن چەمکی تیرۆر لە بنەڕەتدا ئاماژە بوو بە کردەوەکانی دەوڵەت نەک ئەکتەری نادەوڵەتی، بەڵام لە دوایدا ئەم چەمکە بەسترایەوە بە ئەکتەرە نادەوڵەتیەکانەوە ...ئەمە واتای ئەوە نییە، کە دەوڵەتەکان تیرۆر ناکەن[2]. هەندێک دەڵێن دەوڵەت هەیە، کە سپۆنسەری گروپە تیرۆرستییە نێودەوڵتییەکان دەکەن بۆ درێژ کردنەوەی دەسەڵاتەکانیان دەستوەردان لە دەوڵەتانی تر واتە تیرۆر وەک ئامرێزێکی سیاسەتی دەرەوە بەکاردەهێنرێت[3]. لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە دەوڵەتان لە ئاستی دەرەکی کردەی تیرۆر ئەنجامدەدەن دژ بە وڵاتانی دەرەوە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە دەوڵەتان لە سەر ئاستی ناوخۆش کردەی تیرۆر ئەنجامنادەن بەڵکو هەندێک دەوڵەت لە دژی گەلەکەی خۆیان کاری تیرۆر ئەنجامدەدەن لە ڕێگەی کۆمەڵێک کار و سیاسەتی حکومەتەکەوە بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی ترس لە ناو هاوڵاتیاندا بە مەبەستی ژێردەستەکردن و ملکەچکردنیان لەناوخۆ و دەرەوە بۆ بەدیهێنانی هەندێک ئامانج کە دەوڵەت ناتوانێت بەدەستی بهێنێت بە ڕێگەیەکی ناشەرعی نەبێت[4]. کەواتە لە دەرئەنجامی ئەوەی کە خرایەڕوو ئەوە دەبینرێت کە هەندێک لە دەوڵەتەکان لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش کردەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

**ب- تیرۆری تاک و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان:**

مەبەست لەم جۆرە تیرۆرە ئەو کردە تیرۆریستیانە دەگرێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵە تیرۆریستییەکان بەبێ جیاوازی، دژی دەوڵەت و دەزگا حکومیەکان و شوێنە گشتییەکان و دژی خەڵکی ئەنجامیدەدەن، ئەمەش بە مەبەستی تێکدانی ئارامیی وڵات، یان دروستکردنی کەشێکی نائارامی وەک زەمینەسازییەک بۆ ڕوخاندنی حکومەت[5]. بەپێی عبداللە سلیمان "تیرۆری تاکەکەسی ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە چەند تاکەکەسێک یان دز و جەردەکان یان چەند کۆمەڵێک پێی هەڵدەسن لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان[6].ئەم جۆرە لە تیرۆرەی کە لە لایەن تاک یان گروپێکی دیاریکراوەوە ئەنجامدەدرێت، ...بەرپرسیاریەتی کردوەوە تیرۆریستییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسە

---

[1] لیۆنید ساڤین، نیوتیرۆریزم و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە، لە کتێبی کوردستان دوای ئۆپەراسێۆنی موسڵ و ڕەققە، دیڤید پۆلاک، ئەلکساندر دووگین و ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ٢، ٢٠٢٠، ل٤١.

[2] Patrick H. O'neil, Op.cit, P.217.

[3] Ibid, P.217.

[4] رنا مولود سبع، ماهية الارهاب وتأثيره على واقع حقوق الانسان فرنسا وبريطانيا انموذجا، دراسات الدولية، مركز الدراسات الدولية، جامعة بغداد، عدد التاسع والاربعون، ص.ص١٧٤-١٧٥.

[5] ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندن، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٤.

[6] الدكتور، همداد مجيد على المرزانى، الارهاب اركان اسبابه اشكاله، المصدر السابق، ص.٥٧.

یان کۆمەڵەی کە کردەوە تیرۆریستییەکەی ئەنجامداوە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەرپرسەکانی ئەم کردەوانە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانن کە پلانەکان دادەنێن و کات و شوێنەکە دەستنیشاندەکەن[1].

**٢- بەپێی مەبەستی کاری تیرۆرەکە:**

لەسەر بنەمای ( **ناوەڕۆکی کاری تیرۆرەکە**) دەکرێت تیرۆر دابەشبکرێت بۆ چەندین جۆر ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

**أ- تیرۆریزمی ئاینی و مەزهەبی:**

بەپێی هەندێک لە توێژەران هەرچەندە تیرۆریزمی ئاینی هەموو تایبەتمەندییەکانی تیرۆریزمی سیاسی هەڵگرتوە، بەڵام پەیامێکی ئاینی هەیە، ئامانجەکەشی سروشتێکی ئاینی هەیە[2]. هەروەها تیرۆری مەزهەبی لە سادە ترین پێناسەیدا دەکرێت بڵێین، ئەم جۆرە تیرۆرە لە ڕێگەی ئەو پلانگێڕییە تیرۆریستیانەوە دەبێت، کە باوەڕداران ولایەنگرانی مەزهەبێک دژی باوەڕداران و لایەنگرانی مەزهەبێکی تر پیادەی دەکات[3].

هەندێک جار لە ناوخۆی خودی یەک مەزهەبیش دەکرێت کردەی تیرۆر هەبێت، لایەنگرانی ڕەوتێک دژ بە ڕەوتێکی تری هەمان مەزهەب.

**ب- تیرۆری ئایدۆلۆژی:**

لە کۆنەوە مێژوو ئەوەی سەلماندووە تیرۆری ئایدۆلۆژی یان بیروباوەڕی لە زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان هەبووە، کە شەڕیان کردوە لە پێناو ئایدیایەک یان بەدەستهێنانی ئامانجێک[4].ئایدیۆلۆژیا وەک سیستەمێکی بیروباوەڕ و خاسیەتێکی بە کۆمەڵ و مەبەستدار[5]. تایبەتمەندی گروپە تیرۆریستییەکانە، یان دەکرێت، کە ئەمجۆرە لە تیرۆر بە دوای بەدیهێنانی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوەبێت، کە بڕوای پێی هەیە و پاڵپشتی بکات[6]. هەروەها هەندێک ئایدۆلۆژیا نەخشە ڕێژێکە بۆ بینین و هەستکردن بە جیهان و پەیوەندیدارە بە پرۆسەی ئاراستەکردنی

---

[1] رنا مولود سبع، ماهية الارهاب وتأثيره على واقع حقوق الانسان فرنسا وبريطانيا انموذجا، دراسات الدولية، المصدر السابق، ص١٧٢.

[2] Henry Prunckun And Troy Whitford, Terrorism And Counterterrorism: A Comprehensive Introduction To Actors And Actions, Lynne Rienner Publishers, 2019, P.11.

[3] د. غسق حسن مسلم الكعبي، الابعاد الفكرية للإرهاب وتداعياته في الرسم العراقي المعاصر، نابو للدراسات والبحوث، مجلة علمية محكمة - العددان التاسع والعاشر، حزيران ٢٠١٥، ص١٧٦.

[4] د. هايل عبد المولى طشطوش، الآرهاب المعاصرن، ط١، دار البداية، عمان، ٢٠١٤، ص ١٢٩.

[5] Donald Holbrook And John Horgan, Terrorism And Ideology: Cracking The Nut, Perspectives On Terrorism, Volume (13), Issue (6), December 2019, p.5

[6] د.عبدالصمد رحيم كريم زنكنه، م.د.صداع دحام طوكان، الارهاب و تمييزه عن الكفاح المسلح للحركات التحررية، دراسات قانونية وسياسية، مجلة فصلية علمية محكمة يصدرها مركز الدراسات القانونية والسياسية، كاية القانون والسياسية/جامعة السليمانية، السنة الخامسة، العدد(٩)، كوردستان-العراق،٢٠١٧، ص١٩٦.

بوون بە تیرۆریزم[1]. کەواتە مەبەست لەم جۆرە لە تیرۆر ئەو گروپە تیرۆریستییانە دەگرێتەوە، کە وابەستەی ئایدۆلۆژیایەکن و هێز لە ئایدۆلۆژیاکەیانەوە وەردەگرن بۆکردە تیرۆریستییەکانیان و بەردەوامبوونیان.

**ت- تیرۆری سیاسی:**

تیرۆری سیاسی یەکێکە لە جۆرە گرنگەکانی تیرۆر هەندێک پێیانوایە، کە بەواتای" میتۆدێکی ململانێی توندوتیژییە، کە پاڵ بە بکەرەکانەوە (تیرۆریستەکان) ەوە دەنێت بە شێوازێکی گشتگیر ترس و تۆقاندنێکی بۆ دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی ڕای سیاسی یان سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگادا بەکار بهێنێت"[2]. مەبەست لەم تیرۆرە پەنابردنە بۆ چەک و توندوتیژی لە پێناو یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان ئەوانەی هەموو تواناکانی خۆیان بۆ ئامانجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەختکردووە، بەڵام بەرهەمەکانیان سەرکەوتوو نەبووە، بێئومێد دەبن و شکست دەخۆن و ئەمەش هانیاندەدا بۆ کاری تیرۆریستی لە پێناو خۆسەپاندندا، بەپێی ئەمەی سەرەوە بێت تیرۆر بەکاردەهێنرێت بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکان، بۆیە هەندێکجار دەوترێت کە تیرۆر کە کوشتنی سیاسیانەیە بەهۆی بەکارهێنانی چەکەوە[3].

هەموو جۆرەکانی تیرۆر مەترسیدارن بەو پێیەی ئامانجی بنەڕەتی تیرۆریستەکان، لەناوبردن یان ملکەچکردنی نەیارەکانیانە بە بەکارهێنانی ئامڕازە توندوتیژییەکان بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ئامانج کە زۆربەی جار یەکێک لە ئامانجەکان ئامانجێکی سیاسییە.

**لقی دووەم: شێوازەکانی تیرۆر**

چەندین شێوازی جیاوازی تیرۆرمان هەیە، لێرەدا ئێمە مەبەستمانە کە گرنگترین و دیارترین شێوازەکان بخەینەڕوو، کە ئەمانەی خوارەوەن:

**١-گلدانەوەی بارمتە (بەبەبارمتەکردن )**

هەر چەندە پێناسەکردنی ئەم چەمکە کارێکی قورسە بە و پێیەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لە بارمتەگرتن" بریتییە لە دەستبەسەرکردن یان ڕاگرتنی کەسێک بە بێ ویستی خۆی لەڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە یان بە فێڵکردن بە مەبەستی بە دەستهێنانی پاداشتێک(پارە)[4]. بەبارمتەگرتن واتە بێبەشکردنی کەسێک لە ئازادییەکان بە

---

[1] Donald Holbrook and John Horgan, op.cit, P.10.

[2] د.عبدالصمد رحیم کریم زنکنە، م.د.صداع دحام طوكان، المصدر السابق، ص١٩٦.

[3] جەزا ئەحمەد فارس، ئایدۆلۆژیای تیرۆر داعش بە نمونە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٦)، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١١.

[4] John Domingo Inyang and Ubong Evans Abraham, The Social Problem of Kidnapping and its Implications on the Socio-Economic Development of Nigeria: A

دەستبەسەرداگرتنی و پێنەدانی مافی یان هەرەشەلێکردنی یان ئازاردانی، بە مەبەستی ئەوەی، کە ناچار بکرێت بەدەم داواکاریەکانتەوە بچێت بە کردنی کارێک یان نەکردنی کارێک ئەم دیاردەی بەبارمتەگرتنە بڵاوبۆتەوە وەک ئامرازێکی زەوتکردن و ئیبتیزازکردنی دەوڵەتان و حکومەتەکان بۆ جێبەجیکردنی داواکاری ئەوانەی کەکاری بارمتە گرتنەکەیان ئەنجامداوە، و بە بارمتەکردن لەم دوایانەدا وەک کردارێکی توندوتیژی هاتە هەژمارکردن کە زۆر کەسی بێتاوان بووەتە قوربانی تیایدا[1].

**٢- بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی**

تیرۆریستان بەشێوەیەکی فراوان چەکیان بەکارهێناوە هەر لە چەقۆ و تفەنگی هێرشکردن و تادەگاتە ژەهری کیمیایی★، بەڵام سەرەڕای ئەو جیاوزییە مادە تەقینەرەوەکان تاوەکو ئێستا وەک باوترین چەکی دەستی گروپە تیرۆریستییەکان ماوەتەوە، لە (مانگی چواری ٢٠٠١ تا هەمان مانگی ٢٠٠٢) نزیکەی لە (٦٠٪) پەلامارە تیرۆریستییە جیهانییەکان بەکارهێنانی چەک یان ئامێرە تەقینەرەوەکانی دیکەیان لە خۆگرتووە کەواتە چەک نوێنەرایەتی پێداویستییەکی کرداری لۆجیکی

Study of Uyo Metropolis, Mediterranean Journal of Social Sciences, Vol (4), No (6), July 2013, P.532.

(1) د.یوسف محمد صادق، الارهاب والصراع الدولی، دار الحکمة، ط٢، بغداد، ٢٠٢٠، ص٣٨.

★ هەندێک تویژەر بە جیا تیرۆری بایۆلۆژی و کیمیاوی وەک شێوازێکی تیرۆر دەناسێنن، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم شێوازە دەکرێت پۆلێنبکرێت لە شێوازی(بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی) بەو پێیەی بایۆلۆژی و کیمیاوی جۆرێکن لە چەک، گرنگی پێدانی تیرۆریستان بەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ دوای هێرشەکانی ساڵی (١٩٩٥) لەسەر تونێلەکانی میترۆی تۆکیۆ لەڕێگەی غازی (سارین)، و دۆزینەوەی میکرۆبی (ئەنسراکس) لەناو نامەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گروپە تیرۆریستییەکان گرنگییەکی تایبەتیان دەدا بە چەکە کیمیایی و بایەلۆژییەکان، چەکە کیمیاوییەکان پێکدێن لە موادی کیمیاوییە ژەهرییەکان وەک گازی (دەمار، دایۆکسین)، بەڵام چەکە بایەلۆژییەکان بونەوەری زیندون یان بەکتریان وەک (ئەنسراکس، ڤایرۆسەکان) بە بەراورد بە چەکە ناوەکییەکان بەرهەمهێنانی مادەی کیمیاوی یان دەستکەوتنی ئاسانترە، بەڵام پاراستنی کردارێکی قورسە"(وۆڵتەر لاکویر) لە (تیرۆری نوێ)دا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە فەراهەمبونی چەکی بەهێزی کۆمەڵکوژ وەک هەڕەشەیەکی هەنوکەی گەورە ڕووبەڕووی جیهانی شارستانی دەبێتەوە، لە نێو جۆرەکانی چەکی بە کۆمەڵکوژدا چەکی بایۆلۆژی و کیمیایی لەوانی دیکە مەترسی گەورەتر پێکدەهێنێت" هەرچەندە هەندێک پێیان وایە کە بەکارهێنای چەکی بایۆلۆژی و کیمیاوی ئەگەرێکی کەمە لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە بە بەراورد بە بەکارهێنانی چەکی ئاسایی بەڵام بەرەوپێشچونەکانی ژیان لە سەرجەم ڕەهەندەکانەوە ئاماژەیەکی کراوەن بۆ ئەوەی لە ئایندەدا گروپە تیرۆریستییەکان دەستیان بگات پێیان.

بڕوانە:

- د.یوسف محمد صادق، الارهاب والصراع الدولی، دار الحکمة، ط٢، بغداد، ٢٠٢٠، ص٤١.
- ن.ماسیۆج . مۆرگان، سەرچاوەکانی تیرۆریزم، لە کتێبی تەنگەژەی تیرۆریزم، و:مەروان کاکل، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦ ، ل١١٢.
- Frank Gottron AND Dana A. Shea, Small-scale Terrorist Attacks Using Chemical and Biological Agents: An Assessment Framework and Preliminary Comparisons, Congressional Research Service The Library of Congress, USA, 2004, P.5.

دەکات[1] "بەکارهێنانی تەقەمەنی لە و شێوازە تیرۆریستییانەیە کە تادێ زیاتر پەنای بۆ دەبرێت. دیارە بەکارهێنانی تەقەمەنی زیانێکی مادی و گیانی زۆری لێدەکەوێتەوە. ئەو دەنگدانەوەیەش، کە بەهۆی ئەم ڕووداوە دێتە ئاراوە دەنگانەوەیەکی فراوانی دەبێت کە ئەمەش تیرۆریستەکان هاندەدا زۆرتر لە ڕێوشوێنەکانی تر پەنای بۆببەن، تەقەمەنی بە شێوازی جۆربەجۆر لە کردەوە تیرۆریستییەکاندا بەکاردێت دەشێت هەندێک جار تەقەمەنی بخرێتە ناو ئۆتۆمبێلەوە (ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو) و هەروەها دەشێت بخرێتە ناو قوتووەوە و لەسەر ڕێوبانەکان دابنرێت... دەشێت بە شێوەی تەقینەوەی خۆکوژی بەکاربهێنرێت واتە تەقەمەنی لە پشتێن ببەسترێت، کەسێکیش کە خۆکوژە پشتێنەکە لەناوقەدی خۆی دەئاڵێنێ و لە شوێنێکی قەرەباڵغ دەیتەقێنێتەوە[2].

## ٣-ڕفاندنی فرۆکە★

گروپە تیرۆریستییەکان سودیان لە بەرەوپێشچونی زانست و تەکنەلۆژیا بینیوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆیانی پێبپێکن، مێژوو گەواهیدەری چەندین حاڵەتی ڕفاندنی فرۆکەیە لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە بۆیە چەندین ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بەستراوە دژی ڕفاندنی فرۆکەی مەدەنی لە گرنگترینیان (ڕێکەوتنی تۆکیۆ١٩٦٣، ڕێکەوتننامەی مۆنتریاڵ ١٩٧١) ئەم ڕێکەوتننامانە تایبەت بە سەرکۆنەکردنی ڕفاندنی فرۆکەوانی مەدەنین[3]. جیهان گەواهیدەری ١١ی سێپتەمبەرە کە مەترسیدارترین و گەورەترین حاڵەتی ڕفاندنی فرۆکەبوو لە مێژووی نوێدا کە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە گۆڕینی ڕێڕەوی پەیوەندی نێودەوڵەتی، کە سەردەمێکی نوێی مێژووی مرۆڤایەتی دەستپێکرد بەهۆی هێرشکردنە سەر تاوەری بازرگانی جیهانی لە نیۆرک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە بەتەواوی تاوەرەکە هەرەسیهێنا. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەشبدەین لەمێژووودا چەندین ڕووداوی لەم جۆرە ڕوویداوە و لە دووبارە بونەوەشدایە لەماوەی (١٩٥٠-١٩٧٠) ١٦٤ حاڵەت ڕوویداوە (١٤٤)ی سەرکەوتوو بوە، (٢٠) حاڵەتی شکستی هێناوە، کە تێیدا (٣) دانەیان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بووە، (٥) دانەیان لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران، (٣) دانەیان لە وڵاتانی عەرەبی، (٣) دانەی تریان لە ئیسرائیل بووە.[4]

## ٤- غافڵکوژی(الاغتيال)

هەر لە زووەوە تیرۆرکردن هەبووە و ناسراوە، ئەمەش لە کاتێکدا، کە هەندێک لە دیاردەکانی تیرۆرکردن هۆکارو ڕەهەندی جیاوازی هەیە[5] "تیرۆریستان بەزۆری پەنا بۆ هەڵبژاردنی سیمبولە

---

[1] کیم کراگین و سارا ئا. دالیک، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

[2] يوسف كوران، جريمة الارهاب والمسؤولية المترتبة عنها في القانون الجنائي الداخلي والدولي، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٧، ص. ص٥٨-٥٩.

★لەمیانەی گەڕانەکانی ئێمە بۆمان دەرکەوت ئەم شێوازی تیرۆرە لەعێراقدا نییە، بەڵام بە هۆی بوونی چەندین نموونە لەسەر ئاستی جیهان پێمان باشبوو ئاماژەی پێبدەین.

[3] الدكتور همداد مجيد علي المرزاني، المصدر السابق ، ص.ص٦٠-٦١.

[4] د. هايل عبد المولى طشطوش، المصدر السابق ، ص١٧٣.

[5] د.همداد مجيد علي المرزاني، الارهاب اركان اسبابه اشكاله، المصدر السابق، ص٥٨.

سیاسییەکان یاخود کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا دەبەن وتیرۆریان دەکەن. کە ئامانجیان ئەوەیە کەڵێن و نائارامیی ئەمنی و سیاسی و دەروونی لە وڵاتدا درووستبکەن[1].

تیرۆر خۆی لە خۆیدا پەیامێکی تیرۆریستانەیە بۆ بەرامبەرەکەی بەمەبەستی تۆقاندنی و ناچارکردنی بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو یاخود هاندانی بۆ ئەنجامنەدانی کارێکی دیارینەکراو، شتێکی شاراوەش نییە، کە رێکخرواوە تیرۆریستییەکان و تەنانەت ئەو دەوڵەتانەش، کە پشتگیری تیرۆر دەکەن زۆرجار پەنا بۆ زیاد لە یەک شێوازی تیرۆر دەبەن تەنانەت هەندێکجار دەشێت یەک کردەی تیرۆرستی لە چەندین شێوازی تیرۆرستی پێکهاتبێت وەک ئەوەی کە لە ١١ ی ئەیلولی ساڵی ٢٠٠١ دا ڕوویدا کاتێک تیرۆرستەکان فرۆکە ئەمریکییەکانیان فڕاند و سەرنشینەکانیان وەک بارمتە گلدایەوە پاشان بە فرۆکەوە خۆیان بە هەردوو بورجەکەی بارەگای بازرگانی جیهانی و وەزارەتی بەرگری ئەمریکادا کێشا[2]

**٥- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاریی و پەیوەندیکردن**

کارێکی دوژمنکارانە یا ترسێنەرە یا هەڕەشەکردنی مادی و مەعنەوی بە بەکارهێنانی ئامڕازە ئەلکترۆنییەکان لە ڕێگەی دەوڵەت و کۆمەڵە و تاکەکانەوە[3] بە پێیَ(FBI) ئەمریکی تیرۆری ئەلکترۆنی پێناسە دەکات بەوەی " تاک کۆمپیتەر و تۆڕ و تەکنەلۆجیا بەکاردەهێنن بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن و زاڵبوون و یان ناچارکردن لە ڕێگەی تیرۆرەوە بەمەبەستی زیادکردنی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی"[4] یان هەندێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە سایبرتیرۆریزم بریتییە لە پرۆسەی بە یەک گەیشتنی تیرۆریزم و فەزای کۆمپیتەری. بەگشتی سایبەر تیرۆریزم بە واتای پەلاماری نایاسایی دژ بەکۆمپیتەرەکان و تۆرە کۆمپیەتەرییەکان و زانیارییە پارێزراوەکانە، بەمەبەستی تۆقاندن یان ناچارکردنی حکومەت یاخود هاوڵاتیان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجی سیاسی یان کۆمەڵایەتییەکان ... دەبێت ئەم پەلاماردانانە ببێتەهۆی پەرەسەندنی توندوتیژی دژ بە تاکەکان یاخود سامان و داراییەکان یان لانیکەم ئەوەندە زیانیان پێبگەیەنێت بتوانێ ترس و دڵەڕاکی بنێتەوە[5].

گرووپە تیرۆریستییەکان پەنا بۆیەکێک لە شێوازەکانی تیرۆر دەبەن بەمەبەستی ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی، هەندێکجار لەیەک کردەی تیرۆریستیدا دەکرێت زیاد لە یەک شێوازی تیرۆر

---

[1] ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.
[2] یوسف کوران، جريمة الارهاب والمسؤولية المترتبة عنها فى القانون الجنائي الداخلي والدولى، المصدر السابق، ص.ص٥٩-٦٠.

[3] د. هايل عبد المولى طشطوش، المصدر السابق، ص٢٠٧.

[4] MARC ROGER, The Psychology Of Cyber-Terrorism, Terrorists, In The Book Victims And Society Psycho Log I Ca I Perspectives On Terrorism And Its Consequences , Edited By Andrew Silke ,University Of Leicester, UK,2003, P.78.
[5] پیتەر فلێمنگ و مایکڵ ئیستۆل، ئاسایشی نەتەوەی و ئاسایشی تۆڕەکان(دوو توێژینەوە)، و:عارف سەلیمی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٨٠.

بەکاربهێنرێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی  یەکێکە لەهەرە بەربڵاوترین شێوازەکانی تیرۆرە، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە ڕاستەوخۆ گەورەترین کاریگەری دەبێت لەسەر سایکۆلۆجیای گشتی خەڵک، لە عێراقی پاش(٢٠٠٣)دا زۆربەی ئەم شێوازەنە لەلایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە بەکارهێنراوە، ئەمەش لێکەوتەی نەرێنی کردووەتە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لەم وڵاتەدا بەشێوەیەک کە ناسەقامگیری و نائارامی هێناوەتە ئاراوە.

## باسی دووەم: چەمکی ئاسایش

چەمکی ئاسایش وەک یەکێک لە گۆڕاوەکان و چەمکێکی سەرەکی توێژینەوەکە، چەندین دیدگای جیاواز لەبارەیەوە هەیە بۆ شیکاری ئەم چەمکە و تێگەیشتن لێی، ئەم باسە بۆ چوار تەوەرە دابەشکراوە، تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی چییەتی ئاسایش، کە لە ڕووی زمانەوانی واتای ئاسایش شرۆڤەکراوە و پاشان چەندین پێناسەی ئەم چەمکە خراوەتەڕوو، تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی ئاستەکانی ئاسایش هەریەکە لە ئاستەکانی ئاسایش شیکراوەتەوە، تەوەرەی سێیەم بە ناونیشانی قوتابخانەی کۆپنهاگن، کە ئەم قوتابخانەمان ناساندووە، تەوەرەی چوارەم بەناونیشانی ڕەهەندەکانی ئاسایش کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و ڕوون گرنگترین ڕەهەندەکانی ئاسایش دیاریکراوە و خراوەتەڕوو.

### تەوەرەی یەکەم: چییەتی ئاسایش

ئەم تەوەرە دابەشکراوە بۆ دوو لق، لقی یەکەم بە ناونیشانی واتای زمانەوانی ئاسایش کە تێیدا لە ڕووی زمانەوانییەوە لە هەریەکە لە زمانەکانی لاتین و ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی ئەم چەمکە خراوەتەڕوو ڕوو، هەروەها لقی دووەمی ئەم تەوەرە بە ناونیشانی پێناسەی ئاسایش کە لە چەندین ڕەهەند و دیدگای جیاوە پێناسەی ئاسایش کراوە.

### لقی یەکەم: واتای زمانەوانی ئاسایش

لە ڕووی زمانەوانییەوە ئاسایش (الامن-Security) لە زاراوەی لاتینی (securus) وەرگیراوە، کە (secure) بە واتای پارێزراو دێت، هەروەها (se) بە واتای بەبێ (cura)بە واتای وریایی، کە بەسەر یەکەوە ئاماژەیە بە چۆنیەتی یان بارودۆخێک کە وریای پێویست نەبێت یان دەکرێت بڵێین لە لاتیندا بەواتای ئازاد بوون لە ترس و نیگەرانیش دێت [1]، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە کە ئاسایش لە واتا لاتینییەکەیدا بە مانایەکی فراوانتر دێت لەوانە (دڵنیایی، لە ئەستۆگرتن، نەمانی دڵەڕاوکێ و ئاسوودەیی) دێت[2]. هەروەها هەندێک لە توێژەران پێیان وایە، کە (ئاسایش) واتای جیاواز دەگەیەنێت لە بنچینەدا بە واتای بوونی ئاشتی، سەلامەتی، بەختەوەری، پارێزگاری سەرچاوە مرۆییەکان و نەبوونی قەیران یان هەڕەشە لە سەر کەرامەتی مرۆڤ دەگەیەنێت کە ئەمانە هەموویان ئاسانکارین بۆ پێشکەوتن و بەرەو پێش چونی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی[3].

---

(1) Kafkazli Seyed Javad, The Significance Of Caucasia And Central Asia In Iran's National Security, Just Peace Diplomacy Journal, Number 7, International Peace Studies Centre (IPSC) London, UK, 2012, P.15.

(2) د.بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بەرگی (٣)، ژمارە(٦)، ٢٠٢٠، ل٨٨.

(3) Muyiwa Afolabi, Concept Of Security, Intelligence And Security Studies Programme, Department Of Political Science And International Studies, Published On Researchgate, 2015, P.1.

ئاسایش لە زمانی ئینگلیزیدا بەپێی فەرهەنگی ( Dictionary Of Politics And Government) بە واتای پارێزگاریکردن لە زیان پێگەیاندن و لەناوبردن و هێرشکردن دێت"[1].هەروەها بە پێی فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) چەند واتایەکی بۆ ئاسایش دیاریکردوە، کە ئەمانەن[2]:

واتای یەکەم: هەستکردن بە پارێزراوی، نەبوونی نیگەرانی.

واتای دووەم: (پاراستن) لە دزیکردن و هێرشکردنە سەر و جەنگ.

واتای سێیەم: هەستکردن بە ئاسایش لە کاتی وەرگرتنی پارە بە قەرز لە بانکەکان.

چوارەم: ئاسایش لە ئاڵوگۆڕکردن(بەشداریپێکردن) ی دۆکۆمێنتەکان.

فەرهەنگی (Longman) یش هەمان واتاکانی فەرهەنگی ئۆکسفۆردی داناوەتەوە بە جەختکردنەوە سەرئەوەی ئاسایش تەنیا نەبەستووەتەوە بە مرۆڤەوە، بەڵکو گرنگی تایبەتی به شتەکانیش داوە[3]. هەندێکی تر پێیانوایە، کە ئاسایش لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای ڕزگاربوون لە نائارامی دێت یان دۆخێکی ئارام بەبێ بوونی مەترسی و هەڕەشەو هەستکردن بە پارێزراوی، پاراستن یان بەکاردێت بۆ باسکردنی بارودۆخێک بەبێ هیچ مەترسی و نیگەرانییەک دێت[4].

لە زمانی عەرەبیدا بە پێی (لسان العرب) ئاسایش لە ڕووی زمانەوانییەوە پێچەوانەی ترسە، کرداری سیانی (ئاسایش) بە واتای بەدەستهێنانی ئارامییە (ابن منظور) دەڵێت "ئارامیم دروست کرد کەواتە من ئارامم و ئارامی کەسانی تریشم فەراهەم کردووە، واتە نەمترساندن، ئارامی دژی (پێچەوانەی) ترسە وەک ناپاکی چۆن پێچەوانەی دەستپاکییە و باوەڕهێنان دژی کفر (بێ باوەڕییە) و باوەڕهێنان واتە ڕاستگۆیی و دژەکەشی درۆکردنە، کە دەگوترێت نەتەوە باوەڕی پێیەتی، نەتەوە باوەڕپێینییە واتە نەتەوە باوەڕی بە شتێکەو باوڕی بە شتێک نییە[5]. سەرچاوە زمانەوانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە (Security) بەرامبەر بە وشەی (ترسە)، لە بەرئەوە (ئاسایش) بە واتای دوورکەوتنەوە لە ترس و دڵەڕاوکێ و بە دەستهێنانی ئاشتی دڵنیای دێت، هەروەها لە (قورئانی) پیرۆزدا لە چەندین بابەتدا ئاماژە بۆ (ئیمان، دڵنیایی، باوەڕ، نەبوونی ترس) هاتووە[6]. جگە لەو واتایانەی کە ئاماژەپێکراوە ئاسایش

---

(1) P.H. Collin, Op.cit., P.223.

(2) Oxford university press, oxford collocations Dictionary for student of English ,fifth published, printed in china, 2003, P.690

(3) Della Summers, Op.cit., P.669.

(4) Kafkazli Seyed Javad, Op.cit., P.16.

(5) د. علاء عبد الحفيظ، الأمن القومي.. المفهوم والأبعاد، المعهد المصرى للدراسات، ٢٠٢٠، ص٤. نقلا من ابن منظور، لسان العرب، تحقيق عبد هللاعليالكبير، القاهرة، دارالملعارف، ص١٤.

(6) د.كامل جاسم المراياتى، مفهوم الامن الاجتماعى فى الفكر السوسيولوجى، تقدم فى ندوة الفكرية، بيت الحكمة، 1997، نشر فى الكتاب الامن الاجتماعى، ص٨.

هەر لە (قورئانی) پیرۆزدا بە واتای سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیان دێت لەوانە (سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆلۆژی)[1].

ئاسایش لە زمانی کوردیدا هەر وەک زمانەکانی تر بە چەندین واتا هاتووە بە واتای نەمانی هەر جۆرە هەڕەشە و هێرش و پەلامارێك و خۆ ئامادەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە هەڕەشە و پەلامارێك دێت "[2]، بە پێی فەرهەنگی خاڵ ئاسایش بە واتای" حەسانەوە و ئارامگرتن... بێ ئاژاوەیی "[3]. دێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە فەرهەنگی (مامۆستا) وشەی (ئاسایشت) بەکاردەهێنێت کە بە پێی ئەم فەرهەنگە بە واتای ( ئارام، ئارامی، ئاساییش، ئۆقرە، بێدەنگی، ستارە، هێمنی) دێت[4].

وشەی (ئاسایش) لە زۆرێک لە زمانەکانی جیهاندا هەمان واتا یان واتای نزیک لە یەکی هەیە لەڕووی زمانەوانییەوە بە واتای نەبوونی ترس و دڵەراوکێ و هەستکردن بە دڵنیای و ئارامی و هێمنی دێت.

**لقی دووەم: چەمک و پێناسەی ئاسایش**

بیرۆکەی ئاسایش پەیوەندیدارە بە زنجیرەیەک لایەنی جیاواز بە مرۆڤەوە وابەست بە چالاکییەکانی لە کۆمەڵگا و سروشتدا[5]. هەر لەبەرئەوەش لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی و پەیدابوونی ژیان لێکنزیکی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە، هەستکردن بە پێویستی ئاسایش یەکێک بووە لە سیفەتەکانی مرۆڤە سەرەتاییەکان تا خۆی لە هەڕەشەی ئاژەڵە دڕندەکان و دواتریش خۆی لە مرۆڤە بە هێز و هاوشێوەکانی خۆی بپارێزێت[6]. ئاسایش یەکێکە لەو دەستەواژانەی کە لە چەندین بواری جیاجیادا بەکاردەهێنرێت وەک لە بواری سیاسی و جیۆپۆلەتیکی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و هەروەها لە چەندین بواریش پەنای بۆ دەبریت وەک بوارەکانی کارکردن و پاراستنی هاوڵاتییان لەو

---

(1) مسعود حمید اسماعیل، الامن القومی الکردی وسبیل حمایته جنائیا (دراسة قانونیة تحلیلیة)، مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة، السلیمانیة، ۲۰۰۸، ص۲۰.

(2) عەبدولقادر ساڵح، فەرهەنگی سیاسی سەبا، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر، چ۲، سلێمانی، ۲۰۰۷، ل٥.

(3) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ۲۰۱۷، ل٥.

(4) شەوکەت مەلا ئیسماعیل، فەرهەنگی مامۆستا، دەزگای تەفسیر بۆ بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ۲۰۰۹، ل۲۸.

(5) Anton Grizold, The Concept Of National Security In The Contemporary World, International Journal On World Peace , Vol. (11), No. (3), September 1994, P.39.

(6) هەڵگورد جەلال، کورد و ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) دەریدەکات، ژمارە(٥۷)، سلێمانی، ۲۰۱۲، ل۱۰-۱۱.

هەڕەشانەی کە پەیوەندییان بە ژیان و گوزاران و سەر و ماڵ و ئازادییەکانیانەوە هەیە، تا دەگاتە ڕادەی بوارەکانی تایبەت  بە دابینکردنی سەلامەتی خودی دەوڵەت[1].

لەپاڵ ئەوەی هەندێک پێیانوایە، کە کارێکی ئاسان نییە پێناسەی ئاسایش بکرێت بەو پێیەی پێناسەی ئاسایش وابەستە بە وەڵامدانەوەی ئاسایشی کەسەکان[2]. بەڵام زۆرێک لە توێژەرانی ئەم بوارە لە دیدگا و ڕەهەندی جیاوازەوە پێناسەی زانستییان بۆ ئەم چەمکە  کردووە و پێیانوایە دەبێت وەڵامی سێ پرسیاری سەرەکی بدرێتەوە: [3]

١-ئاسایشی کێ؟

٢-ئاسایشی چی؟

٣-ئاسایشی لە دژی چی؟

وەڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارە لە پێناسەکاندا یارمەتیدەرە، کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی پێناسەی ئاسایش بکەین.بە خستنەڕووی چەندین پێناسەی جیاواز وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە و  چەندین دیدی جیاوز سەبارەت بە ئاسایش دەدەینەوە.

هەندێک جار پێناسەی ئاسایش دەکرێت لەسەر بنەمای ڕزگاربوون و ئازادبوون لە ترس و نەبوونی هەڕەشە، ئارنۆڵد ولفرس  پێیوایە ئاسایش بە شێوەیەکی بابەتی  بە واتای نەبوونی  هەڕەشە بۆ سەر بەها بەدەستهاتووەکان و بەشێوەیەکی خودی واتای نەبوونی ترس لەوەی کە هێرش بکرێتە سەر ئەو بەهانە  دێت[4]. ئەمە لەکاتێکدایە هەندێکی تر پێناسەی ئاسایش دەبەستنەوە بە گەشەپێدانەوە وەک ڕۆبەرت مەکانمارا کە یەکێك لە گرنگترین بیرمەندانی بواری ئاسایشە، پێناسەی ئاسایش دەکات بەوەی "گەشەپێدانە لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچوونی سیاسی"[5].

هەندێکی تر واتای زانستی ئاسایش دەبەستنەوە بە پارێزگاریکردن لە کییانی دەوڵەت و پاراستنی بەها بنەڕەتییەکانیان  دەیڤد باڵدوین  پێناسەی ئاسایش دەکات بەوەی " واتای ئەگەرێکی کەمی

---

[1] د.سەفین جەلال فەتحوڵا، ئاسایشی تەندروستی جیهان لێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆلەتیکی دەربارەی گرنگترین هەڕەشەکانی سەردەمی بە جیهانیبوون، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٣)، ساڵی (٢٢)، ٢٠١٤، ل٩١.

[2] Marc A. Levy, Is the Environment a National Security Issue?, International Security, Vol. (20), No.( 2) ,1995, P.39.

[3] Ludek Lukas, Theoretical Sources for a Theory of Safety and Security, : The Tenth International Conference on Emerging Security Information, Systems and Technologies, 2016, p.146.

[4] نقلا عن: د .أحمد فريجة  و أ .لدمية فريجة، الأمن والتهديدات الأمنية في عالم ما بعد الحرب الباردة، دفاتر السياسة والقانون، العدد الرابع عشر، ٢٠١٦، ص١٥٩.

[5] Robert S. Macnamara,The Essence of security, Harpar and Row publisher, New York, 1968, p.150.

زیان گەیاندن بە بەها بە دەست هاتوەکان دێت"[1]. ئەمە لە کاتێکدایە بە شێوەیەکی کلاسیکی(نەریتی) بە پێی هێڵگا دۆرن "ئاسایش نەبوونی هەڕەشەی سەربازی یان پاراستنی نەتەوە لە ڕووخانی دەرەکی و هێرشکردنە"[2]. هەروەها ولتمان و ناشت و کویستر ئاسایش پێناسە دەکەن "بە کۆمەڵێک هەڕەشەی فیزیکی ڕەنگە ڕووبەڕووی دەوڵەتێک ببێتەوە ڕووبەڕووی بنیاتەکەی یان بیروباوەڕەکانی، سیاسەتە سەربازییەکانی کە ئامادە کراوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو هەڕەشانە، کە ئەمە ئامرازی ناوخۆی و دەرەکییەکانیش دەگرێتەوە، وەک گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە لەوانەیە کاریگەری هەبێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، تواناکانی دەوڵەت زیاد دەکات کەم دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشە فیزیکییە[3]. هەروەها بە پێی (موسوعة السیاسة) ئاسایش بە واتایەکی فراوان پێناسە کراوە بەوەی "دابینکردنی سەلامەتی دەوڵەت لە دژی ئەو مەترسییە دەرەکی و ناوخۆیانەی کە دەبنە هۆی کەوتنە ژێر هەژموونی هێزێکی بیانی لە ئەنجامی فشاری دەرەکی یاخود داتەپینی ناوخۆی[4]. هەروەها بە پێی(دائرة المعارف البریطانیة) ئاسایش واتا "پاراستنی دەوڵەت لە کۆنترۆڵکردنی لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە"[5].

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین ئاسایش بە چەندین واتا بەکاردێت:[6]

١-بە واتا کلاسیکییەکەی ئاسایش بەواتای ئارامی دەوڵەت بەکاردێت، نەبوونی ململانێی سەربازی، گرنگی دەدرێت بە (ئاسایشی سەبازی) .

٢-ئاسایش بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێت وەک ئاماژەدانێک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو دیاردانەی لە بواری پەیوندییە نێودەوڵەتییەکان ڕوودەدات، بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە نێوان دەوڵەتەکاندا.

٣-ئاسایش وەک چاکەیەکی گشتی.

٤-ئاسایش بە مانایەکی جیهانی (وەک یەکەیەک و قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی) ئاسایشی مرۆیی دەگرێتەوە.

ئەگەر ئاسایش بە واتا کلاسیکییەکەی بە تەنیا بەسترابێتەوە بە دەوڵەتەوە و گرنگی بە ڕەهەندی سەربازی بدرێت وەک یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئاسایش ئەوا توێژینەوە نوێکانی بواری ئاسایش

---

(1) Marc Von Boemcken And Conrad Schetter, Security What Is It? What Does It Do?, Think Piece 09 Reflection Group, Berlin,Germany, p.2.

(2) Marc A. Levy, Op.cit, p.39.

(3) د. ذیاب البداینة، الامن وحرب المعلومات، دار الشروق للنشر والتوزیع، عمان، ٢٠٠٦، ص٢١.

(4) د .عبد الوهاب الكیالي، موسوعة السیاسة، الجزء الاول، ط ٢، المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٩٠، ص ٣.

(5) د .أحمد فریجة و أ .لدمیة فریجة، المصدر السابق، ص١٥٩.

(6) Czesław Mesjasz, Security As An Analytical Concept, Paper Presented At The 5th Pan-European Conference On International Relations, In The Hague, 9-11 September, 2004, P.4.

واتای فراوانتر و قووڵتر دەدەن بەم چەمکە کە چەندین بواری تر دەگرێتەوە گرنگی بە تاک و کۆمەڵگاش دەدرێت[1]. ئاسایش لە سەدەی (٢١) دا بە واتای پاراستنی ژیانی هەموو مرۆڤەکان بەدیهێنان و پاراستنی ئازادی مرۆڤەکان و ڕزگاربوون لە هەژاری و پیسبوونی ژینگە، نەهێشتنی برسێتی و ئاوارەیی و دابینکردنی تەندروستی و ڕێگرتن لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات[2]. هەروەها کوفی ئەنانی سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شیوەیە پێناسەی ئاسایشی کردووە "ئاسایش بە واتای دوورکەوتنەوە لە ناکۆکی و توندوتیژی دێت، ئەم چەمکە رەهەندەکانی مافی مرۆڤ حکومەتی باش، چاودێری و تەندروستی و پەروەردەی پێشکەوتوو هەروەها چانسی یەکسان بۆ تاکەکان لە خۆ دەگرێت"[3].

ئاسایش یەکێکە لەو چەمکانەی بە بەردەوام بوارەکانی لە فروان بوندایە و بەوپێیەی ئەگەر لە ڕابردوو ئاسایش پەیوەست بووبێت بە دەوڵەتەکانەوە لە دەوڵەتەکانیش گرنگی بە ڕەهەندی سەربازی درابێت وەک دیدگا کلاسیکییەکانی بواری ئاسایش ئاماژەی پێ دەکەن لە ئەمڕۆدا ئاسایش وابەستەیە بە مرۆڤەکان و تەواوی گەردوونەوە، کە تەنها لە رەهەندی دەوڵەت یان مرۆڤەوە تەماشا ناکرێت بەڵکوو تەواوی بوونەوەرەکان و کەون و جیهانیش دەگرێتەوە کە دەکرێت وا تێبگەین کە ئاسایش بەشێوەیەکی گشتگیر نەبوونی مەترسی و دڵەڕاوکێیە هەروەها لەمیانەی خوێندەوە و گەڕانمان بۆ پێناسەکانی چەمکی ئاسایش پێمان باشە کە ئێمەش پێناسەیەک بۆ ئەم چەمکە بکەین بە بۆچوونی ئێمە (ئاسایش بە واتای بوونی خۆشگوزەرانی دەگەیەنێت چونکە کاتێک کە دڵنیایی و ئارامی و پێداویستییەکانی مرۆڤ دابینکرا ئەوە خۆشگوزەرانی دێتە ئاراوە.)

---

(1) د.بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل.ل٨٩-٩٠.

(2) Lily Hamourtziadou and Jonathan Jackson, COVID-19 and the myth of security, Journal of Global Faultlines , Vol. (7), No. (1), 2020, p.97.

(3) د.بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

### تەوەرەی دووەم: ئاستەکانی ئاسایش

ئەم تەوەرە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئاستەکانی ئاسایش کە لە ئاستی تاکە کەسییەوە دەست پێدەکات بۆ ئاستی جیهانی مەبەستیشمان لە خستنەڕووی ئەم ئاستانە بۆ باشتر تێگەیشتنە لە واتا فراوانەکەی ئاسایش :

### لقی یەکەم: ئاستی تاکە کەس

مەبەست لەم ئاستە پاراستنی ئاسایشی مرۆڤە لەبەرامبەر هەر مەترسی و هەڕەشەیەک، کە بکرێتە سەر ژیانی یان سەروەت و سامانی یان خۆراک و ئامێر و کەلوپەلەکانی یان خێزانەکەی.[1] بە گشتی لە دوای ڕووخانی دوو جەمسەرەکەوە چەمکی ئاسایش فراوانتر دەبێت؛ جگە لە ئاسایشی دەوڵەتەکان ئاسایشی مرۆڤەکانیش دەبێتە جێگەی قسە و باس، کە دەرئەنجامی بەرەپێشچوونی ئاسایشی تاکە کەسە[2]. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئاسایشی مرۆیی درێژکراوەی ئەو بنەمایە کە باری بۆزان بناغەکەی دارِشت بۆ ئاسایش و بەرەوپێشەوەی برد[3]. پاشان بۆ یەکەم جار لە لایەن د.مەهبول وول حەق لە ڕاپۆرتێکی گەشەپێدانی مرۆیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٩٤) بەکارهێنراوە[4]. بەپێی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان چەمکی ئاسایشی مرۆی دابەشکراوە بۆ (٧) جۆر و ئەو هەڕەشانەش دیاریکراون کە لە سەریەتی وەک لەم خشتەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو[5].

---

(1) قادر حەمەجان عزیز، دەروازەیەک بۆ ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١١.

(2) شەهروز ئیبراهیمی، ڕەوشی چەمکی ئاسایش بە درێژی مێژوو، و:زریان ڕۆژهەڵاتی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان دەریدەکات، ژ.(٥٤)، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٤٦.

(3) Janusz Gierszewski, Personal Security Within The *Human Security* Paradigm, Security Dimensions International & National Studies, NO. (23), 2017, P.54.

(4) Institute For International Cooperation, Incorporating The Concept Of Human Security Into Povert, Japan International Cooperation Agency, Japan,P.2.

(5) Human Security Unit Office For The Coordination Of Humanitarian Affairs, Human Security In Theory And Practice, United Nations, USA, 2009, P.7.

خشتەی ژمارە(٢)

جۆرەکانی ئاسایشی مرۆیی و ئەو هەڕەشانەی کە لەسەریەتی بەپێی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

| | جۆرەکانی ئاسایشی مرۆیی | نمونەی هەڕەشە سەرەکییەکانی لە سەری دروستدەبن |
|---|---|---|
| ١ | ئاسیشی ئابووری | هەژاری بەردەوام، بێکاریی |
| ٢ | ئاسایشی تەندروستی | نەخۆشییە کوشندەکان، خۆراکی ناتەندروست، بەدخۆراکی ، کێشەی دەستگەشتن بەخزمەتگوزارییە تەندروستییە بنەڕەتییەکان. |
| ٣ | ئاسایشی خۆراک | برسێتی، قاتووقڕیی |
| ٤ | ئاسایشی ژینگەیی | پیسبوونی ژینگە |
| ٥ | ئاسایشی کەسی | توندوتیژی جەستەی،تاوان، تیرۆر، توندوتیژی خێزانی، کارکردن بەمنداڵ. |
| ٦ | ئاسایشی کۆمەڵگە | ئاڵۆزی ئەتنیکی، ئاینی، شوناس لەسەر بنەمای تەنگەژە |
| ٧ | ئاسایشی سیاسی | ستەمی سیاسی، پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ. |

سەرچاوە: Human Security Unit Office for the Coordination of Humanitarian Affairs, HUMAN SECURITY IN THEORY AND PRACTICE, United Nations,USA,2009,P7.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپاڵ دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئاسایش ئاماژەی بە هەڕەشەکانیش داوە، کە دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئەم جۆرانەی ئاسایش، هەژاری بەردەوام و بێکاری مەترسی گەورەن لەسەر ئاسایشی ئابووری، هەروەها نەخۆشییە کوشندەکان، کە سیمایەکی زۆرێك لە سەردەمەکانە و خۆراکی ناتەندروست و بەدخۆراکی و کێشەی دەستگەشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییە بنەڕەتییەکان وەك مەترسی ناسێنراوە لەسەر ئاسایشی تەندروستی، برسێتی و قات و قڕیش مەترسین لەسەر ئاسایشی خۆراك، پیسبوونی ژینگە و بەفیڕۆدانی سەرچاوە سروشتییەکان و کارەساتی سروشتی مەترسین لەسەر ئاسایشی ژینگەیی، توندوتیژی جەستەیی، تاوان، تیرۆر، توندوتیژی خێزانی و کارکردن بە منداڵ بە مەترسی هەژمار دەکرێن لەسەر ئاسایشی کەسی (تایبەتی)، ئاڵۆزی ئەتنیکی و ئایینی و تەنگەژەی شوناس (قەیرانی شوناس) بە هەڕەشە دادەنرێن لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا، ستەمی سیاسی و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە مەترسی دادەنرێن لەسەر ئاسایشی سیاسی.

"ئاسایشی مرۆیی و ئاسایشی نەتەوەیی تەواوکەری یەکترین و پێویست ناکات کە دژی یەك بن، چونکە هەردووکیان بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن چۆن پارێزگاری لە مرۆڤەکان بکەن دژی هەر ئازار و زیانێك، هەروەها دڵنیابوونەوە بە بوونی ئاسایشی مرۆیی، بوونی هێزی سەربازی پێویستە بۆ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەی و لابردنی هەڕەشەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە[1].

**لقی دووەم: ئاستی نیشتمانی**

ئاسایش چەمکێکی فراوانە کە (هێمنی، ئارامی، ئاسوودەیی، بەرگری و پاراستن) دەگرێتەوە[2]، هەروەها ئاسایشی نیشتیمانی واتا پاراستنی بەها ناوخۆییەکانی دەوڵەت لە هەڕەشە دەرەکییەکان، پاراستنی قەوارەی دەوڵەت و مافی دەوڵەتەکە لەمانەوە، ئەمەش بە پشتبەستن بە بنچینە ئابوورییەکان، نزمترین ئاستی یەکخستنی ئەنترۆپۆلۆژی، باگراوندی ژیاری، کە بەرپاکرابێت لەسەر بینای هەرەمی بەهاکان، ئەو بەها سیاسییە باڵایانەی، کە بەرژەوەندی باڵای دەوڵەتی لەسەروەستاوە[3]. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هەندێک پێیان وایە، کە دروستبوونی چەمکی ئاسایشی نیشتمانی پەیوەستە بە دروست بوونی دەوڵەتە نەتەوە ئەمەش وەک هەوڵێک درا بۆ کۆتایهێنان بە شەڕی هەمووان دژی هەمووان واتا هەر دەوڵەتێک هێمنی و ئارامی لە سەر ئاستی ناوخۆی خۆی دابین بکات[4].هەندێکی تر پێیان وایە مەبەست لە ئاسایشی نیشتیمانی "واتە نەبوونی هەڕەشە لە سەر بەها سەرەکییەکانی دەوڵەت"[5].

مەبەست لە ئاسایشی نیشتیمانی هەر وڵاتێک بریتییە لە پارێزگاریکردن و پاراستنی وڵاتەکە و کارکردن بۆ مانەوەی قەوارەکەی و هەوڵدان بە مەبەستی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئەو وڵاتە بۆ بەرەوپێشچوونی لە سەرجەم ڕەهەندەکانەوە، هەموو حکومەتەکانیش کار بۆ ئەوە دەکەن کە سەقامگیری لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتەکانیان بهێننە ئاراوە لەبەرئەوە گرنگی بە هێزی سەربازی دەدەن بۆ پاراستنی قەوارەکەیان لە هەرەشەکان چی لە ناوخۆوە بێت یان لە دەرەوە.

---

(1) Walter Dorn, Human security: an overview, aper prepared for the Pearson Peacekeeping Centre for use in courses. The PPT used at the PPC and elsewhere is "Human Security: Four Debates", Available at: :https://walterdorn.net/23-human-security-an-overview, (Accessed . 10/1/2022)

(2) محمد باقی سەعی، ئاسایشی نەوەی کورد و خاکی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٧.

(3) د.عمر احمد قدور، ئاسیشی نەتەوەی و ئاسایشی دەوڵەت، و: ئازاد گراوی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٠-١١.

(4) هێڵگا هافیندۆرن، مەتەڵۆکەی ئاسیش: بیردۆزە داهێنان و پێکهێنانی لقێک لەبواری ئاسیشی نێونەتەوەییدا، لە کتێبی کۆمەڵێک پسپۆڕ، ئاسائشی نێودەوڵەتی، و:قادر وریا، چاپخانەی منارە، هەولێر، ل٢١٨.

(5) Pine Roehrs, Weak States And Implications For Regional Security: A Case Study Of Georgian Instability And Caspian Regional Insecurity, Research Institute For European And American Studies, Research Paper No. (97) , 2005, P.5.

### لقی سێیەم: ئاستی هەرێمی

هەندێک پێیانوایە ئەگەر دەوڵەت توانای ئەوەی هەبێت لە سەر ئاستی ناوخۆ ئاسایش بەدیبهێنێت، ئەوە لەسەر ئاستی هەرێمی کارێکی زەحمەتە بەبێ هاوکاری و هەماهەنگی وڵاتانی دراوسێی بتوانێت ئاسایش دابین بکات، لەبەرئەوە گرنگی چەمکی ئاسایشی هەرێمی ناچارییەکە (زەرورەتیکە) بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی دەوڵەت بۆ ئاسایش، ئاسایشی هەرێمی گوزارشتە لە سیاسەتی کۆمەڵێک دەوڵەت لە یەک هەرێمی جوگرافی بن، کە لە میانەیدا هەوڵدەدەن بۆ ڕێکخستنی هاریکاری ئاسایشی و سەقامگیری ناوچەکە، بەرەنگاربوونەوەی هەر هێزێکی بیانی یان دەرەکی بۆ ئەوەی دەستتێوەردان لە کار و بارەکانی قەدەغە بکات[1]. هەندێک پێیانوایە کۆتایهاتنی کۆنیالیزم بووە هۆی دروستبونی چەندین دەوڵەتی نوێ ئەمەش سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی ئاڵۆزی ئاسایشی هەرێمی و کارکردن بۆ هاریکاری ئەو دەوڵەتانەی، کە لە هەرێمێکدا بوون[2]. لە راستیدا لە سەر ئاستی هەرێمی نموونەی زۆرمان هەیە لە پێناو ئاسایشی هەرێمی جا هاوپەیمانیەتییە هەرێمایەتییەکان بێت بۆ ئەم مەبەستە یان ڕێکخستنە هەرێمایەتییەکان بێت، کە لە دەقی پەیماننامە و سیستەمە بنەڕەتییەکاندا هاتووە وەک پەیماننامەی بەرگری هاوبەش لە چوارچێوەی کۆمکاری عەرەبی، ڕێکخراوی پۆلیسی تاوانی ئەورووپی، کە لە ساڵی (١٩٩٢) هوە تایبەتمەندە بە کاروباری ئاسایشی تاوان و قەدەخەکردن و نەهێشتنی تاوان کە دەوڵەتە ئەورووپیەکان تێیدا ئەندامن[3].

کەواتە مەبەست لە پاراستنی ئاسایش لە سەر ئاستی هەرێمی وابەستە بە جوگرافیایەکی دیاریکراو، کە چەند دەوڵەتێک پێکەوەکاردەکەن و هاریکاردەبن بۆ ئەوەی بتوانن لە سەر ئاستی هەرێمی سەقامگیری و ئاسایش بەرقەراربکەن.

### لقی چوارەم: ئاستی نێودەوڵەتی

ئەگەر ئاسایشی هەرێمی لە چوارچێوەی ناوچەیەک یان هەرێمێک کۆببێتەوە ، کەواتە ئاسایشی نێودەوڵەتی پێکدێت لە ئاسایشی بە کۆمەڵی هەموو ئەو دەوڵەتانەی، کە ئەندامن لە ژینگەی نێودەوڵەتی بە مەبەستی هاوکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی[4]. لێکۆڵینەوە لە ئاسایشی نێودەوڵەتی لە دەرەنجامی ئەو دیبەیتانەی کە سەبارەت بە پاراستنی دەوڵەت دەکران لە هەمبەر هەڕەشە ناوخۆی و دەرەکییەکان لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە گەشەیکرد[5] ئاسایشی نێودەوڵەتی بە واتای هەموو ئەو هەوڵانە

---

(1) د.عمر احمد قدور، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

(2) Pine Roehrs,Op.cit, P.11

(3) د.عمر احمد قدور،سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(4) د.ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، دار النهضة العربية، ط١، لبنان، ٢٠٠٨، ص١٢٣.

(5) Barry Buzan And Lene Hansen, The Evolution Of International Security Studies, Cambridge University Press, Uk, 2009, P.8.

دێت، کە دراون لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ گەرەنتیکردنی ئاسایشی دەرەکی وڵاتانی هاوچەرخ[1] یان دەکرێت بڵێین مەبەست لە ئاستی ئاسایشی نێودەوڵەتی " ڕووبەڕووبونەوەی نێودەوڵەتییە بۆ هەر هەڕەشەیەک کە جیهان بخاتە مەترسییەوە، زیاتر کاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کە ڕۆڵ دەبینن لە سەپاندنی ئاشتی و ئاسایشدا، بە تایبەت لەم چەند ساڵەی دوایدا، کە بەهۆی کارە تیرۆریستییەکانەوە لەلایەن تیرۆریستانەوە، بەرامبەر بە وڵاتان و نەتەوەکان، وای لێهات تیرۆر ببێتە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی و جیهانی".[2]

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئاستی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ئاسایشی هەرێمی فراونترە و وا بەستە بەو هەوڵە نێودەوڵەتیانەی، کە لە پێناو پاراستن و پارێزگاریکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدرێت و لەمڕۆدا دیارترین ڕێکخراو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، کەلەم بوارەدا کاردەکات.

**لقی پێنجەم: ئاستی جیهانی**

لە دوای ڕووداوەکانی (١١) ی سێپتەمبەری (٢٠٠١)ەوە جارێکی تر بیر لەوە کرایەوە، کە واتایەکی نوێ بۆ ئاسایش دیاریبکرێت و تەواوی جیهان بگرێتەوە بەو پێیەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕای گەیاند تیرۆر گەورەترین مەترسییە، کە تەواوی دەوڵەتەکان و کۆمەڵگاکان و جیهان دەگرێتەوە هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر دروستکرد بەوپێیەی تیرۆر هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی[3] بەپێی تێڕوانینی باری بۆزان ئاسایشی جیهانی "لە باشترین حاڵەتدا بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بە ئاواتێک(هیوایەک) نەک واقعێک، جیهان لەڕووی ئاسایشەوە یەکانگیر(یەکگرتوو) نییە، تەنیا لە چەند حاڵەتێک نەبێت کە پەیوەستە بە دەوڵەتە زلهێزەکانەوە"[4] دروستکردنی کۆدەنگی نێودەوڵەتی لەسەر بەڕێوەبردنی ئاسایشی جیهانی کارێکی سەخت و دژوارە ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە تێگەیشتنێکی هاوبەش نییە دەربارەی پێناسەکردنی ئاسایش و تەگەرەکانی بەردەمی[5].

لێکۆڵینەوەکردن دەربارەی ئاسایش لە سەر ئاستی جیهانی پەیوەستە بە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە، کە تەنیا دەوڵەت ڕۆڵ ناگێرێت تێیدا، بەڵکو ڕێکخراو کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و لە هەندێک حاڵەتدا تاکەکانیش ڕۆڵی تێیدادەبینن هەروەها ئەم ئاستە لە ئاسایش یارمەتیدەر بووە بۆ فراوانکردنی بابەتی ئاسایش بەو پێیەی، کە ئایا ئاسایش دەبێت تەنیا گرنگی بدرێت بەهەڕەشە

---

[1] د. ثامر كامل الخزرجي، العلاقات السياسية الدولية واستراتيجية ادارة الازمات، دار مجدلاوي، للنشر والتوزيع، ط١، ٢٠٠٥، ص٣٣٣.
[2] قادر حەمەجان عزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.
[3] د .أحمد فريجة و أ .لدمية فريجة، المصدر السابق، ص١٦٣.
[4] Barry Buzan And Ole Wæve, Regions And Powers The Structure Of International Security, Cambridge University Press, Uk, 2003, P.43.
[5] Álvaro De Vasconcelos, Multilateralising Multipolarity II Between Self-Interest And A ‘Responsiblepower’ Approach, Published In Global Security In A Multipolar World, Institute For Security Studies, Paris, 2009, P.7.

سەربازییەکان بۆ سەر دەوڵەتان یان فراوانترە، هەندێکجار کە هەندێک کوشتاری لەسەر ئاستی ناوخۆی دەوڵەتێک ڕوویداوە یان ڕووداوێک، کە دواتر بۆتە پرسێک لە پرسەکانی ئاسایشی جیهان[1].

ئاسایش لەسەر ئاستی جیهانی فراوانترین ئاستی ئاسایشە، کە پرسە جیهانییەکان تێیدا جێگەی دەبێتەوە.لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئاستەکانی ئاسایش لە فراونبوون و گەشەکردنی بەردەوامدا بووە تاوەکوو گەشتووە بە ئاستی جیهانی، ئەم فراوانبوونەش پەیوەندی بەو بەرەوپێشچوون و ڕووداوانەوە هەبووە کە لە جیهاندا ڕوویانداوە.

---

[1] Peter Hough, Understanding Global Security, By Routledge, USA, 2008,P.2.

## تەوەرەی سێیەم: قوتابخانەی کۆپنهاگن

ناوی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاماژەیە بۆ کارنامەی توێژینەوەی کۆمەڵێک توێژەری ئەکادیمی له (پەیمانگای کۆپنهاگن بۆ توێژینەوە لە ئاشتی) لە دانیمارک، کە لەساڵی (١٩٨٥)دامەزراوە، بیل مال سوینی ئەم ناوەی لێناوە لە ساڵی (١٩٩٦)دا[1] لە ئێستادا یەکێک لە دیارترین قوتابخانەکانی بواری ئاسایش (کۆپنهاگن)ە، کە لەگەڵ نوسینی کتێبی (خەڵک، دەوڵەت، ترس) ( people, state and fear)ی باری بۆزان سەرهەڵدەدات، هەروەها هەریەکە (ئۆلی وەیڤەر و جاپ دۆڤیلد) لە دیارترین بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیەن[2] باری بۆزان بە شێوەیەکی فراون هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە بۆ ئاسایش بکات لە زۆر ترین دیدگاوە،[3] لەبەرئەوە ئەم قوتابخانەیە بوارەکانی لێکۆڵینەوەکردن لە بواری ئاسایش فراوان دەکات و ڕۆڵێکی دیاریدەبێت لە بەرەوپێشبردنی تێگەشتن بۆ چەمکی ئاسایشی نیشتمانی، کە پێشتر زیاتر گرنگی بە ڕەهەندی سەربازی دراوە بەڵام ئەم قوتابخانە چەندین ڕەهەندی تر بۆ ئاسایشی نیشتیمانی زیاد دەکات، لەوانە (ئابوری، سیاسی، کۆمەڵگەی، ژینگەی)[4]. باری بۆزان "لە کتێبی( خەڵك، دەوڵەتان و ترس: بەرنامەی کارێك بۆ خوێندنەوەی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە سەردەمی دوای جەنگی سارد)، دەوڵەت بە سەرچاوەی ئاسایش دادەنێت. بۆزان لە کتێبی دواتری خۆی "چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکردنەوەی ئاسایش"، کۆمەڵگە دەکاتە سەرچاوەی ئاسایش و، ئاسایشی کۆمەڵگەیی بە هاوتای ئاسایشی نیشتیمانی دادەنێت. بۆزان لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا لەژێر ناونیشانی "ئاسایش و ئابووری لە جیهانی سێیەم" لە ساڵی (١٩٩٨)دا، ئاسایشی ڕژێمەکان بە گرنگتر لە ئاسایشی دەوڵەت دەزانێت. بۆزان بە جەختکردن لەسەر دەوڵەتانی دواکەوتوو، کە ئامانج لە سیاسەتەکانی حکوومەت دەستەبەرکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان نییە، بەڵکو گەرەنتیکردنی دەسەڵاتی نوخبەکانە لەسەر بنەمای هێز، بەڵام "وەیڤەر" لە بەرامبەر ئاسایشی دەوڵەت و ڕژێمدا، سەرچاوەبوونی گرووپە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا، پێویستیی بەهێزکردنیان بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەکانیان، هەروەها یەکگرتوویی و زمان و کەلتووریان دەکاتە بابەت و سەرچاوەی ئاسایش، بەرگری لەم بیرۆکەیە

---

[1] صباح بالة، مدرسة كوبنهاغن في تفسير الدراسات الأمنية، نشر فى 2020، على موقع : الموسوعة السياسية (political-encyclopedia.org) زيارة: 2022/4/11.

[2] پ.د.صاڵح عمر عیسی، ئاسایشی ئابوری لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان- عێراق بە نموونە، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی(٦)، ژمارە(٤)، ٢٠٢١، ل١٥٢.

[3] Marianne STONE, Security According to Buzan: A Comprehensive Security Analysis, Columbia University, School of International and Public Affairs, SECURITY DISCUSSION PAPERS SERIES 1, 2009, USA, P.2.

[4] Barry Buzan, Ole Waever And Jaap De Wilde, Security A New Framework For Analysis, Lynne Rienner Publishers, Published In The United States Of America ,1998, P.22.

دەکات"[1]. دەکرێت بووترێت کە لایەنگرانی قوتابخانەی کۆبنهاگن سەرکەوتووبوون لە فراوانکردنی چەمکی ئاسایشدا"[2].

بەپێی تیۆری بەئاسایشکردن، کە قوتابخانەی کۆپنهاگن دایمەزراندووە، سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی شتێکی ئاسایی نییە، بەوردی لەلایەن سیاسەتمەداران و بڕیاربەدەستانەوە دیاریکراوە بەپێی ئەم تیۆرە پرسە سیاسییەکان وەک بابەتێکی ئاسایشی ... پێویستە بە پەلە و خێرا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت کاتێک دەبنە هەڕەشە بۆسەر ئاسایش... وەک پرسی کۆچکردن دەکرێت وەک هەڕەشە ببینرێت بۆسەر ئاسایشی نیشتیمانی[3] هەروەها "بەئاسایشکردن بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن، ئاسایش چەشنێک لە کردەی قسەییە (speech act)، بەم واتایە کە هەر کاتێک پرس و بابەتێکی ئاسایی لە رێگەی زمانەوە لە چوارچێوەی چەمکی ئاسایشدا دەربڕدرا، ئەوە ئەو پرس و ڕووداو و بابەتە دەبێتە پرسێکی ئاسایشی یاخود بەئاسایشی دەکرێت، چونکە لە روانگەی ئەم قوتابخانەیەوە مەترسی و هەڕەشەکان سەرەتا لە رێگەی زمان و گوتارەوە دەردەبردرێت و مەرج نییە مادی و راستەقینە و هەستپێکراو بێت . لە روانگەی وەیڤەرەوە، ئەو مەترسیانەی ،کە پەیوەندیان بە مانەوە و" بوون"ەوە هەبێت دەتوانرێت بە ئاسایشی بکرێت و مەرج نییە تەنها سەربازی بن. ئەمە لە کاتێکدایە بەبڕوای باری بۆزان بۆ ئەوەی پرس وبابەتێک بە ئاسایشی بکرێت پێویستە دوو تایبەتمەندی و پێوەری هەبێت :١ - ئەو پرسە بە شێوەیەک بێت کە هەڕەشە و مەترسی بێت لە سەر مانەوە و ژیانی هاوڵاتیانی کۆمەڵگە .٢ - ئەو پرسە لە دەرەوەی ڕێسا و یاسا ئاساییەکاندا بێت، بە واتای، کە نەتواندرێت بە ڕێوشوێن و مکانیزمی ئاسایی ڕووبەڕووی ببینەوە"[4] بەپێی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایش بەواتای مانەوە لە ژیان. ئەم قوتابخانەیە کاتێک پرسێک بە ئاسایش هەژماردەکات کە مەترسی هەبێت[5].

لەپاڵ ئەوەی قوتابخانی کۆپنهاگن ڕۆڵی دیاری هەبووە لە فراوانکردنی بوارەکانی ئاسایشی نیشتیمانی، ئەم قوتابخانە توانیویەتی چەندین چەمکی نوێ بهێنێتە بواری لێکۆڵینەوەی ئاسایشەوە لەوانە چەمکی کۆمەڵگەی.

---

(1) پەرویز ڕەحیم، ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق لە سەردەمی پۆست-داعش، ٢٠١٧، بەردەستە لەسەر بەستەری: http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/436-2018-09-02-18-56-38، بەروارەی سەردان(٢٠٢٢/٢/١٠).

(2) هاوڕێ حەسەن حەمە، چەمکی ئاسایش لە نێوان تیۆری ڕیالیزم و قوتابخانەی کۆبنهاگن، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٦، ل٧٨.

3 János Besenyő, BARRY BUZAN’S SECURITIZATION THEORY AND THE CASE OF IRAQI KURDISH MILITARY ACTION AGAINST ISIS IN 2014, JOURNAL OF SECURITY AND SUSTAINABILITY ISSUES, volume 8, Number 3, 2019, p.295.

(4) د.صاڵح عمر عیسی و د .پەرویز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی(٦)، ژمارە(٣)، ٢٠٢١، ل٢٩.

5 بارزان جوهر صادق، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

## تەوەرەی چوارەم: ڕەهەندەکانی ئاسایش

هەرچەندە بۆ چەندین سەدە تەنیا گرنگی بە یەک ڕەهەندی ئاسایش دەدرا ئەویش ڕەهەندی سەربازی بوو بەڵام لە پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ساردەوە ڕەهەندەکانی ئاسایش فراوان دەبێت و چەندین دیدگاو تێروانینی جیاواز دەگرێتەخۆ کە جگە لە هەڕەشە سەربازییەکان هەڕەشەی ژینگەی و پەنابەر و نەتەوەی و تیرۆر ئەمانە ڕۆڵیان دەبێت لە فراوانبوونی ڕەهەندەکان[1] لەپاڵ ئەوەی کە چەندین دابەشکاری بۆ دیاریکردن و خستنە ڕووی ڕەهەندەکانی ئاسایش هەیە، لێرەدا ئێمە پشتمان بە قوتابخانەی کۆپنهاگن بەستووە، کە گرنگترین ڕەهەندەکانی ئاسایشی بەم شێوەیە خستووەتەڕوو:

### لقی یەکەم: ڕەهەندی سیاسی

ڕەهەندی سیاسی ئاسایش، چەندین دیدگای جیاوازی هەیە یەکێکیان وابەستەیە بە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیانی ئەوی تریان پەیوەندی نێوان دەوڵەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەمڕۆدا دەوڵەتەکان بۆ ئەوە دروستبوون کە ئاسایش بۆ هاووڵاتییەکانیان دابین بکەن[2] پەیوەندی نێوان دەوڵەتان بە هاووڵاتییەکانیان خۆی لە دابینکردنی ئاسایش بۆیان دەبینێتەوە، دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە مەبەست لەم ڕەهەندەی ئاسایش "دابینکردنی ئارامی و دڵنیاییە لەلایەن فەرمانڕەوای وولاتەوە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمەکەی ئەویش لە ڕێگەی بەگژداچونەوەی هەڕەشە جۆراو جۆرەکان و... دابینکردنی مافە سیاسییەکانیان لە پرۆسەی بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵات بە ئامانجی دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگا، پێویستە ئاسایش و ئامادەگی ئازادانە و یەکسان بۆ هاووڵاتیانیش فەراهەمبکرێت، واتا هیچ کەسێک بەزۆرە ملێ بیروباوەڕی بەسەردا نەسەپێنرێ یان دەستگیرنەکرێت[3]. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی مرۆی (١٩٩٤) پێناسەی ئاسایشی سیاسی کردوە "بریتییە لە پارێزگاریکردن لە هەڕەشەی سەرکوتکردنی سیاسی و پاراستن لە ململانی و جەنگەکان و کۆچکردن"[4]. بە شێوەیەکی گشتی ئاسایشی سیاسی بەواتای" گەرەنتیکردنی تاك لە مومارەسەکردنی ماف و ئازادییە سیاسییەکانی بە شێوەیەکی یەکسان لە هەموو هەلومەرجێکدا، یان پاراستنی مافەکانی مرۆڤە لە ستەم و زۆرداری و پێویستی بەدیهێنانی

---

[1] Dmitry Baluev And Others, Human Security Concept As An Analytical Framework For The Study Of Asymmetric Conflict, Vol. (38),N( 44) Año 2017, P.P.28-29.

[2] Bjørn Møller, The Concept Of Security: The Pros And Cons Of Expansion And Contraction, Paper For Joint Sessions Of The Peace Theories Commission And The Security And Disarmament Commission At The 18th General Conference Of The International Peace Research Association (Ipra) Tampere, Finland, 5-9 August 2000, P.7.

[3] د.کارزان محەمەد ئەحمەد، کاریگەری واتەواتی میدیای ئەلکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان بڵاوبوونەوەی (Covid19) بە نمونە، بەرگی (٣)، ژ.(٢٠)، ٢٠٢٠، ل١٢٣.

[4] محمد بن سعيد الفطيسي، قراءة في مفهوم الأمن السياسي ودوره في صناعة الاستراتيجية الوطنية، نشر 2018، على موقع: https://bit.ly/3vSiB5b ، زيارة:٢٠٢٢/١/٢٢.

بنیادنانی دیموکراتی لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و گەرەنتیکردنی سەروەری یاسا بەسەر هەمووان‌دا، یان بە شێوەیەکی پوخت واتە (ڕزگاربوون لە ستەمی سیاسیی)"[1].

مەبەست لەم ڕەهەندە دابینکردنی ئارامی و دڵنیاییە و نەهێشتنی ستەمی ڕامیاری لە لایەن ئەوانەی کە فەرمانڕەوایی دەکەن و ڕێگە نەدرێت، کە بە زۆرەملێ بیروباوەڕێک یان دیدگایەک بەسەر تەواوی خەڵکی بسەپێنرێت، بەرگری لەمانەوەی قەوارەی دەوڵەت بکرێت، چونکە هەر مەترسییەک بۆ سەر قەوارە و سەقامگیری دەوڵەت کاریگەری تەواوی دەبێت لە سەر تەواوی دامەزراوەکان و هاووڵاتیان.

**لقی دووەم: ڕەهەندی ئابوری**

دەتوانرێت پێناسەی زۆر بکرێت بۆ ئەم دەستەواژەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە توانای ئابووریانەی وڵات، بۆ دابینکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی لەگەڵ بەکارهێنانی سەرجەم، سەرچاوە مادیی و مرۆییەکانی بۆ گەشەسەندنی ئابوری بە شێوەیەکی بەردەوام و پلان بۆ داڕێژراو هەر سەبارەت بەم دەستەواژەیە حاڵەتێکە تێیدا سەرچاوەکان جێگیربن بۆ بەدەستهێنانی داهات و بەردەوامی شێوازی ژیانی باش و گونجاو لە داهاتوودا[2]. مەبەست لەم ڕەهەندەی ئاسایش توانای ئابووری دەوڵەتە لە بەرامبەر کێشە ئابوورییەکان و زاڵبون بەسەریاندا، ئەمەش لە ڕێگەی داڕشتنی یاسای تایبەت بە چالاکییە ئابوورییەکان و هاوکاری نێوان دەزگا و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت و گشتی و بە هێزکردنی دراوی نیشتمانی و بەرزکردنەوەی داهاتی نەتەوەی[3] ئەمە لە کاتێکدایە لەسەر ئاستی تاک ئەم ڕەهەندە خۆی دەبینێتەوە بۆ دڵنیایی بە تاکەکان لە بەرهەمهێنان و کارکردن و سەلامەتی دارایی گشتییان هەروەها ئەم کێشەیە زیاتر لە وڵاتانی جیهانی سێیەم هەیە لە دیارترین هەڕەشەکان ( هەژاری، بێکاری، قەرزاری و کەمی داهات )، کە ئەمانەش دەکرێت فاکتەرێک بن بۆ دروستبوونی گرژی سیاسی و شێوەکان تری توندوتیژی[4]. هەندێک پێیانوایە کە ڕەهەندی ئابووری گرنگترین ڕەهەندی ئاسایشە لەسەر ئەو بنەمایەی "بەبێ بناغەی ئابووری بەهێز ناتوانرێت گشت پایەکانی ئاسایش جێگیربکرێت"[5].

---

[1] د.علاء ابراهيم محمود الحسيني، أهمية الأمن السياسي للمواطن العراقي،نشر على موقع شبكة النبأ المعلو ماتية، الأثنين ١٢ كانون الثاني ٢٠٢١، على موقع https://annabaa.org/arabic/rights/25808 ، زيارة ٢٠٢٢/١/٢٥

[2] د.نەوشیروان رەشید، ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سیاسەتی ئابووری باو، ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی، ٢٠١٥ ، ل٣.

[3] سەرمەند ئەحمەد، ئاسایشی نەتەوەی و ئاسایشی خۆراک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٨.

[4] Muyiwa Afolabi, Concept of Security, ResearchGate, 2015, P.5.

[5] هۆگر ئیبراهیم حەکیم، ڕۆڵی دامەزراوە زانکۆییەکان لە دەستەبەرکردنی ڕەهەندەکانی ئاسایشی نیشتمانی، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بەرگی(٤)، ژمارە(٨)، ٢٠٢١، ل١٢٥.

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی رەهەندی ئابووری ئاسایش لە هەرە گرنگترین ڕەهەندەکانە بەو پێیەی ئەگەر بە شێوەیەکی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ سەرچاوە ئابووریەکانی هەر وولاتێک بکرێت بخرێتە خزمەتی هەمووان ئەوە سەقامگیری دێتە ئاراوە و پاڵپشتە بۆ ئەوەی کە سەرجەم ڕەهەندەکانی تریش بەرەوپێشەوە بڕوات لەبەر ئەوەی ئابووری شادەماری پێشکەوتن و بەرەوپێشچونی زۆرێک لەو وڵاتانە بووە کە بە ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە.

**لقی سێیەم: ڕەهەندی سەربازی**

باری بۆزان پێیوایە بە شێوەیەکی باو هەڕەشە سەربازییەکان بۆ داگیرکردن، دڵی نیگەرانییەکانی ئاسایشی نیشتیمانییە، چونکە هەڕەشە سەربازییەکان هەمیشە دەتوانێت ببێتە هۆی مەترسی لەسەر تەواوی پێکهاتەکانی دەوڵەت[1]. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش زۆرێك لە دەوڵەتان وەك گەرەنتی دابینکردنی ئاسایش و پێگە و دەسەڵات لە هێزی چەکداری گەورە دەڕوانن، بەڵام لە رێگەی ئەم گرنگی پێدانە زۆرە بە بواری سەربازی خودی دیاردەی سەربازگەرایی بووەتە یەکێك لە کێشەکانی ئاسایشی جیهانی، پشتبەستنی زۆر بەهێزی سەربازی ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی ئەو وولاتانەیە بۆ جیهان و زیاتر سووریان دەکات لەسەر وەڵامدانەوەی کێشەکان بە ڕێگە چارەی سەربازی...هەروەها ئەم لەڕادەبەدەر گرنگیدانە بە ڕەهەندی سەربازی هۆکارێکە بۆ بەهەدەردانی سامانی زۆر[2].
رەهەندی سەربازی هێشتا گرنگی خۆی لەدەستنەداوە لە پاڵ ئەوەی، کە چەندین ڕەهەندی تریش بۆ ئاسایش زیادیکردووە ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تاوەکو ئێستا بوونی هێزی سەربازی بە شێوەیەکی گشتی پێویستییەکە، "دەربارەی توانای دەوڵەت و کۆمەڵگاکان بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆیان"[3]. لەسەر ئەم بنەمایەش یەکێک لە ئامانجەکانی ئاسایشی نیشتیمانی ئەوەیە، کە لەڕووی سەربازییەوە خاوەنی توانایەکی تۆکمە و بەرگریکردنێکی تەواوبێت[4].

لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی زیادبوونی ڕەهەندەکانی ئاسایش نەبووەتە هۆی کەمبوونەوەی گرنگی ڕەهەندی سەربازی ئەمەش ئەنجامی ئەو ڕاستییەیە، کە بوونی هێزی سەربازی یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ دروستبوونی سەقامگیری لەسەر ئاستی ناوخۆ و پاراستنی قەوارەی دەوڵەت لە مەترسی و هەڕەشەکان چی لە ناوخۆوە بن یان لە دەرەوە لەسەر ئەم بنەمایەش دەوڵەتان گرنگییەکی زۆر بەهێزی سەربازی دەدەن، چونکە مانەوەیان و پاراستنی قەوارەیان بەڕادەیەکی زۆر بەندە بە بوونی هێزی سەربازی نیشتمانی تۆکمەی پێشکەوتووەوە.

---

(1) Barry Buzan, People, States, And Fear The National Security Problem In International Relations, Second Edition, Wheatsheaf Books Ltd , Uk, 1983, P.75.

(2) گروپی ئەمەرداون، پێداچونەوە بە چەمکی ئاسایش، و:سابیر حسەن ڕەسول و هاوریێ حەسەن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧،ل.ل١٦٤-١٦٥.

(3) Pine Roehrs, Weak States And Implications For Regional Security: A Case Study Of Georgian Instability And Caspian Regional Insecurity,2005, P.3.

(4) هۆگر ئیبراهیم حەکیم، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٤.

**لقی چوارەم: ڕەهەندی ژینگەیی (ژینگەی سروشتی)**

لە دوای کۆتای هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و دەستپێکردنی جەنگی سارد پرسی ژینگە بووە بە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی ئاسایش. گرنگترین ئەو هەڕەشە سروشتییانەی، کە مرۆڤ تا ڕادەیەکی زۆر هۆکارەکەی بوو[1] پیسبوونی ژینگە یەکێکە لەو بابەتانەی گفتوگۆ و دیبەیتی زۆری لەسەر ئاستی جیهان و لەسەر ئاستی ناوخۆی زۆر دەوڵەت هەیە دەربارەی، ڕەهەندی ئاسایشی ژینگەیی بە واتای "دڵنیا بوونەوەی جەماوەر لەو کەش و هەوا و ژینگەیەی، کە تێیدا دەژی، لەسەردەمی ئێستادا کۆمەڵێك هەڕەشەی جدی لەسەر ژینگە سەریهەڵداوە، وەك پیسبوونی کەشوهەوا و کونبوونی چینی ئۆزۆن، دابارینی ئەسیدەکا، داخورانی خاك، بە بیابانبوون، لەناوچوونی جەنگەڵەکان و پیسبوونی ئاوی سەرزەوی و ژێر زەوی و چەندین هەڕەشەی تر"[2]، مەبەست لە ئاسایشی ژینگەیی ئەو کاریگەرییانەیە، کە ژینگە دەیکاتە سەر خەڵك و تاك کە خۆی دەبینێتەوە لە بەدخۆراکی و کەمی سەرچاوەکانی ووزە و کەمی ئاوی خواردنەوە، کە مەترسین لە سەر ژیانی مرۆڤ.[3]. هەر لە سەر ئەم بنەمایەش لە ساڵی (١٩٨٨) لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێکخراوەکانی کەشناسی جیهانی دامەزرا، کە بە پێی ئەم ڕێکخراوە بەردەوامبوونی گۆڕانی کەشوهەوا کە دەرەنجامی کارەکانی مرۆڤە دەبێتە هۆی دروستبوونی کارەساتی گەورە لەسەر زەوی[4] باری بۆزان لە یەکێک لە چاو پێکەوتنەکانیدا کە لە گەڵی کراوە ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک چارەنووسی هاوبەش هەیە تایبەتە بە هەموو مرۆڤەکان و کەس ناتوانێت لێی ڕزگاربێت، ئەوانیش هەڕەشە ژینگەییەکان وەک گەرمبوون، پیسبوونی ژینگە و هەروەها نەخۆشییەکان وەک (کۆرۆنا)[5].

ئاسایشی ژینگەیی لەمڕۆدا لەپاڵ ئەوەی لەسەر ئاستی هەندێک دەوڵەت جێگەی گفتوگۆی گەرمە لەسەر ئاستی جیهانی پرسێکی گرنگە بەوپێیەی پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤ وتەواوی بونەوەرانەوە هەیە هەروەها پرسە ژینگەییەکان ڕۆژ بەڕۆژ گرنگیپێدان پێیان زیاتر و زۆرتر دەبێت.

---

(1) د.نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢١، ل٦٥.

(2) هەڵگورد جەلال، کورد و ئاسایشی نەتەوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٧.

(3) Hans Günter Brauch, Environment and Human Security: “Towards Freedom from Hazard Impacts, UNU Institute for Environment and Human Security (UNU-EHS), Germany, 2005, p.35.

(4) بەهزاد ئەحمەد لفورکی، سەرەتایەک لەسەر ئاسایشی سروشتی، و: ئەرسەلان حەسەن، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا(توێژینەوەی چەمک و چوارچێوەی ئاسیشی سروشتی)، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٧.

(5) Barry Buzan was interviewed online by Dorota Domalewska on August 4th, 2020, , avilabile at: DOI: http://doi.org/10.35467/sdq/125295, (Accessed . 1/2/2022)

## لقی پێنجەم: ڕەهەندی کۆمەڵگەیی

باری بۆزان یەکەمجار چەمکی (هەڕەشەی کۆمەڵگەیی) ساڵی (١٩٨٣)دا لە کتێبی (خەڵک، دەوڵەت، ترس) هێنایە ئاراوە کە تا ئەو کاتە کەمتر گرنگی پێدرابوو، بۆزان لەم کتێبەیدا ئاسایشی کۆمەڵگەی وەک ڕەهەندێکی تری ئاسایش لەپاڵ ڕەهەندەکانی (سەربازی، سیاسی، ئابوری، ژینگەی) هەژمار دەکات[1]. باری بۆزان جیاوازی دەکات لە نێوان ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵگا جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم دوو چەمکە جیاوازن لەبەر ئەوەی " ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە تاکەکان و بواری ئابوورییانەوە هەیە، بەڵام ئاسایشی کۆمەڵگەیی دەربارەی کۆمەڵەکان و ناسنامەکانیان"[2]. " ئەم ڕەهەندە پەیوەندی هەیە بە پاراستنی ناسنامەی گشتی، کە بریتییە لە نەریتە نیشتیمانییەکان و یەکگرتوویی نەتەوەیی ئەم ڕەهەندە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت بۆنموونە کۆچکردن، دابەزینی ئاستی پەروەردەیی، هەژاری، هەڕەشە بۆسەر ناسنامەی نەتەوەی هەڕەشەکانی پەیوەست بە ئاین و کولتوور و ئاسایشی کۆمەڵگەیی پەیوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ سیستەمی کۆمەڵایەتی، ناسنامەی کۆمەڵایەتی، یەکگرتووی کۆمەڵایەتی و متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی هەیە لەم ڕوانگەیەوە کاتێک کۆمەڵگاکان ئاسایشیان هەیە ناسنامەکانیان نەکەوێتە ژێر مەترسی. مەبەستیش لە مەترسی ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەو مەترسیانەن کە مانەوەی کۆمەڵگا دەخەنە ژێر هەڕەشە، لێرەوە بەردەوامی و گەرەنتی مانەوەی ناسنامە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان و بەرژەوەندی و پێگەیان و میکانیزمی گونجا و گەرەنتی کردنیان، هەروەها چارەسەرکردنی ئاشتیانە و دیموکراسیانەی کێشەکان مەبەست ئەوەیە کە گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە سەرچاوەی ئاسایش نەک دەوڵەت"[3].

پێویستە ئامانجی سەرەکی ئاسایش دابینکردنی خۆشگوزەرانی بێت بۆ مرۆڤ، لە چوارچێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمەش پێویستی بە هەوڵی هەمەلایەن و بە کۆمەڵ هەیە، کە پێویستی بە کاتە هەروەها ئاسایش بەرپرسیاریەتییەکی هاوبەشە کاتێک دەخرێتە خزمەتی کەمینەیەکەوە و ئەوانیتر فەرامۆش دەکرێن، ئەوەش دەرەنجامەکەی بە شێوەیەک دەبێت کە شکست بە هەموان دەهێنێت[4].ئاسایشی هاوڵاتی(تاك) کۆڵەکەی ئاسایش و گەشەپێدانە، لەبەر ئەوەی تاك لەیەك کاتدا هەم ئامرازە و هەم ئامانجیشە، هەر کاتێك تاك هەستی بەبوونی ئاسایش و ئارامی و ئوقرەیی کۆمەڵایەتی و ژیان و خێزان و ئایندەی کرد، ئەوکات هەڵوێست و کارەکانی بەئاراستەی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەکەی دەبێت.[5]

ڕەهەندی کۆمەڵگەیی ئاسایش لە زۆر ڕووەوە جەخت لەسەر ئەو هەڕەشانە دەکاتەوە، کە لەسەر ناسنامە هەیە، پەیوەندییەکی بە هێزی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و یەکگرتووی کۆمەڵایەتی هەیە، لێرەدا گروپە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان دەبنە سەرچاوەی دابینکردنی ئاسایش بەوپێیەی

---

(1) د.نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

(2) Barry Buzan, Ole Waever And Jaap De Wilde,op.cit , P.120.

(3) د.نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(4) گروپی ئەمەرداون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(5) هەڵگورد جەلال، کورد و ئاسایشی نەتەوەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

چارەنووسیان پێکەوە بەستراوەتەوە ئەگەر مەترسی هەبێت لەسەر گروپێک یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دەکرێت ئەم گروپە ببێتە مەترسی بۆسەر ئەوانیتر.

ئاسایش بنەمای سەرەکی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوون بووە ئەمەش دەرەنجامی ئەوەیە، کە ئاسایش پێویستییەکی ژیانە و هەموو دەوڵەتەکان کار بۆ ئەوە دەکەن  ئاسایشیان پارێزراو بێت، لەبەرئەوەی ئاسایش گەرەنتی مانەوە و بەردەوامییانە، و چەمکی ئاسایش یەکێکە لەو چەمکانەی بەبەردەوامی لە بەرەوپێشچوندا بووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەروەها هەموو ڕەهەندەکانی ئاسایش تەواوکەری یەکترن و مەترسی لەسەر یەکێک لە ڕەهەندەکان کاریگەری تەواوی لە سەر ڕەهەندەکانی تر دەبێت بۆ نموونە بوونی مەترسی لەسەر ڕەهەندی ئابووری ئاسایش کاریگەری تەواوی لەسەر رەهەندی سەربازی دەبێت بەو پێیەی رەهەندی سەربازی ئاسایش پشت بەتوانای وڵات دەبەستێت بۆ گرنگیدان بە توانای سەربازی کە پێویستی بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە و سەرچاوەکەی ڕەهەندی ئابوورییە، ئەم نمونەیەش ڕاستە بۆ ئەوەی جێبەجێبکرێت بەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی تریشدا.

## بەشی دووەم: تیرۆر وهۆكار و لێكەوتەكانی لەسەر ڕەهەندەكانی ئاسایش لە عێراق پاش(٢٠٠٣)

لە پاش داگیرکردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە لە ساڵی (٢٠٠٣) بەدواوە، ئەمریکییەکان شکست دەهێنن لە دروستکردنی عێراقێکی دیموکرات، کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتەکان بکات وەك ئەوەی بەڵێنیان دابوو، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێ و شەڕی مەزهەبی و نەتەوەیی لەناو پێکهاتەکاندا، کە باڵدەکێشێت بۆ نائارامی، نەبوونی ئاسایش و دروستبوونی ژینگەیەکی لەبار بۆ ئەوەی گروپە تیرۆریستییەکان شوێنپێی خۆیانی تیادا جێگیر بکەن دەرەئەنجامی ئەم هۆکارانەش گروپە تیرۆریستییەکان کاریگەری و لێکەوتەی گەورە بەجێدەیەڵن بەسەر ئاسایشی عێراقەوە، ئەو ململانێ مەزهەبییەی کە هەیە زیاتر قوڵی دەکەنەوە و زۆرتری دەکەن.

ئەم بەشەی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ باس باسی یەکەم بە ناونیشانی تیرۆر و پرۆسەی داگیرکردنی عێراق و دووبارە بنیاتنانەوەی کە لە دوو تەوەرەدا باسی داگیرکردنی عێراق و هەروەها پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق کراوە. باسی دووەمی توێژینەوەکە بە ناونیشانی هۆکارەکان و جۆرەکان و شێوازەکانی تیرۆر لە عێراقدا کە دیارترین هۆکار و شێواز و جۆرەکانی تیرۆر خراوەتەڕوو وەک پێشینەیەک و یارمەتیدەرێک بۆئەوەی لەڕێگەوە تێبگەین لە لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە باسی ئایندەدا. باسی سێیەمی توێژینەوەکە بە ناونیشانی چۆنیەتی لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا، لەم باسەدا لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر هەریەکە لە ڕەهەندەکانی (سیاسی، ئابووری، سەربازی، کۆمەڵگەی، ژینگەی)شرۆڤەکراوە، لە چەند تەوەرەیەکدا.

### باسی یەكەم: تیرۆر و پرۆسەی داگیرکردنی عێراق و دووبارە بنیاتنانەوەی

لە پاش هێرشی سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک (٢٠٠١/٩/١١) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەنگی دژە تیرۆری لە سەر ئاستی جیهانی ڕاگەیاند بەو پێیەی مەترسی کەوتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمریکا بانگەشی ئەوەی دەکرد، کە ئەوان ئامانجیان پاراستنی ئاسایشی جیهانییە لە مەترسییەکانی تیرۆر، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پاش هێرشکردنە سەر ئەفغانستان لە (٢٠٠١)دا، عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە (٢٠٠٣) دا داگیرکرا، ئەم باسە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی تیرۆر و پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لە گەڵ پرۆسەی بونیاتنانەوەی عێراق، لە تەوەرەی یەکەمدا لە هۆکارەکانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا شرۆڤەکراوە پاشان لە تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی تیرۆر و پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق باسی بنیاتنانەوەی عێراق کراوە لە پاش داگیرکردنییەوە لە لایەن ئەمریکاوە گرێمانداوە بە پرسی تیرۆر لەم وڵاتەدا کە سیمایەکی دیاری ژیانی سیاسییە لە عێراقی دوای (٢٠٠٣)وە.

#### تەوەرەی یەکەم: تیرۆر و پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە

لە ساڵی (١٩٩٨)دا لەسەردەمی سەرۆکی ئەمریکا بیل کلنتۆندا یاسای ئازادکردنی عێراق دەردەچێت بە پێی ئەم یاسایە ئەمریکا کاردەکات بۆ ئەوەی کە پشتیوانی ئەو هەوڵانەبێت، کە بۆ

لابردنی ڕژێمی سەدام حسەین دەدرێت بە مەبەستی دروستکردنی حکومەتێکی دیموکرات بۆ جێگرتنەوەی ئەو ڕژێمە.[1]

ڕفاندنی چوار فرۆکە لە (٢٠٠١/٩/١١) بە پلانێکی داڕێژراو، کە دوو فڕۆکەیان خۆیان کێشا بە سەنتەری بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک و فڕۆکەی سێیەمیش خۆی کێشا بە پێنتاگۆندا(وەزارەتی بەرگری) و چوارەم فڕۆکەی ڕفێنراویش لە کێڵگەیەک لە پەنسلڤان کەوتە خوارەوە ڕاستەوخۆ مامەڵە بازرگانییەکان لە (واڵ ستریت) وەستان و بەڕێوەبەرایەتی فرۆکەوانی ئاسمانی فیدڕاڵی لە ئەمریکا هەموو فڕینەکانی فڕۆکەخانەکانی ئەمریکای ڕاگرت[2]. ئەم هێرشە تیرۆریستییە بۆ سەر سەنتەری بازرگانی جیهانی و پێنتاگۆن، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای پابەند کرد، کە دەستبەجێ بەرەنگاری تیرۆری جیهانی ببێتەوە و سزای ئەوانە بدات کە بەرپرسی ئەو هێرشانە بوون[3]. لە سەر ئەم بنەمایەش جۆرج دەبلیو بۆش سەرۆکی ئەوکاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە (٢٠٠١/٩/٢٠) هێڵێکی کێشا لە نێوان ئەوانەی کە پشتگیری تیرۆر دەکەن و ئەوانەی کە ئامادەن شەڕی تیرۆر بکەن، بەمەش ئەمریکا جیهانی دابەشکرد بۆ دوو بەرە، کە بەوتەی ئەو "بەرەیەک لەگەڵ ئێمەن لە شەڕی دژ بە تیرۆر بەرەکەی تر دژمانن و لەگەڵ تیرۆریستانن"[4]. ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر ئەو دیدگایەی لە لای ئەمریکییەکان دروستکرد کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکە سیخناکە بە ڕق و قینە دژی ئەمریکا هەروەها سەرزەمینی ئەمریکا چیتر پارێزراو نییە لە نەفرەتی تیرۆر[5] هێرشەکانی سەر ئەمریکا لە (٢٠٠١)دا بووە هەوێنی ئەوەی ئەمریکا سیاسەتی دەرەوەی خۆی بە شێوەیەک دابڕێژێت کە سزای ئەو ڕژێم و دەوڵەتانە بدات کە لەوکردەوەیە تێوە گلابوون.

ئەمریکا تەنیا بە هێرشکردنە سەر تاڵیبان لە ئەفغانستان لە ساڵی (٢٠٠١) نەوەستا، بەڵکو پلانی هێرشکردنە سەر عێراقیشیان داڕشت لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەمریکا پێویستە لەسەری پارێزگاری لە ئاسایشی نیشتمانی خۆی بکات و پێیان وا بوو عێراق بەو پێیەی خاوەنی چەکی کۆمەڵکوژە ئەمە هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی ئەمریکا و جیهان[6] هەروەها جگە لە بوونی پاساوی (چەکی کۆمەڵکوژ) لە

---

(1) IRAQ LIBERATION ACT OF 1998, Sec(3).

(2) Nafeez Mosaddeq Ahmed, The War on Freedom: How and Why America was Attacked, September 11th, 2001, Institute for Policy Research & Development, United Kingdom, 2002, P.10.

(3) كارين أ.منغست و ايفان م. أريغوين، مبادي العلاقات الدولية، ترجمة حسام الدين خضور، دار الفرقد للطباعة والنشر، سوريا، ص١٠٦.

(4) Douglas Kellner, 9/11, spectacles of terror, and media manipulation A critique of Jihadist and Bush media politics, Critical Discourse Studies, Vol. 1, No. 1, April 2004, p.47.

(5) لیام ئەندرسۆن و کاریث ستانسفیڵد، ئایندەی عێراق دیکتاتۆریی، دیموکراسی یان دابەشبوون، و: کامیار سابیر و دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٢٩٠.

(6) كارين أ.منغست و ايفان م. أريغوين، المصدر السابق، ص١١٠.

عێراقدا واشنگتون ڕایگەیاند یەکێک لە هۆکارەکانی هێرشکردنە سەر عێراق بونی پەیوەندییە★ لەنێوان ڕژێمی (سەدام حسەین) و ئەلقاعیدە دا [1]. ئەمریکا لە ژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی لە پاش ئەفغانستان ڕاستەوخۆ پلانی هێرشکردنە سەر عێراقی داڕشت، هەرچەندە ئەو پاساوانەی، کە هەیبوون بۆ هێرشکردنە سەر عێراق زۆر جێگەی باوەڕپێکردن نەبوون بە بەراورد بە هێرشکردنە سەر ئەفغانستان کە بەرپرسی ڕاستەوخۆی هێرشی (٢٠٠١/٠٩/١١) بوون.

لە ساڵی (٢٠٠٢) ئیدارەی بۆش سووربوونی خۆی بۆ ڕوخانی ڕژێمی سەدام ڕاگەیاند، هەروەها ئەمریکییەکان پێشبینی ئەوەشیان کرد عێراق بکەن بە وڵاتێکی دیموکراسی ئارام، کە ببێتە نموونەیەك بۆ ناوچەکە[2]. ئیدارەی بۆش سەرکەوتوو بوو لەوەی ڕەزامەندی کۆنگرێسی وڵاتەکەی بەدەستبهێنێت بۆ ئەم جەنگە لە مانگی (١٢) ی (٢٠٠٢)، بە پێدانی ڕەزامەندی بە سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا بە بەکارهێنانی هێز دژی عێراق، بەڵام ئەمریکا سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەم جەنگە[3] ئەمریکا دەستی بە شەڕی عێراق کرد بە هێرشی ئاسمانی لە شەوی(١٩ی ئازاری ٢٠٠٣)دا، ئەم هێرشانە بۆ سەر ئەو شوێنەی کە گومان دەکرا سەدام حسێن و هەندێک لە سەرکردەکان لە کۆبوونەوەدابن دەستپێکرد[4] هەر لە پاڵ هێرشە ئاسمانییەکان ئەو هاوپەیمانیەتییە سەربازییەی بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێکهێنرابوو کە نزیکەی (٢٥٠)هەزار سەربازی ئەمریکی لەخۆ گرت، لە (٢٠٠٣/٣/٢٠ ) لەکۆەیتەوە هاتنە ناو سنوری عێراقەوە بەمەبەستی لەسەر کارلابردنی (رژێمی سەدام حسێن).[5]

هێرشی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هێزە فرە ڕەگەزەکان لە بەرواری (٢٠٠٣/٣/٢٠) لەژێر ناوی (پرۆسەی ئازادی عێراق) دەستیان پێکرد، کە بە ڕووخانی ڕژێمی حیزبی بەعس لە عێراقدا کۆتای پێهات. لە (٢٠٠٣/٥/٦)جۆرج دەبلیوو بۆش سەرۆکی ویلایەتە

---

★ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن ئەوەی واشنتگۆن ئاماژەی پێداوە بە بوونی پەیوەندی لە نێوان ڕژێمی سەدام حسەین و ئەلقاعیدە ڕاستنییە، هەروەها بە هێز بوونی ئەلقاعیدە لە عێراق پەیوەندی بەو بارودۆخە لەبارەوە هەبووە بۆیان هاتە ئاراوە لە عێراقی پاش (٢٠٠٣)دا نەک بوونی پەیوەندی لە نێوان قاعیدە و ڕژێمی سەدام، بۆزیاتر خوێندنەوە لەم بارەیەوە بگەڕێرەوە بۆ:
Anthony Tucker-Jones, Modern Warfare The Iraq War *Operation Iraqi Freedom 2003-2011,* Pen & Sword Military, First Publishe, Great Britain, 2014, P.92.

(1) Anthony Tucker-Jones, Modern Warfare The Iraq War *Operation Iraqi Freedom 2003-2011,* Pen & Sword Military, First Publishe, Great Britain, 2014, P.90.

(2) Bruce R. Pirnie, Edward O'connell, Counterinsurgency In Iraq (2003–2006), National Defense Research Institut, Prepared For The Office Of The Secretary Of Defense, Rand Counterinsurgency Study , Volume (2), 2008, P.5.

(3) احمد محمد عبد الرحمن العايدي، نظرية حرب الواحد في المائة دراسة حالة للحرب ألامريكية علي العراق، مجلة البحوث المالية والتجارية، ع٤، جامعة بورسعيد - كلية التجارة، مصر، ٢٠١٩، ص١٥٦.

(4) CRS Report for Congress, Iraq War: Background and Issues Overview, Congressional Research Service ˜ The Library of Congress, Updated April 22, 2003, P.3.

(5) Kenneth Katzman, Iraq: Politics, Security, and U.S. Policy, Congressional Research Service,USA, 2015, p.1.

یەکگرتووەکانی بە شێوەیەکی فەرمی (پۆڵ بریمەر)ی وەك حاکمی مەدەنی دەسەڵاتی کاتی هێزە هاوپەیمانییەکان دیاریکرد[1]. ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە (١٤٨٣)ی لە بەرواری (٢٠٠٣/٥/٢٢) دەرکرد بەگوێرەی ئەو بڕیارە عێراق بە داگیرکراو دانرا و بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی عێراقی خستە ئەستۆی هێزە هاوپەیمانەکان.

ئەمریکییەکان لەو ئەرکەی هەیانبوو لە عێراقدا سەرکەوتوو نەبوون، چونکە ئەوان ئاماژەیان بەوەدابوو، کە بۆ هێنانە کایەی دیموکراسی لە عێراق و رادەستکردنی فەرمانڕەوای بە عێراقییەکان و رێگەش بە عێراقییەکان بدەن بەشداری شەڕی سەدام بکەن، هاتوون، بەڵام کاتێك بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو زانیان سوپای عێراق بە ئاسانی تێکشکا، هەموو دامەزراوە ئاسایشییەکانی عێراقیان هەڵوەشاندەوە، ئەوان لە جێگەی عێراقییەکان فەرمانڕەوایی عێراقیان کرد★ پۆل بریمەری کردە حاکمی مەدەنی لە عێراقدا، ئەو کەسێك بوو وەك پێویست زانیاری نەبوو لەسەر عێراق تەنانەت بریمەر ئەو کاتە خۆی دانیناوە کە ئەو دوو هەفتە لەسەر عێراق خوێندوویەتییەوە، دواتر دۆسیەی عێراقیان ڕادەستی وەزارەتی بەرگری کرد، ئەمە واتای ئەوە بوو، کە ئەوان وەك مۆڵگەیەکی سەربازی تەماشای عێراقیان دەکرد نەوەك وەك کۆمەڵگەیەکی مەدەنی[2]. حکومەتی ئەمریکا و بەریتانیا شکستیان هێنا لە دۆزینەوەی کۆگای چەکی کۆمەڵکوژ لە عێراقدا کە پێشتر بانگەشەیان بۆ کرد و بە یەکێک لە هۆکارەکانی داگیرکردنی عێراقیش هەژماریان کرد[3].

ئەمریکا بە بیانووی بوونی پەیوەندی لە نێوان ڕژێمی سەدام و تیرۆردا و دروستکردنی مەترسی لە سەرئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە پاش ئەفغانستان عێراقی داگیرکرد، ئەوڕژێمەی کە چەندین دەیە بوو کۆنترۆڵی دەسەڵاتی لە عێراق کردبوو لە ماوەی چەند هەفتەیەک شکستی هێنا بەرامبەر بە سوپای ئەمریکا. ئەو جەنگەشی ئەمریکا لە دژی تیرۆر ڕایگەیاند لە سەر ئاستی جیهانی لەپاش یازدەی سێپتەمبەر جەنگێک بوو لەپێناو فراوانکردنی هەژمونی خۆی بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چونکە هیچ یەک لەو پاساوانەی، کە بۆ داگیرکردنی عێراق خرابوونەڕوو لە لایەن ئیدارەی (بۆش) ەوە نەتوانرا بسەلمێنرێن.

---

[1] د.خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتی و یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣١.

★مەبەستمان لەوەی کە ئەمریکیەکان حکومرانی عێراقیان کرد ئەو ماوە کاتییەی کە لە (٢٠٠٣/٣/٢٠) ەوە دەست پێدەکات تاوەکو رادەستکردنی فەرمانڕەوای بەعێراقیەکان لە (٢٠٠٤/٦/٢٧)و دواتریش لەبەر ئەوەی ئەمریکییەکان تاوەکو ئێستاش هێزێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەن لە زۆربەی پرسەکانی عێراقدا.

[2] هاوکار عەبدوڵا، داعش لەنێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا، دەزگای ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١١٥.

[3] Con Coughlin, Saddam His Rise And Fall, Harpercollins Publishers Ltd., United Kingdom, 2017, P.373.

## تەوەرەی دووەم: تیرۆر و پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق

خستنی پەیکەرە گەورەکەی سەدام حسەین لە گۆڕەپانی فیردەوس لە (٢٠٠٣/٤/٩) نمایندەی کەوتنی ئەو ڕژێمەی عێراق بوو، کە ساڵانێکی دوور و درێژ لەسەر بنەمای ترس و تۆقاندن بنیاتنرابوو، کەوتنی بەغدا و ئەو سیستەمە سیاسییە، سەرەتا هیوایەك بوو بۆ تەواوی ئەو عێراقییانەی پێشتر نەیاندەتوانی ڕۆژێکی وەها گەش ببینین، بەڵام ئەو خەونە نوێیەش زۆری نەخایاند چونکە تەقینەوەی ئۆتۆمبێل و مرۆڤی بۆمبڕێژکراو، کوشتن لەسەر ناسنامە و بوونە قوربانی لەسەر مەزهەب بووە سیمایەکی دیاری ژیانی عێراقییەکان[1]. لە دوای دانانی پۆل بریمەر بە حاکمی گشتی عێراق، دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ پێکهاتەکانی ناو عێراق بۆ پێکهێنانی (ئەنجوومەنی حوکم) بۆ قۆناغی گواستنەوە. ئەم ئەنجوومەنە لە(٢٠٠٣/٧/١٣ ) پێکهات.[2] لە (٢٥) ئەندام پێك هاتبوو کە (١٣) ئەندامیان شیعەبوون و(٥) ئەندامیان سوننەی عەرەب و (٥) ئەندامیان کورد، مەسیحی و تورکمانەکانیش هەر یەکەیان ئەندامێکیان هەبوو[3]. لەپاڵ هەوڵەکانی پێکهاتەکانی عێراق و هاوپەیمانان، بەڵام پاش ڕووخاندنی سیستەمی سیاسی لە عێراقدا لە دوای (٢٠٠٣)، ئەوەی ڕوویدا خەڵکی چاوەڕێیان نەدەکرد لە ناوخۆی عێراق و لە دەرەوەش، بە شێوەیەك کە وڵاتەکە دەیناڵاند بەدەست بۆشاییەکی سیاسی و ئەمنی و ئیدارییەوە[4].

لە (١٥ ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣) ڕێکەوتنێك لەنێوان ئەنجوومەنی حوکم و دەسەڵاتی هاوپەیمانان راگەیەنرا، بۆ دانانی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، دواتر لە (٢٠٠٣/١١/٣٠) ئەنجوومەنی حوکم لە کۆبوونەوەیەکدا (٦١) کەسی پاڵاوت بۆ نووسینی پێشنووسی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆقۆناغی گواستنەوە و لە نێویاندا (٩) کەس هەڵبژێرران د.فوئاد مەعسوم بە سەرۆکی ئەو لیژنەیە هەڵبژێرا دوای چەند مانگێك گفتوگۆکردن لە(٢٠٠٤/٣/١ )یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە لایەن ئەنجوومەنی حوکمەوە بڕیاری لەسەردرا[5]. لە سەرەتای دەستکردن بە پرۆسەی سیاسی عێراق و بنیاتنانەوەی، کە بە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق دەستپێدەکات ، ڕێکەوتنی کورد و شیعە هەبوو سەبارەت بەم یاسایە بەڵام عەرەبی سوننە و بەشێکی تورکمانەکان دژی بوون لێرەوە پشت گوێخستنی سوننە دەستپێدەکات[6]. پشتگوێخستنی سوننەکان لە عێراقدا دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند بۆ سەرکردە تیرۆریستییەکان، کە سوود لە پەراوێز خستنی سوننەکان وەربگرن و ڕووبکەنە ناوچە سوننییەکان هەر لە سەر ئەم بنەمایەش کاتێك گەورە تیرۆریست (زەرقاوی) دێتە عێراقەوە بەبەردەوامی سەردانی ناوچەکانی سێگۆشەی سوننی کردووە کە ڕووبەرەکەی (١٠٠) میل چوارگۆشە

---

[1] فەرزەند شێرکۆ، عێراق قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بونیادنانەوەی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٥.

[2] دلاوە ر عثمان مجید، دستور جمهوریة العراق لسنة ٢٠٠٥، اکادیمیة التوعیة وتأهیل الکوادر، ٢٠١٠، ص٥٥.

[3] أحمد فهمی، صراع المصالح فی بلاد الرافیدین، مکتب مجلة البیان، ط١، ص٢٠٩.

[4] د.حمید حنون خالد، بنەماکانی یاسای دەستوری و گەشەسەندنی سیستەمی سیاسی عێراق، و:یادگار عبدالکریم حسین، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢٨٣.

[5] د.خامۆش عمر عبداللە، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١.

[6] ئاوات محمد ئەمین، هەرێمی کوردستان و ئیرادەی ئایندەسازی، کۆمەڵە ووتار، کۆمەڵەی رۆناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك،٢٠١٢، ل١٦٨.

دەكات، دەكەوێتە نێوان بەغدا و رومادی و تكريت، بە دامەزراندنی بنكە لە و شوێنانە زەرقاوی تۆڕی رێكخراوەكەی خۆی زیاتر فراوان كرد و پەیوەندی لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەكانی تر دروستكرد دژی داگیركەری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و پاشان بوو بە ئەمیری تیرۆرستان لە عێراقدا[1].

بەگوێرەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە عێراق حكومەتێكی كاتی پێكهێنرا بۆ قۆناغی راگوزەر لە(٣٠ ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ )تاوەكو( ٣١ ی كانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ ) [2] بە كەوتنی رژێمی سەدام سەرەتایەكی نوێ لە عێراقدا دەستپێدەكات و هەڵبژاردن دەبێتە بنەمای سەرەكی پرۆسەی سیاسی نوێ لە عێراقدا هەربۆیە هەڵبژاردن لە ( ٢٠٠٥/١/٣٠ )بەپێی یاسایەك كە پۆڵ بریمەر بەڕێوبەری كاتی دەسەلاتی هاوپەیمانان لەعێراق كە لە (٢٠٠٤/٦/١٥ )دەریكردبوو ئەنجامدرا. ئەو یاسایەی بریمەر بە (یاسای هەڵبژاردنی ٩٦ ) ناسراوە بەپێی ئەم یاسایە هەموو عێراق یەك بازنەی هەڵبژاردن بوو، ئەمەش چانسی ئەوەیدا بە پارت و قەوارە بچوكەكان بتوانن كورسییەك بەدەست بێنن لە سەرانسەری عێراق و دەنگەكانیان بە فیڕۆ نەڕوات [3] دوای هەڵبژاردن، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دوو ئەركی سەرەكی لە ئەستۆ بوو یەكەم پێكهێنانی حكومەتێكی راگوزەر، دووەم داڕشتنی دەستووری هەمیشەی عێراق حكومەتی راگوزەری بە سەرۆكایەتی ئیبراهیم جەعفەری (دوایی حكومەتی كاتی ئەیاد عەلاوی) پێكهات و دەستووریش لە ١٥ ی تشرینی یەكەمی هەمان ساڵدا بە رەزامەندی سێ لەسەر چواری دەنگدەران لە راپرسییەكی گشتیدا پەسەندكرا[4]. لە دیباجەی ئەم دەستوورەدا هاتوە "تەكفیر و تیرۆریش نەبووە ڕێگر لەبەردەمماندا بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا"[5] هەرچەندە لە ریفراندۆمی سەر دەستوور كەمترین رێژە لەناوچە سوننە نشینە عەرەبەكان تۆماركرا، بەڵام دەستوور وەك باڵاترین یاسای وڵات لێرەوە دەبێت بە بنەمای دەستاودەستكردنی دەسەڵات و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش عێراقییەكان لە( ٢٠٠٥/١٢/١٥) جارێكی تر چوونە سەر سندووقەكانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق بۆماوەی (٤) ساڵ، بەپێی دەقی یاسای هەڵبژاردنەكە( ٢٣٠ )كورسی لە ئەسڵی ( ٢٧٥ ) كورسییە تایبەتەكەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەسەر پارێزگاكاندا دابەشكراوە. (٤٥) كورسییەكەی تریشیان وەكو كورسی جێگرەوە و نیشتمانی دابەشدەكرێت، كورسییە تایبەتییەكانی پارێزگاكان دابەشدەكرێت كە لەگەڵ ژمارەی دەنگدەرە تۆماركراوەكانی هەر پارێزگایەكدا بگونجێت ئەویش بە پێی ئەو تۆمارە دەنگدەریانەی كە لە هەڵبژاردنی( ٣٠ كانوونی دووەمی ٢٠٠٥ )پشتی پێبەسترا[6] لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥) دا لە پاڵ ئەوەی كە بەشێكی عەرەبی (سونە) لەگەڵ بەشداریكردن لە هەڵبژاردن نەبوون، ئەوانەشی كە بەشدارییان كردبوو ئەنجامە بەراییەكانی هەڵبژاردنیان

---

[1] M. J. Kirdar, Ibid, p.3.

[2] د.خامۆش عمر عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣.

[3] ڤیان فەرەج، سیستمەكانی هەڵبژاردن و پرەنسیپەكانی دەنگدان، چ٢، ٢٠١٠، ل.٢٠٧-٢٠٨.

[4] ئاوات محمد ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٨-١٦٩.

[5] بروانە دیباجەی دەستوری عێراق ساڵی (٢٠٠٥).

[6] قانون الانتخابات رقم (١٦) لسنة ٢٠٠٥.

ڕەتکردەوە، بەوپێیەی کە پێیان وابوو کە ئەنجامەکان ساختەکاری تیاداکراوە لە بەرژەوەندی شیعەکان[1] ، لە (٢٠٠٦/٤/٢٠ )متمانە درا بە پێکهێنانی (حکومەتی یەکێتی نیشتمانی)، کە نوری مالکی بەمەبەستی پێکهێنانی راسپێدرابوو، ئەم حکومەتە لە (٣٧)وەزیر پێکدەهات[2]. جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین پاش تەقاندنەوەی مەرقەدی (عەسکەر) لە سامەرا لە ٢٠٠٦/٠٢/٢٢ میلیشیا شیعەکان بە تایبەتی (سوپای مەهدی) دەستیان کرد بە کردەی تیرۆری دژی پێکهاتەی سوننە[3]. عێراق کەوتە ناو شەڕێکی ناوخۆی خوێناوییەوە، کە ئەم شەرە بە درێژای ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) عێراقی خستە دۆخێکەوە کە زۆرێک چاوەڕێی کۆتایهاتینی پرۆسەی سیاسیان دەکرد لە عێرقدا.

پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق بەردەوامی هەبووە لە ساڵی(٢٠١٠) جارێکی تر هەڵبژاردن ئەنجامدرایەوە ئەم هەڵبژاردنە لە رووی یاساییەوە بە پشتبەستن بە (هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە ١٦ بۆ ساڵی ٢٠٠٥) ئەنجامدرا. بەپێی ئەم یاسایە هەر پارێزگایەك دەبێتە بازنەیەك و ژمارەی کورسی بۆ دەستنیشان دەکرێت بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووانەکەی، کە کۆبوونی خۆراك پشت راستیدەکاتەوە.[4] یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی تر بریتی بوو لە دابەشکردنی عێراق بۆ(١٨)بازنەی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای ژمارەی پارێزگاکانی عێراق، کە( ١٨) پارێزگایە، ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەی لیستی نیمچە کراوە بەڕێوەچوو، لەپاڵ ئەوەی لیستەکان لە کێبرکێدا بوون لەگەڵ یەکتری کاندیدەکانی هەر لیستێکیش کێبڕکێی یەکتریان دەکرد بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ بۆ ئەوەی بتوانن گەرەنتی بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەمانی بکەن بۆ خۆیان و لیستەکەیان.کورسییەکانی ئەم خولە (٣٢٥) کورسی بوو کە تێیدا (٣١٠) کورسی گشتی و (٨) کورسی بۆ کەمینەکان و (٧) کورسیش بۆ قەرەبووکردنەوە دیاریکرابوو[5]. دوای ئەوەی هاوپەیمانیەتی دەوڵەتی یاسا سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەم هەڵبژاردنەدا جارێکی تر (نوری مالکی) ڕاسپێدرایەوە بۆ پێهێنانی حکومەتی عێراقی لە ٢٥ ی تشرینی دووەمی (٢٠١٠)دا.[6] لە ساڵی ( ٢٠٠٦_٢٠١٤) نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو وەك باڵاترین دەسەڵاتی رامیاری لە عێراقدا ڕۆڵێکی خراپی هەبوو لە قوڵکردنەوەی کێشەکانی نێوان سوننە و شیعە، هەر بۆیە ململانێیەکی توند و خوێناوی لەنێوان ئەم دوو پێکهاتەدا هەبوو کە قوربانی گەورەی لێکەوتەوە کاریگەری لەسەر

---

(1) Edward Wong, Sunnis Reject Early Iraq Election Results, Calling for Inquiry, Availabile on: https://www.nytimes.com/2005/12/21/world/middleeast/sunnis-reject-early-iraq-election-results-calling-for.html (Accessed 1/11/2022).

(2) دويشته فيله ،البرلمان العراقی يقر تشكيل حكومة الوحدة الوالوطنية،٢٠٠٦/٥/٢٠، على موقع: https://p.dw.com/p/8VB4 ، زيارة موقع ٢٠٢٢/٣/١٤

(3) يوسف محسين، موسوعة الحرب الاهلية الطائفية فی العراق، الدار العربية للموسوعات، المجلد الثانی، ط١، بيروت، ٢٠٢٠، ص٥٩.

(4) قانون تعديل قانون الانتخابات رقم ١٦ لسنة ٢٠٠٥.

(5) نظام توزيع المقاعد لمجلس النواب، على موقع: http://www.iraqcenter.net/vb/showthread.php?t=54629، زيارة ٢٠٢٢/٢/١٥

(6) المسلة،انتخابات العراق..من الاجتياح،٢٠٠٣ الى التحرير ٢٠١٨، على موقع: https://bit.ly/3ncski0 ، زيارة ٢٠٢٢/٢/١٥

پرۆسەی سیاسی عێراق بە جێهێشت، هەر ئەمەش بوو ڕێگەی خۆشکرد بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان شوێنپێی خۆیان لەناوچە سونییەکان توند بکەن[1].

بۆ سێیەم جار لەدوای رووخانی رژێمی بەعس هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە( ٣٠ نیسانی ٢٠١٤ ) ئەنجامدرا، ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەم هەڵبژاردنەدا بە (٣٢٨) کورسی دیاریکرا،لە ( ١١ی ئابی ٢٠١٤ ) حەیدەر عەبادی راسپێررا بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقی لەسەر پێشنیاری هاوپەیمانی نیشتمانی، پاشان لە(٢٠١٤/٩/٨) متمانەی پێدرا.[2]

ساڵی (٢٠١٤) ساڵێکی پڕ لە نەهامەتی بوو بۆ عێراقییەکان ئەمەش بەهۆی کەوتنی مووسڵ و داگیر کردنی لە لایەن داعشەوە. هۆکاری بنەڕەتی پێشڕەوییەکانی داعش دەرەنجامی ئەوسیاسەتە هەڵانە بووە کە مالکی بەرامبەر پێکهاتەی سوننە گرتبوویە بەر، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ (داعش) کە هەست و سۆزی خەڵکی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە داعش سوودی لە لاوازی هێزە عێراقییەکان و ئەو کێشە و ناکۆکیانە لە نێوانیاندا بوو وەرگرت[3]. داعش ئامانجی دروستکردنی خەلافەت بوو لە و ناوچانەی کە زۆرینەیان سوننەن لە عێراق و سووریادا،[4] بەڵام خەونەکەی داعش و خەلافەتەکەی زۆر بەردەوام نەبوو لەبەرئەوەی (باراک ئۆباما) لە (١٠ی ئەیلوولی ٢٠١٤) بە سەرۆکایەتی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانیەتییەکی جیهانی ڕاگەیاند بەمەبەستی تێکشکاندن و لەناوبردنی داعش ئەم هاوپەیمانییەتییە سەرەتا لە (٦٦) دەوڵەت و ڕێکخراو پێکهات، کە هەریەکێک لە ئەندامەکان بەپێی توانا و بۆ گونجاندن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەشدارییانکرد لەم هاوپەیمانییەتییە.[5] دوای ئەوەی مەترسییەکانی داعش زیادیکرد بۆ سەر ئاسایش و ئاسایشی جیهانی ئەم هاوپەیمانیەتە دەبێت بە گەورەترین هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی لە سەر ئاستی جیهان، کە ژمارەی ئەندامەکانی (٧٣) ئەندام بوو کە (٦٩) یان دەوڵەت بوون و (٤) دانەیان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوون.[6] بە هاوکاری هاوپەیمانان ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسڵ لە (٢٠١٦/١٠/١٧)دا لە لایەن سەرۆکی هێزە چەکدارەکانی عێراق (حیدر عبادی) ڕاگەیەنرا؛ ئەمە لە کاتێکدا بوو کە هێزی پێشمەرگە تەواوی ناوچەکانی دەوروبەری موسڵ وەک ( باشیک، فازلیە، غازر، شنگال، سحێلا، مخمور و گوێر)ن یان ئازادکردبوو[7] لە پاش شەڕ و ململانێیەکی قورس لەگەڵ داعش، حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە (٩ی کانونی یەکەم٢٠١٧) سەرکەوتنی بەسەر

---

(1) هيومن رايتس ووتش، عدالة منقوصة المحاسبة على جرائم "داعش" في العراق، ديسمبر/كانون الأول، الامريكا، ٢٠١٧، ص٩.

(2) المسلة، المصدر السابق، ص٩.

(3) د.ماجد انور عشقي، معركة الموصل والرقة وانعكاساتها على مستقبل العراق و سوريا، فى الكتاب صفين الجديدة دراسات حول معركتي الرقة والموصل، مركز رووداو للدراسات، ط٢، اربيل، ٢٠٢٠، ص٤٩.

(4) منصور عبدالحكيم، داعش مارد العصر الاخير السفياني.. والرايات السود اخر الزمان!!، دار الكتاب العربي ، ط١، القاهرة، ٢٠١٥، ص٢٧٢.

(5) م.د.مصطفى ابراهيم سلمان و م.د.ضاري سرحان حمادي، استراتيجية التحالف الدولي لمكافحة الارهاب فى العراق، مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية، العدد(٦١)، بغداد، ٢٠١٨، ص٤٧.

(6) نفس المصدر السابق، ص٥٨.

(7) وريا يونس، تارماییەکانی داعش دوای روخانی خەلافەتەکەی، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠١٩، ل٧٧.

دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆریستی ڕاگەیاند دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی( ٣ )ساڵ نزیکەی سێ یەکی خاکی عێراقی داگیرکردبوو[1].

بۆ جاری چوارەم لە بەرواری( ٢٠١٨ /٥/١٢ )دا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران بەڕێوەچوو [2] ڕێژەی بەشداریکردن تێیدا زۆر کەم بوو، هەروەها دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لایەنە ناکۆکەکان نە دەگەشتنە ئەنجامێك بۆ ئەوەی سەرۆك وەزیران دیاریبکەن بەهۆی ئەو ململانێ توندەی کە ناوماڵی شیعەی گرتبوویەوە ئەمەش وای کرد پێکهێنانی حکومەت (١٠) مانگ دوا بکەوێت، لە کۆتایدا عادل عەبدولمەهدی و کابینەکەی متمانەی لە پەرلەمان وەرگرت و بوو بە سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق[3] بەڵام کابینەکەی (عادل عەبدولمەهدی) زۆر لە دەسەڵات نەمانەوە لە بەر ئەوەی لە مانگی (٩ ی ٢٠١٩)ەوە خۆپیشاندانی فراوان عێراقی گرتەوە، بە شێوەیەکی بەهێز و گەورەتر لە خۆپیشاندانەکانی پێشوو کە داوای گۆڕینی ڕژێمی سیاسی عێراقیان دەکرد، دوای (٣) مانگ لە خۆپیشاندانەکان و بوونە قوربانی زیاتر لە(٦٠٠) کەس خۆپیشاندەران سەرۆك وەزیری عێراق عادل عەبدولمەهدییان ناچارکرد بە دەستلەکارکێشانەوەی و پاش (٥) مانگ مستەفا کازمی وەك سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق دیاریکرا.[4] لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق لە ژیانی سیاسی عێراقدا بەروونی دیارە کە متمانە نییە لە نێوان کوتلە و پارتە سیاسییە بەهێزەکان، ئەم پارتانە نمایندەی تایفەیەکیان دەکرد، هەوڵی مانەوەیان ئەدا، ئەمەش وایکرد کە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لەسەر بنەمای دوژمنکارانەوە تەخوینکردنی یەکتری بێت لە دوای (٢٠٠٣)وە، هەروەها خەڵک بەشدارییەکی ڕاستەقینەی سەرجەم پێکهاتەکان دەبێت کە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون بێت[5]

هەرچەندە لە عێراقدا لەدوای نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی (٢٠٠٥) بەبەردەوامی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە و حکومەت پێکهێنراوە، بەڵام هیچ یەك لەو حکومەتانە حکومەتێکی نیشتمانی نەبوون گوزارشت لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بکەن، ئەمەش وایکردوە بە بەردەوامی کێشەی مەزهەبی، و نەتەوەی و ئاینییەکانی ناو عێراق زیاتر و زۆرتر و قووڵتربن، گرووپە تیرۆریستییەکانیش سوودیان لە و ململانێ و کێشانە بینیوە، بەتایبەتی کێشەی مەزهەبی، کە ڕۆڵی دیاریبینیوە لە بە هێزکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو زوڵمەبوو کە لە عەرەبی سوننە کرا لە سەرەتای پرۆسەی بنیاتنانی عێراقەوە، بەمەش بە بەردەوامی تیرۆر مەترسییەکی گەورەیە لە سەر سەقامگیری و ئاسایشی عێراق.

---

(1) د.مصطفى ابراهيم سلمان و م.د.ضاري سرحان حمادي، المصدر السابق، ص٥٧.

(2) عامر بني عامر، التقرير النهائيّ لمراقبة الانتخابات البرلمانية العراقية ٢٠١٨ انتخابات الخارج – األردن، مركز الحياة – راصد، ٢٠١٨، ص١٣.

(3) Hamzeh al-Shadeedi Erwin van Veen, Iraq's adolescent democracy Where to go from here, The Clingendael Institute, June 2020,p.9.

(4) Hamzeh al-Shadeedi Erwin van Veen, Ibid, p.28

(5) تارا عمر محمد، اشكاليات الانتقال الى الديموقراطية فى العراق بعد ٢٠٠٣، اطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم السياسية، ٢٠١٩ ، ص٢٤٠.

ئەو بیانویانەی ئەمریکا بۆ داگیرکردنی عێراق هەیبوو لە پاش چەندین ساڵ لەم داگیرکارییە نەتوانرا هیچیان بسەلمێنرێت و ئەمریکییەکان سەرکەوتوو نەبوون لە بانگەشەی بە دیموکراسیکردنی عێراق لەبەرئەوە چەندین گروپی تیرۆریستی دروست بوون کە ئەم گرووپانە بە درێژای مێژووی عێراقی پاش (٢٠٠٣) مەترسی بوون بۆسەر ئاسایشی ئەم وولاتە.

## باسی دووەم: هۆکارەکانی تیرۆر و جۆر و شێوازەکانی لەعێراقی پاش( ٢٠٠٣)

بە پشتبەستن بە هۆکارەکانی دروستبونی تیرۆر و جۆراوجۆریی و شێوازەکانی، ئەم باسە بۆ سێ تەوەرە دابەشکراوە، لە تەوەرەی یەکەم هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر شرۆڤەکراوە و دابەشکراوە بۆ هۆکارە ناوخۆی و دەرەکییەکان، لە تەوەرەی دووەم دیارترین جۆرەکانی تیرۆر خراوەتەڕوو لە عێراقدا لە سەر بنەمای ئەو دابەشکارییەی کە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە باسکراوە، هەروەها لە تەوەرەی سێیەمی توێژینەوەکە دیارترین و باوترین شێوازەکانی تیرۆرلە عێراقدا خراوەتەڕوو.

### تەوەرەی یەکەم: هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر لە عێراقدا

لێکدانەوەی جیاواز هەیە سەبارەت بە دیاریکردنی هۆکارەکانی دروست بوونی (تیرۆر) ئەمەش ئەنجامی ئەوەیە هۆکارەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت (د.ئیبراهیم ئەلحەیدەری) سەبارەت بە هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر پێیوایە"دەکرێت هۆکارەکانی دروستبونی تیرۆر دابەش بکەین بۆ هۆکارە ڕاستەوخۆکان و هۆکارە ناڕاستەوخۆکان، هۆکارە ڕاستەوخۆکان وەک هۆکاری سیاسی و ئایینی و ڕەچەڵەکییەکان لە کاتێکدا هۆکارە ناڕاستەوخۆکان لە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکاندا خۆیان دەبیننەوە، هەروەها زۆر جار هۆکارە سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە پشت زۆربەی کردە توندوتیژی و تیرۆرەکانەوەن و ئامادەییان هەیە، بەتایبەتی لە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکاندا، ئەمەش بەهۆی هەژاری و نەخوێندەواری و نایەکسانی و نەبوونی لێکتێگەیشتن و دیالۆگی دیموکراسی و بەشداری پێنەکردنی تەواوی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە حوکمدا، بەتایبەتی لە کاتی قەیران و کارەسات و جەنگ و ململانێ چینایەتییەکاندا، هەروەک چۆن شەڕ و ناکۆکییە ناوخۆییەکان بە گرنگترین هۆکاری توندوتیژی و تیرۆری سیاسی هەژمار دەکرێت"[1].

بۆئەوەی بمانەوێت لە کێشەی تیرۆر تێبگەین لە عێراقی پاش(٢٠٠٣)دا، دەبێت لە هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەم دیاردەیە بگەین لە ژینگەی سیاسی عێراقدا، پاڵنەرە ڕیشەییەکان بەرەو بیری توندڕەوی یان توندوتیژیی پەرگیر، جۆرا و جۆرن. پاڵنەرە بونیادییەکان بە پلەی یەکەم دێن کە بریتین لە ستەمکاری، گەندەڵی و بێکاری، نایەکسانی و جیاکاری، نەبوونی دەرفەتی بەشداری لە پرۆسەی سیاسی، هەروەها ناکۆکی و دوژمنایەتی مێژوویی نێوان گرووپەکان کە ناسنامەی جیاوازیان هەیە، ئەمە سەرباری دەستتێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆیی نەتەوەکانی تر؛ هاندەرە کەسییەکان بەشێکی تری پرۆسەی ئاراستەکردنی تاکە بەرەو ڕادیکاڵبوون و دروستبوونی کەسێکی توندوتیژی و پەرگیر، کە خۆی دەبینێتەوە لە مەبەستی کەسی، سەرکەشی، هاوسۆزی و ئینتیما و دەستکەوتی ماددی پاڵ ئەم دوو کۆمەڵە هۆکارە[2].

---

[1] د.ئیبراهیم ئەلحەیدەری، سۆسۆلۆژیای توندوتیژی و تیرۆر، و: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ل. ٤٠-٤١.

[2] سەنگەر یوسف سالح و عبدلسمیع محەمەد رەحمان، ژینگەی بەرهەمهێنان و بیری توندڕەوی لەناوچە جێناکۆکەکان، گۆڤاری ئایندەناسی، ژمارە٣، ئەیلولی ٢٠٢٠، ل٤٤-٤٥.

هەندێك پاڵنەری تر هەیە زەمینە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی ئەو پاڵنەرانەی پێشوویان تێدا کۆبووتەوە و ئامادەییان بۆ بوون بە کەسێکی توندڕەو تێدایە، خێراتر بەو ئاڕاستەیە بڕۆن. ئەم هۆکارانەش بریتین لە بوونی کەسێکی ڕێنیشاندەر و ئامۆژگاریکار، کە سەرنجی ئەو کەسانە رابکێشێت، چون ناو گرووپ و تاقمە ڕادیکاڵەکان لە ڕێگای ئۆنلاین و تۆڕەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە، دەستگەیشتن بە چەك و هەستکردن بە قوربانی نەبوونی پشتیوانی خێزانی و کۆمەڵایەتی. کاتێك هۆکارێك یان زیاتر لە هەر یەك لەم سێ گرووپە هۆکارانە لە کەسێکدا کۆ ببێتەوە، بێگومان ئەو زەمینەیە دەڕەخسێت کە کەسی توندڕە و پەڕگیر بەرهەمبهێنێت، بەڵام لێرەشدا سەرلەنوێ دەکەوێتە سەر ئەو ژینگە و کۆمەڵگەیەی ئەو کەسەی تێیدا دەژی. هەرچەندە پرۆسەی رادیکاڵبوون تا ئاستێکی فراوان بەرهەمی دەوروبەر دیاریکراوە لە کۆمەڵگەدا بەڵام زۆرێك لە فاکتەرەکانی، کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندی ناوەکی کەسی و پاڵنەری سایکۆلۆژییەوە هەیە، هاوشێوەی یەکدی. هەندێك لە توێژەران پاڵنەرە گشتییە سایکۆلۆژییەکانیان دیاری کردووە بۆ بەشداریکردن لەگرووپ و بزووتنەوە تیرۆریستییەکان کە بریتین لە پێویستیتی تاك بە ئینتما و خۆسەلماندن، ئارەزووی تۆڵەکردنەوە، سەرکەشی و پاڵنەری لەڕادەبەدەر بۆ ئەنجامدانی کارێك کە هەستێکی جیاواز بە کەسەکە ببەخشێت، ئەمانە ئەو هۆکارانەن کە دەبێت لە لێکدانەوەی دیاردەی توندڕەویی پەرگیر لەبەرچاو بگیرێت[1].جۆرە تێکەڵکردنێک هەیە لە نێوان هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی دروستبونی تیرۆر کە هەندێک پێیانوایە کە گرنگترین پاڵنەر بۆ نموونە ( پاڵنەری ئاینی، دەرونی، ئایدۆلۆژی....)★ .

---

[1]سەنگەر یوسف ساڵح و عبدلسمیع محەمەد رەحمان، هەمان سەرچاوە، ل٤٥..

★ ١-پاڵنەری ئاینی: هەندێک پێیانوایە لە بەرئەوەی لە ئێستا بەشێکی زۆری کارە تیرۆریستییەکان بە بیانوی یان لەسەر پرسە ئاینی و مەزهەبییەکان ئەنجامدەدرێن، زیاتر گرنگی بەو دیاردە دراوە هەروەها لە دوای ڕووداوی یازدەی سێپتەمبەر کە لە لایەن گروپە ئیسلامییەکان ئەنجامدرا ئاین وەک پاڵنەرێکی بەهێز لەدیاریکردنی تیرۆریزم زیاتر کەوتۆتە بەر بایەخ و زیاتر پەنجەی بۆ درێژکراوە.

٢- پاڵنەری دەرونی: پرۆسەی بوون بە تیرۆریست بەدەگمەن و لەناکاو کتوپڕ ڕوودەدات، لەماوەی یەک شەو ڕۆژدا کەس نابێت بە تیرۆریست، بەڵکو پرۆسەیەکی پلەبەندە بە نامۆبوونی کۆمەڵایەتیەتی دەستپێدەکات بۆ بێزاری و پاشان دەربرینی ناڕەزای و خۆپیشاندان دواتر بوون بە تیرۆریست،ئەو توێژەرانەی لە ڕوانگەی دەروونی-کۆمەڵایەتییەوە دەگەڕێن بۆ بنچینەکانی تیرۆریزم و لە تایبەتمەندییە کەسییەکاندا، لێکۆڵینەوە لە یاخیبوون و کردە توندوتیژییەکانیان دەکەن، پێیان وایە کە هەژاری و نەبوونی هەردەسەڵاتێکی سیاسی وادەکات، کە هەندێک دووربن لە سۆزی کۆمەڵگا و ئەمەش داینامیکێکی کۆمەڵایەتی و دەرونی گروپە تیرۆرستییەکانە.

٣-پاڵنەری ئایدیۆلۆژی: ئەو توندوتیژیانەی لەسەر بنەمایەکی هزری و تێگەشتنێکی دیاریکراوە، مەترسیدارترین جۆری هەڕەشەن لەسەر کۆمەڵگا نوێیەکان، کە بە تیرۆر وەسفدەکرێت، چونکە کارەکە کارێکی تاوانکاری ئاسای نییە، تیرۆر ئایدۆلۆژیایەکی هەیە، کە بریتییە لە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ بە دەستهێنانی ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، تەنانەت فکری و ڕۆشنبیری هەروەها "بەپێی لێکدانەوەی تیرۆرریزم ئایدۆلۆژیا بریتییە لە تەواوی گلەی و ئامانجانەی کە گروپە تیرۆریستییەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بیگەیەنن لەم چوارچێوەدا بۆی هەیە ئایدۆلۆژیای تیرۆرستان لە چەند شێوەیەکدا خۆی بنوێنێت بۆ نموونە ئاینی یا سیاسی (بەڵام هەر خزمەتی هەمان مەبەست دەکات) کردارەکانی هاندان، یەکخستنی ئەندامەکان، بەیەک بەستنەوەی ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵگایەکدا.

سەرچاوەکان:

-فضل عباس فرج الله، الارهاب (الایدیولوجیة والسلطة)، مرکز مدارك للدراسات والبحوث، العراق، ، على موقع: http://www.madarik.net/mag3/9.htm، زيارة : ٢٠٢١/٤/٨.

کەواتە هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی دروستبوونی (تیرۆر) زۆر و هەمەچەشنن، پۆلێنەکانیش جیاوازن بۆ دیاریکردنیان بەڵام دەکرێت گرنگترین هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر لە عێراقدا دابەشبکەین بۆ هۆکارە دەرەکییەکان و هۆکارە ناوخۆییەکان :

**لقی یەکەم: هۆکارە دەرەکییەکان**

مەبەستمان لە هۆکارە دەرەکییەکان بریتییە لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکا و دەستێوەردانی وولاتانی دراوسێی عێراق لە کاروباری ناوخۆیی پاش (٢٠٠٣).

**ا: داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە:**

لە سەردەمی نوێدا یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبوونی تیرۆر پەیوەندی بە داگیرکاری کۆلۆنیالیزمی خۆرئاواوە هەیە بۆ خۆرهەڵات[1]. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە ئەم وڵاتە گۆڕا بۆ شوێنی مەشقی گرووپە جیهادییەکان، کە لە چەندین وڵاتی جیهادی ئیسلامییەوە بە پەڕینەوە بە خاکی سووریا خۆیان گەیاندە عێراق. عێراق شوێنێکی لە باربوو بە بەراورد کردن بە ئەفغانستان لە بەرئەوەی عێراق ناو جەرگەی وڵاتانی عەرەبییە و بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن[2]. داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی(٢٠٠٣) دا یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی، کە ئەم وولاتە ببێتە مۆڵگەی تیرۆر بەوپێیەی جیهادییەکان لە سەرانسەری جیهانەوە ڕوویان کردە عێراق، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ بەهێزبوون و تەشەنە کردنی تیرۆر لەم وڵاتەدا.

**ب: دەستوەردانی دەوڵەتانی دراوسێی لە کاروباری عێراق**

هەندێک لە وڵاتانی دراوسێی عێراق دەیانویست عێراق بە لاوازی بمێنێتەوە نەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێزەی پێشووتری کە هەیبوو چونکە دەترسان ببێتە مەترسی لە سەریان بۆیە لە ڕێگەی دەزگا

---

-کیم کراگین و سارا ئا. دالیک، هەرەشەی داینامیکی تیرۆرستی، و:مەروان کاکل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦، ل.٥٦.
- د.عەبدلڕەزا سەمیعی ئیسفەهانی، سەرچاوەی پێشوو، ل.١٦-١٧.

*ئەم سەرچاوانەی خوارەوە پەیوەندیدارە بە زانیارییەکانی پەراوێزی پێشتر، تەواوکاری سەرچاوەکانە.

-أ.د. سامر مؤيد عبد اللطيف وم.م. حمد جاسم محمد، الإرهاب وتأثيره على التعايش السلمي بين الأديان والمذاهب في العراق، بحث مقدم الى (المؤتمر الوطني حول الاعتدال في الدين والسياسة) يومي ٢٢ و٢٣ اذار ٢٠١٧، الذي عقد من قبل مؤسسة النبأ للثقافة والاعلام ومركز الدراسات الاستراتيجية في جامعة كربلاء ومركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية،نشر فى ٢٠١٨/٧/١٤، على موقع (https://m.annabaa.org/arabic/studies/15915

-William F. Shughart, An Analytical History of Terrorism, 1945-2000, Public Choice, Vol. 128, No. 1/2, 2006, p.11.

[1] فرغلى هارون، الارهاب العولمى وانهيار الامبراطورية الامريكية، دار لاوامى الثقافية، القاهيرة، ٢٠٠٦، ص٣٩.
[2] عبد البارى عطوان, الدولة الاسلامية الجذورو التوحش و المستقبلو، دار الساقى، ط٢، بيروت، ٢٠١٥، ص٩٥.

هەواڵگرییەکانیانەوە عێراقیان کردبووە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندییەکانیان دژی وڵاتانی تر.[(1)]لە پاڵ مەترسی بوونی سوپای ئەمریکا لە عێراق بۆ هەندێک لە وڵاتانی دراوسێ، درووستبوونی دەوڵەتێکی فیدراڵییان لە عێراق بە مەترسی دەبینی، ئەم مەترسییەش بوو بە ڕاستی کاتێک لە ساڵی (٢٠٠٤) بە پێی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە قۆناخی ڕاگوزەری بەردی بناغەی فیدراڵی لە عێراق دانا و پاشان ئەم بنەمایە بە یەکجاری لە دەستووری هەمیشەیی (٢٠٠٥) چەسپێنرا[(2)] لە ڕاستیدا مەترسی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بەهۆی بوونی سنوورێکی فراوان لەگەڵ عێراقدا بە ڕوودانی هەر بارودۆخێک لەم وڵاتە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوان.

لە سەرەتای داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە ئێران یارمەتی چەندین میلیشیا و گرووپی جیاوازی شیعە دەدات بۆ ئەوەی سەقامگیری سیاسی لە عێراق نەیەتەبوون و هێزەکانی ئەمریکا بە ئامانج بگرن[(3)] هەروەها جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین لە کاتی شەڕی دژی ڕێکخراوی داعش، وڵاتی ئێران سەرکەوتوو بوو لە یەکخستنی گرووپ و میلیشیا شیعییەکان لە ژێر ناونیشانێکی فەرمی و لە ژێر ناوی (حەشدی شەعبی) ئەمە هەلی بۆ ئێران رەخساند هەژموونی سیاسی و ئەمنی خۆی، کە تەنیا لە ناوچە شیعییەکان نا، بەڵکو لە ناوچە سوننییەکانیش فراون بکات لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنەکانی بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێردەستی داعش.[(4)] هەروەها ژمارەیەکی زۆر خۆبەخشی سعوودی لە پاش (٢٠٠٣)ەوە ڕوویانکردووەتە عێراق بۆ شەڕکردن دژی سوپای ئەمریکا ئەمەش بوە بەهۆی شەرمەزارییەکی گەورە بۆ دەسەڵاتی (سعوودیە)، کە هاوپەیمانی ئەمریکایە لە سەر ئەم بنەمایەش ئەمریکا ڕەخنەی توند لە سعوودیە گرتووە کە سنوورەکانی کۆنترۆڵنەکردووە و تیرۆریستان لە و سنوورەوە هاتوونەتە عێراق بۆ تێکدانی ئاسایشی[(5)] شیعەکان لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)وە تاوەکوو ئێستا بەهۆی ئەوەی کە زۆرینەن دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست هەمیشە پێیان وا بووە کە زۆربەی ئەو تیرۆریستە بیانییانەی لە عێراقدا شەڕدەکەن لە سعودییەوە هاتوون یان لانی کەم ئیلهامیان لە ڕێبازی وەهابی★ وەرگرتووە کە سەرچاوەکەی سعوودییە[(1)]. کەواتە لەپاش ئێران وڵاتی سعوودییە کاریگەری

---

[(1)] ثامر عبداعزيز السعيد، الارهاب فى العراق بين اسبابه الحقيقية وأبعاده الاقليمية، منشورات زين الحقوقية، ط١، بيروت، ٢٠١٨، ص١٤٣.

[(2)] د.عوسمان عەلی، کێشەی فیدراڵی لە عێراق و داهاتووی عێراق لە نێوان ناوەندییوون و فیدراڵیبووندا، لە کتێبی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و پێکدادانی ناسنامەکان، نوسینی مەهمەت ئاڵکیش، جێسیکا واتکینس و ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ١، ٢٠٢١، ل٦٥.

[(3)] DANIEL BYMA, Iran, Terrorism, and Weapons of Mass Destruction, Studies in Conflict & Terrorism, no:31, 2008, P.174.

[(4)] عەلی مەعموری، گۆڕانەکانی ململانێی شیعە و کاریگەرییان لە سەر نەخشی سیاسی عێراق، لە کتێبی دۆخی سیاسەتی شیعی لە عێراق، پ.د. دیاری ساڵح مەجید، یاسین تەها و ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ١، ٢٠٢٠، ل٧٥.

[(5)] ثامر عبد العزيز السعيد، المصدر السابق، ص١٧٠.

★ ڕێبازی وەهابی وەسفی خۆیان بە سەلەفیزم دەکەن، لەسەر دەقی چەسپا و دامەزراوە و دەقی چەسپاو دەخاتە پێش ئەو فاکتەرە مرۆیی و کۆمەڵایەتییانەوە کە بەوە ناسراوەن بەردەوام لە جوڵە و گۆڕاندان، هەروەها یەک خوێندنەوە بەسەر تەواوی خوێندنەوەکانی دیکەی دەقدا دەسەپێنێت.
سەرچاوە:

نەرێنی هەبووە لە سەر ئاسایشی عێراق ئەمەش بووەتە هۆی بەهێزبوون و دروستبوونی ناسەقامگیری لە عێراقدا.

سووریاش یەکێکی تر لەو دەوڵەتانەی دراوسێی عێراقە لە پاش داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە ترسی ئەوەی هەبووە ئەو سەقامگیریەی هەیەتی لەلایەن ئەمریکاوە تێکبدرێت، بۆیە هاوکاری گرووپە تیرۆریستییەکانیانی کرد بۆ ئەوەی بێنە ناو عێراقەوە و هەندێک لە گرووپە تیرۆریستیەکان لەناو خاکی سووریا مەشقیان پێدەکرا لە (بوکەمال)، هەر بۆیە ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٠٨)دا وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ سووریا هێرشیکردە سەر (بوکەمال)، ئەمە یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەمریکا بوو لە سووریا لە پاش داگیرکردنی عێراق[2].

لەلایەکی ترەوە توركیا سنورێکی فراوانی هەیە لەگەڵ عێراق، لەپاڵ ئەوەی هەندێک پێیان وایە هاوکاری گرووپە تیرۆریستییە سوننییەکان ناکات، وەک ئەوەی چۆن ئێران هاوکاری میلیشیا شیعەکان دەکات یان سعوودییە هاوکاری سوننەکان دەکات[3]، بەڵام هەندێکی تر هەمیشە پەنجەی بۆ ڕادەکێشن کە هاوکاری هەندێک گرووپی تیرۆریستی دەکات لە عێراقدا، لەوانە داعش ،کە ئامانجی لە یارمەتیدانی داعش جێبەجێکردنی بەشێک لە سیاسەتەکانیەتی[4].

بە شێوەیەکی گشتی وڵاتانی دراوسێی عێراق ڕۆڵێکی خراپیان هەبووە لە هاوکاریکردن و کارئاسانی کردن بۆ گەشەکردن و فراوان بوونی تیرۆر لە عێراقدا ئەمەش لە وەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێیان وابوو نا سەقامگیری لە عێراقدا دەیان پارێزێت لە هێرشکردنە سەریان لە لایەن ئەمریکاوە، هەروەها زۆر جار عێراق بووەتە شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش.

**لقی دووەم: هۆکارە ناوخۆییەکان**

هۆکارە ناوخۆییەکانی دروستبوونی تیرۆر لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕامیاری ئەو وڵاتانەوە هەیە لەگەڵ پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵگاکان، کە لە یەکتری جیاوازن، لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا چەندین هۆکار هەبوون بۆ دروستبوونی تیرۆر لە سەر ئاستی ناوخۆی کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**أ. هۆکاری سیاسی**

---

د.ئیبراهیم ئەلحەیدەری، سۆسۆلۆژیای توندوتیژی و تیرۆر، و: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ل. ١٧٣

(1) Sean Kane, The Coming TurkishIranian Competition in Iraq, United States Institute of Peace, SPECIAL REPORT, Washington, 2011, p.8.

(2) Harith Hasan and Kheder Khaddour, The Transformation of the Iraqi-Syrian Border: From a National to a Regional Frontier, Carnegie-MEC, uk,2020, p.8.

(3) Sean Kane, The Coming TurkishIranian Competition in Iraq,Op.cit, p.9.

(4) هاوکار عبدوڵلا، داعش لە نێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٥٩.

زۆرجار یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی کردەی تیرۆریستی یان هۆکارەکانی (سیاسییە)، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەیە هەندێک لە ڕژێمە سیاسییەکان سیاسەتێکی ناڕەوا پیادەدەکەن دژی هاووڵاتیانی خۆیان، نا دادپەروەرانە مامەڵەدەکەن و ئازادی و مافەکانیان زەوت دەکەن، ئەمەش وا دەکات هاونیشتمانیان هەست بەوە بکەن، کە پەراوێز خراون و هیچ ڕۆڵێکیان نییە[1]. لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا مەیلی پشتگوێخستنی عەرەبی سوننە هەبووە بۆیە لە گرنگترین هەنگاودا کە نووسینەوەی دەستووری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) دا بە کۆمیتەیەك سپێررا کە لە (٥٥) ئەندام پێکدەهات نوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکانی تیدا بوو جگە لە عەرەبی سوننە★، ئەم دەستوورە دواتر لە (٢٠٠٥/١٠/١٥)لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە وەك دەستووری هەمیشەیی عێراق پەسەندکرا هەرچەندە لە ناوچە سوننەنشینە عەرەبەکان کەمترین ڕێژە بەشداری لە دەنگدان کردن لەسەر ئەم دەستورە هەبوو[2] هەروەها باڵادەستبوونی شیعە و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات خراپ بەکارهێنانی دەکرێت وەک هۆکارێکی تر هەژماری بکەین.[3]هەموو حکومەتەکانی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٦) ەوە شیعەکان کۆنترۆڵی تەواویان بەسەریدا کردووە و نەیانتوانیوە، کە حکومەتێکی نیشتمانی بن و ڕەنگدانەوەی تەواوی پێکهاتەکان بن، بۆیە زۆرجار کێشە مەزهەبی و نەتەوەیی و ئایینییەکانیان زیاتر قووڵکردووەتەوە، ئەمەش یارمەتی گرووپە تیرۆریستیەکانی داوە سوود لە ململانێی شوناس وەربگرن کە لە عێراقدا هەبووە.

**ب. هۆکاری ئابوری**

هەندێک لە سیاسەتمەداران پێیان وایە کە هەژاری دەکرێت هۆکاری بنەڕەتی کاری تیرۆریستی بێت (جۆن کیری) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا لە لێدوانێکیدا لە ساڵی(٢٠١٤) لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ڤاتیکاندا، گوتی " هەژاری لە زۆر حاڵەتدا هۆکاری ڕیشەیی تیرۆرە"[4] هەروەها بەپێی تێڕوانینی بیرمەندی میسری (د. مصطفی الفقی) هەلومەرجی ئابووری و نزمی پێوەرەکانی ژیان، لە پشت هۆکارەکانی توندوتیژی و پێکدادانەوەکانەوەن و دەکرێت ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر تیرۆر جێبەجێ بکرێت تیرۆریستەکان ئەندامەکانی چینە هەژارەکانن[5].لەپاڵ هەژاری، بوونی گەندەڵی و هەروەها بێکاری و نادادپەروەری لە دامەزراندنی خەڵکدا، هۆکار گەلێکی گرنگی پاڵنەرن بۆ کردەوەی تیرۆریستی، هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر تەماشایەکی ئەوانە بکەین، کە پەیوەندییان بە گرووپی

---

[1] د.جمال نصار، ظاهرة الإرهاب: محدداته وحقيقة المواجهة والتناقضات الدولية، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٥ ، ص٥.

★هەرچەندە لە کۆتای پرۆسەکەدا(١٥) ئەندامی سونەی بۆ زیادکرا بەلام ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە پرۆسەکەدا نەبووو، بڕوانە:

-عابد خالد رسول، الحقوق السياسية فى الدساتير العراقية ، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٢.

[2] Kenneth Katzman,op.cit.,p3.

[3] عیرفان عەزیز عەزیز، ئایندەی پرۆسەی سیاسی عێراق، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٥ ، ل٧٤.

[4] David Sterman, Don T Dismiss Poverty S Role In Terrorism Yet, Publish On Time, 2015, Available At : Https://Time.Com/3694305/Poverty-Terrorism/, (Accessed . 5/4/2022)

[5] فرغلی هارون، الارهاب العولمی وانهيار الامبراطورية الامريكية، دار لاوامی الثقافية، القاهيرة، ٢٠٠٦، ص٣٧.

تیرۆریستی داعشەوە کردوە لە ساڵی ( ٢٠١٣ _ ٢٠١٤) دا ڕێژەیەکی بەرچاویان بە لە (١٠%) دەخەمڵێنرێن بێکار بوون، "[1] هەروەها سەرکردە سیاسییەکانی عێراقیش دانیان ناوە بەوەی کە گەندەڵی گەورە هەیە عادل عەبدولمەهدی سەرۆکی حکومەتی رابردووی عێراق دەڵێت "گەندەڵی عێراقی تەنیوە بە ڕێژەی (٤٥٠) ملیار دۆلار زیانی لە عێراق داوە"[2]. ڕێکخراوی شەفافیەتی نێو دەڵەتی لە ڕاپۆرتێکیدا ئەوەی سەلماندووە، کە گەندەڵی هۆکارێکی سەرەکی تیرۆرە بۆ ئەم مەبەستە نموونەی عێراقی ساڵی (٢٠١٤) وەرگرتووە کە لەو ساڵەدا عێراق لە پلەی (١٧٠) هەمین گەندەڵترین دەوڵەت بووە لە ناو (١٧٤) دەوڵەتدا، کە ئەم ساڵە هاوکاتە لەگەڵ داگیرکردنی بەشێکی عێراق لە لایەن داعشەوە، داعش سوودمەند بوو لەم نادادپەروەری و گەندەڵییە گەورەیە بۆیە بانگەشی ئەوەی دەکرد، کە ئەوان ئاسایش و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکان بۆ هاوڵاتیان دابین دەکەن[3] دەکرێت هەژاری و بێکاری و درووستبوونی جیاوازی چینایەتی گەورە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگادا هۆکاربن بۆ ئەوەی، کە تاک پەیوەندی بە گرووپە تیرۆریستییەکانەوە بکەن و ببین بە تیرۆریست.

**ت. هۆکاری سەربازی (هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق)**

پۆل بریمەر لە( ٢٠٠٣/٣/٢٥ )فەرمانی ژمارە (٢) ی دەرکرد کە بەپێی ئەم فەرمانە هێزی سەربازی عێراق هەڵوەشێنرایەوە، کە ژمارەیان( ٣٨٥ ) هەزار بوو (٢٨٥ ) هەزاریان سەربە وەزارەتی ناوخۆ بوون و (٥٠) هەزاریان سەربە یەکەی ئاسایشی سەرۆکایەتی بوون،[4] هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و دامەزراوە سەربازییەکان وای کرد سەدان هەزار کەس تووشی بێکاری ببن و لە بارودۆخێکی قورسدا ژیان بەسەر بەرن، بۆیە هەندێك لە سەربازانی سوپای عێراقی پەیوەندییان بە گروپە تیرۆریستیەکانەوە کرد[5]. بەتایبەتی کاتێک زەرقاوی ڕێکخراوێکی جیهادی سەلەفی بەناوی (قاعیدەی جیهاد لە وڵاتی ڕافیدەین) درووستکرد زۆرێک لە ئەفسەرە بەعسییەکانی سوپای پێشووی عێراق پەیوەندییان پێوەکرد[6]. یەکێک لە بڕیارە هەڵەکانی ئەمریکا هەڵوەشاندنەوەی تەواوی دامودەزگا سەربازییەکانی رژێمی پێشووی عێراق بوو بەو پێیەی دەکرا سوود لە ئەزمون و لێهاتوویی زۆرێک لە وکەسە شارەزایانە وەربگیرایە بۆ بەرقەرارکردنی سەقامگیری و ئاسایش لە عێراقدا، لە بری ئەوەی کە تواناکانیان بخەنە خزمەتی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە.

---

[1] Jessica Trisko Darden, Tackling Terrorists’ Exploitation Of Youth, The American Enterprise Institute, USA, 2019, P.8.

[2] أحمدى هادي، ٢٠ قصة فساد... كيف ضاعت ٥٠٠ مليار دولار في العراق ، من موقع الاليكتروني: https://bit.ly/34rjPIy، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٢

[3] منظمة الشفافية الدولية في المملكة المتحدة ، الطابور الخامس فهم العلاقة بين الفساد والنزاع، منظمة الشفافية الدولية، المملكة المتحدة، ٢٠١٧، ص٢٢.

[4] JAMES P. PFIFFNER, US Blunders in Iraq: De-Baathification and Disbanding the Army, Intelligence and National Security Vol. (25), No. (1), 76–85, February 2010, P.80.

[5] دعماد جاسم حسن، أثر الارهاب على الاوضاع الاقتصادية فى العراق وانعكاساته الاجتماعية..الاسباب والمعالجات، مجلة بحوث، تصدر عن مركز لندن للبحوث والدراسات والاستشارات، العدد الثامن عشر، شباط ٢٠١٨، ص١١٩.

[6] د.ئازاد عەلی، بەراییەکانی دەرکەوتنی داعش وەک هێزێکی سەربازی و ئایدیۆلۆژی، لە کتێبی کوردستان و پۆست داعش، نوسینی ئازاد عەلی، هاوڕێ باخەوان و ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ.٣، ٢٠٢٠، ل٢٢.

**پ. هۆکاری کۆمەڵایەتی**

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان چەندین ڕەهەندی جیاواز لە خۆدەگرن، کە گرنگترینیان نادادی کۆمەڵایەتییە" نادادی دەکرێت هۆکارێکی بنەڕەتی بێت بۆ هاندان بۆ کردەی تیرۆریستی"[1]. هەروەها لە پاڵ نادادی کۆمەڵایەتی دەکرێت نەزانی و کێشەی ناسنامە و بێبەشکردنی کۆمەڵایەتی و هۆکارە خێزانی و ئەتنی و مەزهەبی و چەوساندنەوەی کەمینەیەک یان گرووپێک پاڵنەر و هۆکاری بنەڕەتیین بۆ دروستکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی[2].عێراق وڵاتێکە پێکهاتەی جیاوازی تێدایە چی لە ڕووی ئاینزا و ئاین یان نەتەوە، لە جیاوازی ئاین و مەزهەب و نەتەوە وای کردووە بەشداریکردنێکی یەکگرتوو نەبێت لەنیو پێکهاتەکان لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی راستەقینەی پێکهاتەکان، ناکۆکییە دینی و مەزهەبیەکان لە عێراقدا بوونەتە گەورەترین پاڵپشتی درووستبوونی تیرۆر بەشێوەیەك هەندێك لە سەرکردە سیاسییەکان وایان کردووە هەستی ئاینزایی خەڵك دژی یەکتری بورووژێنن، لە کاتی دروستبوونی داعش دەبینین زۆرێك لە هۆزە عەرەبەکانی مووسڵ هاوکاریان دەبن وە بەیعەتییان پێدەدەن[3].لە زۆرێك لەوڵاتە پێشکەوتووەکان ئەم پێکهاتە جیاوازە بۆتە بنەمای بەهێزی و پێشکەوتنیان وەك سویسرا و وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڵام لە وولاتێکی وەک عێراقدا جیاوازی مەزهەبی وەک بە شێک لە بنیاتی کۆمەڵایەتی عێراق بووەتە هۆکارێکی بنەڕەتی دروست بوونی تیرۆر و بەهێزبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان.

---

[1] Malini Subramanyam, Motivation leading to radicalization in terrorists, Forensic Research & Criminology International Journal, Volume (6) Issue (4) , 2018, p.304.

[2] خضير ياسين الغانمي، ظاهرة الارهاب الدولي...العوامل الدافعه وكيفيه معالجتها، مجلة أهل البيت عليهم السلام، مجلة فصلية محكمة تصدرعن جامعة أهل البيت، العراق، ٢٠٠٥، العدد١٦، ص٣١٣.

[3] أ.د. سامر مؤيد عبد اللطيف و م.م. حمد جاسم محمد، الإرهاب وتأثيره على التعايش السلمي بين الأديان والمذاهب في العراق، بحث مقدم الى (المؤتمر الوطني حول الاعتدال في الدين والسياسة) يومي ٢٢ و٢٣ اذار ٢٠١٧، الذي عقد من قبل مؤسسة النبأ للثقافة والاعلام ومركز الدراسات الاستراتيجية في جامعة كربلاء ومركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية،نشر فى ٢٠١٨/٧/١٤، على موقع (https://m.annabaa.org/arabic/studies/15915 )

**تەوەرەی دووەم: جۆرەكانی تیرۆر لە عێراقدا**

لێرەدا جۆرەكانی تیرۆر لە عێراقدا خراوەتە ڕوو(بەپێی سەرچاوەی كاری تیرۆرەكە و بەپێی ناوەڕۆكی كاری تیرۆرەكە) ئەمیش هەمان ئەو بنەمایەیە كە لە بەشی یەكەمی توێژینەوەكە بەكارهێنراوە بۆ خستنەڕووی جۆرەكانی تیرۆر.

**لقی یەكەم: بەپێی لایەنی ئەنجامدەری تیرۆرەكە:**

لەسەر بنەمای (سەرچاوەی كاری تیرۆر) دەكرێت لە عێراقدا تیرۆر دابەش بكرێت بۆ دوو جۆر كە ئەوانیش (تیرۆری دەوڵەت و تیرۆری تاك و كۆمەڵەكان(بەكۆمەڵ) ).

**١- تیرۆری دەوڵەت لە عێراقدا**

لە دوای نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق و دروستكردنی دامودەزگاكانی دەوڵەت زۆر جار لە لایەن بەرزترین دەسەڵاتی عێراقەوە دامودەزگاكانی دەوڵەت بەكار هاتووە دژ بە گرووپێک یان كۆمەڵێک، باشترین نموونەش ڕووداوەكانی ساڵی (٢٠٠٧)ە، بەهۆی ناكۆكی نێوان موقتەدا سەدر و نوری مالیكی كە ئەو كاتە سەرۆک وەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانیش بوو ماڵی شیعە گەورەترین ناكۆكی و ململانێی بە خۆوە بینی كە بەرهەڵستكارەكان موقتەدا سەدرسەرۆكایەتی دەكردن لەلایەن حكومەتی عێراقی ئەو كاتەوە گەورەترین هەڵمەتی ڕەشبگیری دژیان ئەنجامدرا بەتایبەت دوای تیرۆركردنی پارێزگاری (قادسیە و سەماوە) ئەمەش حكومەتی مالیكی خستە دۆخێكی دژوارەوە، ململانێی ئەو كاتە تاوەكوو ئێستا كاریگەری هەیە بە سەر پەیوەندییەكانی نێوان مالیكی و سەدرەوە[1] هەر لەسەردەمی فەرمانڕەوای مالیكدا تاریق هاشمی جێگری سەرۆک كۆماری عێراق تۆمەتبار دەكرێت بە یارمەتیدانی تیرۆر، لە ساڵی (٢٠١٢)دا بە بێ ئامادەبوونی لە دادگا سزادەدرێت.[2]

ئەم سزادانەی تاریق هاشمی بە تیرۆری دەوڵەت هەژماربكرێت كە مالكی ڕۆڵی دیاری تیایدا هەبووە بۆ ئەوەی نەیارەكانی لە عێراق وەدەربنێت. هەروەها زۆرێک لە و ڕەفتار و شێوازی مامەڵە كردنەی، كە بەرامبەر بە خۆپیشاندەران كراوە لە عێراقدا دەكرێت وەک تیرۆری دەوڵەت هەژماری بكەین، كە بە پێی راپۆرتێكی (یۆنامی) لە خۆپیشاندانەكانی (١ی تشرینی یەكەمی ٢٠١٩) تاوەكوو (٣٠ی نیسانی ٢٠٢٠) لانی كەم (٤٨٧) بوونەتە قوربانی و (٧٧١٥) ی تریش بریندار بوون بەهۆی

---

(1) یاسین تەها، ناكۆكییە نێوخۆییە سیاسییەكانی شیعە و لێكەوتەكانی لەسەر دۆخی عێراق، لە كتێبی دۆخی سیاسەتی شیعی لە عێراق، پ.د. دیاری ساڵح مەجید، یاسین تەها و ئەوانیتر، ناوەندی لێكۆڵینەوەی ڕووداو، چ١، ٢٠٢٠، ل٥٣.

(2) Tim Arango and Duraid Adnan, *Dozens Escape in Deadly Iraqi Prison Break, sep2012, Availabile on: https://www.nytimes.com/2012/09/29/world/middleeast/militants-attack-iraqi-prison-near-tikrit.html, (Accessed: 2/11/2022)*

کردەوەی هێزە ئەمنییەکانی سەر بە حکومەت و هێزە چەکدارە نە ناسراوەکان[1]. هەروەها لە (١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩) تاوەکوو (١٥ ی ئایار ٢٠٢٠) نزیکەی (٤٨) هەوڵدان بۆ تیرۆرکردن هەبووە بەرامبەر خۆپیشاندەران، ئەمە جگە لەوەی کە چەندین خۆپیشاندەر فڕێنراون لە لایەن ئەو هێزە چەکدارانەی سەر بە دەوڵەتن[2]. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین لە کاتی دروستبوونی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان لە ساڵی(٢٠١٩) دا ململانێیەکی توند لە نێوان رەوتی سەدر و گرووپە چەکدارەکان ڕوویدا بە تایبەت لەگەڵ (عەسائیبی ئەهلی حەق)، بە شێوەیەک ئاستی ئەم ناکۆکییانە گەشتە ئەوەی (عەسائیبی ئەهلی حەق) ڕەوتی سەدری بە تیرۆرکردنی سەرکردە و کەسایەتییە گرنگەکانی عێراق تۆمەتبارکرد[3]. لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە زۆرجار دامودەزگاکانی دەوڵەت لە عێراقدا ڕۆڵی خراپیان گێڕاوە لە ململانێکانی عێراقدا لە بەرژەوەندی گرووپێک یان کەسایەتییەکی سیاسی دژی گرووپێک یان پێکهاتەیەک.

**٢- تیرۆری تاک و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان لە عێراقدا**

لە عێراقدا زۆرێک لە گرووپ و کۆمەڵە و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکرێت بخرێنە ئەم چوارچێوەیەوە کە لێرەدا ئاماژە تەنیا بە چەند نموونەیەک دەکەین لە سەر بنەمای مەزهەبیش جیایان دەکەینەوە :

**أ- گرووپە تیرۆریستییە سوننییەکان**

بەدەیان ڕێکخراو، باند و تاقمی توندڕەوی تیرۆریست لە عێراقدا دروستبوون و هەندێکیان لە ژێر چەتری ئیمان و جیهاددا خوێنیان ڕشتووە هەندێکی تریان بەناوی دەرکردنی بێگانەوە دەستیان داوەتە سەربڕین، نموونەی ئەو ڕێکخراو و باندانە (کەتیبەکانی شۆڕشی بیست، کەتیبەکانی ئەبوبەکری صدیق، ڕێکخراوی ئەبو ئیزرائیل، کەتیبەکانی ئەهوال، لیوای ئیبن مەلیك، لیوای فاروق، لیوای فرسان، ئەنسار ئەلدین، ئەنسار ئەلئیسلام، ئەنسار ئەلجیهاد، جەیشی ئەنسار ئەلسوننە، جەبهەی تەحریری عەرەبی، جەیشی شوێنکەوتوانی سونەی ئیسلام، لیوای شۆڕشی عەرەبی، لیوای ئەنسار ئەلتەوحید وەلسوننە، لیوای شەهید ئەحمەد یاسین، لیوای شێری مونتەسیربیلا، گرووپی مەرگی موجاهیدینی عێراق، ڕێکخراوی زیقار، لیوای ڕقی پیرۆز، لیوای باز، مقاوەمەی شەرعی عێراقی، سوپای ڕزگاری عێراق، لیوای تۆڵەسەندنەوەی عێراق، لیوای وەقاسی ئیسلامی، جەیشی ئیسلامی لە عێراق، لیوای سەلاحەدین، لیوای جیهادی ئیسلامی، بزوتنەوەی ئیسلامی جەنگاوەرە پیرۆزەکان، لیوای غەزەبی ئیسلامی، لیوای مقاومەی ئیسلامی، کەتیبەکانی ئەبو حەفسی میسری، مەجلیسی شورای موجاهیدین لە عێراق و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە بیلادی رافیدەین)[4].لێرەدا دوو نموونە

---

[1] بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق( يونامي)، تطورات التظاهرات في العراق: المساءلة بشأن إنتهاكات وتجاوزات حقوق الإنسان التي ترتكبها" عناصر مسلح مجهولة الهويةن" ، بغداد، أيار ٢٠٢١ ، ص٤.

[2] نفس المصدر، ص٥.

[3] پ.د. دیاری ساڵح مەجید، کێبرکێی جیۆپۆلیتیکی لە دڵی عێراقی شیعەدا، لە کتێبی دۆخی سیاسەتی شیعی لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

[4] فەرزەند شێرکۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل.ل١٢٧-١٢٨.

شرۆڤەدەکەین لەو گروپانە کە ئەوانیش (ئەلقاعیدە و داعش)ە لە سەر ئەو بنەمایەی کە ئەم دوو گرووپە زۆر ترین لێکەوتەیان لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق هەبووە:

**١- قاعیدە لە عێراق وەک درێژکراوەی شەپۆلی چوارەمی تیرۆریزم:**

لەدوای دەستپێکردنی هێرشی ئاسمانی هێزەکانی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان زەرقاوی لەگەڵ شوێنکەوتووەکانیدا ئەفغانستان بە جێدەهێڵێت روو دەکاتە ئێران و دواتر دێتە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان و گرووپی (التوحید الجیهاد) دروست دەکات و پاشان دەست بە جموجۆڵکردن دەکات لە سنووری ئێران و عێراق و سووریا و لوبنان و ناوچە کوردییەکانی باکووری عێراق ئەم گەڕانەی زەرقاوی لەیەك کاتدا بۆ خۆلادان بوو لەوەی بکرێتە ئامانجی سیخوری و لەناوببرێت، هەروەها بۆ فراوانکردنی تۆڕی گرووپەکەی بوو.[1] زەرقاوی بە هاوکاری رێکخراوی ئەلقاعیدە هانی موسڵمانانی جیهان ئەدات رووبکەنە عێراق بۆ شەڕکردن دژی داگیرکاری ئەمریکی بۆ ئەم مەبەستە زەرقاوی دەستی کرد بە رێکخستنی تۆڕەکەی و دەستخستنی چەك ، تۆڕیکی سیخوری دروستکرد بەمەبەستی نانەوەی تەڵە بۆ سەربازانی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەعێراق.[2]

گروپی (التوحید_الجیهاد)ی زەرقاوی، کە پێشتر لە باکووری عێراق دایمەزراندبوو بە هاوکاری گرووپێکی ڕاهێنرا و لە جەنگاوەرە تیرۆریستییەکان لە کەمپی هارات لە ئەفغانستان مەشقیان پێکرابوو، لە سەرەتای داگیرکردنی عێراق لەلایەن وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەستدەکەن بە دروستکردنی شانەی نوستوو لە (بەغداد)، کە ئەمە دەبێت بە سەرەتایەکی بنەرەتی دژی داگیرکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەهێزبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان، چالاکییەکانی ئەم گرووپە بەخێرایی بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ناوبانگی بەتایبەت لەدوای تەقینەوەی مزگەوتی شیعەکان لە نەجەف و تەقاندنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا و هەروەها تەقاندنەوەی باڵویزخانەی ئوردن ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە ئەفغانستانەوە تیرۆریستە بە ئەزمونەکان پەیوەندی بەم گرووپەوە بکەن ئەم گرووپە هەست و سۆزی سوننەکانیان بەکاردەهێنا و داوایان دەکرد دژی شیعە بوەستنەوە، خاڵێکی گرنگ لە ژیانی زەرقاوی ئەوە بوو لە مانگی( ٩ ی ساڵی ٢٠٠٤ )دا بە ڕەسمی بەیعەت ئەدات بە (القاعدة) و ئەلقاعیدەی عێراق دروستدەکات ناوی دەنێت (قاعدة الجهاد فی بلاد الرافدین) ، بەهۆی کارە دڕندانەکانییەوە ئەلقاعیدەی عێراق و زەرقاوی لە میدیا دا سەرنجی زۆریان لەسەر بووە.[3]ئەمریکییەکان وەك دووەم ترسناکترین تیرۆریست لەسەر ئاستی جیهان تەماشای زەرقاوییان دەکرد لەدوای ئوسامە بنلادنەوە بۆیە دەیکەنە ئامانجی هێرشە ئاسمانییەکانیان و لە

---

(1) m. j. kirdar,op.cit, p.3.

(2) Ibid, p.4.

(3) Tomáš Kaválek, From al-Qaeda in Iraq to Islamic State: The Story of Insurgency in Iraq and Syria in 2003- 2015, Vol. (14), No. (1), Spring 2015,p.5.

(٢٠٠٦/٦/٧ )لە ئەنجامی هێرشێكی ئاسمانی هێزی وویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە عێراق زەرقاوی دەكوژرێت[1].

## ٢- داعش وەک شەپۆلی پێنجەمی تیرۆریزم

ئەو ڕێكخراوەی (أبومصعب الزرقاوی) دروستیكرد بە كوژارانی كۆتایی نەهات و بەردەوام دەبێت لە ژێر سەركردایەتی سەركردە تیرۆریستییە جیهادییەكان و چەندین گۆڕانكاری لە ناوەكەیدا ڕوودەدات لە ساڵی (٢٠٠٦) دوای كوژرانی (ابومصعب)، (ابوحمزە المهاجر) بوو بە ئەمیری رێكخراوی (القاعیدة) و دواتر (ابوعمر البغدادی ) بوو بە سەرۆكی ئەو قەوارە سیاسییەی لە ژێر ناوی (دولة العراق الاسلامیة) خۆی ڕاگەیاند لە(٢٠١٠/٤/١٩) هەر دووک لە (ابوعمر البغدادی) و (ابوحمزە المهاجر) بە بۆمببارانی فڕۆكەكانی وویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ماڵێكدا لە ناوچەی (ثرثار)كوژران. دوای كوژرانی (ابوعمر البغدادی ) لە ساڵی ٢٠١٠، (ئەبوبەكر بەغدادی) سەركردایەتی ئەم ڕێكخراوە دەگرێتە دەست كار و چالاكییەكانی ئەم ڕێكخراوە تیرۆریستییە زیاد دەكات و فراوان دەبێت.[2]

پاش ئەوەی كە شۆڕشی جەماوەری لە سووریا دەستپێدەكات دژی ڕژێمی ئەسەد دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقی ئیسلامی ئەو ئاژاوەیە دەقۆزێتەوە و یەكێك لە سەركردەكانی خۆی بەناوی (ئەبو محەمەد جۆلانی) دەنێرێتە سوریا بۆ كۆكردنەوەی ئەو جیهادییانەی ڕژێمی سوریا بەریدان پاشان لە ٢٣ ی یەنایەری ٢٠١٢ (جبهة النصرة) دروستدەكەن.بەرەی نوسرە دژی ڕژێمی ئەسەد دروستكرا وەك ڕێكخراوێكی جیهادی، بەڵام كاتێك ئەبوبەكر بەغدادی بڕیاریدا (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) ڕابگەیەنرێت و ئەمانیش بین بە بەشێك لەو دەوڵەتە، داواكەی ئەبوبەكر بەغدادی ڕەتدەكەنەوە و هەندێك پێیان وایە گەورەترین شەڕ لەمێژووی گرووپە تیرۆریستییەكان لە ناوخۆیاندا ڕوویدا بێت ئەو شەڕە بوو لە نێوان داعش و بەرەی نوسرە بووە لە سوریا بەهۆی سەركەوتنەكانی داعش بەغدادی خۆی كرد بە خەلیفەی مسوڵمانان لە هەموو جیهان و هەروەها ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامی گۆڕی بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی) لە (٢٠١٤/٦/٢٩) ، هەرچەندە ناوی(داعش) بەسەریاندا سەپێنراوە، لێیان نابێتەوە[3]. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین ئەبوبەكر بەغدادی توانی سوود لە چەوسانەوەی سوننەكان ببینێت لە عێراقدا و سەرنجیان ڕابكێشێت، كە هاوكاری بن لە (٢٠١٤) دا مووسڵ داگیر بكات، كە دووەمین شاری گەورەی پڕ لە دانیشتووانە لە عێراقدا[4]زۆرێک لە گرووپە

---

[1] Peter Chambers,Abu Musab Al Zarqawi: The Making and Unmaking of an American Monster (in Baghdad) Alternatives: Global, Local, Political , February 2012, Vol. (37), No. (1), February 2012, p.40.

[2] جەزا ئەحمەد فارس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

[3] هەمان سەرچاوە، ل١٦.

[4] كارۆلین كێنۆن، سەرهەڵدانی داعش تیرۆریزم لە سەدەی نوێدا، و: تەحسین تەها چۆمانی، چاپخانەی حمدی، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٠٣.

تیرۆریستیەکان سوکایەتییان بە پێگەی ژن کردووە بەڵام هیچیان تاوەکو ئێستا وەک داعش نەبوون، کە تەنها ژن لە چوارچێوەی سیاسەت پارە سێکس پەیڕەو کراوە، هەروەها داعش لە ١٠٪ داهاتەکانی لە فرۆشتنی ئەو کچ و ژنانەوە دەست دەکەوت کە دەستی بەسەردا گرتبوون[1].

**ب- گروپە تیرۆریستییە شیعییەکان:**

لە پاڵ ئەوەی کە لەناو سوننەکاندا بەهۆی پەراوێزخستنیانەوە چەندین گرووپی تیرۆریستی درووستبوون کە لە سەرەوە ئاماژەمان بە ناوی هەندێکیان کرد لەناو شیعەکانیش★ چەندین گروپی و میلیشیای تیرۆریستی پاش ساڵی (٢٠٠٣) بە هاوکاری ئێران دەرکەوتن، لە گرنگترین ئەو میلیشیانە بریتیبوون لە " (عصائب أهل الحق، سرایا السلام، کتائب حزب الله العراقي، سرایا الدفاع الشعبي، لواء أبي الفضل العباس) چەندین گرووپی تری شیعەش هەن، کە کاری تیرۆریستیان لە عێراقدا ئەنجامداوە. هەندێك لەم گرووپ و میلیشیانە سەرکردەکانیان بەر لە کەوتنی ڕژێمی (سەدام) لە ئێران بوون و ڕاستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری مادی و مەعنەوی دەکران"[2]. لە پاش ڕووخانی رژێمی پێشووی عێراق ئێران دەستیکرد بە پێشکەشکردنی یارمەتی و مەشقپێکردن بە گرووپ و میلیشیا شیعەکان لە عێراقدا لەراستیدا هەندێك لەم گروپ و میلیشیانە پێشتر دروستکرابوون بەتایبەت لەسەردەمی سەدام حسین دژی ئەم رژێمە سەرکوتکارە بوون دواتر ئێران سودی لەم گروپ و میلیشیانە وەرگرت کاتێك بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراقیان کرد.[3]یەکێك لە دیارترین گرووپە چەکدارە شیعەکان کە لە ساڵی (٢٠٠٣) وە دژی سوپای وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق شەڕی دەکرد سوپای مەهدی موقتەدا سەدرە و بەرپرسی زۆربەی کارە توندوتیژییەکانە بەتایبەت لە ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧).[4]هەروەها عەسائیبی ئەهلی حەق کە لە (٢٠٠٤) دامەزراوە سەرەتا سەر بە رەوتی سەدر بوون دواتر لە( ٢٠٠٦ )جیابوونەوە تاوانبارن بە قووڵکردنەوەی ململانێی نێوان شیعە و سوننە و ئەم گرووپە لە هەرە توندرەوترین گرووپەکانی شیعەن لە عێراقدا.[5] ڕێکخراوی بەدریش کە (هادی عامری) سەرۆکایەتی دەکات لە ئێستادا یەکێکی ترە لەو گرووپانەی کە پەیوەندییەکی بەهێزی

---

(1) جێسیکا دێڤیس، ئیسلامی سیاسی و بەرهەم هێنانی ژنانی تیرۆرست، و:ماجید خەلیل، گۆڤاری فاکت، دەزگای ئایدیا، ژمارە٣-٤، ٢٠٢٠،ل. ل١٠٥-١٠٦.

★ بۆ دیاریکردنی گروپە تیرۆریستییە شیعییەکان پشتمان بە و پێوەرە نێودەوڵەتیانە بەستووە کە گرووپە تیرۆریستییەکانیان دیاریکردووە.

(2) الجزیرة، الملیشیات الشیعیة بالعراق.. سلطة فوق الدولة، نشر علی موقع الجزیرة،٢٠١٦/١/١٩علی موقع: https://bit.ly/3lZwvy6، ،زیارة: ٢٠٢٢/٢/٢٠.

(3) بێستون حسێن عارف، حەشدی شەعبی لەنێوان میلیشیا بوون و بەفەرمیبووندا،گۆڤاری جۆرناڵ،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات،،ژمارە(٤٠)، ٢٠١٩، ل٦٦.

(4) Maha Azza, Iraq and Political Islam, in the research Iraq Ten Years, Edited by Claire Spencer, Jane Kinninmont and Omar Sirri, The Royal Institute of International Affairs, 2013, P.23.

(5) ئەنوەر حسێن بازگر، داعش و میلیشیاکان، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی دلێر، چ١، سلێمانی، ٢٠١٦ ، ل٨٢.

لەگەڵ ئێران هەیە[1]، ئەو پەیوەندییە بە هێزە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سوپای بەدر لە ئێران دروستکراوە لە ساڵی (١٩٨١)دا بە ناوی (فیلق بدر) دوای (٢٠٠٣) گەڕاونەتەوە بۆ عێراق و بەرپرسیارن لە چەندین کردەی تیرۆریستی، کە تێیدا زانایان و دەستەبژێر و دکتۆرەکانی عێراقیان کردووەتە ئامانج[2]. (کتائب حزب الله) لیواکانی حزب لڵای عێراقی یەکێکە لە میلیشیا سەرەکییەکانی عێراق لە ژێر سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی ئێراندا کاردەکات، کە پێک هات لە یەکگرتنی چەند کۆمەڵەیەکی تایبەت لە لایەن سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران (٢٠٠٥-٢٠٠٧ ) بەڕێوە دەبران، لە ساڵی (٢٠٠٩) و ئەمریکا کردوویەتییە ناو لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیهانییەکانەوە، کە بەرپرسیارن لە هێرشکردنە سەر سوپای ئەمریکا و دروستکردنی ناسەقامگیری سیاسی لە عێراقدا[3] ئەم میلیشیایە میلیشیایەکی چەکدارە، کە بەشداربوون لە چەندین کاری تاوانکاری لەوانە لە شەڕی تائفیدا لە دژی پێک هاتەکانی تری عێراق[4]

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین لەگەڵ دروستبوون و فراوانبوونی داعش لە عێراقدا، (عەلی سیستانی) مەرجەعی باڵای شیعەکان داوایکرد ئەوەی توانای چەك هەڵگرتنی هەیە بێتە ریزی سوپاوە دژی داعش، زۆربەی گرووپ و میلیشیا شیعەکان ئەم هەلەیان قواستەوە بۆ ئەوەی شەرعیەتی ئاینی و پاشان سیاسی وەر بگرن بۆیە خۆیان لە ژێر چەتری حەشدی شەعبیدا ڕێکخست.[5]یاسای ژمارە (٤٠) ی ساڵی (٢٠١٦) یاسای دەستەی حەشدی شەعبییان بۆ دەرچوو، بە پێی بەند و ماددەکانی ئەم یاسایە، حەشدی شەعبی بە شێوەیەکی فەرمی بەشێکە لە هێزە چەکدارەکانی عێراق و پەیوەستە بە سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان[6]. ئەمەش هەنگاوێکی مەترسیدار بوو بۆ بەیاسایکردنی چەندین هێز و گرووپ، کە پێشتر بەتیرۆریست ئەژمار کراون یان بە ئەنجامدانی کردەی تیرۆریستی.

---

(1) هدى رؤوف، ماذا بعد تأسيس إيران الميليشيات الشيعية في دول النزاع؟ ، ٢٠١٩، على موقع: shorturl.at/hlEV1 ، زيارة: ٢٠٢٢/٢/٢١.

(2) صالح الدهني، ما هي المليشيات الشيعية المقاتلة بالعراق؟ (ملف+ إنفوغراف)، على موقع: shorturl.at/evyT5، زيارة: ٢٠٢٢/٢/٢٢.

(3) Michael Knights, Crispin Smith, Hamdi Malik, Profile: Kataib Hezbollah, Policy Analysis , The Washington Institute, Apr 1, 2021, Avilabile at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/profile-kataib-hezbollah, (Accessed . 23/2/2022)

(4) سكاي نيوز عربية، أذرع إيران الإرهابية.. تعرف على ميليشيات نشر الفوضى، أبوظبي - سكاي نيوز عربية، 11 سبتمبر 2018، shorturl.at/fotCV، زيارة: ٢٠٢٢/٢/٢٣.

(5) بێستون حسێن عارف، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥.
(6) زیرەك ئەحمەد رەحمان، حەشدی شەعبی پێکهاتە و تێروانینی ناوچەکە بۆ ئەو هێزە، گۆڤاری جۆرناڵ،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات،،ژمارە(٤٠)، ٢٠١٩، ل٧٨.

### لقی دووەم: جۆرەکانی تیرۆر  لە عێراقدا بەپێی مەبەستی کاری تیرۆرەکە:

لەسەر بنەمای (ناوەڕۆکی کاری تیرۆرەکە) دەکرێت  لە عێراقدا تیرۆر دابەشبکرێت بۆ چەند جۆرێک  ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

**١-تیرۆری ئایدۆلۆژی**

دەکرێت زۆرێک لە گرووپە تیرۆریستییەکانی عێراق گرووپی تیرۆریستی ئایدۆلۆژیش بن لەوانە داعش لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە بە ڕێکخراوێکی سەلەفی وەهابی چەکدار ناوزەنددەکرێت، کە ئامانجیان گەڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامییە و پیادەکردنی پرەنسیپی شەرعیەتی ئیسلامە لە عێراق و شام و دواتر پەلهاویشتنی بۆ سەرانسەری جیهان[1] هەروەها ئەلقاعیدەش هەر وەک داعش دەکرێت لە چوارچێوەی تیرۆری ئایدۆلۆژی هەژماری بکرێت کە ڕابەرایەتی ئیسلامی سیاسی توندڕەو دەکات[2].

**٢-تیرۆری ئایینی و مەزهەبی**

داعش چۆن گرووپێکی تیرۆریستی ئایدۆلۆژییە دەکرێت پۆلێنبکرێت لە چوارچێوەی تیرۆری ئاینی، بەو پێیەی گرووپێکی جیهادییە کە باوەڕی بە خەباتی توندوتیژی هەیە دژی نا موسڵمانەکان و موسڵمانەکانیش بۆ ئەوەی کە پابەندیان بکات[3]. قاعیدەش هەر وەک داعش تیرۆرێکی ئایینییە بەو پێیەی هەندێک پێیان وایە کە چاوگی ئایدیۆلۆژیا و بیری سیاسییان بریتییە لە ئایینی ئیسلام[4]. هەروەها قاعیدە لەپاڵ ئەوەی  دەکرێت وەک تیرۆری ئاینی هەژماربکرێت بەو پێیەی  دەکەوێتە شەپۆلی چوارەمی تیرۆرەوە، زۆرێک لە کردەوەکانی دەچێتە چوارچێوەی تیرۆری مەزهەبیشەوە بۆ نموونە لە مانگی شوباتی (٢٠٠٦) قاعیدە لە عێراق سەرکەوتوو بوو لە تەقاندنەوەی مەزارگەی ئیمامی (عەسکەری) لە (سامەڕا)، کە لە سێیەم پیرۆزترین شوێنی شیعەکانە، ئەمەش بووە هۆی سەرەتایەک بۆ دروستبوونی تیۆری مەزهەبی نێوان سوننە و شیعە، کە چەندین ساڵی خایاند[5] کردەوەی زۆرێک لە گرووپە تیرۆریستییە شیعەکانیش دەکرێت بکەونە چوارچێوەی تیرۆری مەزهەبییەوە لە دیارترینیان سوپای سەدر و ڕێکخراوی بەدر، کە  لە کاتی ململانێکانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) هەزاران هاووڵاتی سوننەیان کوشت(تیرۆر کردووە)[6] وەک چۆن قاعیدە و داعش لە هەناوی سوننەی عەرەبییەوە لە عێراق بە خێرای  گەشەدەکەن و فراواندەبن گروپە تیرۆریستییە شیعەکانیش لە هەناوی مەزهەبی شیعە و ناوچە شیعەنشینەکانەوە فراوان دەبن بە عەقڵی سڕینەوەی پێکهاتەکانی دەرەوەی شیعە کاردەکەن بۆیە

---

(1) ڕزگار شەمێرانی، لەبارەی سەلەفیە و سەلەفیبوونی داعشەوە، چاپخانەی کاروخ، چ١، ٢٠١٥، ل٧١.
(2) موعتەسەم نەجمەدین، شارە زەردەواڵە پرۆسەی دروستکردنی داعش، دەزگی ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٦٧.
(3) پاتريك بي چونستون، چيكوب إن .شيپيرو والاخرون، أُسُس تنظيم الدولة الإسلامية الإدارة، والمال، والإرهاب في العراق، من عام ٢٠٠٥ إلى٢٠١٠ ، نشرته مؤسسة رند، سانتا مونيكا، كاليفورنيا، ٢٠١٦، ص١١.
(4) موعتەسەم نەجمەدین، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.
(5) پاتريك بي چونستون، چيكوب إن .شيپيرو والاخرون، المصدر السابق، ص١٦.
(6) Kirk H. Sowell, The Rise Of Iraq’s Militia State, Carnegieendowment. , Https://Carnegieendowment.Org/Sada/59888, (Accessed . 28/2/2022).

به شێوەیەکی گشتی، ئەگەر نەتوانین هەموو گرووپە تیرۆریستییە شیعییەکان پۆلێنبکەن لە چوارچێوەی گروپی  تیرۆری مەزهەبی ئەوە بە دڵنیاییەوە زۆربەیان دەگرێتەوە.

**٣-تیرۆری سیاسی لە عێراق**

لە ڕاستیدا تیرۆری سیاسی لە لایەن زۆرێک لە ڕێکخراو و گرووپ و کۆمەڵەکانەوە ئەنجامدراوە چونکە هەموویان خەونی چونە دەسەڵات یان کاریگەریی دانان لە سەر دەسەڵاتیان هەیە، بۆیە دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت ئەو  گرووپانەی کە لە سەرەوە باسکراون بە جۆرێک یان شێوازێک لە شێوازەکان دەکرێت لە چوار چێوەی تیرۆری سیاسی هەژماربکرێن.

## تەوەرەی سێیەم: شێوازەکانی تیرۆر لە عێراقدا

گرووپە تیرۆریستییەکان چەندین شێوازی جیاواز لە کردە تیرۆریستییەکانیاندا بەکاردەیەنن لە سەر بنەمای ئەوەی کام شێواز فەراهەمە بۆیان و ئەگەری سەرکەوتنیان هەیە و زۆرترین کاریگەری بە جێدهێڵێت، هەرچەندە چەندین شێوازی تیرۆر لە عێراقدا هەیە، بەڵام لێرەدا لە سەر بنەمای دیارترین و بەربڵاوترین شێوازەکانی تیرۆر کە لە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە خراوەتەڕوو شێوازەکانی تیرۆر لە عێراقدا شرۆڤەکراوە:

### لقی یەکەم: ڕفاندنی بارمتە

لە پاڵ ئەوەی ئامارێکی ورد نییە سەبارەت بە ڕفاندن، بەڵام سیمایەکی دیاری عێراق بووە لە ساڵی (٢٠٠٣)وە بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ( HUMAN RIGHTS WATCH)، کە پشتی بە ستووە بە توێژینەوەیەکی وەزارەتی تەندروستی عێراقی، کە لە مانگی (٤) ی (٢٠٠٥) بڵاوکراوەتەوە لە مانگی (٤)ی (٢٠٠٣) وە کە هاوکاتە لەگەڵ ڕوخانی ڕژێمی سەدام ( ١٦٠- ٣٠٠) دکتۆری عێراقی ڕفێندراون[1] لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە لە(٢٠٠٣)ەوە ڕفاندن یەکێک بووە لە شێوازەکانی تیرۆر لە عێراقدا. هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی( Amnesty International) لە ڕاپۆرتی ساڵی (٢٠٠٥) ئاماژە بەوە دەکات، کە بە بارمتە گرتن لە عێراقدا ڕێژەکەی لە بەرزبوونەوەدایە بەتایبەت (شۆفێری بارهەڵگر ،ڕۆژنامەنووسان، ژنان، منداڵان و بیانییەکانی) گرتووەتەوە[2]. لە سەرەتاشدا ئەگەر زیاتر چینە دەوڵەمەندەکە بە ئامانج گیرابێت و بۆ دەستکەوتنی پارە ئەم کارە کرابێت ئەم حاڵەتە وردە وردە گۆڕانی بەسەردا دێت و سەرجەم چین و توێژەکان و بوارەکانی تر دەگرێتەوە لەوانە کارمەندانی ڕێکخراوەکان و بازرگانەکان، هەرکاتێکیش بارودۆخی ئاسایش لە عێراقدا بەرەوە خراپی چوو بێت ئەوە ئامارەکانی ڕفاندن بەرز بوونەتەوە لە ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) بەهۆی ئەو ململانێ مەزهەبییەی کە هەبووە زۆرترین حاڵەتی ڕفاندن هەبووە[3] ئەو جۆرە ڕفاندنەی ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) بە مەترسیدارترین جۆری رفاندن دادەنرێت بەو پێیەی پاڵنەرێکی تائیفی هەبووە و زۆر جار لە پاڵ فراندنەکە ئەشکەنجەدان و تەنانەت تیرۆرکردنی کەسی ڕفێنراوی دەهاتە پاڵ لە پێناو ئەوەی کە لایەنی بەرامبەر ناچار بە تەسلیمبوون بەو بارو دۆخەبکەن[4]. ڕفاندن بە درێژی پرۆسەی سیاسی عێراق لە (٢٠٠٣)وە بەردەوامی هەیە، بەڵام ئەم ڕێژەیە بە پێی ساڵەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە،. ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە لە کردەی ڕفاندندا هەریەکە لە گروپە تیرۆرستییەکان و میلیشیا شیعەکان و تەنەنات

---

(1) هيومن رايتس ووتش، وجه واسم :الضحايا المدنيون لحرآة التمرد في العراق، ع(٩)،المجلد(١٧)، ص٢٠.

(2) Amnesty International, Amnesty International Report 2005, p.137.

(3) حسين الدليمي، الاختطاف الجماعي في العراق بين الحقيقة والخيال، ٢٠١٣، على موقع:
https://www.albayan.co.uk/Article2.aspx?id=2935، زيارة: ٢٠٢٢/٢/٢٨.

(4) م .احمد عبد العزيز عبدالعزيز، مسببات تنامي جرائم الخطف وأثارها على المجتمع العراقي
د راسة وصفية تحليلية، آداب الرا فدين عدد خاص مؤتمر كلية الآداب العلمي الرابع العدد(٤٧-٤)، ٢٠٠٧، ص١١٠.

حکومەتی هەرێم و عێراقیش تێوەگلاون لە کردەی رفاندنی بەزۆرە ملێ، هەر چەندە داعش زۆرترین خەڵکی بێسەر و شوێن کردوە، کە ئەم کارانەش بۆ بە دەست هێنانی دەستکەوتی سیاسی یان کەسی یان تائیفی بوون[1] بەپێی ڕاپۆرتێکی (مۆنیتەر)، کە پشتی بەستووە بە ئەو ڕاپۆرتە فەرمییانەی دەستیان کەوتووە تەنیا لە پارێزگای بەغدادا لە (٩) مانگی سەرەتای ساڵی (٢٠١٦)دا زیاد لە (٧٠٠) ڕفێنراوە، ئەم ئامارە تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی فەرمی تۆمار کراون و بەشێکی زۆری ئەم ڕفاندنانە بۆ ئەوە بووە تاوەکو ئەوانەی بەم کردەوەیە هەستاون بڕە پارەیەک دەستبخەن[2]. هەروەها بەپێی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ٢٠١٩ لە عێراقدا ڕفاندنی خۆپیشاندەران سیمایەکی دیار بووە لەو ناچانە و شارانەی، کە خۆ پیشاندانی تێدا ئەنجامدراوە کە تیایدا چالاکوانان و ئەو خۆبەخشانە کرابوونە ئامانج کە دژی حکومەتن عێراقی لە سەر شەقامەکان بوون، ڕێکخراوەکە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات، لێکۆڵینەوە بکات لە و ئەندامانەی هێزە ئەمنییەکان کە ئەم کارەیان ئەنجامداوە[3] هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەڵەتی لە راپۆرتی ساڵی (٢٠٢٠) ئاماژە بەوە دەکات کە لە ساڵی (٢٠١٩) کە هاوکاتە لە گەڵ دروستبونی دەنگی نارازی و خۆپیشاندانی جەماوەری لە زۆرێک لە ناوچە عەرەب نشینەکان (٥٦) چالاکوان بێسەر و شوێنکراون (ڕفێندراون) [4].

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی هەریەکە لە گروپە تیرۆرستییە سونی و شیعییەکان و هەروەها حکومەتی هەرێمی کووردستان و عێراقیش تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی ڕفاندن کە یەکێکە لە شێوازە باوەکانی تیرۆر هەرچەندە حکومەتی هەرێم و عێراق ئەوەیان ڕەتکردووەتەوە، کە ئەوان بەبێ ڕەزامەندی دادوەر هیچ کارێکیان کردبێت.

**لقی دووەم: بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی**

بە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ دا ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژ و خۆکوژەکان ژمارەیان لە زیادبووندا بوو لە بەغدا و (سێگۆشەی سووننە)نشین لە دژی هێزەکانی

---

(1) وزارة خارجية الولايات المتحدة•مكتب الديمقراطية وحقوق الإنسان والعمل،تقرير حول حقوق الإنسان في العراق في العام ٢٠١٨، التقارير القطرية عن ممارسات حقوق الإنسان لعام ٢٠١٨.

(2) Mustafa Saadoun, Why are kidnappings on the rise in Baghdad?, January 26, 2017, Availabile At: https://www.al-monitor.com/originals/2017/01/kidnap-abduction-crime-militias-baghdad.html#ixzz7N3llrzhm, (Accessed . 1/3/2022)

(3) هيومن رايتس ووتش، العراق: عمليات اختطاف مرتبطة بمظاهرات بغداد اختفاء سبعة واعتقال اثنين، ٢٠١٩، https://www.hrw.org/ar/news/2019/12/02/336161، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٢.

(4) Amnesty International , Amnesty International Report 2020/21 The State Of The World's Human Rights, Annual Report 2020/21 P.197.

ئەمریکا لەو قۆناخەدا[1] لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بارودۆخی عێراق بە دۆخێکی خراپدا تێدەپەڕێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی چاودێری بۆ مافەکانی مرۆڤ ( Human Rights Watch) کە لە ساڵی (٢٠٠٥) بڵاوکراوەتەوە تایبەتە بە ڕووداوەکانی ساڵی (٢٠٠٤) لە عێراقدا نووسراوە "بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە خراپترین دۆخدا بووە لە ساڵی (٢٠٠٤). بە درێژای ساڵی (٢٠٠٤) کردەوە توندوتیژ و هێرش بۆ سەر خەڵکی مەدەنی و خۆتەقاندنەوە بەردەوامی هەبووە و زۆرجار ئەو خەڵکانە کراون بە ئامانج کە لەگەڵ ئەمریکییەکان کاریانکردووە[2]. تەنیا لە مانگی شوباتی (٢٠٠٤ )دا زیاتر لە (١٠٠) کەس لەو عێراقییانەی، کە لەگەڵ هاوپەیمانان کاریاندەکرد بە هۆی زنجیرەیەک ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەوە لە عێراق کوژران، ئەمە لە کاتێکدا بوو ئامادەکاری دەکرا بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی یەک ساڵەی سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا لە عێراق[3] هەندێک ئامار ئاماژە بەوە دەدەن تەنیا لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٠) دا (١٧٧٩) خۆ تەقاندنەوە هەبووە لە عێراقدا[4]هەروەها لە ساڵی (٢٠١١) پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کردەی تیرۆریستی دەستی بە بەرزبوونەوەکرد، کە خۆی لە تەقینەوە و خۆ تەقاندنەوە و دانانی بۆمب دەبینییەوە ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەرئەوەی، کە ژمارەی قوربانییەکانی تیرۆر، کە ڕۆژانە لە دەوروبەری (٦،٦) کە س بوو بەرزببێەوە بۆ (١٢) قوربانی لە رۆژێکدا لە ساڵی (٢٠١٢)دا[5].

بەپێی هەندێک داتا لە نێوان ساڵانی (٢٠١١-٢٠١٩) لە عێراقدا (٤٤٢٤) ڕووداوی تەقینەوە تۆمارکراوە، کە ئەنجامی ئەم تەقینەوانە (٧٢٤٣٨) کەس کوژراو و بریندار بوون[6].هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی (٢٠١٧) داعش بەبەردەوامی لە ڕێگەی تەقینەوە خۆکوژییەکان. مەزارگە شیعەکان و هاووڵاتیانی کردووەتە ئامانج[7].

لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا تەقینەوە و، خۆتەقاندنەوە و دانانی بۆمبی تەوقیتکراو بەشێک بووە لەو کردە تیرۆریستانەی، کە بە بەردەوامی ئەنجامدراوە ئەنجامەکەشی لێکەوتەی نەرێنی هەبووە بۆ سەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا کە لە باسی دواتردا ڕوونکراوەتەوە.

### لقی سێیەم: غافڵکوژی (الاغتيال)

---

(1) Anthony Tucker-Jones,Op.cit, P.90.

(2) هيومان راتس ووتش، التقرير العالمي ٢٠٠٥، كانون ثانى ٢٠٠٥، على موقع:
https://www.hrw.org/legacy/arabic/mena/wr2005/iraq2.pdf، زيارە: ٢٠٢٢/٣/٣

(3) Con Coughlin, Op.cit, P.372.

(4) Katherine R. Seifert and Clark R. McCauley, Suicide Bombers in Iraq, 2003-2010: Disaggregating Targets Can Reveal Insurgent Motives and Priorities, Terrorism and Political Violence, Volume:26, 2014, p.3.

(5) عبدالبارى عطوان، مابعد بن لادن القاعيدة، الجيل التالي، دار السافى، ط١، بيروت، ٢٠١٣،ص٢٧٦.

(6) Akanshya Gurung, The impact of explosive weapons on children in Iraq, published 22 Oct 2020, Availabile at: https://reliefweb.int/report/iraq/impact-explosive-weapons-children-iraq, (Accessed . 5/3/2022)

(7) Amnesty International, Amnesty International Report 2017/18, p. 203.

له عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا چەندین کەسایەتی دیار تیرۆرکراون، هەر لەگەڵ کەوتنی ڕژێمی سەدامدا لە ساڵی (٢٠٠٣) چەندین کەسایەتی سیاسی و ئایینی تیرۆر کراون لە دیارترینیان لە (٢٠٠٣/٤/١٠) دا (عبد المجيد الخوئي)، کە کەسایەتییەکی دیاری ئاینی شیعەکان بووە و مەیلی بۆ کاری سیاسی هەبووە لە دەرەوەی ماڵی شیعە، هەروەها تیرۆرکردنی (الاغتيال) کەسایەتی دیاری ناو شیعەکان (محمد باقر الحكيم) سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق یەکێکی تر بێت لە کردە تیرۆریستییەکان، کە پاش سەردانکردنی مەزاری ئیمامی عەلی لە ئەنجامی تەقینەوەی سەیارەیەکی بۆمبڕێژکراوە لە ٢٩ ی ئابی ٢٠٠٣ تیرۆردەکرێت. پاشان لە (٢٠٠٣/٩/٢٥) ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم (عقيلة الهاشمي) تیرۆر دەکرێت و دواتر لە ساڵی (٢٠٠٤) دا (عز الدين سليم)ش لە ڕێگەی خۆکوژێکەوە سەر بە گرووپی تەوحید و جیهادی قاعیدە تیرۆر دەکرێت.[1] هەروەها ماڵپەڕی (عربی٢١) لیستێکی دروستکردووە بۆ ناوی دیارترین ئەو کەسایەتیانەی، کە تیرۆرکراون لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا لە گرنگترینیان (سیرجیو میلو) لە ساڵی (٢٠٠٣ )، کە دیبلۆماسێکی بەرازیلی بوو لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (سعدون الجنابی) لە (٢٠٠٥)، کە پارێزەری دۆسیەی دادگاییکردنی سەدام بوو و (اطوار بهجت) لە (٢٠٠٦)، کە رۆژنامەنووس و پەیامنێری ژمارەیەک کەناڵی ئاسمانی بوو لە نێویاندا جەزیرە و عەرەبییە، (بولص فرج رحو) لە ساڵی (٢٠٠٨) یەکێک لە قەشەکانی کڵێسەی کاسۆلیکی لە موسڵ، (حارس عبدالعبيدى) لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، کە پێشتر جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی بووە، (منير القافلى) لە ساڵی(٢٠١٤) ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بەرەی تورکمانی.[2] هەرچەندە غافڵکوژی سیمایەکی داعش★ بووە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی، بەڵام یەکێک لە دیارترین کردە تیرۆرەکانی تیرۆری خۆپیشاندەرانی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ یە کە بە شێوەیەکی غافڵکوژی لە لایەن هەندێک لە میلیشیاکان تیرۆرکران بە پاڵپشتی حکومەتی عێراقی، ئەو میلیشیانەی، کە بەم کردەوانە هەستاون ئەوانە بوون، کە لە ئێرانەوە نزیک بوون و لەپاڵ پاڵپشتی حکومەتی عێراقی پاڵپشتی ئێرانیشیان هەبووە[3] هەروەها بە پێی ڕاپۆرتێکی واشنتن پۆست پشتی بەستووە بە کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە عێراقدا تەنها لە خۆپیشاندانەکانی (٢٠١٩)دا (٨١) هەوڵی

---

[1] وان نيوز، تعرف على أبرز خمسة اغتيالات في العراق بعد ٢٠٠٣، على موقع:http://oneiraqnews.com/index.php?aa=news&id22=1083#.YlPLlshByM-، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٥

[2] عربي٢١، أبرز حوادث الاغتيال في العراق منذ ٢٠٠٣ (إنفوغراف)، على الموقع:https://bit.ly/3jtfIml، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٥

★ لە بەشی دووەم باسی سێیەم، لە لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا ئەمەمان ڕوونکردووەتەوە.

[3] علي المكدام، الاغتيالات المستمرّة في صفوف الناشطين العراقيين، تحليل السياسات ، منتدى فكرة، على موقع: https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/alaghtyalat-almstmrwt-fy-sfwf-alnashtyn-alraqyyn، -، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٦

تیرۆرکردنیان تۆمارکردووە، کە دراون دژ بەو چالاکوان و ڕۆژنامە نوسانەی دژی حکومەت ڕژا بوونە سەر شەقامەکان[1].

غافڵکوژی شێوازێکی دیاری تیرۆرکردن بووە لە عێراقی پاش (٢٠٠٣)دا، کە تیرۆریستان چەندین ڕێگەی جیاوازیان بەکارهێناوە بۆ تیرۆکردنی ئامانجەکانیان، کە زۆربەی جار کەسایەتییە سیاسییە گرنگەکان یان پیاوانی ئاینی یان چالاکوانانی مەدەنی و ڕێکخەرانی خۆپیشاندەران و دەنگە ناڕازییەکان کراونەتە ئامانج.

**لقی چوارەم: بەکارهێنانی تەکنەلۆژیانی زانیاری و پەیوەندیکردن**

بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ بڵاوکردنەوەی کاری تیرۆریستی، کە هەمان ئامانجی کردەی تیرۆرە ئەویش بە بەکارهێنانی کەرەستە و ئامراز گەلێکی نوێ، کە بریتییە لە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و تەکنەلۆجیای نوێی زانیاری کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامرازە ئەلکترۆنییەکان[2]. دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق ناوەندی میدیایی (الفرقان) ی لە(٢٠٠٦)دا دامەزراند بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی (ڤیدیۆی، سیدی، پامفێلت، پۆستەر...)، ئەمەش لە پێناو پێشاندانی توانا وهێزی سەربازییان و بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی لە تۆڕە میدیاییەکاندا لە عێراقدا[3]. ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە لە نێو ژینگەی مەجازی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و زانیاری، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەک (یوتوب، فەیس بووک و تویتەر)، ئەمانە وەک ئامرازێک بەکاردەیەنێت تاوەکو لێوەی چالاکی وهەواڵەکانی خۆی بە جیهانی دەرەوە بگەیەنێت[4]. گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا بە تایبەتی داعش سودی زۆری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بینیوە بۆ ئەوەی کە چالاکییەکانی خۆی تیادا بڵاوبکاتەوە و لە ڕێگەیەوە خەڵکی تر بە خۆی ئاشنا بکات و بیهێنێتە ناو ڕیزەکانییەوە[5].گرووپە تیرۆریستییەکان

---

(1) Louisa Loveluck and Mustafa Salim, In Iraq, powerful militias assassinate protesters with impunity, Availabile at: https://www.washingtonpost.com/world/iraq-militia-assassinations-fear/2021/05/12/501474c0-b1cc-11eb-bc96-fdf55de43bef_story.html, (Accessed . 7/3/2022)

(2) د.ئیبراهیم سەعید، تیرۆری ئەلیکترۆنی و میکانیزمی ڕوو بەڕوو بوونەوەی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٨، ل.ل٨٠-٨١.

(3) Mohammad Husni Abumelhim, Sociology of Terrorism: A Brief History and Overview of the Islamic State of Iraq and Syria's (ISIS) Propaganda Wing from a Socio-Educational Perspective, Journal of Educational and Social Research, Vol (12) No (2), 2022, p.404.

(4) محەمەد ئەحمەد مەجید، کاریگەری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی لە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوی داعش، ، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٦)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٦، ل٩٢.

(5) محمد قيراط، الإرهاب الرقمي.. "داعش" وأساليب جديدة للتمويل والتجنيد، على موقع: shorturl.at/dmK59، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٥.

تەکنەلۆژیای زانیاریی و پەیوەندیکردن بەکاردەهێنن بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانیان و چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو خەڵکدا و هەروەها پەیوەندی بەستن لەگەڵ خەڵکدا بەمەبەستی ئەوەی بیانخەنە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای خۆیانەوە.

## باسی سێیەم: چۆنییەتی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراق پاش ۲۰۰۳

هێرشی تیرۆریستی لە زۆربەی بەشەکانی جیهاندا بوونی هەیە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی لە لای خەڵك دەربارەی ئەوەی حکومەتەکانیان تا چەند دەتوانن ئاسایشیان بۆ دابینبکەن و بیانپارێزن[1]تیرۆر مەسەلەیەکە گەشەکردن و پەرەپێدانی هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی هەموو نەتەوەکان و پێشگیریکردنیشی ئاسایشی هەمووان گەرەنتیدەکات[2]. عێراق بە پێی دەستوورەکەی دەوڵەتێکی پەرلەمانی فیدڕاڵی دیموکراسییە[3]، کە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای ئاسیاوە، قەیرانی ئاسایش لەم وڵاتە بەتایبەتی لە مێژووی نوێیدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی، کە بە خاڵێکی ڕەش دەژمێردرێت لە فەرهەنگی سیاسی و ئاسایشییەکەیدا[4]. ئەو لێکەوتانەی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایشی عێراق لە پاش (۲۰۰۳)وە بە جێی هێشتووە لێرەدا لە چەند تەوەرەیەکدا شرۆڤەدەکەین.

### تەوەرەی یەکەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی سیاسی

لەپاش کەوتنی ڕژێمی بەعس چەندین گروپی چەکداری تیرۆریستی لە گۆڕەپانی عێراقدا دەرکەوتن.[5] گروپ و خانە تیرۆریستییەکان خاوەنداری بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنییان دەکرد کە بۆ تێکدان و لاوازکردنی بارودۆخی ئاسایش و هەڕەشەکردن لە دەسەڵات بەکاریانهێناوە لە زۆربەی ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژئاوا و باکوری عێراق.[6] ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی دۆخی ئاسایش لە عێراقدا لە دوای ساڵی (۲۰۰۳) بە بارودۆخێکی دژوار و چاوەڕواننەکراودا تێپەرێت، کە ژیانی ڕامیاری هاووڵاتیان لە مەترسیدا بووە ... هەروەها بوونی توندوتیژی سیاسی وایی کردووە ڕێگری لەبەردەم بەشداری سیاسیشدا بێتە ئاراوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە زۆر هاونیشتمانی بە تواناو شارەزا بێبەشبن لە بەشداریکردن لە ژیانی ڕامیاریدا.[7]

---

[1] David J Brooks, What is security: Definition through knowledge categorization, Security Journal, Volume23, Issue3, UK, 2010, p.225.

[2] د.محەمەد عەلی بەسیری، گۆڕانکاریەکانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی، لە کتێبی شەرعیەتی دەسەڵات و کارگێڕی ئاسایشی نەتەوەیی (سێ توێژینەوە)، و:سلێمان حوسێن تاشان، چ۱، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ۲۰۰۷، ل۲۱.

[3] مادەی(۱) دەستوری عێراقی ساڵی (۲۰۰۵).

[4] فەرزەند شێرکۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل۸۳.

[5] رياض البياتي، مشكلة الامن الوطني العراق الى أين، دار الفرات للثقافة والاعلام، بغداد، ۲۰۱۳، ص۱۲۸.

[6] فرهاد علاء الدين، دولة تتهاوى: فشل أمن العراق ونظامه السياسي.، تحليل موجز، على موقع: https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/dwlt-tthawy-fshl-amn-alraq-wnzamh-alsyasy، زيارة: ۲۰۲۲/۳/۱۰

[7] د.سيد ابراهيم، عدم االاستقرار السياسي في العراق بعد عام 2003، جورنال ( Bölgesel Araştırmalar Dergisi)، عدد(۲)، ۲۰۱۸، ص٤٦.

عێراق لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بە دۆخێکی ئەمنی خراپدا تێدەپەڕێت، کە سیاسییەکان ژینگەیەکی گونجاویان بۆ کاری سیاسی نییە، هاووڵاتییانیش ناتوانن ژیانێکی سیاسی ئاسای بەڕێبکەن، هۆکاری ئەمەش بۆ توندوتیژییە تائیفی و جەنگەکان و تیرۆر دەگەڕێتەوە بەتایبەت تیرۆر توندوتیژییەکی بێوێنەی لە عێراق ئەنجامداوە و پێشێلکاری گەورەی بەرامبەر بە هاووڵاتییانی عێراق لە ژن و پیاو و منداڵ و ئەنجامدراوە ئەمەش کاریگەری خراپی کردووەتە سەر دۆخی سیاسی و ناسەقامگیری هێناوەتە کایەوە، بە شێوەیەک تیرۆر کاریگەری کردووەتە سەر هاووڵاتییان، کە هاووڵاتییان نەتوانن بە ویستی خۆیان لایەنی سیاسی هەڵبژێرن و هەندێکجار ناچاربوون لایەنێک هەڵبژێرن، کە بە ویستی خۆیان نەبووە[1]. لە پاڵ ئەوەی سەقامگیری ڕامیاری لە عێراقدا بە بارودۆخێکی دژواردا تێپەڕیوە، زۆری قوربانیانی مەدەنی لە (٢٠٠٣-٢٠١٩) ئەو ئاماژە مەترسیدارەیە، کە دەکرێت لە سەری هەڵوێستە بکەین و شیبکەینەوە، لێرەدا بە خشتەیەک ئاماژەی پێدەدەین بڕوانە خشتەی ژمارە(٣).

خشتەی ژمارە(٣)

خشتەی قوربانیانی مەدەنی بەهۆی کردە توندوتیژییەکانەوە لە عێراقدا(٢٠٠٣-٢٠١٩)

| ساڵ | ژمارەی قوربانییەکان | ساڵ | ژمارەی قوربانییەکان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ١٢١٣٣ | ٢٠١٢ | ٤٦٢٢ |
| ٢٠٠٤ | ١١٧٣٧ | ٢٠١٣ | ٩٨٥٢ |
| ٢٠٠٥ | ١٦٥٨٣ | ٢٠١٤ | ٢٠٢١٨ |
| ٢٠٠٦ | ٢٩٥٢٦ | ٢٠١٥ | ١٧٥٧٨ |
| ٢٠٠٧ | ٢٦١١٢ | ٢٠١٦ | ١٦٣٩٣ |
| ٢٠٠٨ | ١٠٢٨٦ | ٢٠١٧ | ١٣١٨٣ |
| ٢٠٠٩ | ٥٣٨٢ | ٢٠١٨ | ٣٣١٩ |
| ٢٠١٠ | ٤١٦٧ | ٢٠١٩ | ٢٣٩٢ |
| ٢٠١١ | ٤١٦٢ | | |

سەرچاوە:

Lily Hamourtziadou, with Hamit Dardagan and John Sloboda, Iraq 2019 Calls for a ‘True Homeland’ met with deadly violence (England: Iraq Body Count, 2019): Availabile at: https://www.iraqbodycount.org/analysis/numbers/2019//(Accessed . 9/3/2022)

---

[1]ساڵح عوسمان، گۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی، عێراق بەنمونە، چاپخانەی بینایی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٢١، ل.ل١٤١-١٤٢

لەسەر بنەمای ئەم خشتەیەی سەرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی قوربانیانی مەدەنی لە عێراقدا لە دوای (٢٠٠٣)ەوە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە ، ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی قوربانیيانيش هاوئاراستەیە لەگەڵ ئەو بارودۆخەی، کە عێراقی پێداتێپەڕیوە بە لەبەرچاوگرتنی بەهێزی یان لاواز بوونی گرووپە تیرۆریستییەکان ژمارەی قوربانییەکانیش زیاد و کەمی کردووە، لە ساڵی (٢٠٠٣)دا ژمارەی قوربانییان (١٢١٣٣) مەزەندە دەکرێت، بە بەراورد بە (٢٠٠٤) ژمارەی قوربانیان لێکەوە نزیکە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە (٢٠٠٥) ەوە دەست بە بەرزبوونەوە دەکات بۆ (١٦٥٨٣)، لە ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) ژمارەی قوربانییان دەگاتە لووتکە بە تەنیا لە ساڵی (٢٠٠٦) دا (٢٩٥٢٦) قوربانی هەبووە، کە ئەمە زۆرترین ژمارەی قوربانی مەزەندە دەکرێت، لە ساڵی(٢٠٠٦) دا (٢٦١١٢) قوربانی هەبووە کە لەپاش (٢٠٠٦) زۆرترین قوربانییە★، لە ڕاستیدا زۆری قوربانییەکان لە ساڵی(٢٠٠٦-٢٠٠٧) دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ململانێ توندە مەزهەبییەی، کە لە و دوو ساڵەدا لە نێوان شیعە و سوننە گەیشتە لووتکە چەندین گرووپی تیرۆریستی لە هەریەک لەم پێکهاتانەوە درووستبوو، لە ساڵی(٢٠٠٨)ەوە ژمارەی قوربانییان ڕوو لە کەم بوون دەکات، دەکرێت ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٠-٢٠١١-٢٠١٢) پێکەوە بخەینە ڕوو، کە ژمارەی قوربانیان لە نێوان (٤٠٠٠-٥٥٠٠) بووە، کە لێکەوە نزیکن، ئەمە لە کاتێکدایە لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە جارێکی تر ژمارەی قوربانیان دەست بە بەرزبوونەوە دەکات بۆ (٩٨٥٢)، لە ساڵی (٢٠١٤)دا کە هاوکاتە لەگەڵ داگیرکارییەکانی داعش لە عێراقدا ژمارەی قوربانیان دەگاتە (٢٠٢١٨)، کە لە پاش ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) بە بەرزترین ڕێژەی قوربانی مەزەندەدەکرێت.هەروەها ساڵی (٢٠١٥) ش ژمارەی قوربانیان بە (١٧٥٧٨) مەزەندە دەکرێت هەرچەندە بە بەراورد بە ساڵی(٢٠١٤) ژمارەی قوربانیان ڕووی لەکەمی کردووە بەڵام بە چوارەم ساڵ بۆ بەرزترین ڕێژەی قوربانی هەژماردەکرێت، لە ساڵی (٢٠١٦) ژمارەی قوربانییەکان ڕوو لە کەمییە کە (١٦٣٩٣) مەزەندەدەکرێت کە ئەم ژمارەیە نزیکە لە ژمارەی قوربانیانی ساڵی (٢٠٠٥) کە بە (١٦٥٨٣) هەژمار دەکرێت، هەروەها (٢٠١٧) ژمارەی قوربانییان بە (١٣١٨٣) هەژمار دەکرێت، بەرز بوونەوەی ڕێژەی قوربانییان لە (٢٠١٤-٢٠١٧) پەیوەندی بە داگیرکاری داعش لە عێراق و هەروەها تێکشکاندنییەوە هەیە، لە ساڵی (٢٠١٨) ەوە لە دوای تێکشکاندنی داعش ژمارەی قوربانیان دەست بە کەمبوونەوەدەکات بۆ (٣٣١٩)، ئەم کەمبوونەوەیە بەردەوامی هەیە لە ساڵی (٢٠١٩) دەگاتە (٢٣٩٢).

---

★ لێکەوتە سیاسییەکانی تیرۆر لەسەر ئاسایشی عێراق زۆر و فرە ڕەهەندە یەکێکیان وابەستەیە بە ژمارەی قوربانییانەوە، بۆ نموونە لە نیوەی ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٠٧) مانگانە نزیکەی (٣٠٠٠) کەس بونەتە قوربانی کە ڕۆژانە نزیکەی (١٠٠) کەس بونەتە قوربانی دەرئەنجامی تیرۆری مەزهەبی بروانە:

Hideki Matsunaga, The Reconstruction of Iraq after 2003 Learning from Its Successes and Failures, MENA DEVELOPMENT REPORT, 2019 International Bank for Reconstruction and Development / The World Bank P.20.

سەرباری بەهێزبوونی قاعیدە لە عێراق لە ساڵانی (٢٠٠٥-٢٠٠٦-٢٠٠٧) و دواتریش ئەم ڕێکخراوە نەیتوانی پێگەی خۆی بەهێزبکات لە هەرێمی کوردستان [1] هەرچەندە یەکێک لە کاریگەرترین کردەی تیرۆرستی (قاعیدە) لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) تەقاندنەوەی بارەگای هەردوو مەڵبەندی یەکێتی و لقی پارتی بوو لە (٢٠٠٤/٢/١) کە هاوکات یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان بوو، کە قوربانییەکان گەیشتە (١٠٩) کوژراو و (٢٠٠) بریندار، هەروەها لەئایاری (٢٠٠٧) دا دوو تەقینەوە لە بەردەم وەزارەتی ناوخۆ و بارەگای پارتی لە مەخمور پارێزگای هەولێر دەهەژێنن[2].

داعش لە ڕووی سیاسییەوە لێکەوتەی گەورەی هەبوو بەو پێیەی لە (٢٠١٤) دا (٢٠) شاری عێراقی داگیرکرد کە ژمارەی دانیشوانەکەی بە زیاد لە (٥) ملیۆن کەس هەژمار دەکرا[3]. ئەمەش کاریگەری تەواوی هەبووە لە سەر بەرزبوونەوەی قوربانییەکان لە ساڵانی(٢٠١٤-٢٠١٧) نزیکەی سێ یەکی خاکی عێراقی داگیر کرد بوو[4]هەروەها شێوازی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا ڕێگەی کارکردن و ئەجێندا سیاسی و سەربازی و ستراتیجیەتەکەی جیاوازبوو لەگەڵ ڕێکخستنەکانی (قاعیدە) بەو پێیەی دەولەتی ئیسلامی وەک دەوڵەت مامەڵەی دەکرد نەک وەک ڕێکخستنێک[5] "داعش، یەکە سیاسییەکانی ناوچەکە و بە تایبەت عێراق-ی تا ئاستی "شکستی دەوڵەت" و"ڕووخان" تووشی قەیران کرد و سنووری ڕەسمییەکانی ئەو وڵاتەی بێ نرخ کرد، لەلایەکی دیکەش وەك ڕێکخراوێکی بنیاتگەرای ئیسلامی و"ئەکتەرێکی نا دەوڵەتی "تەگەرەی بۆ سیستەمی سیاسی ... دروستکرد."[6]. یەکێک لە لێکەوتە نەرێنییەکانی تری داگیرکاری داعش لە عیراقدا بریتی بوو لە کردنەوەی دەروازەیەک بۆ زیادکردنی دەستوەردانی وولاتان لە عێراقدا وەک ئەمریکا و ئێران[7]، لە پاش داگیرکردنی چەندین شاری گەورەی وەک موسڵ و تکریت و بەشێک لە پارێزگای ئەنبار و دیالە و کەرکوک[8]، داعش توانی کاریگەری بکاتە سەر سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستانیش بەو پێیەی بە داگیرکردنی (زوممار، شنگال، بەنداوی موسڵ، مەخمور، ڕەبیعە) کە هەندێکیان سنووری ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەرێم هەیە، مەترسی کەوتە سەر سەقامگیری هەرێم ئەمە جگە لەوەی خەڵکیش گومانی هەبوو لەسەر توانای دامەزراوە سەربازییەکانی هەرێم[9] لەپاڵ ئەوەی

---

[1] یوسف گۆران، دەرکەوتنی ڕێکخراوی قاعیدە لە کوردستانی عێراق، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٧٤.

[2] یوسف گۆران، هەمان سەرچاوە، ل٧٤.

[3] Dylan O'Driscoll, The Islamic State in Iraq, Helpdesk Report, K4D Helpdesk, This report was prepared for the UK Government's Department for International Development, 2019, p.4.

[4] م.د.مصطفى ابراهيم سلمان و م.د.ضاري سرحان حمادي، المصدر السابق، ص٥٧.

[5] عبد الباری عطوان، المصدر السابق، ص٢٧٠.

[6] زریان ڕۆژهەڵاتی، ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا لە دوای داعش، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، ٢٠١٦، ل٤.

[7] أيمن عبد الكريم الفيصل، داعش وأثرهُ في العراق رؤية مختصرة، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٠، ص١٥.

[8] ستیڤان شەمزینی، داعش لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی، چاپخانەی کارۆ،چ١، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٢.

[9] مامەندرۆژە، داعش و ئاسایشی نیشتیمانی کوردستان، لە کتێبی کوردستان و پۆست داعش، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٠، ل٨٧.

که هەریەکە لە پێشمەرگەو وسوپای عێراق پێکەوە بەژداری دەکەن لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ و ناوچەکانی ژێر دەستی داعش، بەڵام پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٧)دا سوپای عێراق و میلیشیا شیعییەکان هێرش دەکەنە سەر ناوچە جێناکۆکەکان و کۆنترۆڵی دەکەن بەمەش دەبنە مەترسی بۆ سەر سەقامگیری ڕامیاری لە هەرێمی کوردستان[1]

لە دوای کۆنترۆڵکردنی شوێنەکانی ژێردەستی داعش عێراق لە ساڵی (٢٠١٨) دا بەردەوام ڕووبەڕووی چەند پرسێکی ئاڵۆزی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بوویەوە. خەڵکانی سڤیل بە درێژایی ساڵی( ٢٠١٨ )بەدەست کاریگەری و شوێنەوارەکانی ململانێی چەکداری و کارە تیرۆریستییەکانی نێو عێراقەوە دەیانناڵاند، تاوانکاری سەرەکیی بە قوربانیکردنی خەڵکی مەدەنی لەنێو ئەو ململانێیەشدا ڕێکخراوی داعشە .لەگەڵ ئەمەشدا و هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی ساڵی (٢٠١٧ )دا کاتێک سەرۆک وەزیران سەرکەوتنی سەربازیی بەسەر داعش ڕاگەیاند، بەڵام ئەم ڕێکخراوە لە ناونەچوو[2]ئەمە جگە لەوەی بەهۆی دروستبوونی خۆپیشاندانەکانەوە دژی حکومەتی عێراقی لە ساڵی (٢٠١٩) چەندین خۆپیشاندەر تیرۆردەکرێن، بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (٢٠٢٠) ژمارەی ئەو خۆ پیشاندەرانەی، کە تیرۆرکراوان لە لایەن دامودەزگا و گروپ و هێزە ئەمنییەکانی سەر بە حکومەتی عێراقەوە بەرزبووەتەوە بە لایەنی کەمەوە بۆ (٦٠٠)قوربانی[3].

تیرۆر بە هەموو جۆرەکانییەوە چی ئەو کردە تیرۆریستیانەی، کە گرووپە تیرۆریستییە سوننییەکان یان شیعەکان یان حکومەت ئەنجامیداوە لێکەوتەی گەورەی هەبووە لە سەر نەمانی سەقامگیری سیاسی لە عێراقدا بە شێوەیەکی ڕێژەی، هەروەها بووەتە هۆی قوربانی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی مەدەنی کە ئەمەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەمەش لێکەوتەی هەبووە لە سەر پرسی بەشداری سیاسی لە عێراقی پاش(٢٠٠٣)دا، هەروەها تیرۆر لە عیراقدا یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتانی وەک ئەمریکا و ئێران زیاتر دەستێوەردان و هەژمونیان هەبێت لە عێراقدا.

---

(1) Feike Fliervoet, Fighting for Kurdistan? Assessing the nature and functions of the Peshmerga in Iraq, Netherlands Institute of International Relations ‘Clingendael, 2018, p.8

(2)گۆڤاری لە پێناو عێراقدا، چاوپێکەوتن لە گە ڵ گەورە ڕاوێژکاری بواری هەڵبژاردن و سەرۆکی تیمی تەواوی هاریکاری بواری هەڵبژاردن ، نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، ٢٠١٨، ل١٦.

(3) Amnesty International , Amnesty International Report 2020/21, The State Of The World’s Human Rights, Annual Report 2020/21, P.194.

## تەوەرەی دووەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ڕەهەندی ئابووری

تیرۆر وەك دیاردەیەکی جیهانی مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئابووری زۆرێك لە وڵاتان لەبەر ئەوەی تیرۆر ئابووری نیشتمانی لەناودەبات، کە سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵگاکانە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی داهات و هەژاری بۆ نموونە هێرشی گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ سەر (بەندەر، فڕۆکەخانەکان و کێڵگە نەوتییەکان)، نەمانی سەقامگیری وای کردوە کەرتی گەشتوگوزار کە سەرچاوەیکی گرنگی داهاتە زیانی زۆری بەربکەوێت، هەروەها کاریگەرییەکی تری تیرۆر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە وەبەرهێنەرە بیانییەکان ئەو وڵاتانە جێدەهێڵن، کە کاری تیرۆریستی تێدایە لەبەرئەوەی سەرمایەدارەکان هەمیشە بەدوای شوێنێکی ئارامدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کاری وەبەرهێنانی لێبکەن[1] یەکێک لە و لێکەوتانەی تیرۆر لە سەر عێراق دروستیکرد پرسی دووبارە بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی عێراق بووە لە لایەن زۆرێک لەو کۆمپانیا گەورە گشتیانە یان تایبەتییانەی لە بوارەی ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنانەوە کاریان دەکرد، بە هۆی تیرۆرکردنی کارمەندەکانیان و ڕفاندنیان بەربەستی گەورە بووە بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی عێراق[2]. تیرۆر کاریگەری کردووەتە سەر ئەوەی لە بودجەی گشتی عێراقدا سیاسەتی ئیدارەدانی عێراق بە شێوەیەك بێت زۆربەی هەوڵەکان بۆئەوەبێت کە سەقامگیری بگەڕێننەوە جارێکی تر سیستەمێکی ئاسایش دروستبکەن، ئەم کارەش پێویستی بەتەرخاکردنی پارەیەکی زۆربوو لە بودجەی عێراق ئەمەش لەسەر حسابی خزمەتگوزارە کۆمەڵایەتییەکان بوو وەك لایەنی تەندروستی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی کردە سەر ژیانی خەڵکی عێراق[3].هێرشی تیرۆر لە ساڵی (٢٠٠٣)وە لێکەوتەی گەورەی کردۆتە سەر کەرتی نەوتی عێراق، بەهۆی هێرشی گروپە تیرۆریستییەکان بۆ سەر بۆریە نەوتییەکان، ئابووری عێراق توشی زیانێکی گەورە بووە، چونکە عێراق پشت بەکەرتی نەوت دەبەستێت وەك یەکێك لەبنەما سەرەکییەکانی داهات، ئەگەر ساڵی (٢٠١٣) وەك ئامارێك وەربگرین لەم ساڵەدا (٥٣) کردەی تیرۆریستی لەشێوەی هێرشکردنە سەر بۆریە نەوتەکان ئەنجامدراوە[4].

ئەو ساڵانەی تیرۆر لە عێراقدا دەگاتە لووتکە لێکەوتەکانی بۆ سەر ڕەهەندی ئابووری زۆر دەبێت، بۆ نموونە یەکێك لە لێکەوتەکانی تیرۆر لە عێراقدا لە رووی ئابووریەوە بە تایبەتی کاتێك بە دەرکەوت داعش دەستی بەسەر هەندێك شاری باکوری خۆرئاوای عێراقدا گرت (نەینەوا، سەڵاحەدین، ئەنبار) لە (٢٠١٤) دا توانی دەست بە سەر چەندین کێڵگەی نەوتیدا بگرێت، لەوانە عەین زالە و بەتمە، کە توانای بەرهەمهێنانی (٣٠)هەزار بەرمیلیان هەیە لە رۆژێکدا، کێڵگەی گەیارە کە توانای بەرهەمی رۆژانەی (٧)هەزار بەرمیلە، هەروەها کێڵگەی دوجەیل و کێڵگەکانی باشوری تکریت و کێڵگەی حەمرین، کە رۆژانە (٥)هەزار بەرمیل بەرهەم دەهێنن، کێڵگەی عەجیلیش کە (٢٥)

---

(1) شذى خليل،تداعيات الارهاب على الاقتصاد العراقي،مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية ، على موقع: https://rawabetcenter.com/archives/44369، زيارة: ٢٠٢٢/٣/١٥.

(2) دنيا جواد، الارهاب في العراق ..دراسة في الاسباب الحقيقية دراسة تحليلية لاسباب الارهاب في العراق ..ومتغيراته الاجتماعية والسياسية، العدد(٤٣)، مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية / جامعة بغداد، ٢٠١١، ص١٣٥.

(3) حسن لطيف الزبيدي و صادق جبر فخري، الإرهاب و آثاره في التنمية البشرية في العراق، مجلة الغري للعلوم الاقتصادية و الإدارية، المجلد ٩، ع٢٩، ٢٠١٣، ص٢٤٩.

(4) دعماد جاسم حسن، المصدر السابق، ص١٢١.

هەزار بەرمیل بەرهەم دەهێنێت، جگە لەمانەش کۆنترۆڵی پاڵاوگەی بێجی کرد، کە رۆژانە توانای هەناردەی (٣٠٠) هەزار بەرمیل نەوتی هەبوو[1]بەکۆنترۆڵکردنی کێڵگە نەوتیەکانی عێراق داعش زیانیکی گەورەی لە ئابوری عێراقدا چونکە نەوت سەرچاوەی سەرەکی داهاتی نیشتیمانییە لەعێراقدا.عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق لە (٢٠١٤) رایگەیاند تەنها لەو ساڵەدا عێراق(٣٥)ملیار دۆلار زیانی بەرکەوتووە بەهۆی تیرۆرەوە هەربۆیە(٢٠١٤/٦/١٠) بەرۆژێکی رەش لەمێژووی عێراقدا وەسف کرد، چونکە لەو رۆژەدا رێکخراوی تیرۆرستی داعش دەستی بەسەر موسڵدا گرت کە دووەم گەورەترین شاری عێراقە لە رووی ژمارەی دانشیتوانەوە، بە داگیرکردنی موسڵ وێرانکاری گەورە بەسەر ئەم شارەدا هات، تەواوی خزمەتگوزارییە گشتیەکان وەك پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی لەم شارەدا وەستان[2] هەروەها کاتێک داعش دەستی گرت بەسەر ئابووری شارەکەدا و بە پێی راپۆرتێکی لێکۆڵینەوە لە پەرلەمانی عێراق، مانگانە(١١)ملیۆن دۆلار داهاتی هەبووە لە پارێزگاری مووسڵ، وە پاڵاوگەی گیارەشی بەکارهێناوە بۆ دابینکردنی دارایی بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی، کە ئەنجامی دەدا هەروەها شاری مووسڵ ژێرخانی ئابووری ٨٠% زیانی بەرکەوتوە کە لە ٣٠% ئەم ژێرخانە دەکرێت بە شێوەیەکی خێرا چارەسەربکرێت بەڵام ٥٠% پێویستی بە ماوەیەکی دوورودرێژ هەیە.[3] داگیرکردنی خاکی عێراق لە لایەن داعشەوە و شەری رزگارکردنی ئابوری عێراق لە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٨) توشی زەرەر و زیانێکی زۆر کرد[4]. ئەمەش دەرەنجامی ئەوە بوو لەماوەی ململانێ لە گەڵ رێکخراوی داعشدا زیاد لە (٢٩) هەزار خانوو لەو ناوچانەی داگیرکردبوون بەتەواوی وێران بووە هەروەها زۆربەی خاوەن ئەو خانووانەش ماڵەکانیان جێهێشتووە[5]. ئەوەی داعش لە دوای خۆی بەجێیهێشت بریتیبوو لە کاولکاری و ماڵوێرانی بەشێوەیەك بوونیاتی ئابووری ناوچە داگیرکراوەکانی دەستی داعش سفر بویەوە[6].بۆ ئەوەی بتوانین تێبگەین لە لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر رەهەندی ئابوری بە خشتەیەک لێکەوتەی تیرۆر دەخەیەنەڕوو لە سەر تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی عێراق، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٤)

---

(1)المصدرنفسه، والصفحة نفسها.

(2) شذى خليل، تداعيات الارهاب على الاقتصاد العراقي، المصدر السابق.

(3) المصدرنفسه

(4) احمد عبدالله ناهي، م.م محمد ارمين كربيت، التنمية المُستدامة في العراق: التحديات والمعالجات، قضايا سياسية، ع:٦٥، ص٢٦.

(5) نوسـینگەی راگـــەیاندنی یــونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان)، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠١٩ دا، عێراق، ٢٠١٩، ل٣٢. ل٣٥.

(6) جەزا ئەحمەد فارس، هەرێمی کوردستان لەکوێی کۆنگرەی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بوو؟ ٣ ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخانکرا، بلاو کراوەتەوە لە سەر ماڵپەری دیپلۆماتیک مەگەزین (٢٠١٨)، بەردەستە لە سەر بەستەری: https://diplomaticmagazine.net/economy/156 بەرواری سەردان: ٢٠٢٢/٠٢/٢٠.

## خشتەی ژمارە(٤)

## لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر (تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی عێراق)

## (٢٠٠٣-٢٠١٨)

| ژ | ساڵ | ڕێژەی سەدی(٪) |
| --- | --- | --- |
| ١ | ٢٠٠٣ | ٪٤,٤ |
| ٢ | ٢٠٠٤ | ٪١٢,٤ |
| ٣ | ٢٠٠٥ | ٪١٥,٠ |
| ٤ | ٢٠٠٦ | ٪١٩,٧ |
| ٥ | ٢٠٠٧ | ٪٢٥,١ |
| ٦ | ٢٠٠٨ | ٪١٠,١ |
| ٧ | ٢٠٠٩ | ٪١٠,٨ |
| ٨ | ٢٠١٠ | ٪٨,٢ |
| ٩ | ٢٠١١ | ٪٧,٢ |
| ١٠ | ٢٠١٢ | ٪٨,٤ |
| ١١ | ٢٠١٣ | ٪١,١٨ |
| ١٢ | ٢٠١٤ | ٪٢٧,٢ |
| ١٣ | ٢٠١٥ | ٪١٨,٠ |
| ١٤ | ٢٠١٦ | ٪٢٣,٦ |
| ١٥ | ٢٠١٧ | ٪١١,٠ |
| ١٦ | ٢٠١٨ | ٪٤,٢ |

سەرچاوە:

Harrison Bardwell and Mohib Iqbal, The Economic Impact of Terrorism from 2000 to 2018, From the journal Peace Economics, Peace Science and Public Policy, Volume 27 Issue 2, 2020,P.250.

به پێی ئەم خشتەی سەرەوە تیرۆر لە عێراقدا لێکەوتەی گەورەی لە سەر (تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی عێراق) بە جێهێشتووە، لە ساڵی (٢٠٠٣)دا (٪٤,٤) بووە کە هاوکاتە لەگەڵ داگیرکاری ئەمریکا لە عێراقدا بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٠٤) دا زۆر بەرز دەبێتەوە بۆ (٪١٢,٤)، بەرزبوونەوەی لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر (تێکڕای بەرهەمی ناوخۆی عێراق) بەردەوام دەبێت کە لە (٢٠٠٥) دا دەگاتە (٪١٥,٠)، لە ساڵی (٢٠٠٦)دا ڕێژەکە زیاتر بەرز دەبێتەوە بۆ (٪١٩,٧)، بەرزبوونەوەکە بەردەوام دەبێت تا لە (٢٠٠٧) دا دەگاتە (٪٢٥,١)، بەڵام لە پاش (٢٠٠٧) ڕێژەکە دەست بە دابەزین دەکات لە (٢٠٠٨) دا بۆ (٪١٠,١)نزم دەبێتەوە، لە ساڵێ (٢٠٠٩) دا ڕێژەکە نزیکە لە ساڵی(٢٠٠٨) کە (٪١٠,٨) هەرچەندە کەمێک بەرز بووەتەوە، لە ساڵی (٢٠١٠) رێژەکە (٪٨,٢)؛ لە (٢٠١١) زیاتە نزم دەبێتەوە بۆ (٪٧,٢)، بەڵام لە (٢٠١٢) وە ڕێژەکە جارێکی تر دەست بە بەرزبونەوە دەکات بۆ (٪٨,٤)، لە ساڵی (٢٠١٣) دا دەبێت بە زیاد لە دوو ئەوەندەی ساڵی پێشوو

(١,١٨٪)، ئەم بەرز بوونەوەیە بەردەوام دەبێت لە ساڵی (٢٠١٤)دا دەگاتە (٢٧,٢٪)، هەرچەندە لە ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەکە ڕوو لە دابەزین دەکات بۆ(١٨,٠٪) ،بەڵام لە (٢٠١٦) دا دەگاتە لووتکە (٢٣,٦٪)، و دواتر دەست بە دابەزین دەکات لە (٢٠١٧) بۆ (١١,٠٪)، ئەم دابەزینە بەردەوام دەبێت لە (٢٠١٨) بۆ (٤,٢٪).

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە (٢٠٠٣)وە چەندین ملوێن ئاوارەی عێراقی پەنا بۆ هەرێمی کوردستان دەبەن بەو پێیەی کە ناوچەیەکی ئارامە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بە ڕێژەی (٣٢٪) ئەم ئاوارانە لە ڕووی ئابورییەوە حکومەتی هەرێمی خستە ژێر بارێکی قورسەوە،کە تێچووی ساڵانەی ئەم ئاوارانە بە زیاتر لە (٢بلوێن دۆلاری ئەمرێکی) خەمڵێنراوە لەم ڕێژەیەش تەنها (٢٥٪) لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دابین دەکرێت، (٧٥٪)ی کەوتۆتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان[1] هەروەها لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ هەرێمی کوردستان نیوەی ئەو خاکەی کە بەڕێوەی دەبرد لەدەست دەدات کە بەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەناسرێت، ئەم ناوچانە بەهۆی دەوڵەمەندییان بەدەرامەتی سروشتی بە کۆنترۆڵکردنی لەلایەن حەشدی شەعبییەوە لێکەوتەی نەرێنی لەسەر ئابوری هەرێمی کوردستان هەبووە[2].

کردە تیرۆریستییەکان لێکەوتەی نەرێنی هەبووە لە سەر ڕەهەندی ئابووری ئاسایش لە عێراق، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سەرەڕای ئەوەی کە عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و پێگەیەکی گرنگیشی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئابوورییەکی بەهێزی نەبێت و نەشتوانێت ئاسایشێکی ئابووری دروست بۆ هاوڵاتیانی دابینبکات. داعش وەک دیارترین گرووپی تیرۆریستی لێکەوتەکانی لە سەر ڕەهەندی ئابووری دەکرێت بۆ چەندین دەیە بمێنێتەوە لە بەرئەوەی ئەم گرووپە تیرۆریستییە لە دوای خۆی کاولکارییەکی گەورەی بەجێهێشت.

---

[1] وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان،ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە داڵدەدان و هاوکاری کردنی ئاوارەکانی ناوخۆ و پەنابەران ١٩٩٢-٢٠١٧، ڕاپۆرتی ژمارە(١١)، ٢٠١٧، ل٥.

[2] بازان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر هەرێمی کوردستان – عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

## تەوەرەی سێیەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ڕەهەندی سەربازی

لە (٢٠٠٤)دا قاعیدە لە عێراقدا دەستی کرد بە زنجیرەیەک هێرشی تیرۆریستی، کە زۆربەی جار لە شێوەی تەقینەوەی خۆکوژیدا بووە، ئەم زنجیرە تەقینەوانە لە پاڵ بە ئامانج گرتنی دامودەزگاکانی حکومەت زۆر جار هێزە ئەمنییەکانی عێراقی بە ئامانج دەگرت[1].هەر لە سەرەتای دەستکردن بە پرۆسەی سیاسی عێراقەوە هێرشی بەردەوام هەبووە لە سەر ئەو هێزە عێراقییانەی ئەرکیان دابینکردنی ئاسایشی عێراق بووە، هەر وەک (بیکەر-هامڵتۆن) ئاماژەی پێدەدا لە راپۆرتی گرووپی (دیراسەکردنی عێراق) "هێرشی رۆژانە بۆ سەر هێزەکانی ئاسایشی عێراق لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ دوو ئەوەندەی مانگی کانوونی دووەمی هەمان ساڵ بووە"[2] لە دەرئەنجامی بەردەوامی کردە تیرۆریستییەکان لێکەوتەکانی، حکومەتی عێراقی ناچاربووە بیر لەوە بکاتەوە کار بۆ بە دیهێنانی سەقامگیری لە وولاتدا بکات ئەمەش وایکردووە پارەی تەرخانکراو بۆ بواری سەربازی زیاد بکرێت[3].ئەو پارە زۆرەی لە بواری ئاسایشی سەربازی لە بودجەی عێراق تەرخانکرا ئەمەش لەسەر حسابی خزمەتگوزارە کۆمەڵایەتیەکان بوو وەك لایەنی تەندروستی و کەرتی پەروەردە و فێرکردن ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەم کەرتانەی زۆر کەرتی تریش لە خراپترین بارودۆخدابن بڕوانە خشتەی ژمارە(٥)[4].

### خشتەی ژمارە(٥)

پارەی تەرخانکراو لە بودجەی گشتی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ بۆ کەرتی بەرگری وئاسایش بەبەراورد بەکەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی(٢٠٠٦-٢٠١٠)

| ذ | ساڵ | کەرتی بەرگری و ئاسایش | کەرتی تەندروستی | کەرتی پەروەردە و فێرکردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ٢٠٠٦ | ١٥،٨٪ | ٣,١٪ | ٤,٣٪ |
| 2 | ٢٠٠٧ | ١٧،٩٪ | ٤,٤٪ | ٦,٥٪ |
| 3 | ٢٠٠٨ | ١٥,٥٪ | ٣,١٪ | ٤,٦٪ |
| 4 | ٢٠٠٩ | ١٦,٧٪ | ٦,٠٪ | ٩,٩٪ |
| 5 | ٢٠١٠ | ١٥,٦٪ | ٦,٨٪ | ٩,٦٪ |

---

[1] هيومن رايتس ووتش، عدالة منقوصة المحاسبة على جرائم" داعش "في العراق، ديسمبر/كانون الأول ٢٠١٧، ص٨.

[2] بیکەر-هامڵتۆن، راپۆرتی گرووپی دیراسەکردنی عێراق، و: جەمیل عەلی و ئەونیتر، چ١، سلێمانی، ل٦٥

[3] د. عدنان عبد الامير مهدى، مشكلة البطالة في العراق بعد ٢٠٠٣ .. واقعها، وأسبابها، وآثارها، وخيارات السياسات العامة،سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط،٢٠٢١، ص١٧.

[4] حسن لطيف الزبيدي و صادق جبر فخري، المصدر السابق، ص٢٤٩.

سەرچاوە/ حسن لطيف الزبيدي ، صادق جبر فخري ،الإرهاب و آثاره في التنمية البشرية في العراق،مجلة الغري للعلوم الاقتصادية و الإدارية،المجلد ٩، العدد ٢٩ (٣١ ديسمبر/كانون الأول ٢٠١٣)، ص٢٥٠ نقل من :جمهورية العراق، وزارة المالية، الموازنة العامة الاتحادية للأعوام على موقع
http://www.mof.gov.iq/pages/ar/balancearchive.aspx

بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین لە قوربانییانی هێزە سەربازییەکانی عێراق پێویستە، کە قوربانیانی هێزە ئەمنییەکان بەر لە دروستبوونی داعش بخەینەڕوو بە پشتبەستن بە ئامارێک کە پەیمانگای برۆکینگس (The Brookings Institution) بڵاویکردووەتەوە، لە مانگی (٦) ی (٢٠٠٣) تاوەکو (٢٠٠٥/١/٤) ژمارەی قوربانیانی هێزەکانی پۆلیس و سوپای عێراقی بە (١٣٠٠) قوربانی مەزەندەکردووە، بەڵام ئەم ژمارەیە لە ساڵی (٢٠٠٥) بەرز بووەتەوە بۆ (٢٥٤٥) قوربانی و لە ساڵی(٢٠٠٦)یش (٢٠٩١) قوربانی بووە، لە ساڵی(٢٠٠٧) قوربانیان (١٨٣٠) قوربانی بوون، لە ساڵی (٢٠٠٨) ەوە ژمارەی قوربانیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لە کەمبوونەوە دەکەن بۆ (١٠٧٠)، دابەزینی ژمارەی قوربانیان بەردەوام دەبێت لە (٢٠٠٩) قوربانیان بە (٥١٥) کەس مەزەندە دەکرێت، ساڵی (٢٠١٠) بە (٤٦٨) قوربانی مەزەندە دەکرێت کە کەمترین ڕێژەی قوربانییە، بەڵام لە (٢٠١١)وە ڕێژەی قوربانیان دەستدەکات بە بەرزبوونەوە، کە بە (٧٠٢) قوربانی مەزەندە دەکرێت، ساڵی (٢٠١٢) بە (٨١٨) کەس مەزەندە دەکرێت، ساڵی(٢٠١٣) ڕێژەکە زۆر بەرز دەبێتەوە بۆ (٢٢٤١) قوربانی[1]. بە ئامانج گرتنی دامودەزگا سەربازییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە که پاراستنی ئاسایش و سەقامگیرییان لە ئەستۆدایە، لەبەرئەوە هەمیشە گرووپە تیرۆریستییەکان ئەندامانی سوپا و دامەزراوە سەربازییەکانی عێراقیان کردووەتە ئامانج، بەو پێیەی ئەمانیان بە بەربەستی سەرەکی بینیوە لەبەرامبەر هەژمونیاندا.

لە ساڵی (٢٠١٤) دا داعش توانی سێ یەکی خاکی عێراق داگیربکات سوپای عێراقی گەیاندە لێواری ڕووخان ئەگەر هاوپەیمانان و هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هاوکارییان نەکردایە ئەوە داعش دەیتوانی زیاتر پێشڕەوییبکات[2]. لە پاش داگیرکاریەکانی داعش و گروپە چەکدارەکانی بەردەوامبوون لە لەسێدارەدان و بەئامانجگرتنی ئەندامانی هێزە ئەمنیەکان لەو ناوچانەی کۆنتڕۆڵیان کردبوو لە (ئەنبار، دیالە، کەرکوك، موسڵ، سەڵاحەدین)[3]. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە شەڕی داعشدا قوربانی گەورەیان داوە کە بە پێی هەندێک ئامار (١٢٠٠٠) هەزار قوربانیان هەبووە[4]. هێزەکانی پێشمەرگەش بە پێی ئامارێک کە ناس کورد لە

---

(1) Michael E. O'Hanlon  and Ian Livingston, Iraq Index Tracking Variables of Reconstruction & Security in Iraq, July 2013, The Brookings Institution, p.4.

(2) الغد، العبادي: أكثر من مائة مليار دولار خسائر سنوات الحرب مع داعش، نشر ٢٠١٧، على موقع: https://bit.ly/3KjkheV، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٢٢.

(3) بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق،تقرير حول حماية المدنيين في النزاع المسلح في العراق، المفوضية السامية لألمم المتحدة لحقوق اإلنسان بغداد/العراق، :١١ أيلول –١٠ كانون الاول ٢٠١٤، ص٨.

(4) Ido Levy, Biden UN Speech Misunderstands the Point of 'Forever Wars'—in the Mideast and Elsewhere, The Washington Institute , published on Sep 20, 2021 Policy Analysis, Availabile at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/biden-un-

زاری ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە (جەبار یاوەر) بڵاویکردووەتەوە تەنها لە نێوان (٢٠١٤-٢٠١٩)دا (١٧٥٠) شەهید و (١٠٧٢٩)برینداریان لەشەڕی دژ بە داعش داوە[1]داعش دوژمنی هاوبەشی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەبوو، لەبەرئەوە ئەم دوو هێزە کەوتنە هاوکاریکردنی یەکتری بە مەبەستی تێکشکاندنی داعش، بەڵام دواتر لە ساڵی (٢٠١٧) ڕووبەڕووی یەکبوونەوە وەک دوژمن بە تایبەت ئەوکاتەی کە سوپای عێراق و میلیشیا شیعییەکان ناوچە جێناکۆکەکانیان کۆنترۆڵکرد[2]

میلیشیا شیعەکان سوودمەند بوون لە شەڕی داعش، بە شێوەیەک، کە ناوبانگێکیان بۆ خۆیان دروستکرد ئەمەش پاڵپشتێک بوو بۆ چوونە ناو کاری پەرلەمانییەوە لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠١٨) دا ، پاش بوون بەبەشێک لە سیستەمی بەرگری عێراق ئەم میلشیانە دواتر هێز و توانای خۆیان دژی نەیارەکانی حکومەت بە تایبەت خۆپیشاندەران بەکارهێنا و چەندین کاری تیرۆریان ئەنجامدا[3].

کەواتە تیرۆر لە عێراقی پاش(٢٠٠٣) دا ڕۆڵی نەرێنی بینیوە لە دروستکردنی ناسەقامگیری لەم وڵاتەدا ئەوەش لە ڕێگەی ئەو کردە تیرۆریستیانەوە بووە، کە ئەنجامیانداوە و هەندێکجار ئەو دامودەزگا سەربازییانەیان بە ئامانج گرتووە، کە ئەرکیان بریتیبووە لە پاراستنی سەقامگیری لە وڵاتدا، هەروەها تیرۆر یارمەتیدەر بووە بۆ بەهێزبوونی میلیشیا شیعەکان، کە ڕۆڵی دیاریان بینی لە ڕووبەڕووبونەوە و تێکشکاندنی داعش هەرچەندە ئەم میلیشیانە مەترسییەکی گەورەن بۆ سەر ئاسایش و ئارامی عێراق بە هۆی ئەو ململانێ و ناکۆکییەی کە لە نێوان خۆیان و لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا هەیانە.

---

speech-misunderstands-point-forever-wars-mideast-and-elsewhere, (Accessed . 21/3/2022)

[1] ناس کورد، وەزارەتی پێشمەرگە: 1720 شەهیدمان لە شەڕی داعش هەیە، بەردەستە لەسەر: https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=89 بەرواری سەردان(٢٠٢٢/١١/٢٨).

[2] Feike Fliervoet, Op.cit, p.8.

[3] عبد الله الجبور، الحشد الشعبي في العراق :بين التوازنات إلاقليمية والمتغيرات المحلية، مؤسسة فريدريش ايربت، مكتب ألاردن والعراق، ٢٠٢١، ص.ص١٣-١٤.

## تەوەرەی چوارەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی کۆمەڵگەی

بەر لە دروستبوونی داعش بەتایبەتی قاعیدە لە عێراق یەکێك لە ئامانجەکانی بریتی بوو لە دروستکردنی شەڕی تائیفی لە عێراقدا، بۆیە لێکەوتەی خراپی جێهێشت لەسەر قووڵکردنەوەی ململانێکانی نێوان شیعە و سوننە، کە کێشەکانیان ڕەهەندی مێژووی قووڵی هەیە، بەم شێوەیەش توندوتیژی و تیرۆر و چەندین کاری نامرۆڤانە لە ساڵانی نێوان (٢٠٠٦ –٢٠١٤)عێراقی تەنی[1]. لەدوای تەقاندنەوەی مەزارگەی ئیمامی عەسکەری لە سامەرا کە لە( ٢٢ ی شوباتی ٢٠٠٦ ) لە لایەن (قاعیدە)وە ئەنجامدرا بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی مەزهەبی، پریشکی توندوتیژی مەزهەبی لە نێوان سوننە و شیعە لە عێراقدا سەریهەڵدا، کەبووە هۆی قووڵکردنەوەی قەیرانە سیاسییەکان و کوشتن و ڕاگواستنی هەزارن هاووڵاتی لە سەر مەزهەب، بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوای ڕووداوەکانی سامەڕا ڕۆژانە (١٢٠)هاووڵاتی عێراقی بەهۆی توندوتیژی تائیفییەوە گیانیان لەدەستداوە و هەزارانی تریش ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە، بێجگە لە ئاوارەکانی ناوخۆی عێراق ژمارەی ئاوارەکانی دەرەوە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا زۆر ڕوو لە هەڵکشانبوو، ئەوانەی، کە بە کوشتن و هەڕەشە و راگواستنەکان هەستاون میلیشیا چەکدارەکان بوون، بەتایبەتیش میلیشیا شیعەکان، سوپای (بەدر و مەهدی)، کە بەشێکیان لەو کاتەدا خرابوونە ناو هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوە ئەمەش بووە هۆی شکست پێهێنانی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لەعێراقدا[2].

تیرۆر جیاوازی نەکردووە لە نێو پێکهاتەکاندا بۆیە دەبینین کە هەموو پێکهاتەکان قوربانی گەورەیان داوە لە دەرەنجامی کردە تیرۆریستییەکان، بۆ نموونە ئەگەر باسی مەسیحییەکان لە عێراقدا بکەین، یەکێکن لە و کەمینانەی کە تاوانی زۆریان بەرامبەر کراوە لە لایەن گروپە تیرۆریستییەکانەوە زۆرجار بە ئامانجگیراون و تیرۆر کراون لەساڵی (٢٠٠٣)دا (٨٤) کەس بوونەتە قوربانی، لەساڵی (٢٠٠٤)ژمارەی قوربانییەکان بەرزبۆتەوە بۆ (٢١١)کەس ئەمە لە کاتێکدایە کە لە (٢٠٠٥)دا ژمارەی قوربانیان بۆ (٩٨) کەس دابەزیوە، لە ساڵی (٢٠٠٦) زیاتر دابەزیوە بۆ (٨٠) کەس بەڵام ساڵی(٢٠٠٧) ژمارەی قوربانیان بەرزبۆتەوە بۆ(١٥٨) کەس، لە ساڵی(٢٠٠٨) وە ژمارەی قوربانیان کەم دەبێتەوە بۆ (٧٧) کەس و لە (٢٠٠٩)دا کەمترین قوربانی بووە کە (٢٨) کەس مەسیحییەکان بووە، لە ساڵی (٢٠١٠)دا رێژەکە بەرز دەبێتەوە بۆ (٩٢) کەس بەڵام لە (٢٠١١) جارێکی تر ژمارەی قوربانییان کەم دەبێتەوە بۆ (١٣) کەس[3]. ئەگەر بە شێوەی چارت بیخەینە ڕوو بەم شێوەیە دەبێت بڕوانە هێڵکاری ژمارە(١).

---

(1) James A. Baker, III, and Lee H. Hamilton, The Iraq Study Group,available onhttps://www.bakerinstitute.org/media/files/Research/88085bb4/iraqstudygroup_findings.pdf, (Accessed . 23/3/2022), p.10.

(2) ئاکۆ حەمە کەریم رەحیم، سیاسەتی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا پاش رووداوەکانی ١١ ی سێپتێمبەر، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢١٥.

(3) محمد محی محمد و م.م.زیدون سلمان محمد، سبل النهوض بواقع ألاقليات و حمايتها في العراق لمرحلة ما بعد داعش، قضايا سياسية، ع(٦٥)، ص٣٢٧.

هێڵکاری ژماره(١)

قوربانیانی مەسیحییەکانی عێراق بەهۆی تیرۆرەوه (٢٠٠٣-٢٠١١)




سەرچاوه: م .م. محمد محی محمد و م.م.زيدون سلمان محمد، سبل النهوض بواقع ألاقليات و حمايتها في العراق لمرحلة ما بعد داعش، قضايا سياسية، ع:٦٥، ص٣٢٧.

ئەو کردەوە تاوانکاریانەی، کە بەرامبەر مەسیحییەکان کراوە کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەر کۆچکردنیان و کەمبوونەوەی ژمارەیان لە عێراقدا. مەسیحییەکان ژمارەیان (١٥٠٠٠٠٠) بووە بەر لە ساڵی (٢٠٠٣) بەڵام بەهۆی ئەو کردەوە تاوانکاری و تیرۆریستییانەی کە بەرامبەریان ئەنجامدراوە لە پاش (٢٠٠٣) و بە تایبەت لە لایەن رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە لە ساڵی (٢٠١٤) لێکەوتەی تەواوی هەبووە لە سەر کەمکردنەوە ژمارەیان کە کەمبوونەتەوە بۆ دەورووبەری (٣٥٠٠٠٠) ئەمە لە کاتێکدا بوو، کە مەسیحییەکان مێژوویەکی دێرینیان هەیە کە بە شێوەیەکی ئاشتیانە ژیاون لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عێراق[1].جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین لە پاڵ تیرۆری مەزهەبی و کێشەی ناسنامە لە عێراقدا. لە ساڵی (٢٠٠٣)وە کەمینەکان ڕووبەڕووی چەندین مەترسی بوونەتەوە لەوانە فڕاندن و کوشتن و بە زۆر گۆڕینی ئاین و گەورەترین مەترسی داعش بوو کە لە (٢٠١٤) دا لە سەر کەمینەکان دروستیکرد[2]داعش جیاوازییەکی ئەوتۆی نەکردووە لە نێوان تەواوی کەمینە و پێکهاتە ئاینییەکانی عێراق چی شیعە بێت یان سوننە یان مەسیحی یان یەزیدی یان عەرەب بێت یان کورد[3].

(1) أ.م.د. نغم اسحق زيا، تكييف عمليات التهجير القسري للمسيحيين فى العراق عام 2014 في ضوء المفهوم الدولى الجنائي، مجلة كلية الحقوق- جامعة النهرين، المجلد(٢٣)، العدد(١)، لسنة (٢٠٢١)، ص٧٦.

(2) محمد محى محمد و زيدون سلمان محمد،المصدر السابق، ص٣٢٦.

(3) أمين عبد الكرمي الفيصل، داعش وأثره فى العراق رؤية مختصرة، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، العراق، ٢٠٢٠، ص١٠.

ئێزیدییەکانیش وەک کەمینەیەکی تری عێراق ڕووبەڕووی چەندین کردەی تیرۆریستی بوونەتەوە لە ( ١٥ ی ئابی ٢٠٠٧ )کۆمەڵگەی ئێزیدی ڕووبەڕووی زنجیرەیەك هێرشی ئەلقاعیدە بوویەوە کە لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراوەوە دەکرایە سەریان، کە ڕێکخستنەکانی قاعیدە بەرپرسیاری ئەو هێرشانەی هەڵدەگرت، ئەم هێرشکردنە سەر کەمینەی ئێزیدی بەردەوامی هەبوو بەشێوەی پچڕ پچڕ تا لە (٨/٣ / ٢٠١٤ ) داعش چوونە ناو قەزای (شەنگال)کە بنکەی ئاینی ئێزیدییە لە باکووری عێراق تا( ١ /١٢/ ٢٠١٨) بە هەزاران هاووڵاتییان کوشت و ئاوارەکرد، کە هەندێک ئامار ئاماژە بەوە دەدەن ( ٣١٦٥) کەس ڕزگار کراون لە کۆی( ٦٤١٧) یەزیدی کە لە ئەنجامی هێرشی داعش دیارنەمابوون[1].لە ئابی (٢٠١٤) دا داعش وا ئێزیدییەکانی ناساند کە کافرن–چەندین تاوانی قێزەونیان بەرامبەر ئەنجامدرا، لە تاوانە قێزەونەکان کە لە دژی ئێزیدییەکان ئەنجام دران: پیاوان ئەشکەنجە دران، کوژران یان ناچارکران کە بێنە سەر ئایینی ئیسلام؛ ئافرەتان و کچان لە بازاڕەکانی کۆیلە فرۆشران و وەك کۆیلەی سێکسی لەلایەن چەکدارانی داعش ڕاگیران؛ و کوڕانی بچووکیش بە زۆرەملێ لە خێزانەکانیان دابردران[2]و سەرچاوەکان وای دەخەمڵێنن کە لەنێوان( ٢٠٠٠ - ٥٥٠٠ )هاووڵاتی ئێزیدی لە ٣ ی ئابی 2014 بەدەست داعش کوژراون[3]هەندێک ئامار ئاماژە بەوە دەدەن نزیکەی (٨٠٠) هەزار لە کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە لایەن داعشەوە ناچارکران، کە لە میانەی داگیرکردنی عێراقدا کۆچبکەن و ئاوارەبن [4].

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر رەهەندی کۆمەڵگەی ئاسایش شرۆڤەبکەین باشتر وایە کە بە خشتەیەک ئاماری ئاوارە بوون لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق بخەینەڕو بڕوانە خشتەی ژمارە(٦).

---

(1) رنا جاسم محمد حمزة، السبايا (دراسة اجتماعية ميدانية للايزيديات المختطفات العائدات في العراق)، ط١، مطبعة رو ژهلات، اربيل، ٢٠١٩، ص٤٧.

(2) نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی عێراق، هەوڵە تازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری کردنی ئێزیدیەکان ، هەواڵنامەی مرۆیی، ٢٠٢١، ل١.

(3) یونامی، داوایەك بۆ لێپرسینەوەو پاراستین: ڕزگاربووانی ئێزیدی لە تاوانە قێزەونەکانی داعش، ڕاپۆرتی ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ، ئابی ٢٠١٦، بەردەستە لە سەر بەستەری : https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMIReport12Aug2016_kurdish.pdf

(4) د.هیشام هاشمی، جیهانی داعش، و: هێمن مەحمود، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١٩٣.

خشتەی ژمارە(٦)

ئاوارە بووان لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق لە (٢٠٠٣-٢٠٢٠)

| ژ | ساڵ | ژمارەی ئاوارەکان لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠٠٣ | ٤٠٠٠٠٠ |
| ٢ | ٢٠٠٤ | ٨٠٠٠٠٠ |
| ٣ | ٢٠٠٥ | ١٢٠٠٠٠٠ |
| ٤ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٠٠٠٠ |
| ٥ | ٢٠٠٧ | ٢٧٤٠٠٠٠ |
| ٦ | ٢٠٠٨ | ٢٧٧٠٠٠٠ |
| ٧ | ٢٠٠٩ | ٢٧٦٤٠٠٠ |
| ٨ | ٢٠١٠ | ٢٧٠٠٠٠٠ |
| ٩ | ٢٠١١ | ٢٦٠٠٠٠٠ |
| ١٠ | ٢٠١٢ | ٢١٠٠٠٠٠ |
| ١١ | ٢٠١٣ | ٢١٠٠٠٠ |
| ١٢ | ٢٠١٤ | ٣٢٧٦٠٠٠ |
| ١٣ | ٢٠١٥ | ٣٢٩٠٠٠٠ |
| ١٤ | ٢٠١٦ | ٣٠٣٥٠٠٠ |
| ١٥ | ٢٠١٧ | ٢٦٤٨٠٠٠ |
| ١٦ | ٢٠١٨ | ١٩٦٢٠٠٠ |
| ١٧ | ٢٠١٩ | ١٥٥٥٠٠٠ |
| ١٨ | ٢٠٢٠ | ١٤٠٠٠٠٠ |
| | کۆ | |

سەرچاوە:

Sam Gollob Michael E. O'Hanlon, IRAQ INDEX Tracking variables of reconstruction and security in post-Saddam Hussein Iraq, The Brookings Institution, 2020, P.15

بەپێی ئەم خشتەیەی سەرەوە لە ساڵی(٢٠٠٣)دا (٤٠٠٠٠٠) کەس ئاوارە بوون  کە چی ئەم ژمارە بەرز دەبێتەوە بۆ دوو ئەوەندە لە ساڵی(٢٠٠٤)دا هەروەها لە ساڵی(٢٠٠٥) دا ڕێژەکە بەرزتردەبێتەوە بۆ (١٢٠٠٠٠٠)، لە ساڵی(٢٠٠٦) ڕێژەکە زیاتر بەرزتر دەبێتەوە بۆ (٢٠٠٠٠٠٠) ئەم بەرزبوونەوەیە بەردەوام بووە لە ساڵێ (٢٠٠٧) بۆ (٢٧٤٠٠٠٠) لە ساڵی (٢٠٠٨) بۆ (٢٧٧٠٠٠٠)، هەر چەندە لە ساڵی (٢٠٠٩) کەمێک نزم دەبێتەوە بۆ (٢٧٦٤٠٠٠)، لە ساڵی (٢٠١٠) دا نزمتردەبێتەوە بۆ (٢٧٠٠٠٠٠) و ئەم نزمبوونەوەیە بەردەوامی هەیە لە ساڵی(٢٠١١) بۆ (٢٦٠٠٠٠٠) و لە ساڵی (٢٠١٢) بۆ (٢١٠٠٠٠٠)، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٣) ڕێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو نزم دەبێتەوە بۆ (٢١٠٠٠٠) بەڵام لە ساڵێ (٢٠١٤) کە هاوکاتە لەگەڵ داگیرکارییەکانی داعش

له عێراقدا  ڕێژەکە زۆر بەرز دەبێتەوە بۆ (٣٢٧٦٠٠٠)، لە (٢٠١٥) دا ریژەکە دەگاتە بەرزترین کە(٣٢٩٠٠٠٠)، ئەم ڕێژەیە هەرچەندە لە (٢٠١٦) بە بەراورد بە (٢٠١٥) ڕووی لە دابەزین دەکات بۆ (٣٠٣٥٠٠٠) بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆر بەرزە بە بەراورد بە ساڵەکانی تر، لە (٢٠١٧)دا ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ (٢٦٤٨٠٠٠) و ئەم دابەزینە بەردەوام دەبێت لە ساڵی (٢٠١٨ )بۆ (١٩٦٢٠٠٠) و لە ساڵی (٢٠١٩) بۆ (١٥٥٥٠٠٠) و لە ساڵی (٢٠٢٠) بۆ (١٤٠٠٠٠٠). ئەوەی لەم خشتەیە تێگەشتین بە پشت بەستن بە و زانیارییانەی کە پێشتر خستوومانە ڕوو لە سەر گەورەبوون و بەهێزبوونی تیرۆر لە عێراقدا و لاوازبوونی دەگەیەنە ئەو دەرەنجامەی بەهێزبوونی تیرۆر لە عێراقدا هاو ئاراستەیە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئاوارەکان لە عێراقدا.

خشتەی ژمارە(٧) داواکاری بۆ مافی پەناهەندەی عێراقییەکان دەخاتەڕوو کە یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم کۆچکردنە دەگەرێتەوە بۆ لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر کۆمەڵگەی عێراق.

خشتەی ژمارە(٧)

ژمارەی داواکاری مافی پەناهەندی عێراقییەکان لە ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٨)

| ساڵ | ژمارەی داواکاری پەناهەندەی | ساڵ | ژمارەی داواکاری پەناهەندەی |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٢٥٥٠٠ | ٢٠١١ | ٢٣٥٠٠ |
| ٢٠٠٤ | ٩٨٥٠ | ٢٠١٢ | ١٩٦٠٠ |
| ٢٠٠٥ | ١٢٤٩٨ | ٢٠١٣ | ٣٨٢٠٠ |
| ٢٠٠٦ | ٢٢٧٦١ | ٢٠١٤ | ٦٨٧٠٠ |
| ٢٠٠٧ | ٤٥٥١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠٩٢٠٠ |
| ٢٠٠٨ | ٤٠٤٠٠ | ٢٠١٦ | ١٨٥١٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ٢٤٣١٩ | ٢٠١٧ | ١١٣٥٠٠ |
| ٢٠١٠ | ٢٠١٠٠ | ٢٠١٨ | ٧٢٦٠٠ |

سەرچاوە:

Sam Gollob Michael E. O'Hanlon, IRAQ INDEX Tracking variables of reconstruction and security in post-Saddam Hussein Iraq, The Brookings Institution, 2020, P.16.

بە پێی ئەم خشتەیەی سەرەوە لە ساڵی(٢٠٠٣)دا (٢٥٥٠٠) کەس کۆچیان کردووە و داوای مافی پەناهەندەییان لە دەرەوەی عێراق کردووە، بەڵام ئەم ژمارە نزمدەبێتەوە بۆ(٩٨٥٠) کەس لە ساڵی(٢٠٠٤)دا، لە ساڵی(٢٠٠٥) دا ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە بۆ (١٢٤٩٨)، لە ساڵی(٢٠٠٦) ڕێژەکە زیاتر بەرزتر دەبێتەوە  بۆ (٢٢٧٦١) کە نزیکەی   دوو هێندەی ساڵی پێش خۆی دەکات ئەم بەرزبوونەوەیەش هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی تیرۆری مەزهەبی لە عێراقدا لە و ساڵەدا،  ئەم بەرزبوونەوەیە بەردەوام بووە لە ساڵێ (٢٠٠٧) دەگاتە (٤٥٥١٤)، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٨)  دەست بە

دابەزین دەکات بۆ (٤٠٤٠٠)، ئەم نزمبوونەوەیە بەردەوام دەبێت لە ساڵی (٢٠٠٩) زیاتر نزم دەبێتەوە بۆ (٢٤٣١٩)کەس، لە ساڵی (٢٠١٠) دا نزمتر دەبێتەوە بۆ (٢٠١٠٠) هەرچەندە لە ساڵی(٢٠١١) ڕێژەکە کەمێک زیاد دەکات بۆ (٢٣٥٠٠) بەڵام لە ساڵی (٢٠١٢) نزم دەبێتەوە بۆ (١٩٦٠٠)، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٣) ڕێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو دەست بە بەرزبوونەوە دەکات بۆ (٣٨٢٠٠) کە ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ زیادبوونی جموجوڵەکانی داعش، هەروەها لە ساڵی (٢٠١٤)لەگەڵ داگیرکارییەکانی داعش لە عێراقدا ڕێژەکە بەرزتردەبێتەوە بۆ (٦٨٧٠٠)، لە (٢٠١٥) دا ڕێژەکە دەگاتە لوتکە کە(٢٠٩٢٠٠)، ئەم ڕێژەیە هەرچەندە لە (٢٠١٦) دادەبەزێت بۆ (١٨٥١٠٠) بەڵام بە بەراورد بە ساڵانی پێشوو زۆر بەرزە، ئەم ڕوو لە دابەزینە بەردەوام دەبێت لە ساڵی (٢٠١٧) دەگاتە (١١٣٥٠٠)و لە (٢٠١٨) زیاتر نزم دەبێتەوە بۆ (٧٢٦٠٠).

یەکێکی تر لە لێکەوتەکانی تیرۆری داعش ئەوەیە کاتێك هاتە ناو مووسڵەوە دەستیکرد بە تێکدان و شکاندنی هەموو پەیکەر و شوێنەوارەکانی ئەم شارە، کە ئەو شوێنەوارانە ڕەمزی شارستانیەتی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق بوون هەروەها کارێکی تری داعش سووتاندنی پەرتووك خانەکانی مووسڵ بوو، ئەم کارەش لێکەوتەی ئەرێنی لەسەر ئێستا و ئایندەی لەسەر مووسڵ بەجێهێشتووە[1]. هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر دەروون و کولتووری تاکی عێراقی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دەمێنێتەوە بەتایبەتی ئەو منداڵ و ژن و پیاوانەی ڕاستەوخۆ قوربانی تیرۆر بوون بەشێك بوون لە و ژینگەیەی داعش فەرمانرەوایی خۆی تێدا بەڕێوەبرد مەترسی لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتییانە هەیە لە عێراقی ئایندەدا[2].یەکێک لەو کێشانەی کە داعش لە پاش خۆی قۆڵیکردەوە کێشەی نەتەوەی نێوان کورد و عەرەب بوو لە هەندێک لە ناوچە جێناکۆکەکان، وەک (جەلەولا) هەندێک لە عەرەبە سوننەکان کار بۆ داگیرکردنی شوێنی گوندنشینە کوردەکان دەکەن کە ئەمەش لە ئایندەدا دەبێتە مەترسی بۆسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان[3]، ئەمە جگەلەوەی کە پێشێلکردنی مادەی (١٤٠)، کە گۆڕینی دیمۆگرافی ئەو ناوچانەی قەدەغەکردووە[4]هەروەها یەکێکی تر لە لێکەوتە مەترسیدارەکانی تیرۆر گۆڕانی دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستانە بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان ڕوویان کردووەتە ئەم هەرێمە ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر ئارامی هەرێمی کوردستان و دیاردەی توندوتیژی لە زیادبووندا دەبێت بە پشت بەستن بەوەی کە دوور نییە چەندین ئەندامی گرووپە تیرۆریستییەکان خۆیان تێکەڵ کردبێت لەگەڵ ئاوارەکان[5].

---

[1] راوێژ هەورامی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٤.

[2] د.عبد الواحد مشعل،الآثار الاجتماعيَّة للتطرّف على النسيج الاجتماعي العراقي، ٢٠١٩، على موقعhttps://bit.ly/3gKKjde، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٢٧.

[3] هاوڕێ باخەوان، فاکتەرە ناوخۆییەکان و کوردستان پۆست داعش، لە کتێبی کوردستان و پۆست داعش، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٠، ل ٥١.

[4] بڕوانە مادەی(١٤٠) ی دەستوەری هەمیشەی عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، مادەی(٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (٢٠٠٤).

[5] شنۆ عوسمان، داعش و دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان ، لە کتێبی کوردستان دوای ئۆپەراسیۆنی موسڵ و ڕەققە، دیڤید پۆلاک، ئەلکساندر دووگین، ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ٢، ٢٠٢٠، ل.ل٣٣٨-٣٣٩.

لەساڵی (٢٠٠٣-٢٠١٠) زیاتر لە (٨١٠) هەزار ئاوارەی عێراقی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، ئەمە لە کاتێکدایە لەگەڵ دەستپێکردنی داگیرکاری داعش لە ماوەی چەند مانگێکدا زیاتر لە (٣) ملوێن کەس ئاوارەبوون کە نزیکەی (١،٨٠٠،٠٠٠) ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەگەڵ دەستکردن بە ئۆپراسیۆنەکانی ئازادکردنی موسڵ لە تشرینی یەکەمی (٢٠١٦) نزیکەی (٢٥٠،٠٠٠) کەس ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان[1] بوونی ئەم ئاوارانە لە هەرێمی کوردستان کە لێکەوتەی تیرۆرن دەکرێت وەک مەترسییەک هەژماربکرێت بۆسەر شوناسی هەرێمی کوردستان کە لە ئایندەدا ڕۆڵیان ببێت بۆسەر گۆڕانی دیمۆگرافی ناوچە کوردنشینەکان.

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی لە پاڵ ئەوەی تیرۆر ڕۆڵی دیاری هەبووە لە قووڵکردنەوە و زیادکردنی کێشە مەزهەبییەکانی عێراق لێکەوتەی گەورەی بە جێهێشتووە لە سەر کەمینەکانی ناو عێراق، کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە کەمبوونەوەدایە هەروەها زیادبوونی ڕێژەی ئاوارەبوون وکۆچ لە عێراقدا هاو ئاراستەیە لەگەڵ زیادبوونی ڕێژی کردە تیرۆرستییەکان و بەهێزبوونی تیرۆر لەم وڵاتەدا.

**تەوەرەی پێنجەم: لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی ژینگەیی(ژینگەی سروشتی)**

لە پاش (٢٠٠٣)وە عێراق گۆڕەپانی شەڕی تیرۆر بووە ئەمە کاریگەری گەورەی لەسەر ژینگەی عێراق بە جێهێشتووە و بووەتە هۆی لەناوبردنی ژینگەکەی و هەزاران تەن تەقەمەنی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو لە شەڕی تیرۆر بەکارهێنراوە و ملیۆنەها تەن چەك و تەقەمەنی ساغکراوەتەوە، کە هیچ خەمڵاندن و چاودێرییەك بۆ ئەمانە نەکراوە، کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ژینگەی عێراق.[2]لێرەدا پێمان باشە ئاماژە بەوە بدەین لە شێوازەکانی تیرۆردا ئەوەمان خستە ڕوو تەقینەوە یەکێکە لەشێوازە باوەکانی تیرۆر کە لە عێراقدا زۆر بڵاوە کە ئەمەشە ڕاستەوخۆ بووەتە هۆی پیسبوونی ژینگەکەی، ئەگەر تەقاندنەوەی بۆرییە نەوتەکان بە نموونە وەربگرین تێدەگەین زیانی گەورەیان گەیاندووە بۆ سەر رەهەندی ژینگەی لە عێراقدا. بۆ نموونە تەنیا لە ساڵی (٢٠٠٣) بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە (٩) جار هێرشکراوەتە سەر بۆرییە نەوتەکان و تەقێنرانەتەوە ئەم هێرشانە لە پاڵ ئەوەی کە زیانی گەورەیان گەیاندووە بە بۆری نەوتی عێراق بونەتە هۆی پیسبوونی ژینگەکەشی[3].

ئەوەی کە مەترسی زۆر گەورە بوو بۆ سەر رەهەندی ژینگەیی عێراق پلانی (زەویی سووتان) بوو، کە لەلایەن داعشەوە جێبەجێدەکرا و بە شێوەیەکی تایبەت پیشەسازیی نەوتی بە ئامانج

---

[1] وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٣-٤.
[2] حسن لطيف الزبيدي و السيد خالد محمد طاهر شبر، التنمية الاقتصادية في العراق في ظل الحرب على الإرهاب، 2019، على موقع:http://hasnlz.com/?p=1382 ، يوم الزيارة:٢٠٢٢/٣/٢.
[3] United Nations Environment Programme, UNEP in Iraq Post-Conflict Assessment, Clean-up and Reconstruction, First published in December 2007 by the United Nations Environment Programme, p.24.

گرتبوو، بە تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوەی کردە و هێرشە تیرۆریستییەکانی داعش دادەنرا. ئەو هەژدە بیرە نەوتەی، کە لە (گەیارە) کە داعش ئاگری تێبەردان ئاگرەکەی بۆ ماوەی (٩) مانگ درێژەی کێشا، دووکەڵێکی ڕەشی چڕی دروستکردبوو کە ماوەی چەندان مانگ بەری خۆری گرتبوو و خەڵکی ناوچەکە ناویان لێنابوو " زستانی داعش". نەوت وەک لافاو بە شەقامەکانی شارەکەدا دەهات و ژوورەوەی ماڵەکانی بە چینێکی ڕەش داپۆشیبوو[1].

ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بە تایبەتی داعش لە بەنداو و ڕووبارەکاندا، تەقەمەنی و بۆمبی چێنراوی دانابوو بە تایبەتی لە بەرزاییەکانی فورات و خۆرئاوای عێراق بۆ ئەوەی ناوچەکان نوقمی ژێر ئاو بکات و ڕێگری لە جووڵە و هاتووچۆی هێزە حکومییەکان بکات و ئاو ببڕێت و زیان و زەبری کوشندە بە ژیانی جووتیاران و زۆنگاوەکانی نێوان دوو ڕووبار بگەیەنێت.[2]یەکێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکان، شەڕی ئاوە، کە لەنێوان حکومەتی عێراق و گرووپە تیرۆریستیەکاندا هەیە بە تایبەت لە زۆربەی ئەو پارێزگایانەی، کە بەنداوی گرنگیان تێدایە، بەر لە ڕووداوەکانی (٢٠١٤) گرووپە تیرۆریستییەکان تەکتیکێکی نوێیان بەکارهێنا کە ئەویش داخستنی بەنداوی فەللوجە بوو بۆ بە دیهێنانی ئامانجەکانیان و سنووردارکردنی گەیشتنی ئاو بە پارێزگاکانی باشوور، کە زۆربەیان شیعەن، کە ئەمەش بووە هۆی کەمئاوی لە زۆرێك لە پارێزگاکان لە نێویشیاندا (نەجەف)، حکومەتە خۆجێیەکان ناچاربوون ڕێوشوێنی خێرا بگرنە بەر بۆ ئەم بابەتە، لە دەرەنجامی ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر کەرتی کشتوکاڵی لەو ناوچانەدا، کە پشت بە ئاوی ڕووبارەکان دەبەستن.[3] لەپاڵ ئەوەی ئاو وەک کارتێکی فشار بەکار دەهێنرا لە لایەن تیرۆریستانەوە هەندێکجار بۆ دروستکردنی لافاویش بەکارهاتووە بە تایبەت لەدوای کۆنترۆڵکردنی بەنداوی فەللوجە هەندێکجار تیرۆریستان ئەم بەنداوەیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی لافاو لە ناوچەکانی خۆرئاوای بەغداد وەك (ئەبو غرێب)هەروەها داعش بە بەردەوامی هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بەنداوەکانی عێراقی داوە بەتایبەتی بەنداوی مووسڵ لە ساڵی (٢٠١٤)دا [4].

یەکێکی تر لە لێکەوتە مەترسییەکانی پیس بوونی ژینگەیی عێراق دار و پەردووی خانووە ڕووخاوەکانە[5].لەنێوان ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٧) دا لە میانەی ئەو ململانێ و شەڕ و شۆڕەی کە لەگەڵ داعش هەبوو ٥,٥ ملیۆن تۆن دار و پەردووی ماڵە زیانلێکەوتووەکان و داڕووخاوەکان وەک پاشماوە بە شێوەیەکی هەرەمەکی فڕێدراونەتە ناو دەشتە بەرینەکانەوە، ئەمەش بووەتە هۆی پیسبوونی ژینگە و

---

(1) نوســینگەی راگــەیاندنی یــونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠١٨ دا، عێراق، ٢٠١٨، ل٣٢.

(2) نوســینگەی راگــەیاندنی یــونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠١٨ دا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

(3) م.د ماجد صدام سالم، أثر الإرهاب على الأمن المائي العراقي، مجلةأبحاث ميسان، المجلد الحادي عشر، العدد الثاني والعشرون، ميسان، السنة ٢٠١٥، ص٢٢٥.

(4) المصدر نفسه، نفس الصفحة.

(5) نوســینگەی راگــەیاندنی یــونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠١٩ دا، عێراق، ٢٠١٩، ل٣٢.

مەترسی بەوپێیەی دوور نییە پاشماوەی بۆمب و تەقەمەنی نەتەقیوویان تیادا بێت[1].زۆرێک پێیانوایە دەرەنجامی زۆری ئەو چەک و تەقەمەنیانەی لە عێراقدا بەکارهاتوون بەهۆی شەڕی تیرۆر ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ژینگەی عێراق لە سەرجەم پێکهاتەکانی (ئاو، خاک، هەوا)پیس بێت، کە لێکەوتەی مەترسیداری بە جێهێشتووە ئەم پیسبوونی ژینگەیەش لە سەر بڵاوبوونەوەی نەخۆشی شێرپەنجە و لەدایکبوونی منداڵی ناکام لە عێراقدا و لەبەرئەوەی ئەو بۆمب و موشەک و تەقینەوانە چەندین مادەی کیمیایی زیان بەخشیان تیادابووە[2].

تەقینەوەی بۆرییە نەوتەکان و بەکارهێنانی چەندین جۆری چەک و تەقەمەنی چی لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە بێت یان لەلایەن حکومەتی عێراق و هاوپەیمانەکانەوە بێت لە دژی ئەو گرووپانە، سیمایەکی دیاربووە لە عێراقی پاش (٢٠٠٣)دا و کاریگەری کردووەتە سەر ژینگەی هەوایی و خاک و ئاوی عێراق، لێکەوتەی نەرێنی لەسەر ژینگەی عێراق بە جێهێشتووە، ئەم وڵاتەی ڕووبەڕووی پیسبوونی ژینگە کردووەتەوە، بە شێوەیەک (ئاو، هەوا، خاک)ی عێراق توشی کارەساتی ژینگەیی بووەتەوە، کە لەئەنجامدا بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی کوشندە لەم وڵاتەدا.

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تیرۆر لە پاڵ ئەوەی مەترسی گەورە بووە بۆ سەر سەقامگیری ڕامیاری لە عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ژمارەی قوربانیانی مەدەنی و سەربازی ڕێژەیەکی بەرزە و گروپە تیرۆریستییەکان ڕۆڵی دیاریان هەبووە لە قوڵکردنەوەی کێشەی شوناس لەم وڵاتەدا و لەو ساڵانەی کە کردە تیرۆریستییەکان زیادی کردووە هاوکات ئاوارەبوون و داوای مافی پەناهەندەی عێرەقییەکان لە بەرزبوونەوەدابووە.

لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندی ئابوری عێراق بۆ چەندین دەیە دەمێنێتەوە بەو پێیەی لەو شوێنانەی کە گروپە تیرۆریستییەکان داگیریان کردبوو وێرانەیەکی گەورەیان لەدوای خۆیان بە جێهێشت، کە پێویستی بە بودجەیەکی گەورەهەیە بۆ ئاوادانکردنەوەیان هەروەها ژینگەی سروشتی عێراق توشی پیسبوون بووە بە شێوەیەک کە کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەرزەوییە کشتووکاڵییەکان لەهەندێک ناوچەدا ئەمەش بەهۆی سیاسەتی زەوی سوتاندن لەلایەک و تێکەڵ بوونی نەوت بە ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی لەلایەکی ترەوە.

---

[1] نوســـینگەی ڕاگـــەیاندنی یـــونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠٢٠ دا، عێراق، ٢٠٢٠، ل٣١.

[2] Ahmed Majeed Al-Shammari, Environmental pollutions associated to conflicts in Iraq and related health problems, Rev Environ Health, No(31), 2016, p.245.

## بەشی سێیەم: ڕێگەچارەی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش و ئاسۆی ئایندەیی لە عێراقدا

تیرۆر، وەک مەترسییەکی بەردەوام لە سەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا لە پاش (٢٠٠٣) ەوە سیمایەکی دیار بووە؛ بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ دیاریبکرێت و باشتر ئایندەی تیرۆر شیبکرێتەوە ئەم بەشەی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دوو باس، باسی یەکەم، تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ڕێگە چارەکانی کێشەی تیرۆر و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایش لە عێراقدا، باسی دووەم بە ناونیشانی ئاسۆی ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش لەسەر بنەمای چەند سیناریۆیەک ئایندەی تیرۆر شرۆڤەکراوە.

باسی یەکەم بە ناونیشانی ڕێگەچارەکانی کێشەی تیرۆر و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایش لە عێراقدا ، ئەم باسە دابەشکراوە بۆ دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق، تەوەرەی دووەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لەسەر ئاستی دەرەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا، کە بە ناونیشانی چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆرە لە سەر ئاستی ناوخۆ لە چەندین ڕەهەند و دیدگا و بواری جیاوازە ڕێگە چارەکانی کێشەی تیرۆر و ڕووبەڕووبوونەوەی شرۆڤەکراوە لە هەریەکە لە ڕەهەندەکانی(سیاسی ویاسای،ئابوری، سەربازی و هەواڵگیری، کۆمەڵگەی، ژینگەی) کە دەکرێت ئەمانە لە سەر ئاستی ناوخۆ هەموویان تەواوکەری یەکبن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆرهەروەها لەسەر ئاستی دەرەوەش چی لە سەر ئاستی هەرێمی بێت یان نێودەوڵەتی دەکرێت وڵاتانی دراوسێی عێراق و ووڵاتە زلهێزەکان ڕۆڵی گرنگ بگێڕن بۆ چارەسەر کردنی تیرۆر بەو پێیەی زۆرێک لە وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵ دەگێڕن لەناوهاوکێشە سیاسییەکانی عێراق کە دەکرێت کاربکەن بۆ دروستکردنی سەقامگیریی سیاسی و بنبڕکردنی تیرۆر لەم ووڵاتەدا.

باسی دووەم بە ناونیشانی ئاسۆی ئایندەی تیرۆر لە عێراقدا و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش، کە دابەش کراوە بۆ سێ تەوەرە لەسەر بنەمای ئەو سێ سیناریۆیەی دەربارەی ئایندەی تیرۆر خراوەتەڕوو، تەوەرەی یەکەم سیناریۆی یەکەم بە ناونیشانی تیرۆر کۆتایی دێت لە عێراقدا ئەم سیناریۆیە بە پشتبەستن بە هەوڵە ناوخۆی و نێودەوڵەتییانە خراوەتەڕوو، کە هەیە بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە عێراقدا لەگەڵ ئەو ئاستەنگانەی کە گروپە تیرۆریستییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، تەوەرەی دووەم بە ناونیشانی سیناریۆی دووەم: مانەوەی تیرۆر وەک خۆی لە ئێستادا ئەم سیناریۆیە پشتی بەستووە بەو بارودۆخەی، کە لە عێراقدا هەیە یارمەتیدەرە کە تیرۆر بەم شێوەی ئێستای بمێنێتەوە لەپاڵ هەوڵە ناوخۆی و نێودەوڵەتییەکان، ناکرێت باس لە کۆتای تیرۆر بکرێت بەو پێیەی تیرۆر توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ بارودۆخەکاندا بۆیە تیرۆر کۆتایی نایەت بەڵکوو بە شێوەیەکی ڕێژەی دەمێنێتەوە و بەهێزبوون یان لاوازبوونیشی پەیوەستە بەو دۆخە ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی کە دێتە ئاراوە، هەروەها تەوەرەی سێیەم: سیناریۆی سێیەم: تیرۆر لە عێراقدا بە بەهێزی دەگەڕێتەوە کە بە پێی ئەم توێژینەوەیە ئەم سیناریۆیە بە بەراورد بە دوو سیناریۆکەی تر ئەگەری ڕوودانی

زۆرترە لە مەودای ماوە درێژدا وە گەڕانەوەی تیرۆر بە بەهێزی پەیوەستە بە ژینگەی ناوخۆیی عێراق و ئەو ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا بەڕێوە دەچێت.

## باسی یەکەم: ڕێگەچارەکانی کێشەی تیرۆر و ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاسایش لە عێراقدا

کێشەی تیرۆر لە عێراقدا بەوپێیەی دەرئەنجامی چەندین هۆکاری ناوخۆی و هەرێمی و نێودەڵەتییە، پێویستە لەپاڵ خستنەڕووی چارەسەرکردنی تیرۆر لە سەر ئاستی ناوخۆ، گرنگیش بە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بدرێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایە ئەم باسە دابەشکراوە بۆ دوو تەوەرە، لە تەوەرەی یەکەمدا چارەسەری کێشەی تیرۆر لەسەر ئاستی ناوخۆیی شرۆڤەکراوە، کە لە زۆر ترین دیدگا و ڕەهەندەوە چارەسەرەکان خراوەتەڕوو لەبەر ئەوەی هەموو ڕێگە چارەسەرەکان بەیەکەوە دەتوانن کاریگەربن و ببنە هۆی هێنانەئارای سەقامگیری و ئاسایش لە عێراقدا.

لەسەر ئاستی دەرەوەش کە تەوەرەی دووەمی بۆ تەرخانکراوە، هەریەکە لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەرگیراوە، لەسەر ئاستی هەرێمی ووڵاتانی دراوسێی عێراق دەتوانن ڕۆڵی گرنگ بگێڕن لە چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لەم ووڵاتەدا و ببنە هۆکارێک بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئارامی و ئاسایش، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، کە زۆر فراوانە ئەم توێژینەوەیە لەسەر ڕۆڵی ئەمریکاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانمان لە چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا هەڵوەستەدەکات.

### تەوەرەی یەکەم: چارەسەرکردی کێشەی تیرۆر بە پێی ڕەهەندەکانی ئاسایش لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق

لێرەدا لە هەریەکە لەڕەهەندەکانی (سیاسی و یاسای، ئابوری، سەربازی و هەواڵگری، کۆمەڵگەی و ژینگەی) چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا شرۆڤەکراوە، ئەم چارەسەرانە بەستراوەتەوە بەهێنانە ئارای سەقامگیری و ئاسایش، لە ڕاستیدا هەموو ئەو ڕێگە چارانەی کە خراونەتەڕوو پێکەوە دەتوانن لەسەر ئاستی ناوخۆ کاریگەربن بۆ هێنانە ئارای ئاسایش.

#### لقی یەکەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر بە میکانیزمی سیاسی و یاسای

دەوڵەتی بەهێز دەرفەتی دروستبوونی توندڕەوی و تیرۆر و هێزە توندئاژۆکان کەمدەکاتەوە لەبەرئەوەی هەر کاتێک سیستەمی سیاسی بەهێزبێت دەرفەتی توندڕەوی کەمدەبێت. پێویستە لە سەرەتادا دەوڵەتێکی بەهێز بنیاتبنێین لە عێراقدا، کە توانای هەبێت دوژمنکاری نیشتمانی کەمبکاتەوە و ئاسایش و ئارامی بەدیبهێنێت[1].ئەمەش پێویستی بە یەکانگیری نیشتمانی و دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانییە کە پێکبێت لە سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، لاوازکردنی دەسەڵاتی خێڵەکی و تائیفی و چەکداری، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی تائیفی لە نێوان نەوەکانی کۆمەڵگادا.[2]بەلام لە

---

(1) د.عادل حسن على، الاصول الفكرية تنظيم الدولة الاسلامية فى العراق وسبل المواجهة، انى للنشروالتوزيع، ط1، بغداد، 2020، ص٥٠١.

(2) منى حمدي حكمت، الفكر المتطرف واليات التصدى له داخليا: العراق نموذجا، قضايا سياسية، العدد(٦٦)، تصدر عن كلية العلوم السياسية في جامعة النهرين، ٢٠٢١، ص٣٧٩.

پاش کەوتنی ڕژێمی بەعس لە (٢٠٠٣) دا پرسی نیشتمانسازی وەک پێویست بەرەوپێشەوە نەچووە "پرۆسەی بنیاتنانی نیشتمانسازی شکستیهێناوە هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە حکومەت نەیتوانیوە ئەو باوەڕە لای خەڵک دروست بکات، کە دەوڵەت نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و خواستەکانیان دەکات ...ئەگەر ئاشتەوایی ڕاستەقینە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی(سەدام) بهاتایەتە ئاراوە عێراق توشی مەترسی تیرۆر نەدەبوو بەو شێوەیەی کە ئەزموونمان کرد[1]. لە ڕووی سیاسیەوە بۆ دەرباز بوون لە هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر، گرنگە کە کار بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی ئارامی و ژێرخانی ڕێگاوبان و کەرتی نەوت و قوتابخانە دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، سەر لە نوێ بنیاتنانەوەی یاسا و دەسەڵاتی نیشتمانی و دیموکراسی ... دامەزراوە نیشتمانییەکان دەشێت ڕۆڵی ئەرێنی و داهێنەرانە بگێڕن[2]. کە ئەمەش لە ڕێگەی کارکردن بە بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز دەکرێت، کە توانای ئەوەی هەبێت حاڵەتەکانی نەیاری لە نێوان هاونیشتمانەکان کەمبکاتەوە و گوزارشت لە هەموان بکات کە ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی دروست بوونی ئارامی و ئاسایش.

لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا دەبێت پرسە سیاسییەکان لە چوارچێوەی وڵاتی عێراق خۆیدا، کە کێشەی تیرۆری تێدایە چارەسەربکرێت، ژینگەیەکی وابرەخسێنرێت هاووڵاتیان لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا پەنانەبەنە بەر هیچ ڕێوشوێنێکی توندوتیژانە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا کە ئەمەش پێویستی بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و فەراهەمکردنی دادپەروەری و یەکسانییە لە بوارە جیاجیا کۆمەڵایەتییەکاندا.[3] یەکێک لە ئەرکە گرنگە کانی دەوڵەت بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر بریتییە لە" نەهێشتنی جیاکاری لە نێوان تاکەکەن و ڕێگە نەدان بە ڕوودانی"[4]. لە عێراقدا لە ئەنجامی جیاکاری لە نێوان تاکەکەن لەسەر بنەمای مەزهەب یەکێک بووە لە هۆکارەکانی پەراوێزخستنی سوننە دواتر ئەمەش سەریکێشاوە بۆ دروستبوونی تیرۆر و پاشان لێکەوتەی هەبووە لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش."حکومەتی عێراق پێویستە پلانێکی گشتگیرلەسەر بنەمای یەکێتی نیشتیمانیی و چاکسازی بهێنێتە کایەوە، کە تێیدا پرۆسەی ئاشتەوای لە خۆبگرێت. لە هەمانکاتدا دروستکەرانی بڕیار پێویستە دووبارە پێداچوونەوە بە بنەماکانی لۆجیکی جەنگ لە دژی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان بکەن، لە پێناو داڕشتنەوەی سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرا، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ هێنانەئارای سەقامگیری و ئارامی و ئاسایش"[5].

---

(1) زانا تۆفیق کاکەامین، تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهان (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)، تێزی دکتۆرایە پێشکەشکراوە بە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان ، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٢٩.

(2) د.کەمال دیب، بومەلەرزەیەک لەسەرزەمینی ناتەباییدا مێژووی سەدساڵی عێراق ٢٠١٥-١٩١٥، و: سەربەست جیهاد، ناوەندی فێربوون، چاپی (١)، ٢٠٢١، ل٥٩٢.

(3) موحەمەد ئەحمەد، چارەنووسی تیرۆریزم و ئایندەی ڕێکخراوی داعش، ، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٨)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٦، ل٨٢.

(4) منظمّة الأمن والتعّاون في أوروبا، الوقاية من الإرهاب ومكافحة التطرّف العنيف والرّاديكاليةّ المؤدّيين إليه: مقاربة الشّرطة المجتمعيّة، نشرت هذا التقرير منظمّة الأمن والتعّاون في أوروبا، فيننا، ٢٠١٤، ص٤٣.

(5) زانا تۆفیق کاکە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

سەرکەوتنی هەمیشەیی بەسەر داعشدا بەتایبەتی فکری ئەم ڕێکخراوە کارێکی قورسە، بەڵام ئەگەر هاتوو کاربکرێت بۆ کۆتاییهاتنی ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی داعش لە ڕێگەی بونیاتنانی سیستەمێکی دیموکراسی، کە دوور بێت لە عەقڵیەتی ئایینزایی و نەتەوەیی و هەروەها نمایندەی تەواوی پێکهاتەکانی عێراق بکات ئەوە بێگومان جارێکی تر زەمینە لەبار نابێت بۆ ئەوەی داعش بگەڕێتەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسی و دەستبگرێت بەسەر شارەکاندا.[1] هەروەها گرنگە ئەرک و مافەکانی فەرمانڕەوا و فەرمانڕەوایکرا و دیاری بکرێت، هاووڵاتییان دەرفەتی بەشداری کارایان لە کاروباری گشتی بۆ بڕەخسێت و دەستپاکی لە دەسەڵاتی دادوەری و پشتگیریکردنی دادگاکان ...پشتبەستن بە گفتوگۆکردن وەک ئامڕازێکی یان شێوازێکی چارەسەری کێشەی تیرۆر پیادە بکرێت[2].

دەکرێت سیاسەتمەداران سوود لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ببینن و بە شێوەیەکی زانستییانە و پیشەگەریانە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەڵبسوڕێنن، شەڕ لە دژی تیرۆریزم لە ئێستا و داهاتوودا بکەن، کە پێویستی بە ئیرادە و ئازایەتی سیاسی هەیە، بە هەمان شێوە خەبات و تێکۆشانێکی بێوچانی دەوێت، لەپێناو کەمکردنەوەی کاریگەری هێرش و پەلامارە تیرۆریستییەکان لە ئێستا و ئایندەدا[3].تیرۆر چی ناوخۆی بێت یان نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت پێویستی بە جۆرێک لە پڕوپاگەندە هەیە، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ زیادکردنی کردەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان لە مەودایەکی فراواندا، تیرۆریستییەکان ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن بۆ گواستنەوەی پەیامەکانیان[4] هەروەها گرووپە تیرۆریستییەکان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ بە دەستهێنانی هاوکاری و زیادکردنی ئەندامەکانیان[5]. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش پشتبەستن بە ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی ستراتیژیەت و سیاسەتی دەوڵەتەکان بۆ ئاسایشی نیشتمانیان دادەنرێت[6]. هەندێک پێیانوایە میدیا یەکێکە لە گرنگترین هەڕەشە نادیارەکان بۆ سەر سیستەمی ئەمنی و ستراتیژی عێراق چونکە یەکێکە لەو گرفتە مۆدێرنانەی ئاسایشی عێراق دەهەژێنێت، کاریگەری میدیا لەسەر واقیعی ژینگەیی ستراتیژی عێراق فاکتەرێکە کە ئاماژەی زۆری هەیە، کە زۆربەی ئاماژەکان وەک هەڕەشە هەژماردەکرێن بۆ سەر ئاسایشی عێراقی بەو پێیەی کۆمەڵگای عێراق

(1) رائد الحامد، مستقبل "داعش" بعد إعلان هزيمته بالعراق وسوريا انهزم التنظيم في سوريا والعراق لكن المسببات التي أدت إلى ظهوره لا تزال قائمة، المصدرالسابق.

(2) دعلى بن فايز الجحنى، أضواء على الاتفاقية العربية لمكافحة الارهاب، أبحاث الندوة العلمية حولتشريعات مكافحة الارهاب فى الوطن العربى، الندوة العلمية الخمسون، الرياض، ٧-٩ /١٩٩٨/١٢، ص٢٦١.

(3) ئیرک هیرن، ئامڕازاکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی داهاتوو، و:هێمن غەنی، لە کتێبی تەنگەژەکانی تیرۆریزم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٨٦.

(4) مایکل لیمەن و گاری پۆتەر، تیرۆریزم وەک تاوانێکی ڕێکخراو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.

(5) فەرهاد حەسەن عەبدوڵڵا، داعش و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(١)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٦، ل٨٩-٩٠.

(6) أ.د .هاشم حسن التميمي، دور الإعلام في مكافحة الارهاب، مجلة العلوم السياسية، عدد(٤٩)، ٢٠١٥، كلية العلوم السياسية جامعة بغداد، ص٢٥.

کاریگەری زۆری لەسەرە لە لایەن میدیا عەرەبی و هەرێمایەتییەکانەوە(1). لەبەرئەوە پێویستە سنور دابنرێت بۆ بایەخپێدان و زیادەڕۆیکردن لە بارەی تیرۆر و داعشەوە لە کەناڵەکانی میدیادا لەبەرامبەردا ڕۆڵی میدیا، چالاکبکرێت لە خۆپاراستن و لە تیرۆر و هەوڵبدرێت چەندین شیواز بەکاربهێنرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆحی خۆشەویستی و ئاشتی و ناتوندووتیژی(2)ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە پێشاندان و دەرخستنی وێنەیەکی جوان و باشی هێزە ئەمنییەکان و قوربانیدانەکانیان لە پێناو نیشتمان و دابینکردنی ئاسایش کە بوونی ئاسایش بەندە بە بوونی پەیوەندییەکی باش لە نێوان هاونیشتمانیان و هێزە ئەمنییەکان، بۆ ئەوەی کە لە هەر هەواڵ و زانیارییەک دەربارەی گرووپە تیرۆریستییەکان ئاگاداریان بکەنەوە کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ هێنانەئارای ئاسایش(3). چۆن گرووپە تیرۆریستییەکان ڕاگەیاندنەکانیان کردووەتە خزمەتی خۆیانەوە دەکرێت لە کاتێکدا ڕاگەیاندن وەک ئامڕازێک بەکاربهێنرێت بۆ دژایەتی کردنی تیرۆر بەمەبەستی هێنانە ئارای ئاسایش.

لە ڕووی یاساییەوە، یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی (٢٠٠٥) چەمکی تیرۆری بە شێوەیەکی فراوان پێناسە کردووە زۆرجار کەسانی بێتاوان لە ژێر ناوی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا دەستبەسەرکراون و چەوسێنراونەتەوە، ئەمەش هەستکردن بە زوڵمی لای ئەوانەی کە بە ناحەق دەگیرێن زیاد کردووە، کە ئەگەری هەیە سەربکێشێت بۆ تۆڵە سەندنەوە و کاری توندڕەوی(4). بۆیە باشتر وایە ئەم یاسا هەموار بکرێتەوە، هەروەها کاربکرێت بۆ بەرزکردنەوەی کارکردنی دەسەڵاتی دادوەری لە عێراقدا، پشتگیری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بکرێت بە شێوەیەک کە گرەنتی جێبەجێکردنی دادپەروەری و یاسا بکات بەسەر هەمواندا ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێشکەوتن لە بواری ڕیفۆرمی یاسایی و دامەزراوەیی... هەروەها سزادانی ئەوانەی کە لە چوارچێوەی میلیشیا و پارتە تائیفی گەرییەکان کاردەکەن بۆ نانەوەی پشێوی و تیرۆر(5). "پابەندکردنی هەموو لایەنەکان بە ڕەتکردنەوەی توندوتیژیی و ڕێزگرتن لە یاسا گرنگە بۆ هێنانە ئارای ئاسایش و ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر، دەبێت هەمو لایەنەکان وا دابنێن کە دەوڵەت بەرپرسیاری سەرەکییە لە جێبەجێکردنی ئاسایش و پاراستنی هاووڵاتییان بە جۆرێک پێویستە دەوڵەت سیاسەتێکی گشتگیر دابڕێژێت، تاوەکو هاووڵاتییان هەست بە ئارامی و سەقامگیری بکەن هەروەها پابەندکردنی حکومەت بە جێبەجێکردنی دەستوور کە پاراستنی ئازادییەکان و مافەکانی مرۆڤ و گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان پێکهێنەری سەرەکییەتی

---

(1) علي زياد العلي، التحديات غير المرئية للأمن الوطني العراقي، ٢٠١٨، على موقعhttps://www.bayancenter.org/2018/06/4565/، زيارة ٢٠٢٠/٥/٢٢

(2) د.مستەفا هەمزە، تیرۆر و میدیا و شەڕی نەوەی چوارەم، و: د.فوئاد عەلی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٢٦)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٨، ل١٧١.

(3) طاهر سليمان خليل، مكافحة الارهاب وتأثيرها على حقوق الانسان المدنية (دراسة مقارنة)، مكتبة صباح، بغداد، ٢٠١٤، ص١٠٧.

(4) سەنگەر یوسف و عەبدولسەمیع ڕەحمان، ژینگەی بەرهەمهێنان و بەردەوامی بیری توندڕەوی لە ناوچە جێناکۆکەکان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٣) ، ٢٠٢٠.، ل٥٤.

(5)احمد عبد العزيز عبدالعزيز،المصدر السابق ، ص١٢٣.

ڕێگره له تەشەنەکردنی تیرۆر"[1] لەپێناو هێنان ئارای دادپەروەری لە پرسی تیرۆردا، پێویستە کە تەنیا لێپرسینەوە لە داعش و قاعیدە نەکرێت، بەڵکو هەموو ئەوانەی کاری نایاسای و تیرۆریان ئەنجامداوە لە کاتی ململانێکاندا بۆ نموونە هێزە ئەمنییەکانی سەر بە دەوڵەت، بە تایبەتی هەندێك لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە تۆمەتبارن بە کوشتن و ئەشکەنجەدان و بەندکردنی نا یاسای[2]، سزابدرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت، سەربەخۆی دادگاکان پێویستییەکی گرنگە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بێلایەنانە مامەڵە بکەن و نەکەونە ژێر کاریگەری حکومەت یان بەرپرسە سیاسییەکانەوە وەک ئەوەی لە کەیسی (تاریق هاشمی) ڕوویدا[3].

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە ڕێگەی بنیاتنانی دەوڵەتێکی بەهێز کە گوزارشت لە هەموان بکات و ڕەخساندنی دەرفەتی دادپەروەرانە بۆ هەموان بەمەبەستی بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان بۆ شەڕکردن دژی تیرۆر و کارکردن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای تیرۆری عێراق و بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری، دەکرێت وەک چارەسەر ببینرێن بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆر لە عێراقدا، کە ئەمەش سەرەتایەکی باش دەبێت بۆ هێنانەکایەی ئارامی و ئاسایش و بەرەوپێشچوون لە سەرجەم ڕەهەندەکانەوە بە هۆی هێنانە ئارای سەقامگیری سیاسییەوە.

### لقی دووەم: چارەسەر کردنی کێشەی تیرۆر بە میکانیزمی ئابووریی

ڕێگەی ئیدارەدانی دەوڵەت بۆ سەرچاوە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگادا کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر دروستبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان، نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی سامان و سەروەتی دەبێتە هۆی دروست بوونی زۆرینەیەکی هەژاری و کەمینەیەکی دەوڵەمەند، کە دواتر چەندین قەیرانی ئابووری دروستدەبن ئەمەش کار ئاسانی دەکات و پاڵنەرێکە بۆ دروستبوونی تیرۆر و گەشەکردنی، لەبەرئەوە لە سەر دەوڵەت پێویستە کە چارەسەری کێشە ئابوورییەکان بکات لە ڕێگەی دادپەروەری لە دابەشکردنی سەروەت و سامانی دەوڵەت و کەمکردنەوەی چینایەتی و هەروەها دروستکردنی یەکسانی لەنێوان هاووڵاتیانی لە گەشەپێدانی ئابووریدا[4]. لە دوای ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێردەستی داعش پێویستە لە سەر حکومەتی عێراقی بۆ دژایەتیکردنی توندڕەوی تەنیا پشت نەبەستێت بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بەڵکوو مامەڵە لەگەڵ ئاڵانگارییە ئابوورییەکان بکات وەک زیادبوونی ڕێژەی بێکاری

---

[1] ناودار زیاد، ڕێوشوێنەکانی وڵاتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی تیرۆر، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠٢٠، ل١٥٧.

[2] Mara Redlich Revkin, After the Islamic State: Balancing Accountability and Reconciliation in Iraq, institute for integrated transitions, United Nations University, 2018, 2018,p.30.

[3] مەعد فەیاز، تارق هاشمی بۆ ڕووداو: دەگەڕێمەوە بۆ عێراق و دەچمە دادگە، دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیش نەبووم، و: هێمن بابان ڕەحیم، بەردەستە لەسەر بەستەری:
https://www.rudaw.net/sorani/interview/270420222، بەرواری سەردان(٢٠٢٢/٢/١٠)

[4] طاهر سليمان خليل، المصدر السابق، ص١٠٩-١١٠.

کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی داهاتی دەوڵەت، زیادبوونی نایەکسانی و گەشەی خێرای دانیشتوان، بۆیە دەبێت دەوڵەت هەوڵی چارەسەری کێشە ئابوورییەکان بدات نەک ئەوەی ببێتە دیلی تۆڕە سیاسییە گەندەڵ و گرووپە بەرژەوەندیخوازەکان کە کێبڕکێ لە سەر کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی سامان و داهاتی دەوڵەت دەکەن[1]. هەندێک پێیان وایە کە چارەسەری بێکاری ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر چونکە" بێکاری کێشەیەکی ئابورییە، هەروەها کێشەیەکی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئاسایشی و سیاسیشە، گەنجان نەوەی کار و بەهەم هێنان و توانا و ووزە و کارامەیی و شارەزان"[2] بۆیە باشتر وایە کە دەرفەت بۆ گەنجان بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی کە ڕۆڵ بگێڕن لە بەرەو پێشبردنی ئابوری خۆیان و وڵاتدا بەمەش ناکەونە ژێر کاریگەری گرووپە تیرۆریستییەکان و هاوکار دەبن بۆ هێنانە ئارای ئاسایش.

لە پاڵ ئەوەی لە دوای تێکشکاندنی داعش بارودۆخی ئاسایش لە عێراق بەرەو باش بوون دەچێت هەندێک پێیان وایە کە گەندەڵی بە یەکێک لە گەورەترین نیگەرانییەکان دادەنرێت کاتێک کە ئاسایش بەرە و باش بوون دەڕوات لەبەرئەوەی گەندەڵی و بێکاری گەورەترین هاندەری تیروانینی نەرێنییە بەرامبەر دامودەزگاکانی حکومەت[3] و پاڵنەرێکی پەیوەندیکردنە بە گرووپە تیرۆریستییەکانەوە، کە دەبێتە هۆی نائارامی وڵات، لەبەرئەوە پێویستە هەوڵەکانی مامەڵە کردن لەگەڵ گەندەڵی تەنیا لە بەئامانجگرتنی ئەو کەیسانەی کە پەیوەنی بە تاکەکانەوە هەیە کورت نەبێتەوە بەڵکو بەشێک بێت لە پرۆسەیەکی چاکسازی سیستماتیک کە ئەولەویەت بدات بە هەڵوەشاندنەوەی تۆڕەکانی مەحسوبیەت و لاوازکردنی سیاسەتی کڕین و وەلائی سیاسی[4].

ئابووری عێراقی پێویستی بە سەرلەنوێ بنیاتنانەوە هەیە، دەبێت ئەم بونیات نانەوەیە لە سەر بنەمایەکی ڕاست بێت کە دەستەبەری ژیانێکی شایستەی کۆمەڵگا بکات لە ڕێگەی گرتنە بەری چاکسازی پێویست بە راستکردنەوەی ئاراستەی ئابووری بەو شێوەیەی کە تەنیا پشت نەبەسترێت بە کەرتی نەوت، چونکە بەهۆی بەرز و نزمی نرخی نەوتەوە عێراق لەبەردەم کەوتنە ناو قەیرانی ئابووری گەورەدایە بە بەردەوامی[5] بۆ دەربازبوون لەوەی کە تەنها پشت بە کەرتی نەوت ببەسترێت دەکرێت پلانێکی ئابووری چالاک دابنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان لە ڕێگەی کرانەوەی ئابوری و سود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای سەردەم بۆ فەراهەم کردنی توانا وکات و

---

(1) حارس حەسەن، بەدەر لە ئاسایش: ئاڵانگاریی حکوکمڕانی ، سەقامگیری و ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق، و: هاوڕێ حەسەن، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٢٧)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٨، ل١٢٥.

(2) د.ولید الحلی، الشباب فی مواجهة الارهاب، مجلة العلوم السیاسیة، العدد(٤٤)، جامعة بغداد،٢٠١٢، ص١٣.

(3) المعهد الدیمقراطي الوطني، العراق ما بعد داعش تحسّن التماسك الاجتماعي، لكن مع استمرار استیاء العراقیین تجاه الحكومة نتائج الاستطلاع الوطني، ٢٠١٩، ص١٧.

(4) حارس حەسەن، بەدەر لە ئاسایش: ئاڵانگاریی حکوکمڕانی ، سەقامگیری و ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٦

(5) د.خلف صالح علی الجبوری و معتز اسماعیل خلف الصبیحی، التعایش السلمي وبناء السلام فی عراق ما بعد النزاعات، دار السنهوری، بیروت، ٢٠٢١، ص٢٣٦.

سەرمایە[1]هەروەها وەبەرهێنانی زیاتر لە بواری وزەدا بکرێت وەک ئامرازێک بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتری کار و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە سووتەمەنی و پاشماوە بەردییەکان دەستەبەرکردنی فرەچەشنی ئابوری لە عێراق[2]. وەبەرهێنان لە کەرتە پیشەسازییە ستراتیژییەکان گرنگە بۆ هاندانی هەمەچەشنکردنی ئابووری و باشترکردنی دەرفەتەکانی کار بە شێوەیەکی بەردەوام بە تێپەڕبوونی کات، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئابوری و هێنانە کایەی سەقامگیری ئابووری و ئاسایش[3]. بۆئەم مەبەستەش دەکرێت ئابووری نیشتمانی لەسەر هەریەکە لە کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی بەند بکرێت و کەرتی نەوت وەک تاکە سەرچاوەی بنەڕەتی دارایی بۆ عێراق نەبینرێت، بەڵکو دەکرێت ئەم کەرتە بخرێتە خزمەتی کەرتەکانی تر وەک کەرتی پیشاسازی و کشتوکاڵی ناوخۆی و ئەوەی زیادەیە هەنارده بکرێت. دەکرێت بە بۆری لە ڕێگەی تورکیاوە عێراق گازی سروشتی ڕەوانەی ئەوروپا بکات، ئەمەش یارمەتی گەشەسەندنی ئابوری نیشتیمانی عێراق دەدات کە گەشەسەندنی ئابووری نیشتمانی خۆشگوزەرانی دێنێت و ئارامی و سەقامگیری دێتەکایەوە[4].

بۆ هێنانە ئارای سەقامگیری ئابووری عێراق پێویستی بەوەیە، کە دەرفەتی کاری دادپەروەرانە زیاتربکات، لە ڕێگەی ڕیفۆرمێکی ئابوورییەوە و هەروەها سەرچاوەکانی داهات فرە چەشن بکات و بە تەنیا پشت بە کەرتی نەوت نەبەستێت، چونکە بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی نرخی نەوت ناسەقامگیری گەورە دەهێنن هەروەها لە کاتی بوونی فرە سەرچاوەیی داهات، ئەگەر تیرۆریستان کێڵگە نەوتییەکانیان کردە ئامانج ئەوە ئەو کاریگەرییە گەورەیەی لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی ئابووری عێراق نابێت چونکە شوێنگرەوەی تر بوونی هەیە.

**لقی سێیەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر بە میکانیزمی سەربازیی و هەواڵگریی**

گرنگی سوپا و هێزی سەربازی بۆ هەر دەوڵەتێک ئەوەیە، کە پارێزگاری لە مانەوەی دەوڵەتەکە بکات و بوونی بپارێزێت لە هەر مەترسییەکی دەرەکی بۆ ئەم مەبەستەش پارێزگاری لە سنوورەکانی دەوڵەتەکەی دەکات ئەمەش بنەمایەکی دەوڵەتانی جیهانە لە داڕشتنی سیاسەت و پلانە سەربازییەکانیان، بەڵام بارودۆخی دەوڵەتی عێراق جیاوازە بەوپێیەی لە پاش (٢٠٠٣) وە عێراق لە بارودۆخێکی ئاسایشی نائاسایدا تێپەڕیووە ناکۆکییە سیاسییەکان لێکەوتەیان هەبووە لەسەر بنیاتنانی هێزە چەکدارەکان[5]. هەروەها یەکێک لە کێشە بنەرەتییەکانی بەردەم عێراق بوونی ژمارەیەکی زۆر لە

---

[1] دعلى بن فايز الجحنى، أضواء على الاتفاقية العربية لمكافحة الارهاب، المصدر السابق، ص٢٦١.

[2] حارس حەسەن، بەدەر لە ئاسایش: ئاڵانگارییە حکوکمڕانی ، سەقامگیری و ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

[3] سلام جبَّار شهاب، الحكومة العراقية الجديدة وخُطُوات التوجُّه نحو التنويع الاقتصادي، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢١، ص١٤.

[4] د .مهند حميد مهيدي، آفاق الإصلاح الاقتصادي في العراق، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢، ص١١.

[5] د .مايكل نايتس، مستقبل القوات المسلحة العراقية، مترجم: مركز البيان للدراسات والتخطيط، مركز البيان للدراسات والتخطيط، بغداد، ٢٠١٦، ص٥.

میلیشیایە، کە ئەم میلیشیانە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبوون و گەشەکردندایە و هەندێکیان باڵی سەربازی پارتە سیاسییەکانن لە عێراقدا، بۆ نموونە (سرایا عاشوراء) سەر بە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی عێراقە (سرایا السلام) سەر بە ڕەوتی سەدرە و (قوات بدر) سەربە ڕێکخراوی بەدر، هەریەک لەم گرووپانە ڕەگێکی سیاسی هەیەو شوێنکەوتەی مەرجەعە ئاینییە جیاوازەکانن[1] هەندێک پێیان وایە لەڕووی سەربازییەوە ناتوانرێت شکست بە میلیشیا شیعییەکان بهێنرێت..کە سەرچاوەی نا ئاسایشین، دەوڵەتی عێراقی هیچ بژاردەیەکی نییە جگە لە قبووڵکردنی ئەم میلیشیانە[2] هێزەکانی حەشدی شەعبی لە پاڵ ئەوەی بەشێکن لە سیستەمی بەرگری عێراق، بەڵام ئەم هێزانە دەکرێت وەک مەترسییەک و هەڕەشەیەک ببینرێن لەسەر ئاسایشی عێراق، هەر وەک (کینث پۆلاک) هێزە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی بە کێشەیەکی سیاسی و سەربازی ناودەبات بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستە ئەم هێزانە بە دامەزراوەی بکرێن و چاکسازی بکرێت تێیاندا لە ڕووی( چەکدانان، هەڵوەشاندنەوە، ڕێکخستنەوە)[3]. ئەمە لە کاتێکدایە هەندێکیتیر پێیان وایە لەبەر ئەوەی زۆربەی دەستوەردانەکانی ئێران لە عێراق لە ڕێگەی هێزەکانی ئاسایشی عێراقەوەیە پێویستە دووبارە پێداچوونەوە بە پێکهاتەی سوپای عێراقدا بکرێت، هەموو ئەو گرووپ و میلیشیا شیعانەی، کە بەناوی جیاوازەوە خزێنراونەتە ناو سوپای عێراقەوە هەڵبوەشرێنەوە، یاخود دووبارە دابەشبکرێنەوە، هەروەها پێویستە حەشدی شەعبی دووبارە دابەشبکرێتەوە و لە مۆرکی شیعە دابماڵرێت[4].

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین لە پاڵ ئەوەی، کە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە پێشمەرگە بە شێوەیەکی کەم لە ژێر کۆنترۆڵی ئەم وەزارەتەدایە، بەڵکو هەردوو پارتە سیاسییەکەی هەرێمی کوردستان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) کۆنترۆڵیان بە سەریدا هەیە [5]. وەک چۆن هێزەکانی (حەفتا) و (هەشتا)★ مووچە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن، بەڵام حکومەت دەسەڵاتێکی نییە

---

(1) أنتوني كوردسمان، الاستقرار في العراق و"الحرب على داعش"،دراسات مترجمة، سياسات عربية،دراسات وأوراق تحليليّة، العدد (١٦)، ٢٠١٥، ص١٢٠.

(2) Ranj Alaaldin, Containing Shiite Militias: The Battle for Stability in Iraq, Brookings Institution, U.S.A., 2017, p.6.

(3) زانا تۆفیق کاکەامین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦.

(4) بێستون حسێن عارف، پلان و ستراتیژی ئێران بۆ عێراق لە دوای داعش، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(١٤-١٥)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٧، ل٩٤.

(5) عادل عبد الحمزه ثجيل، السياسة والأمن في العراق : تحديات وفرص، مؤسسة فريدريش ايربت، مكتب الأردن والعراق، ٢٠٢٠، ص١١.

★ یەکەی حەفتا و یەکەی هەشتا، دوو هێزی پێشمەرگەن و سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانن، ماوەیەکی زۆرە بڕیاری یەکخستنەوەیان دراوە، بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراوە.

بڕوانە:

فەرمان سادق، یەکخستنی ژمێریاریی یەکەی حەفتا و هەشتای پێشمەرگە جێبەجێ دەکرێ، ماڵپەڕی ووشە، بەردەستە لەسەر بەستەری: https://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=91539&Jor=14
بەرواری سەردان(٢٠٢٢/١١/١)

بەسەریاندا هێزەکانی حەشدی شەعبیش لە کاتێکدا پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ حکومەت هەیە بەڵام بە شێک نین لە سوپای دەوڵەت و حکومەت ناتوانێت وەک بە شێک لە سوپای نیشتمانی لە میانەی پەیوەندی سەربازیدا مامەڵەیان لەگەڵدا بکات هەبوونی هێزی نیمچە حکومی لەناو دەوڵەتدا یان نیمچە دەوڵەتی لە ناو دەوڵەتدا نەک تەنها دەبێتە هۆی، کە هێزی نادەوڵەت دروست ببێت بەڵکو لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت لەوە بکەوێت کە وەک دەوڵەت پێناسە بکرێت[1]. لەبەرئەوە "پێویستە هەموو هێزە ئەمنییە ناوخۆییەکان لە ژێردەسەلاتی دەوڵەتدابن لە پێناو دەستەبەرکردنی ئاشتەوایی ئەمەش دەبێتە هەنگاوێکی سەرەکی لە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت"[2]. بۆ ئەوەی کە کێشەی تیرۆر چارەسەربکرێت باشتر وایە کە هێزی نیشتمانی دروست بکرێت کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتەکان بکات، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ هێنانە ئارای ئاسایش لە عێراقدا.

هەرچەندە هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە لە شکستپێهێنانی داعش، بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە ئەم هێزانە دانیشتووانی هەندێک لەو ناوچانەیان چەوساندووەتەوە کە سوننەنشینە، لەبەرئەوە مانەوەی ئەم هێزانە مەترسی گەورەن لە سەر ئایندەی عێراق و پێویستە لە سەر حکومەتی عێراقی بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری ڕێگە نەدات ئەم هێزانە کۆنترۆڵی ناوچە سوونەنشینەکان و جێناکۆکەکان بکەن[3]، لەبری حەشدی شەعبی باشتر وایە کە پشتگیری فەرماندەی دژە تیرۆر(CTS) بکرێت لە عێراقدا، لەبەرئەوەی سەرەڕای ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕوویان بوویەوە لە پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا بەڵام بە یەکێک لە کاریگەرترین هێزەکان دادەنرێت، بەوپێیەی لە (٢٠٠٤-٢٠١١) بە هاوکاری ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان زیاتر لە (٩٠٠٠) تیرۆریست و گومانلێکراویان لە ئۆپەراسیۆنەکانیان دەستبەسەر کردووە[4]. فەرماندەی دژە تیرۆر هێزێکی خوازراوە لە ناو خەڵکدا، ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیاتنانی متمانە لە نێوان دامەزراوە ئەمنیە جیاوازەکانی دەوڵەت و دانیشتوانی مەدەنی. ئەم پرۆسەیە پێویستی بە پلانی پێکەوەی هەیە کە ئاستی تاک بگرێتە خۆ[5]. باشترکردنی تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ کارلێککردن و هاوکاریکردنی پۆلیس و پشتیوانی هاونیشتمانیان بۆ ئۆپراسیۆنەکانی دژە تیرۆر پەیوەستە بە تێڕونینەکانیان و ئەو کارلێکانانەی کە لەگەڵ دەزگاکانی دژە تیرۆر هەیانە، متمانەی هاونیشتمانیان بە پۆلیس تەنیا دەرەنجامی خوازراوی

---

(1) د.سەردار عەزیز، دیاردەی "ئەللادەولە" لە عێراقدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٢)، ٢٠٢٠، ل٤٠
(2) زانا تۆفیق کاکە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.
(3) بێستن حسێن عارف، حەشدی شەعبی لە نێوان میلیشیا بوون و بە فەرمیبوونیدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٤٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٩، ل٧٣-٧٤.
(4) David Witty, The Iraqi Counter Terrorism Service, The Brookings Institution, USA, P.27.
(5) زانا تۆفیق کاکە ئەمین، سەرچاوەی پیشوو، ل٢٥٥.

پۆلیس نییه له کۆمەڵگادا، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ سەرکەوتن له کارەکانیان پێویستیان بەهاوکاری هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەبێت کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشتی و ئارامی و ئاسیش[1].

له پیاداچوونەوە به ڕێوشوێنەکانی ڕووبەڕووبونەوە و چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆردا لەڕاستییدا له عێراقدا زۆربەری کات پەنا بۆ یەک ڕەهەند براوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر ئەمەش بە پشت بەستن بەو خەرجییە زۆرەی کە له بواری سەربازی تەرخانکراوه بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر (٢٠١١-٢٠١٦)[2]، بڕوانە خشتەی ژمارە(٨)

خشتەی ژمارە(٨)

خەرجی سەربازی به دیناری عێراقی له نێوان (٢٠١١-٢٠١٦)

| ژ | ساڵ | خەرجی سەربازی به دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | ٢٠١١ | ١٤،٠٧٢،٦٤٥،٢٢٤ |
| ٢ | ٢٠١٢ | ١٧،١٧١،٨٠٢،٠٥٠ |
| ٣ | ٢٠١٣ | ١٩،٧٠٢،٢٦٩،٠٠٠ |
| ٤ | ٢٠١٤ | ٢٣،٦٩٦،٤٣٠،٩٠٠ |
| ٥ | ٢٠١٥ | ٢٤،١٥١،٢٩٦،٥٥٨ |
| ٦ | ٢٠١٦ | ٢٠،٢٥٥،٩٨٢،٨٥٨ |

*Yassir Abd al-Hussein,* Breaking Terrorism: An Evaluation of Combatting the "Islamic State" Organization in Iraq, in the book Methods of Preventing and Combatting Terrorism in the MENA Region and in the West,Collective writin, Published by Friedrich-Ebert-Stiftung Jordan and Iraq, 2016, P.45.

به سەرنجدان لەم خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت خەرجییەکی زۆر لە بواری سەربازی خەرجکراوه کە مەبەستیش لەمە هێنانە ئارای ئاسایش و چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر بووە، بەڵام هەتاوەکو ئێستا ئە و ئامانجە نەهاتۆتەدی، بۆیە لە پاڵ پەنابردن بۆ لایەنی سەربازی، نابێت لایەنەکانی تر فەرامۆشبکرایێت، لەبەرئەوەی تیرۆریزم نوێنەرایەتی کۆمەڵێک هۆکار دەکات بۆیە دژایەتیکردن و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر پێویستی بەوەیە کە میتۆدی هەمەچەشن و جۆراوجۆر بگیرێتە بەر، ناکرێت تەنها بە پشتبەستن بە ئامڕازی سەربازی و هەوڵگری چارەسەری کێشەی تیرۆر بکرێت[3].

باشتروایە لە عێراقدا بە مەبەستی ڕوو بە ڕووبوونەوەی تیرۆر وەک دەروازەیەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەی تیرۆر و هێنانە ئارای ئاسایش، بەردەوامی بدرێت بە گەشەپێدانی توانا سەربازییەکانی عێراق بەو شێوەیەی کە هاوبەشی دەکات لە ئاسایش و سەقامگیریدا... هەروەها کار بکرێت بۆ بەرەو پێشبردنی سوپایەکی سیبرانی کە توانای ڕووبەڕووبونەوەی هەرەشە سیبرانییەکانی هەبێت له

---

(1) منظمّة الأمن والتعاون في أوروبا، الوقاية من الإرهاب ومكافحة التطرّف العنيف والراديكاليةّ المؤديين إليه: مقاربة الشّرطة المجتمعية، ٢٠١٤، ص٦٥-٦٦

(2) Yassir Abd al-Hussein, Op.cit, P.45.

(3) *Ibid, p.44.*

ئاینده‌دا[1]. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش ئاژانسێكی سیبرانی نیشتمانی دابمه‌زرێت تایبه‌ت به‌ جێبه‌جێكردنی سیاسه‌تی سیبریانی و به‌رپرس بێت له‌ ڕۆشنبیری و پێگه‌یاندن و هۆشیاری سیبریانی و ئاسایشی زانیاری و به‌رگریكردن له‌ فه‌زای سیبریانی نیشتیمانی عێراقی[2]. بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ ده‌كرێت دامه‌زراوه‌ی ئاسیشی سیبریانی دابمه‌زرێت وه‌ک(پۆلیسی سیبریانی، هه‌واڵگری سیبریانی، سوپای سیبرانی...) به‌مه‌به‌ستی ڕووبه‌ڕووبونه‌وه‌ی هێرشه‌ سیبریانییه‌كان له‌سه‌ر ئاستی ناوخۆ و ده‌ره‌وه‌[3].

بۆ به‌رگرتن له‌ تیرۆر و هێنانه‌ ئارای ئاسایش هه‌واڵگری ڕۆڵی گرنگ ده‌گێڕێت، به‌وپێیه‌ی "هه‌واڵگری ئامرازێكی هه‌ستیاری پێكهاته‌ی دژه‌ تیرۆره‌، ئه‌ركی ئه‌م ده‌زگایه‌ به‌ده‌ستهێنان و كۆكردنه‌وه‌ی زانیارییه‌كانه‌ ... له‌به‌رئه‌وه‌ هه‌واڵگری هۆكارێكی بنه‌ڕه‌تییه‌ بۆ پوچه‌ڵكردنه‌وه‌ی هه‌ر هێرشێكی تیرۆریستی. هه‌ر كاتێک هێرشبه‌ره‌ خۆكوژه‌كه‌ ده‌ستنیشانكرا ده‌توانرێت ڕێوشوێنی ئه‌منی سه‌ركه‌وتوو له‌دژی بگیرێته‌ به‌ر"[4].بۆ ئه‌وه‌ی عێراق ڕووبه‌ڕووی تیرۆر ببێنه‌وه‌ ده‌بێت به‌شی هه‌واڵگری ئاسایشی به‌ شێوه‌یه‌ک به‌هێز بكات كه‌ بچێته‌ ناو ته‌واوی جومگه‌ ئه‌منییه‌كانه‌وه‌ و ده‌بێت ئه‌و ده‌زگایه‌ كاری چاودێریكردنی ئه‌و شوێنانه‌بێت، كه‌ گومانی لێده‌كرێت ببێته‌ هۆی داڕووخانی سه‌قامگیری عێراق. بۆئه‌وه‌ی كاره‌كانی ئه‌م ده‌زگایه‌ هاوكارێک بێت بۆ وه‌زاره‌تی ناوخۆ و به‌رگری عێراق به‌ مه‌به‌ستی كۆنترۆڵكردنی وولات و ده‌ستگیركردنی ته‌واوی ئه‌و سه‌ركرده‌ و گرووپانه‌ی كه‌ كار له‌گه‌ڵ گرووپه‌ تیرۆریستییه‌كان ده‌كه‌ن، له‌گه‌ڵ كۆكردنه‌وه‌ی زانیاری ته‌واو له‌ سه‌ر په‌ره‌سه‌ندنی ئه‌ندامانی گروپه‌ تیرۆریستییه‌كان و ڕێكخراوه‌ سیاسییه‌ توندڕه‌وه‌كان[5]. هاوكات "زیادكردنی ڕێوشوێنه‌ ئه‌منییه‌كان بۆی هه‌یه‌ هێرشبه‌ره‌كان ئاشكرابكات به‌ر له‌وه‌ی بگه‌نه‌ شوێنی ئامانجه‌كه‌ ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ هۆی كه‌مكردنه‌وه‌ی زیانه‌كانی هێرشه‌كه‌ یان به‌رگرتن له‌ ڕوودانی، واته‌ پوچه‌ڵكردنه‌وه‌ی هێرشه‌كه‌، هه‌روه‌ها سه‌ركه‌وتووی`ی ڕێوشوێنه‌ ئه‌منییه‌كان ده‌وه‌ستێته‌وه‌ له‌سه‌ر جیاكردنه‌وه‌ی ناوچه‌كان له‌ سه‌ر بنچینه‌ی ئه‌و ناوچانه‌ی نه‌بوونه‌ته‌ ئامانج و ئه‌و ناوچانه‌ی پێشتر بونه‌ته‌ ئامانج، ئه‌و ناوچانه‌ی ئێستا ئامانجی تیرۆریستین. پێویسته‌ هه‌ر ناوچه‌یه‌ک ڕێوشوێنی ئه‌منی تایبه‌ت به‌خۆی بۆ بگرێته‌ به‌ر"[6].

لێره‌دا ده‌گه‌ینه‌ ئه‌و ده‌ره‌نجامه‌ی له‌پاڵ ئه‌وه‌ی هێزی سه‌ربازی وهه‌واڵگری ڕۆڵی گرنگ ده‌گێڕن له‌ تێكشكاندن و ڕوو به‌ڕوو بوونه‌وه‌ی تیرۆر، به‌ڵام ئه‌م دوو ئامرازه‌ به‌ بێ هاوكاری وهه‌ماهه‌نگی كۆمه‌ڵگا كاریگه‌ر نابن و پێویستمان به‌وه‌ هه‌یه‌ كه‌ له‌ چه‌ندین دیدگا و ڕه‌هه‌ندی جیاوازه‌وه‌ له‌یه‌ک كاتدا كار له‌ سه‌ر چاره‌سه‌ر كردنی كێشه‌ی تیرۆر بكه‌ین له‌ عێراقدا بۆ هێنانه‌ ئارای ئارامی و ئاسایش.

---

[1] د.باسم علي خريسان، العراق فی مؤشر القوة العسكري العاملي ٢٠٢٢، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢، ص١١.

[2] هاشم شبر، تنظيم الجهد المؤسساتي والوزاري المشترك إزاء ألامن السيبراني فی العراق، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢، ص٤.

[3] د.باسم علي خريسان، الامن السيبراني في العراق: قراءة في مؤشر الامن السيبراني العالمي ٢٠٢٠، مركز البيان للدراسات والتخطيط ، ٢٠٢١، ص١١.

[4] ئیرک هیرن، ئامرازاكانی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی تیرۆریزمی داهاتوو، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل٧٧.

[5] عیرفان عزیز عزیز، ئاینده‌ی پرۆسی سیاسیی عێراق، چاپخانه‌ی ڕۆژهه‌ڵات، چ١، هه‌ولێر، ٢٠١٥، ل.ل٢٠٠-٢٠١

[6] ئیرک هیرن، ئامرازاكانی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی تیرۆریزمی داهاتوو، و:هێمن غه‌نی، له‌ كتێبی ته‌نگه‌ژه‌كانی تیرۆریزم، ده‌زگای چاپ و بڵاوكردنوه‌ی موكریانی، هه‌ولێر، ٢٠٠٦، ل٧٤.

**لقی چوارەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی**

پێویستە چاودێری دەروونیی و کۆمەڵایەتیی لاوان و تازە پێگەشتووان بکرێت... کاربکرێت بۆ ئەوەی شوێنی تایبەت تەرخانبکرێت بۆ بەڕێوەچوونی چالاکی رۆشنبیری و هزری و وەرزشی تاوەکو لاوان لە تۆڕ و ڕێکخراوە دەمارگیری و تیرۆریستییەکان دوور بخرێنەوە[1]. ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ نەهێشتنی پاڵپشتی و هاوسۆزی بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و رێگە بە چەواشکردن و لە خشتەبردنی لاوان نەدرێت بە هۆی گۆشەگیرکردنیان بە بیروباوەڕی ئایینی نادروست، هەروەها جەنگی دژە تیرۆریزم لە باڵاترین ئاستیدا دەبێت جەنگێک بێت دژی چەواشەکاری و شەڕی دەروونی[2].لەبەرامبەر ڕق و کینە و تۆڵە سەندنەوە، پێویستمان بە لێبوردنی کۆمەڵایەتی لە نێوان خەڵکدا و بنیاتنانەوەی یەکڕیزی نیشتمانی و بنبڕکردنی دووبەرەکی تائیفی و ناوچەیی و ڕەگەزی و چینایەتی و ئایدیۆلۆژیی لە عێرقدا هەیە کە دەبێتە هۆی ئارامی و ئاسایش لە کۆمەڵگەی عێراقدا[3].

دەکرێت حکومەت هەندێک سیاسەت بگرێتە بەر لە بواری کۆمەڵگەیی بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا کە ئەم چارەسەرانە لێکەوتەی ئەرێنییان لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش دەبێت:[4]

١- کارکردن بۆ بنیاتنانی ناسنامەیەکی نیشتمانی عێراقی، کە پاڵپشتبێت بە کەلەپووری کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی کە تەواوی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و پێکهاتەکان و کۆمەڵگەی عێراقی بەرهەمیان هێناوە، کە بە درێژای ساڵانێکی زۆر کەڵەکە بوون و پێکەوە گرێدانی لەسەر بنەمای ئەزموونی پۆزەتیڤی هاوبەشی تەواوی گرووپ و پێکهاتەکان بێت.

٢- سیاسەتە حکومییەکان لەسەر پرەنسیپەکانی دیموکراتی، و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، سەروەری یاسا، و بنیاتنانی دامەزراوەکان بوەستێت و دووربکەوێتەوە لە دەستەگەری و ناوچەگەری جوگرافی.

٣- پێکەوە گرێدانی چەمکەکانی ناسنامەی نوێی نیشتمانی لە میتۆدەکانی پەروەردەی نیشتمانی و شارستانی لەسەر ئاستی فێرکردنی بنەڕەتی و ناوەندی و زانکۆدا.

٤- دانانی سیاسەت گەلێک، کە یارمەتیدەربێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پێکەوە گرێدانی کۆمەڵایەتی بۆ تەواوی گرووپەکانی کۆمەڵگەی عێراق.

٥- دەرخستنی هەمەچەشنی لە کەلەپووردا بەو پێیەی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ پشتیوانیکردنی کاروانی دەوڵەتی مەدەنی عێراقی.

---

(1) ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.
(2) ئیرک هیرن، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٦.
(3) م .احمد عبد العزیز عبدالعزیز، المصدر السابق، ص١٢٥.
(4) د.خلف صالح علی الجبوري و معتز اسماعل، المصدر السابق ، ص.ص٢٣٣-٢٣٤.

لەبەر ئەوەی یەکێک لە هۆکارەکانی تیرۆر لە عێراقدا پەیوەندی بە کێشەی ناسنامەوە هەیە بۆیە دەکرێت حکومەت کار لە سەر دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانی بکات، کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتەکان بکات و هەموان خۆیانی تێدا ببیننەوە بەمەش ناسنامە نیشتمانییەکە زاڵدەبێت بەسەر ناسنامە لاوەکییەکان و ئارامی و ئاسایش لە کۆمەڵگەدا دێتەئاراوە.

یەکێک لە پاڵنەرەکانی تیرۆر لە عێراقدا ئایینییە، لە زۆر حاڵەتدا دەکرێت لە ڕێگەی پەرەپێدانی شێوازەکانی ڕوو بەڕووبوونەوەی ئایینی بە پشتبەستن بە زانایانی ئاینی کە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەرین و توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی ئایدیاکانی تیرۆریان هەیە سوود وەربگیرێت[1] لەپاڵ پیاوان و زانایانی ئاینی، مزگەوتەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی و تیرۆر دەکرێت ڕۆڵێکی گرنگ و زیندوو ببینن بۆ کاریگەری دانان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا و دوورخستنەوەیان لە کۆمەڵە توندئاژۆکان و توندڕەوەکان، هەروەها دەکرێت مزگەوتەکان ڕۆڵیان هەبێت لە چاندنی لێبوردەیی لەنێو تاکەکاندا وە لە دەرخستنی و باسکردنی ئەو کارانەی دام و دەزگاکانی حکومەت پێی هەڵدەستن کە ڕۆڵێکی گرنگە لە پاراستن و فەراهەم کردنی ئاسایش و ئارامی لە هەموو بەشەکانی نیشتمان. پێویستە مزگەوت و دامەزراوە ئاینەیەکان خۆیان بە دوور بگرن لە هاندانی خەڵک بۆکاری توندوتیژی و تیرۆر لە ژێر ناوی (جیهاد)دا. لەبەر ئەوە زانایان و مزگەوتەکان وەک چەکێکی دوو دیون یان دوو سەرن (ذو حدين) کە دەکرێت بە ئاراستەی هێنانە ئارای ئارامی و ئاسایش یان بە پێچەوانە خەڵک ئاراستە بکەن، دەبێت ئاراستەی مزگەوتەکان بکرێت لە چاندنی تۆوی خۆشەویستی نیشتمان و لێبوردەیی لە نێو تاکەکاندا وە تازەکردنەوەی مزگەوتەکان بەو عەقڵانەی ڕووناکن وە بەو گوتاربێژانەی کە خۆشەویستی نیشتمان دەپارێزن و بەرگری لێدەکەن[2]. پیاوانی ئاینی و دامەزراوە ئاینییەکان دەکرێت ڕۆڵبگێڕن بۆ ئەوەی، کە ڕۆحی لێبوردەیی و یەکتر قبووڵکردن بڵاوبکەنەوە لەبەرامبەر ڕق و کینە و خراپەکاری کە گرووپە تیرۆریستییەکان وەک سەرچاوەی ئیلهامبەخش سودی لێدەبینن بۆ تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵگا.

واقیعیەتی ماڵی شیعە بە شێوەیەکە لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) دا زۆرینەی شیعە خوازیاری دەستوەردان و ڕۆڵ بینینی ڕاستەوخۆی مەرجەعییەتن لە کاروباری سیاسیدا هەرچەندە مەرجەعییەت هەندێک سنورداری بۆ خۆی دەبینێت و لە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری سیاسیدا خۆی بە دوور دەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا[3] عەلی سیستانی، وەک دیارترین پیاوی ئایینی شیعەکانی عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەدام حسێن ناوێکی دیار و کاریگەرە کە ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردن و بەهێزکردنی سسیتمی سیاسی عێراق، کاریگەری ئەو وەک کەسایەتییەکی کاریگەر سەرەڕای نەبوونی هیچ پۆستێکی فەرمی لە نێو دەوڵەتدا لە چەند ڕووداوێکی گرنگدا بە دەرکەوت وەک نووسینەوەی دەستوور و دەرکردنی فەتوای جیهاد لە دژی

---

[1] ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.
[2] طاهر سليمان خليل، المصدر السابق ، ص١٠٩.
[3] هادی مەعسومی زارع، ڕەوتی سەدر، مەرجەعییەت و داهاتووی دامەزراوەی ئایینی لە گۆڕانکارییەکانی عێراقدا، و: ئارام مەحموود، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٤٣)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٩، ل٤٣.

داعش کە دواتر (حەشدی شەعبی) لێکەوتەوە[1]. هەرچەندە دەسەڵاتەکانی مەرجەعی باڵا تاڕادەیەکی زۆر نافەرمین، بەڵام بەهۆی پێگەی سیستانییەوە مەرجەعیەت لە ڕووی دەسەڵاتەوە لە دەستوور بەهێزترە، حکومەتی عێراق لە ڕێگەی یاسایی وەقفی شیعییەوە دەسەڵاتی مەرجەعی باڵای بە فەرمی کردووە و شوێنە پیرۆزەکانی شیعەی کردووە بە زەمینەیەکی گونجاو بۆ حکومڕانییەکی هاوبەش لە نێوان مەرجەعیەت و دەوڵەتدا[2]. سیستانی دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت لە دروستکردن و پشتیوانیکردنی ئاشتی و دوورخستنەوەی خەڵک لە شەڕی تائیفی و مەزهەبی لە عێراقدا و بە دوورگرتنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانی عێراق لە تۆڵەی توندوتیژی و خوێنڕشتنی پێکهاتەکانی عێراق و مەترسییەکانی... بەوپێیەی ڕۆڵی دیاری هەبوو لە دروستکردنی حەشدی شەعبی کاریگەرترین کەسایەتییە کە کاریگەری گەورەی لە سەر حەشدی شەعبی هەیە دەتوانێت چارەسەری ئاشتییانەی تیرۆری شیعی بکات لە عێراقدا کەئەمەش لێکەوتەی گەورەی لەبەرەوپێشبردنی ئاشتی و ئارامی و ئاسایش لە عێراقدا دەبێت [3]. سیستانی تۆڕێکی فراوان و گەورەی کۆمەڵایەتی و ئاینی هەیە کە دەکرێت یارمەتیدەربێت لە بەهێزکردنی حکومەتە لۆکاڵییەکان...ئەم تۆڕە دەتوانێت یارمەتیدەربێت لە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێزلە عیراقدا بەهاوکاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئەمانە هەموویان دەتوانن هاوکاربن بۆ دەست پێشخەری بۆ دروستکردنی حوکمڕانێتی باش★ و پەراویز خستنی میلیشیاکان...و بەهێزکردنی میانڕەوی[4].

دەکرێت چالاککرنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن لە ڕێگەی بەستنەوەی بە بەهای هاووڵاتیبوون و خۆشەویستی نیشتمان و ...چاپکردنی ئەو کتێبانەی کە باسی تاوانەکانی داعش ئەو بارودۆخە خراپانە دەکەن کە تیرۆر هێنایە ئاراوە، بە تایبەتی لە پرسی ئاوارەبووندا، یارمەتیدەر بێت بۆ دوورخستنەوەی خەڵکی لە گرووپە تیرۆریستییەکان[5]. هەروەها دانانی وانەیەکی تایبەت

---

[1] حارس حەسەن ئەلقەرەوی، بەفەرمیکردنی مەرجەعیەت: دەوڵەت و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی شیعە لە عێراقی دوای ٢٠٠٣، و: قارەمان عەلی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٨، ل١٥٨.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٧١.

[3] بارام مەجید خان، مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژ(١)،ساڵی یەکەم، ٢٠٢١، ل٥١.

★مەبەست لە حوکمڕانی باش پیادەکردنی دەسەڵاتە سیاسی، یاسایی، ئابوری کارگێری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتێکی دیاریکرا و لەسەرجەم ئاستەکاندا و بەشێوازێکی وا ڕاست و دروست، کە بە (شیاو) پەسندەکرێت و ئەو ڕەگەز و خەسڵەت و پێنوێنانەش لەخۆدەگرێت کە بە هۆیانەوە هاووڵاتییان ( بە تاک و بە کۆمەڵ) دەتوانن بەرژەوەندییەکانیان بهێننەدی و بژاردەکانیشیان فراوانتر بکەن. بڕوانە:
د.ئەمین فەرەج، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەک لە پایە و ئاستەنگەکانی(١٩٩٢ تا٢٠١٣)، و:لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی، چ١، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٧.

[4] Ranj Alaaldin, Saving Iraq What Ayatollah Sistani Can Do, May 9, 2016, Available at: https://www.foreignaffairs.com/articles/iraq/2016-05-09/saving-iraq, Accessed . 28/5/2022).

[5] أ.م. د.نبيل جاسم محمد وأ.م. د.صالح شبيب محمد، الرؤى المجتمعية لتنامي ظاهرة الارهاب بعد عام ٢٠١٤ واستراتيجيات المواجهة دراسة بينية ميدانية حسب وجهة نظر بعض القيادات المحلية في محافظة الانبار، لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية /ج ١ /العدد (٢٣) ، (خاص بوقائع المؤتمر العلمي السنوي الدولي الخامس لكلية الآداب - محور أبحاث الاجتماع)، ٢٠١٨، ص٦٦٤.

سەبارەت بە هۆشیاری تیرۆر لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بەمەبەستی دروستکردنی رۆحێکی میانڕە و دروست کردنی هەستی نیشتمانی کە دەکرێت وەک چەکێک بەکاربهێنرێت دژی تیرۆر[1]."هەروەها کاربکرێت بۆ هۆشیارکردنەوە و راهێنانی هێزە عێراقییەکان لە پێناو پابەندبونیان بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و پاراستنی خەڵکی سڤیل لە کاتی جەنگدا، کە ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی ڕێکخراوە مەدەنی و ناحکومییەکانەوە بکرێت کە یارمەتیدەر دەبێت خەڵک زیاتر هاوکاری هێزە ئەمنییەکان بن[2] بە شێوەیەکی گشتی پەروەرە دەکرێت باشترین چەک بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و هێنانە ئارای ئارامی و ئاسایش لە عێراقی پڕ لە ململانێ و ناکۆکیدا.

هەندێک پێیانوایە، کە "پێویستە لە سەر سەرکردە سیاسییەکانی عێراق هەموو دەرفەتەکان بەکار بهێنن بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بە چارەسەرێکی ڕیشەیی و بنەڕەتی قەیرانەکان. ئەم چارەسەرە گشتگیرە لە گەڕانەوەی تەواوەتی ئاوارەکان و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ناوچە زەرەرمەندەکانی جەنگ و بەشدارییپێکردنی هێزە لۆکاڵییەکان لە بەڕێوە بردنی ئاسایشی ئەو ناوچانە لە پێناو گەیشتن بە پرۆسەیەکی ئاشتەوایی نیشتمانی دەست پێدەکات...کلیلی ئاشتەوایش بریتییە لە حکومڕانییەکی باش و تەندروست، ئەمەش دەستەبەرێکە بۆ ڕێگریکردن لە گەشەکردنی توندوتیژی و گرووپی تیرۆریستی لە عێراقدا[3]. هەروەها پێکهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی پایەیەکی بنەڕەتییە لە پایەکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بنیاتنانی ئاشتی، ناکرێت پێکەوە ژیان لە کۆمەڵگەدا بەدییێت ئەگەر زۆرینەیەک خاوەنی هیچ نەبن و هەژار بن لەبەرامبەردا بوونی کەمینەیەک کە لە بواری ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگادا خاوەن هەموو شتێک بن کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ بوونی ململانێ و هەندێک جار تیرۆری دەسەلات[4].

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا پێویستمان بەوە هەیە کە دامەزراوە ئاینی و پەروەردەی و ڕێکخراوەکان ڕۆڵبگێڕین بە مەبەستی درووستکردنی ڕۆحی لێبوردەی و پێکەوە ژیان و بنیاتنانی ناسنامەیەکی نیشتمانی، کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتەکان بکات و هەموان خۆیانی تێدا ببیننەوە و کار بکرێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئاوادانکردنەوەی شوێنە خاپوربووەکانی جەنگی تیرۆر لە عێراقدا.

---

(1) مەلا عەبدوڵڵای مەلا سەعید گرتکی، کاراترکردنی ڕۆڵی زانایان لەبەردەم پرسە هەنووکەییەکان بەگشتی و دیاردەی تیرۆریش بە تایبەتی، پێشکەش کراوە لە کۆنفرانسی دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، ١-٢-٢٠٠٦/٢/٣، هەلێر، بڵاو کراوەتەوە لە کتبی دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان هۆکار و چارەسەر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەرگی دووەم، هەولێر ٢٠٠٧ ، ل١٧٢.

(2) زانا تۆفیق کاکەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٥.

(3) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٥.

(4) د.خلف صالح علی الجبوري و معتز اسماعل، المصدر السابق ، ص٢٣٤.

## لقی پێنجەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە ڕووی ژینگەییەوە

بە پێی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق یەکێکە لەو وڵاتە پڕ لە مین و تەقەمەنییەکان لە جیهاندا، کە زۆرترین ڕووبەری پیسبووە، زۆرینەی ئەو ناوچانەی، کە پێشتر لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە کۆنترۆڵکرابوو بە مین پیس کراوە، کە ڕووبەری زەوییە مینڕێژکراوەکان بە (٢٨٥٠) کیلۆمەتر چوار گۆشە مەزەندە دەکرێت ( ٢٧٪ ) دەکەوێتە ناوچە کشتوکاڵییەکان کە ئەمەش ڕێگر بووە لە بەکارهێنانی ئەو زەوییە کشتوکاڵییانە[1]. عێراق پێویستە کار بکات بەمەبەستی پاکردنەوەی لە مینە چێنراوەکان لەبەر ئەوەی ئەم مینانە تەنیا هەڕەشەی ژینگەی نین بەڵکوو " بوونی ئەم مینانە لە ناوچە ئاوەدانکراوەکان دەکرێت هەڕەشەبن بۆ سەر تەواوی هاوڵاتیانی مەدەنی"[2] لەپاڵ پاکردنەوەی مین بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان حکومەتی عێراق پێویستە دووبارە وەبەرهێنان بکات لە بواری ئاوادانکردنەوە و سەوزکردنی دارستانەکان بە مەبەستی پەرەپێدانی بەرهەمی کشتوکاڵی، کەمکردنەوەی هەژاری لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراکەوە دروست کردنی دەرفەتی کار و ڕوو بەڕووبونەوەی گۆڕانی کەشوو هەوا[3]. گرتنە بەری ئەم هەنگاوانەی سەرەوە یارمەتیدەر دەبن بۆ پارێزگاریکردن لە ئاسایشی ژینگەیی و چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ژینگەی عێراقدا.

دانیشتوانی بەشێکی بەرچاوی عێراق پشت بە ئاوی ڕووباری دیجلە و فورات وئاوی ژێرزەوی دەبەستێت بۆ خواردنەوە و ئاودێری زەوییە کشتوکاڵییەکانیان کە ئەم ئاوانە بە هۆی تێکەڵ بوونی نەوت لەگەڵیان لە هەندێک ناوچە وەک (قەیارە) شیاو نین و هەندێک پێیان وایە لە ماوەی مامناوەند و ماوە درێژدا ئاوی ژێر زەویش بەرە و پیسبوون دەچێت بەوپێیەی کە ئەومادە هایدرۆ کاربۆنانەی کە دەرەنجامی بیرە نەوتەکانی لەسەر زەوی بڵاو بوونەتەوە لە پاش بارانبارین لەپاڵ تێکەڵبوونیان بە ئاوی ڕووبارەکان تێکەڵ بەئاوی ژێر زەویش دەبن[4]. لەسەر حکومەتی عێراقی پێویستە کاربکات بۆ پاکردنەوەی ئاوی ئەوناوچانەی تووشی پیسبوون هاتوون و ڕێگە گرتن لە زیاتر پیس بوونی ژینگەی، هەروەها بەشێکی زۆری لەوەڕگاکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان پیسبوون بە هۆی نەوتەوە کە

---

(1) Unmas, Iraq Impact, Available at: https://www.unmas.org/sites/default/files/unmas_iraq_factsheet_2021_en.pdf 2022, (Accessed . 23/5/2022).

(2) Jack Losh, In Iraq, the Bitter Legacy of War Still Lies Hidden Underground Baghdad can’t rebuild its infrastructure and agricultural sector when its land remains littered with thousands of explosive devices, 2022, Available at:https://foreignpolicy.com/2022/02/12/iraq-explosives-landmines-war-legacy-of-war-infratructure-economy/ (Accessed . 25/5/2022).

(3) حارس حەسەن، بەدەر لە ئاسایش: ئاڵانگاریی حکوکمڕانی ، سەقامگیری و ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

(4) Unenvironment, Environmental Issues In Areas Retaken From Isil Mosul, Iraq, United Nation Development Program, P.8.

دەرئەنجامی لێکەوتەی نەرێنی هەبووە لەسەر ئەوانەی کە بە کاری ئاژەڵدارییەوە خەریکن ئەمەش بژێوی دانیشتوانی ئەو ناوچانەی خستۆتە مەترسییەوە[1]. پێشکەشکردنی هاوکاری دارای بۆ ئاوارە گەڕاوەکان و ئەوانەی کە بژێوی ژیانیان لەسەر کەرتی کشتوکاڵە دەکرێت هاریکار بێت بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتە ژینگەییەکانی تیرۆر لەسەریان بەڵام لەپاڵ پیسبوونی ژینگە زۆر جار بەهۆی ووشەکەساڵییەوە ئەم خەڵکانە زۆر زەرەرمەند بوون [2]، هەرچەندە هاوکاری دارایی یارمەتیدەری ئەو خێزانانە دەبێت بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان، بەڵام هێشتا لە کاریگەری پیسبوونی ژینگە ڕزگاریان نابێت.

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە یەکێک لە نارەزایەتییە توندوتیژەکان، کە لە بەسرەی باشووری عێراق لە (٢٠١٨) سەریهەڵدا، کە ئەنجامی شەپۆلێکی گەرما بوو لە کاتێکدا، کە خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا نەبوو ئەمەش بووە هەوێنی زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە زۆرێک لە بەشەکانی عێراق کە داوای خزمەتگوزاری و چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییان دەکرد دواتر ئەم نارەزایەتیانە بە شۆڕشی تشرین ناسێنران لە ساڵی ٢٠١٩دا کە گۆڕانکاری لە حکومەتدا کرد[3] هەندێک پێیانوایە، کە گۆڕانی کەشوهەوا تەنیا لایەنێک نییە کە دەبێتە هۆی کێشە بۆ دابینکردنی ئاو و پرسە پەیوەندیدارەکان وەک پیسبوونی ئاو و بە بیابان بوون. ئەم کێشانە بەهۆی کۆمەڵێک بابەتی پێکەوە گرێدراوەوە دروست دەبن، لەوانەش خراپ بەڕێوەبردنی ئاو و گەندەڵی دامەزراوەیی[4]. چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان چی ئەوانەی دەرئەنجامی لێکەوتەکانی کردە تیرۆریستییەکانن یان بەهۆی گۆڕانی کەش و هەواوە ڕوودەدەن کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر دابینکردنی ئاسایشی ژینگەیی لە عێراقدا هەر لەسەر ئەو بنەمایە هەندێک پێیانوایە بۆ چارەسەرکردنی کێشە ژینگەییەکان پێویستە حکومەتی عێراقی کێشە ژینگەییەکان بکاتە ناو کارنامە و سیاسەتەکانیانەوە وەک مەترسییەک بۆ سەر ئاسایشی نیشتیمانی بیان بینن نەک تەنها وەک قەیرانێک، و لە عێراقدا کێشەکە ئەوەیە کە هەندێک چارەسەری ژینگەی وەک مەترسی دەبینن بۆ سەر کەرتی نەوت کە زیاتر لە٩٠٪بودجەی حکومەت پێک دەهێنێت، لەبەرئەوە هەنگاوی جدی بە ئاراستەی چارەسەر کردنی نەنراوە[5]. هەندێکی تر پێیان وایە بنیاتنانی ئاشتی ژینگەیی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە هاندانی کارکردن لەسەر پرسە

---

(1) Ibid.

(2) The Norwegian Refugee Council (NRC), Iraq's Drought Crisis And The Damaging Effects On Communities, 2021, P.15.

(3) Maha Yassin, Climate Activism In Iraq: A Dangerous Undertaking, *December 29, 2021,* Availabile at: https://theglobalobservatory.org/2022/01/climate-activism-in-iraq-a-dangerous-undertaking/ (Accessed . 24/5/2022)

(4) Ibid.

(5) Tobias von Lossow , Peter Schwartzstein and Hassan Partow Water, Climate, and Environment: Beyond Iraq's obvious conflicts, Available at: https://medium.com/@ecosystemforpeace/water-climate-and-environment-beyond-iraqs-obvious-conflicts-f2b268523181(Accessed . 27/5/2022)

سەرەکییەکانی وەک: (بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان، گەڕانەوەی خەڵکی ئاوارە، ڕەخساندنی هەلی کار، ناڕەزایەتییەکان لە پیسبوون، و هاوکاری و گفتوگۆی سنوور بەزاندن، بە تایبەتی لەسەر ئاو). ئەم بابەتانە کە سەرچاوەی ناسەقامگیری ئێستان، دەکرێت بگۆڕدرێن بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی باشتر بە چارەسەرکردنیان[1].

ئاسایشی ژینگەی عێراق لە بەردەم مەترسیدایە، ئەو گۆڕانانەی کە لە کەش و هەوای عێراق ڕوویداوە پێویستی بە چارەسەرکردنی دەم و دەست هەیە بۆ ئەوەی نەبێتە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی و مرۆی لەم وولاتەدا، هەروەها بە چارەسەر کردنی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر رەهەندی ژینگە دەکرێت سەرەتایەک بێت بۆ هێنانە ئارای ئاسایشی ژینگەیی.

لەسەر ئاستی ناوخۆ گرتنەبەری میکانیزمی جۆراوجۆر پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا بەو پێیەی تیرۆر دەرئەنجامی هۆکار و پاڵنەری جیاوازە، لەڕووی سیاسییەوە یەکانگیری زەروریەتێکی گرنگە لە نێوان سەرکردەسیاسیەکان بۆ ئەوەی هەمووان پێکەوە کاربکەن بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر و هەروەها پێویستە تیرۆریستان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دادگاییبکرێن و دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بێت و دوربێت لە دەستوەردانی سیاسی، لە ڕووی ئاوبوریشەوە دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتی گشتی بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ودەکرێت لە ڕووی کۆمەڵگەیشەوە دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی کە هەموان خۆیانی تیادابیینەوە یارمەتیدەربێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر بەو پێیەی لە عێراقی پاش(٢٠٠٣)دا قەیرانی شوناس هۆکارێکی بنەڕەتی دروستبوونی تیرۆرە، ئێمە گەشتین بەو دەرئەنجامەشی کە بەتەنیا بەکارهێنانی هێزی سەربازی ناتوانێت کێشەی تیرۆری پێچارەسەربکرێت بەو پێیەی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا فرەڕەهەندە.

---

[1] Ibid.

### تەوەرەی دووەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لەسەر ئاستی دەرەوە

لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی چارەسەرکردنی پرسی تیرۆر لە عێراقدا پێویستە بەوپێیەی تیرۆر ڕەهەندێکی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە لە پاڵ ڕەهەندە ناخۆییەکان، هەروەها چارەسەرکردنی تیرۆر لە عێراقدا پێویستی بە هاوکاریکردنی وڵاتانی دراوسێی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ووڵاتە زلهێزەکان هەیە.

### لقی یەکەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا لەسەر ئاستی هەرێمی

ئەگەر ئەم سەردەمە سەردەمی ئاڵوگۆڕکردنی سوود و بەرژەوەندی نێوان دەوڵەتەکان بێت، دەکرێت لە بواری تیرۆر و ئاسایشیشدا هاریکاریی ئەمنی و هەماهەنگی و پرس پێکردن هەبێت و ئەمەش سەرەتایەک بێت بۆئەوەی لە زۆر بواری تریش هاریکاری دروست بێت[1].دەوڵەتان زۆرجار لە ڕێگەی لێکتێگەیشتن و گفتوگۆی ڕاستەوخۆوە کێشەکانی نێوانیان چارەسەر دەکەن، بۆ ئەوەی عێراق خۆی بپارێزێت لە خراپ دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێی لە کاروباری ناوخۆیی، دەکرێت پەنا بۆ میکانیزمی لێک تێگەیشتن و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ ببات بۆ زانینی هۆکاری ڕاستەقینەی دەستوەردانەکان لە کاروباری ناخۆیی و چارەسەرکردنی، وەک زانراوە ناوچە هەرێمییەکانی دەوروبەری عێراق، بە بارودۆخێکی ململانێی تائیفی نێوان سعودیە و ووڵاتە عەرەبیەکان لە پشتییەوە لە لایەک، ئێران و هەندێک ووڵاتی تر لەلایەکی ترەوە دەڕۆن، ئەمەش کاریگەری هەبووە بۆ گواستنەوەی هەندێک ئەکتەری نادەوڵەتی بۆعێراق، و هەریەک لەم لایەنانە عێراق بەوە تۆمەتبار دەکات کە لەگەڵ لایەنی بەرامبەردایە، لەبەرئەوە بۆ ئەوەی عێراق خۆی بپارێزێت، بەو پێیەی پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەرێمی هەیە، خەڵکەکەی دوور بخاتەوە لە بوون بە ناوەندی تۆڵە سەندنەوەی هەردوولاکە، هیچ بژاردەیەکی نییە جگە لە ڕاگەیاندنی بێلایەنی، بۆ ئەوەی لایەنی سەلامەت بێت و خۆی لەململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان سعودییە و ئێران بپارێزێت[2]

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین هەژموون و کاریگەری ئێران لە عێراق بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سێ ڕووداو کە لە عێراقدا ڕوویانداوە: [3]

١- ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق لە ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمەریکاوە

٢- کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١.

٣- سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ٢٠١٤.

---

[1] دعلی بن فایز الجحنی، أضواء علی الاتفاقیة العربیة لمکافحة الارهاب، المصدر السابق، ص٢٦٤.

[2] د.سید ابراهیم، عدم الاستقرار السیاسي في العراق بعد عام 2003 ، مجلة البحوث الاقلیمیة ( Bölgesel Araştırmalar Dergisi)، العدد(١)، ٢٠١٨، ص٥٢.

[3] بێستون حسین عارف، خۆپیشاندانکانی عێراق و کاریگەری لە سەر هەژموونی ئێران لە بە غداد، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٤٣)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٩، ل٤٣.

کاربەدەستان لە ئێران هەوڵیانداوە مەترسی و لێکەوتەکانی ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدەن لەسەر ئاسایش و داهاتووی ڕۆڵی ئێران لە عێراقدا کەمبکەنەوە، بەڵام ئەوەی لە عێراقدا بەدیدەکرێت، وڵاتێکە کە سنوورێکی هاوبەشی لەگەڵ ئێراندا هەیە کە ٩٠٠ کم درێژ دەبێتەوە بۆیە ئەمە وادەکات کە ئێران لە پرسە ئاسایشییەکان وەک ڕوو بەڕوو بوونەوەی داعش هاوکاربێت و دەکرێت هەماهەنگی زیاتر دروست بێت لە نێوانیان بۆ پرسی قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە ئایندەدا[1].

هەرچی سەبارەت بە تورکیایە بەو پێیەی هەرێمی کوردستان پێگەیەکی بەرچاو لە سیاسەت و ئابووری لەلایەن تورکیاوە کۆنترۆڵکراوە، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك ڕێککەوتنی پەیوەست بە وزە و نەوت بەدەست هاتووە. پێدەچێت تورکیا زیاتر لە جاران گرنگی بە سەقامگیری عێراق بدات، بە تایبەت کە ئەمە سوودێکی زۆری ئابووری بۆ دەهێنێت[2] لەبەرئەوە دەکرێت عێراق سوود لە گرنگی پێدانی تورکیا ببینێت بۆ ئەوەی کە هاوکاری و هەماهەنگی لە بواری ئاسایش و تیرۆردا بێتە ئاراوە چونکە سەقامگیری عێراق کاریگەری دەبێت لەسەر تورکیاش، هەروەها تورکیا و زۆرێک لە وولاتان لەسەر ئاستی هەرێمی لە کۆنگرەی (ئاوەدانکردنەوەی عێراق) کە لە بەرواری ١٢-٢٠١٨/٢/١٤ لە کوەیت بەسترا بەمەبەستی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوەی عێراق پاش شەڕی داعش ئامادەی هاوکاریکردنی عێراقییان دەربڕی، لەم کۆنگرەدا تورکیا بڕی(٥) ملیار دۆلار بە شیوەی قەرز و پرۆژەی وەبەرهێنان،دەدات بە عێراق، هەروەها چەندین وڵاتی عەرەبیش لەوانە سعودیە بە بڕی یەك ملیار دۆلار وەبەرهێنان ئەنجام دەدات و(٥٠٠) ملوێنیش وەك پاڵپشتی بۆ عێراق تەرخان دەکات، قەتەریش ملیارێك دۆلار بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان تەرخاندەکات و ئیماراتیش (٥٠٠) ملیۆن دۆلارو کوەیتیش بەڵێنی تەرخانکردنی 2 ملیار دۆلاری داوە بۆ بنیاتنانەوەی عێراق[3] عێراق دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم کۆنگرانەوە هاوسۆزی و پشتیوانی وولاتانی دراوسێی بەدەست بهێنێت بەمەبەستی ئەوەی، کە هاوکاری بن لە چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئاسایش کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی عیراق، هەروەها بەمەبەستی ڕێگریکردنی تیرۆر بۆ ناو خاکی عێراق بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بە شێوەیەکی باشتر سنورەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی بەڕێوە بەرێت، سنورەکانی قایم بکات بۆ ئەوەی ڕێگریبکات لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناوخاکەکەی ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگییە لەسەر ئاستی ناوخۆ لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم لە لایەک و لەسەر ئاستی دەرەوەش لە نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێی... هەروەها کاربکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانای هێزەکانی سەر سنور بۆ ئەوەی باشتر سنورەکان بپارێزن[4].

---

(1) فاطمة الصمادى، العراق في الاستراتيجية الإيرانية: تنامي هاجس الأمن وتراجع الفرص، ٢٠١٤/٧/١٠، https://studies.aljazeera.net/en/node/3725

(2) المصدر النفسه.

(3) جەزا ئەحمەد فارس، هەرێمی کوردستان لەکوێی کۆنگرەی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بوو؟ سەرچاوەی پێشوو.

(4) أسماء خالد جرجيس، واقع الارهاب في العراق والتحديات المستقبلية بعد هزيمة داعش بمنظور جغرافي، قضايا سياسية، جامعة نهرين، عدد(٥٧)، ٢٠١٩، ص.ص٢٠٦-٢٠٧.

کەواتە عێراق پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی وڵاتانی دراوسێی هەیە بۆ ئەوەی ڕێگر بێت لە گواستنەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ ناو خاکەکەی و هاوکار وهەماهەنگی بن بەمەبەستی چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی تیرۆر و هێنانە ئارای ئارامی و ئاسایش.

## لقی دووەم: چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

هیچ دەوڵەتێک بە تەنیا ناتوانێت کۆتایی بە تیرۆر بێنێت یان چارەسەری کێشەی تیرۆر بکات لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوەی لە سەر ئاستی ناوخۆی، بەڵکو پێویستی بە هاوکاری دەرەکی دەبێت بە تایبەت تیرۆر لەم سەردەمەدا فۆرمێکی جیهانی وەرگرتووە، کە بڕینی سەرچاوە داراییەکانیان پێویستی بە هەماهەنگی زۆر لە دەوڵەتانە[1]. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پرۆسەی سیاسی نوێی عێراق لە پاش(٢٠٠٣)وە ڕۆڵی گرنگی هەیە، لەپاڵ ئەوەی کە لە ڕووی سەربازییەوە لە عێراق کشاوەتەوە، بەڵام لە ئێستاشدا چەند بنکەیەکی سەربازی لە عێراقدا هەیە لە چوارچێوەی پاراستنی باڵوێزخانە و کونسوڵخانەکەی و هەروەها ئەمریکییەکان لە دیاریکردنی سەرۆک وەزیران لە عێراقدا بەبەردەوامی دەستوەردانیان کردووە[2] لەبەرئەوەی ئەمریکا توانایەکی زۆر ماددی و مرۆیی لە عێراقدا خەرجکردووە، باشتر وایە دەسەڵاتدارانی عێراق دەروازەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا هاوکارییەکانی زیاتر و زۆرتر بکات بەو پێیەی کشانەوەی ئەمریکا لە ساڵی(٢٠١١) کاریگەری هەبوو لە سەر بە هێزبوون و جموجوڵەکانی تیرۆر لە عێراقدا[3] بۆ هێنانە ئارای ئاسایش باشتر وایە هاوکارییەکان تەنها سەربازی نەبن لە بەر ئەوەی لەپاڵ ئەوەی سوپای عێراق چەکی باشی هەیە و پڕچەکن، بەڵام کێشەی قووڵی گەندەڵی و نەبوونی دیسپلین و ڕاهێنانێکی پێویستیان هەیە... بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە حکومەتی عێراقی پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی ڕاهێنەرە ئەمریکییەکان هەیە[4]. بۆ هێنانە ئارای ئاسایش لە عێراق و بەرە پێشچوونی باشترە هاوکارییەکانی ئەمریکا فرە رەهەند بێت بۆ ئەم مەبەستەش " ئەمریکا دەتوانێت باڵادەستی(نفوز)ی نێودەوڵەتی خۆی بەکار بهێنێت بۆ دڵنیابوونەوە لە وەی کە سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازی و گرووپە مەدەنییە نێوخۆییەکان بەهێز دەکەن لە عێراقدا، ڕێکخراوە عێراقییەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە بەهرەمەند نین لەوەرگرتنی ئەو هاوکاریانەی کە ڕێکخراوەکان دەیکەن، بەڵکو هاوکارییەکانیان ڕەمزین و کاریگەر نین[5]. عێراق دەتوانێت سوود لە ستراتیجیەتی ئەمریکا وەربگرێت بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر ئەویش بە پشت بە ستن بە لێدوانی سەرۆکی پێشووی

---

[1] *Yassir Abd al-Hussein,* Op.cit, p.42.

[2] یاسین تەها، پێگەی وڵاتانی هەژموندار لە هەڵبژاردنی عێراقدا ڕۆڵ، چاوەڕوانی و سیناریۆکان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٧) ، ساڵی دووەم، ٢٠٢١، ل٢٣.

[3] Cole Bunzel, Op.cit.

[4] د.پشتیوان فەرەج، بەرهەم ساڵح، عادل عەبدولمەهدی لەنێوان سەرکەوتن و شکستدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣٢-٣٣)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٩، ل١٣.

[5] رانج علاء الدین، احتواء الميليشيات الشيعية: المعركة من أجل الاستقرار في العراق، مركز بروكنجز، الدوحة، ٢٠١٧، ص٦.

ئەمریکا باراک ئۆباما کە لە ٢٠١٤ دا ڕایگەیاند " هاوکاری مرۆی پێشکەش دەکەین بۆ ئەو هاوڵاتییە مەدەنییە بێتاوانانەی کە کۆچیان کردووە بەهۆی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە"[1]. لەبەرئەوەی شەرکردن دژی تیرۆر پێویستی بە شێواز و ڕێگەی جیاواز هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکاش ئەگەر فرەچەنشبن و لە بواری جیاجیا بن زیاتر کاریگەر دەبن لەوەی کە تەنیا بەس لە ڕووی سەربازییەوە بن.

عێراق دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، کە ئەمەش بە سوود دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی و ئاسایشی عێراق، لە پاڵ بوونی دیالۆگی ستراتیژی دوولایەنە لەگەڵ ئەمریکا، کاتی ئەوە هاتووە عێراق بکەوێتە دیالۆگی دوولایەنەی ستراتیژی لەگەڵ ئێران بەگشتی ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە هەردوو وڵاتی دراوسێوە هەیە.[2] بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت حکومەتی عێراق نێوەندگیرییەکی ئاشتیانەی ڕێژەی بکات... بۆ دامەزراندنی کەناڵی پەیوەندی و دیالۆگی ئەمەریکا و ئێران، بۆ دامەزراندنی بنەمایەک بۆ پارێزگاریکردنی سەروەری عێراق و ڕێگەگرتن لە گرژییەکان[3]. بە باش بوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا و هاتنە ئارای ئاسایش.

لەم ساڵانەی دوایدا یەکێک لە تەوەرەکانی سیاسەتی هەندێک لە زلهێزەکان لە عێراقدا (چارەسەرکردنی گرفتە ژینگەییەکان)ە، بۆ نموونە باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق لە کۆڕبەندێکدا لە ٢٠٢١/٣/٢٧ ئەوەی خستەڕوو کە پێشینە ئایندەییەکانی سیاسەتی ئیدارەی بایدن لە عێراقدا لە چەند ساڵی داهاتوودا بریتییە لە چوار تەوەرەی سەرەکی: جەنگ دژی تیرۆر و داعش، هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، چارەسەرکردنی دۆخی ئابوری، ئاڵەنگارییە تەندروستییەکان و قەیرانەکانی ژینگەی عێراق[4]

هەرچەندە گووتەبێژی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراقدا(واین ماروتو) لە ئایاری ٢٠٢١ دا ڕایگەیاند ڕۆڵی هێزەکانی هاوپەیمانان تەنیا ڕاوێژکارییە، ڕووبەڕووبوونەوەی داعش ئەرکی هێزە عێراقییەکانە[5]. بەڵام بەردەوامی هاوکارییەکانیان زامنی زاڵبوون بەسەر تیرۆرو هێنانە ئارای ئاسایشە، کە گەورەترین هاوکاری لە بواری کەرەستە و تەقەمەنی و ڕاهێنانی لەم ساڵانەی دواییدا بۆ هێزەکانی دەوڵەت دابین کردووە، بە شێوەیەکی بەرچاو هەزاران سەربازی ڕاهێنرا و دەبێتە جێی ئومێد لە پاڵ ملیۆنان دۆلار خەرجکراو بۆ کەلوپەل و یارمەتییە مرۆییە بەردەوامەکان، تا ئەو ڕادەیەی

---

(1) د .أثير ناظم الجاسور،نحو قيادة عالمية جديدة لمحاربة الارهاب الدولي، مجلة العلوم السياسية، العدد(٥٣)، ٢٠١٩، ص١٢٠.

(2) عادل عبد الحمزه ثجيل،السياسة والأمن في العراق : تحديات وفرص، المصدر السابق ، ص١٦

(3) المصدر النفسه.

(4) رستم محمود، إدارة بايدن تترنح في العراق.. وتتحدث عن ٤ أولويات ،على الرابط الاتى: shorturl.at/kmEQV، ، زيارة: ٢٠٢٢/٦/٢

(5) علي نجات، تقييم أداء التحالف الدولي خلال السنوات السبع في العراق، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢١، ص٩.

دەکرێت یارمەتی دەستەبەرکردنی ئاسایش لەو وڵاتەدا دەدات[1]. هەروەها بەهێزکردنی هەماهەنگی هەواڵگری لەگەڵ هەواڵگری نێودەوڵەتی کاریگەری دەبێت لەسەر باشکردنی کاری دەزگای هەواڵگریی نیشتیمانی عێراق(...)هەماهەنگی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ژینگەی ئاسایشی نەتەوەیی لە وڵاتدا[2].

یەکێک لە کێشە گەورەکان، کە وەک بۆمبێک تەوقیت کراوە لە عێراقدا خێزانی چەکدارانی داعشە، کە ئەم بنەماڵانە هەست و سۆزیان بۆ تیرۆر هەیە. دەکرێت سوود لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببینین بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو خێزانانە کاریان لەسەر بکرێت و ببن بە بەشێک لە کۆمەڵگەی عێراقی، چونکە پەراوێز خستنیان دەبێتە هۆی زیاد بوونی مەترسییان[3]. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت پەناببرێتە بەر ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بڵاوکردنەوە و برەودان بە کلتوری دیالۆگ و قایلکەر بۆ لێکتێگەشتنی هاوبەش و کولتوری ئاشتی و لێبوردەیی لە ناو سەرجەم پێکهاتەکان و گەلدا([4]). لە سەرئاستی نێودەوڵەتی دەکرێت عێراق کار بکات بۆ سود وەرگرتن لە بڕیاری ژمارە(١٦١٨) ی ساڵی (٢٠٠٥)ی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەتە بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا و جەخت دەکاتەوە بە پابەندی ئەندامان لەهەندێک ڕێوشوێن بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی تیرۆر لەوانە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێواز و ڕێگەیەک و وەستانەوە دژی هەڕەشەکانی بۆ سەر ئاشتی و ئاسایش کە دەرەنجامی کردەوە تیرۆریستییەکانە، لەسەر بنەمای رەوایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێگری بکرێت لە گواستنەوەی تیرۆریستان بۆ عێراق و چەک و کۆمەککردنیان. پتەوکردنی پەیوەندی هەرێمی لە نێوان دەوڵەتە هەرێمییەکان بۆ وەستاندنەوە دژی تیرۆر[5].

دەکرێت سود لە ستراتیجیەتی یەکێتی ئەوروپاش ببینرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە عێراقدا کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە هەموو ئاستەکان دژایەتی تیرۆر بکرێت، چی لەسەر ئاستی گشتی یان تایبەتی، حکومەت و ڕێکخراوەکان و ڕاگەیاندنەکان دەبێت هەموویان هەماهەنگبن

---

[1] شيلي كيتلسون، مستقبل الدعم الأمني الدولي في العراق، قسم الترجمة والتحرير مركز بيان، ٢٠٢٠/١٠/٧، https://www.bayancenter.org/2020/10/6370/ ، زيارة: ٢٠٢٢/٦/٢

[2] علي زياد العلي، دور أجهزة الاستخبارات الوطنية في إدامة الزخم الأمني العراقي، ٢٠١٧، https://www.bayancenter.org/2017/12/3906/، زيارة: ٢٠٢٢/٦/٢

[3] هشام الهاشمي، داعش في العراق – تحدي إعادة دمج عوائل داعش، ٢٠٢٠/٠٧/١٢، https://www.bayancenter.org/2020/07/6174/ ، زيارة: ٢٠٢٢/٦/٣

[4] د .هاشم حسن التميمي، دور الإعلام في مكافحة الارهاب، مجلة العلوم السياسية، مصدر سبق زكرة، ص٢٥.

[5] Resolution 1618, Security Council, 4 August 2005.

لەم پرۆسەیەدا[1]. هەرچەندە لەگەڵ ئازادکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش لە(٢٠١٧) هاوکارییە مرۆییەکانی یەکێتی ئەوروپا لە ئاستێکی نزمدایە، بەڵام لە پاڵ پشتیوانی لە ڕیفۆرم لە کەرتی ئاسایشی نیشتمانی لە عێراقدا هاوکار و هەماهەنگە لە ئامۆژگاری و ڕێنمونی سەبارەت بەستراتیژی نیشتیمانی، یاسای ئاسایشی نیشتمانی، کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، ستراتیژیەتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و ڕێکخراوە تاوانکارییەکان، بە مۆدێرنکردنی هەواڵگری فیدراڵی و بەڕێوەبردنی سنوورەکانی[2]. هەندێک پێیانوایە، کە یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت ڕۆڵی گەورە بگێڕێت لە دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان هەولێر و بەغداد وە ڕەخساندنی دیالۆگی ئاشتیانە لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکان و دروستکردنی حکومەتی باش کە ئەمانەش ئامڕازی کاریگەرن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا[3].

لە سەرئاستی نێودەوڵەتی ئەمریکا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هاپەیمانیەتییەکان دژی تیرۆر و یەکێتی ئەوروپا دەکرێت ڕۆڵبگێڕن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا، بەڵام گرنگە هاوکارییەکان تەنیا لە ڕووی سەربازییەوە نەبێت، بەڵکو فرەچەشن بێت، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ خێراکردنی چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر و هێنانە ئارای ئاسایش.

عێراق لەپاڵ هاوکاری وڵاتە زلهێزەکان پێویستی بە هاوکاری وڵاتانی دراوسێی هەیە بەتایبەت ئێران کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕووداوەکانی ناوعێراقدا، باشتر وایە کە دەستەبژێری سیاسی لە عێراقدا ڕێگەنەدەن عێراق ببێتە خاڵی یەکلایکردنەوەی ململانێکانی ئەمریکا و ئێران چونکە کاریگەری تەواوی دەبێت لەسەر سەقامگیری رامیاری لەعێراقدا، هەتا هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسێی و ڕێکخراوەنێودەوڵەتییەکان باش بێت ڕێوشوێن ومیکانزمەکانی چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لەم وڵاتەدا باشتر بەڕێوەدەچێت.

---

[1] Unodc, Module 5: Regional Counter-Terrorism Approaches, The European region, https://www.unodc.org/e4j/zh/terrorism/module-5/key-issues/european-region.html, (Accessed . 7/6/2022).

[2] Erwin van Veen, Alba Di Pietrantonio Pellise, Nancy Ezzeddine, Paolo Napolitano, Band-aids, not bullets EU policies and interventions in the Syrian and Iraqi civil wars, CRU Report, Netherlands Institute of International Relations ‘Clingendael,2021, P.42.

[3] Steven Blockmans, Can the EU help prevent further conflict in Iraq and Syria?, 25 NOV 2016https://www.ceps.eu/ceps-publications/can-eu-help-prevent-further-conflict-iraq-and-syria/, (Accessed . 7/6/2022)

## باسی دووەم: ئاسۆی ئایندەیی تیرۆر لە عێراقدا و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش

بە سەرنجدان لەسەر بارودۆخی ژینگەی ڕامیاری عێراق و دەستوەردانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان، ئەم سیناریۆیانە داڕێژراون، کە هەریەک لەم سیناریۆیانە ڕوودانی وابەستە بەو بنەمایانەی کە سیناریۆکەی لەسەر داڕێژراوە کە هەندێک جار گریمانەی سیناریۆکان بەستراونەتەوە بە زیاتر لە لەبەرچاوگرتنی لایەنێکی بابەتەکە، واتە ئەم سیناریۆیانە بەلەبەرچاوگرتنی کۆی بابەتەکانی پەیوەست بە دیاردەی تیرۆرەوە داڕێژراون؛ ڕوودانی هەریەکە لەم سیناریۆیانە بە ڕێژە و ئاستی جیاواز لێکەوتەی لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش دەبێت لە عێراقدا.

### تەوەرەی یەکەم: سیناریۆی یەکەم : کۆتایی پێهاتنی تیرۆر لە عێراق و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش

لەسەر کۆمەڵێك بنەما ئەم سیناریۆیە داڕێژراوە، کە ئەگەرێکی کراوەیە کە ببێتە دەروازەیەک بۆ ئەوەی گروپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا بەرەو لاوازی و کۆتای هاتن بڕۆن یەکێک لە بنەماکان کوژرانی بەردەوامی سەرکردەی گرووپە تیرۆریستییەکانە، ئەگەر تەماشایەکی گروپە تیرۆریستییەکانی عێراق بکەین ،وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بە تایبەتی گروپە تیرۆریستییە سونییەکان، بەبەردەوامی سەرکردەکانیان کراوە بە ئامانج و کوژراون بۆیە زۆرجار بەهێزبوون یان لاوازبوونی ئەم گرووپانە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کوژرانی سەرکردەکانیانەوە هەبووە، کوژرانی زەرقاوی پاشان ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزە موجاهر، هەروەها کوژرانی ئوسامە بن لادن لە شەوی ( ٢/١ -٥-٢٠١١) لە باکووری پاکستان و کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی لە ( ٢٧ /٢٠١٩/١٠ ) لە ئەنجامی هێرشێکی سەربازیدا بۆ سەر ماڵەکەی لە گوندی (بابشا) لە پارێزگای ئیدلب لەلایەن هێزێکی تایبەتی ئەمریکییەوە کاریگەری گەورەی لەسەر ئەلقاعیدە و داعش بە جێهێشت.[1] کوژرانی بەغدادی کە وەك خەلیفەی موسڵمانان تەماشادەکرا لەلایەن ئەندامانی داعشەوە، کە بەیعەتی پێدرابوو، هەروەها ڕۆڵی سەرەکی لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سوریا هەبوو، ئەمەش وایلێکردبوو خاوەنی گەورەترین پێگەبێت لە مێژووی گرووپە تیرۆریستییەکان لە پاش (ئوسامە بن لادن)ی سەرۆکی ئەلقاعیدە. هەرچەندە لە دوای کوژرانی بەغدادی، ئیبراهیم ئەلهاشمی ئەلقورەیشی جێگەی گرتەوە، بەڵام نەیتوانی پێگەیەکی وەك بەغدادی بۆ خۆی دروست بکات و ئەو مەترسییانەی لەسەر ئاسایشی عێراق کە داعش لەسەردەمی بەغدادی دروستیکرد لەسەردەمی ئەم کەمتربوو[2] جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین لە نێوان ساڵانی (٢٠١٧-٢٠١٩)دا هێزە عێراقییەکان بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی زنجیرەیەک هێرشی یەک بە دوا یەکیان کردە سەر داعش لە چوارچێوەی چەند پرۆسەیەکی سەربازیدا توانییان نزیکەی (٤٣) سەرکردە لە ڕیزی یەکەمی داعش و (٧٩) سەرکردە لە

---

[1] Graig R. Klein, The Leader of ISIS is Dead, but are Targeted Killings Effective?, 10 Feb 2022, Available at: https://icct.nl/publication/leader-isis-dead-targeted-killings/(Accessed . 20 April 2022)

[2] ناوەندی جەزیرە بۆ توێژینەوە، ئایندەی ڕێکخراوی داعش دوای بەغدادی ، و:حسێن ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان، ٢٠١٩ ، ل٤.

ئاستی دووەم و سەدان سەکردەی مەیدانی بکوژن...هاوکات (١٣٠)سەرکردەی مەیدانی لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە دەستگیرکراون، هەروەها هێزە عێراقییەکان چەندین ڕێوشوێنی نوێیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی داعش گرتووەتەبەر لە ڕێگەی هاوکاری دانیشتووانی ناوچەکانەوە لە ڕێگەی هەواڵگرییەوە هەروەها هەڵکوتانە سەر ئەو ناوچانەی، کە گومانی لێدەکرێت تیرۆریستانی تێدابێت بەردەوامی گەڕان و کێوماڵ کردنی ناوچە دوورە دەست و سەخت و بیابانەکان...بە تایبەت ئەو ناوچانەی کە پێشتر داعش لێوەی هێرشی دەکرد کاریگەری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی چالاکییەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەمەش بۆتە هۆی کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەرسەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا.[1] کوژرانی سەرکردەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان و ئەو ڕێوشوێنانەی بەرامبەریان گیراوەتە بەر ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەلاوازکردنی ئەم گرووپە تیرۆریستییانە، کە دەکرێت ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ بەرەو کۆتایی پێهاتنیان و گەڕانەوەی ئاسایش بۆ عێراقی پاش داعش.

ئەمریکا لەپاڵ ئەوەی بەبەردەوامی سەرکردەی گرووپە تیرۆریستییە سوننەکانی بە ئامانج گرتووە؛ چەندین جاریش گرووپ و میلیشیا شیعەکانی کردووەتە ئامانج؛ ئەم ئامانج گرتنانە کاریگەری هەبووە لەسەر جموجۆڵەکانی ئەو گرووپانە بۆ نموونە پاش کوژرانی(ئەبو مەهدی موهەندیس)کاریگەری هەبووە لەسەر چالاکییەکانی حزبوڵڵای عێراقی، لەپاڵ ئەوەی کەتائیبی حزبوڵڵا لەلای ئێران خوازراوترین گرووپی چەکدارە لە عێراقدا و بە بەردەوامی پشتگیری دەکرێت بەڵام لە پاش کوژرانی ئەبو مەهدی موهەندیس لە (٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ )کە یەکێک لە دامەزرێنەرانی، هەروەها سەرکردەی دیاری ئەم گرووپە چەکدارەبووە دەبینین لە ڕووی ڕامیارییەوە چالاکییەکانیان کەمدەکات هەرچەندە چالاکی سەربازیشیان هەیە، بەڵام ئەم گروپە جارێکی تر ڕوودەکەنە کاری نهێنی لە ترسی ئەوەی کە سەرکردەکانیان نەکرێتە ئامانج[2].نەمانی ئەبو مەهدی موهەندیس سەرپەرشتیاری کەتائیبی حزبوڵڵا، کە کەسایەتییەکی سەربازی و سیاسی بوو، لە زیادبوونی شکستەکانی ئێستای حزبوڵڵا دا ڕەنگی داوەتەوە لە عێراقدا.[3]لە ئەنجامی بە ئامانج گرتنی سەرکردە دیارەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە پاڵ لاوازبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەمە شانسی ئەوە دەدات بە هێزە ئەمنییەکان، کە باشتر بتوانن کارەکانیان جێبەجێبکەن و ئاسایش و ئارامی بەرقەرار بکەن.

بە ئامانج گرتنی بەردەوامی گروپە تیرۆریستییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هۆکارێکی سەرەکی بووە، بۆ ئەوەی کە گروپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا نەیان توانیوە بەرگرییکەن لە و شوێنانەی داگیریان کردووە بۆ نموونە لەپاڵ ئەوەی ڕێکخراوی داعش لە ساڵی (٢٠١٤-٢٠١٥ )توانی کۆنترۆڵی( ٣٤ ) هەزار میل چوار گۆشەبکات لە عێراق و سوریادا، بەڵام دوای دروستکردنی

---

[1] د.عیماد عەللو، ڕێکخراوی داعش؛ واقیعی مەیدانی و توانا سەربازییەکانی، و:ئیدریس سیوەیلی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٧)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠٢١، ل١٧٤.

[2] مایکڵ نایتس، گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە؛ ئایندەی کەتائیبی حزبوڵڵا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا، و: حسێن ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ملمالنێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١، ل.٤.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و دەستپێکردنی ئۆپراسیۆنەکان لە عێراق و سوریا ئەم ڕێکخراوە بەرەو کەوتن ڕۆشت.[1]لەپاش چەندین شەڕ و کاولکاری کە لە عێراق و سوریا ڕوویاندا، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە( ٢٠١٩/٣/٢٣ ) ڕایگەیاند، هەموو ئەو شوێنانەی داعش دەستی بەسەردا گرتبوون لە عێراق و سووریا ئازاد کراون، هەروەها داعش هێز و پایەی خۆی لەدەستداوە.[2] یەکێك لەو کێشە گەورانەی ئەم ڕێکخراوە ڕووبەڕووی بوەوە ئەوە بوو ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڵێنی ئەوەی بە جیهاندا بەردەوامبن لە بە ئامانجگرتنی ئەم ڕێکخراوە تا ئەو کاتەی بە تەواوی لە ناوی دەبەن هەروەها کوژرانی گوتەبێژی فەرمی داعش (ئەبو حەسەنی موجاهیر) دوای چەند کاتژمێرێك لە کوژرانی بەغدادی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە کرایە بەڵگەیەك کە ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو بەڵێنەی داویەتی بەوەی کار بکات بۆ کۆتایی هاتنی ئەم ڕێکخراوە بەردەوامی دەبێت. دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت یەکێك لە کێشە بنەڕەتیەکانی داعش ڕووبەڕووی بووەتەوە بریتییە لەوەی لەژێر چاودێرییەکی ووردی هێزە ئاسایشی و هەواڵگرییەکاندان چی لە سەر ئاستی ناوخۆیی یان هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەتایبەت دوای دروستکردنی هاوپەیمانی دژی داعش هەر جموجۆڵێکی ئەم ڕێکخراوە بیکات دەکرێتە ئامانج، ئەمەش وایکردوە کارێکی قورس بێت وەك ساڵی (٢٠١٤) ئەندامان و شانە نهێنییەکانی ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی دروست بکەن لەگەڵ یەکتریدا.[3]

ئەمریکا بەردەوام هەوڵی بەهێزکردنی ستراتیژی دژەتیرۆری وڵاتانی هاوپەیمانی لە ئەرزی واقعدا دەدات. هەروەها، هاوکارییان دەکات لەوەی کە شوێنێکی سەلامەت و پارێزراو بۆ تیرۆریستان نەمێنێت و ڕێگە لە سەرهەڵدانەوەیان بگرێت. بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەستاوە بە دروستکردنی خزمەتگوزاری دژە تیرۆری عێراقی (CTS)کە یەکەیەکی سەربازی سەربەخۆی نیمچە وزارییە و جیاوازە لە وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی ناوخۆی عێراق. کە لە بنەڕەتدا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دروستکراوە و پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەی هەیە کە لە سێ بەش پێکهاتووە ئەوانیش: بارەگاکانی سی تی ئێس، فەرماندەی دژە تیرۆر (CTC)و سێ لیوای ئۆپراسیۆنی هێزە تایبەتەکانی عێراقە ( ISOF) یەکانی وەک فەرماندەی دژە تیرۆر لە جەوهەری ستراتیجی ئەمەریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە یاخی و تیرۆریستییەکان[4].بە ئامانجگرتنی بەردەوامی گروپە تیرۆریستییەکان لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ڕۆڵی دیاری هەبووە لە لاوازبوون و کەمبوونەوەی جموجوڵەکانیان لە گۆڕەپانی عێراقدا بە

---

(1) The Geneva Academy Of International Humanitarian Law And Human Rights,THE SYRIAN ARMED CONFLICT: NEARING THE END ?, THE WAR REPORT 2018, The Geneva Academy, P.4

(2) رائد الحامد، مستقبل "داعش" بعد إعلان هزيمته بالعراق وسوريا انهزم التنظيم في سوريا والعراق لكن المسببات التي أدت إلى ظهوره لا تزال قائمة، نشر على موقع الأناضول، ٢٠١٩/٤/١، على موقع https://bit.ly/348txzj زيارة ٢٠٢٠/٤/٢٢.

(3) Kathy Gilsinan And Mike Giglio, What Isis Will BecomeThe Group Has Lost Its Territory And Its Leader. But It Has Survived Before—And Can Do It Again, November 22, 2019,Date Of Visit October 2,Avilabile At: Https://Www.Theatlantic.Com/Politics/Archive/2019/11/Evolution-Of-Isis/602293/, (Accessed . 23 April 2022)

(4) فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، تاکتیکی جەنگی گرووپە تیرۆریستییەکان :ستراتیجی ڕووبەڕووبونەوەیان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٨.

بەراورد بە ساڵی (٢٠١٤) کە تیرۆر لەم ساڵەدا لە عێراقدا دەگاتە لوتکە و چەندین لێکەوتە لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش بە جێدەیەڵێت، هەروەها ئەگەرێکی کراوەیە ئەم لاواز بوونە سەربکێشێت بەرەو کۆتایهاتنی تیرۆر و سنوردارکردنی و بەهێزبوونی ئاسایش لە عێراقدا.

لە بەشی دووەم: باسی سێهەمی ئەم توێژینەوەدا ئاماژەدرا بە داعش بە کۆنترۆڵکردنی بیرە نەوتەکانی عێراق توانی دەستبەسەر داهاتێکی گەورە بگرێت لەسەر ئاستی عێراق، ئەمە جگە لەوەی لە سووریاش دەستیان گەشت بە بیرە نەوتەکان، بەڵام کاتێك داعش ئەو ناوچانەی لەدەستدا کە دەستی بەسەردا گرتبوون، ئەو داهاتە زۆرەشی لەدەست چوو کە یەکێك لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی بوو. هەروەها "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فشار و سزای ئابووری دەخاتە سەر ئەو تاک و گرووپانەی کە گومانی هاوکاریکردنی دارایی تیرۆریستانیان لێ دەکرێت بە ئامانجی وشککردنی سەرچاوەی دارایی گرووپە تیرۆریستییەکان. ئاشکرایە گرووپە تیرۆریستییەکان پێویستیان بە پارەیە بۆ مانەوە و درێژەدان بە کردەوە تیرۆریستییەکانیان، سەرچاوەی دارایی گرووپە تیرۆریستییەکان ڕەنگە لە کۆمەڵێک ڕێگەوە بێت هاوشێوەی سەرمایەدارەکان ئەو ڕێکخراوانەی هاوکاری و کۆمەکی داراییان هەیە"[(1)]. بە لەدەستدانی ئەو ناوچانەی کە داعش دەستی بەسەرداگرتبوو لە پاڵ نەمانی یەکێک لە سەرچاوە داراییەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ڕووی ڕەهەندی ئابووریی ئاسایشەوە دەکرێت دووبارە حکومەتی عێراقی دەست بە وەبەرهێنان بکاتەوە لە کەرتی ئابووری ئەو ناوچانە.

لەراستیدا ئەم سیناریۆیە، سیناریۆیەکی لاوازە لەبەر ئەوەی هەریەك لەو خاڵانەی ئەم سیناریۆیەی لەسەر بونیادنراوە لەواقعدا تا ئێستا بەو شێوەیە کاریگەر نییە. سەبارەت بە خاڵی یەکەم، کە تایبەتە بە کوژرانی سەرکردەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەم گرووپانە لە پاش کوژرانی سەرکردەکانیان هەر بەردەوام دەبن و سەرکردەی نوێ شوێنیان دەگرێتەوە، "بۆ نموونە لە نیسانی ٢٠١٠ لە هێرشێکی ئەمریکییەکاندا کاتێک ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزە موجاهیر کوژران ئەبو بەکر بەغدادی دیاریکرا بۆ شوێنگرەوەی ئەبو عومەر[(2)] هەروەها تەنها (٤) ڕۆژ لە پاش کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی بە دەستی دژە تیرۆری وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ئیبراهیم ئەلهاشمیی ئەلقورەیشی) جێگەی گرتەوە لە (٢٠١٩/١٠/٣١) دا بەخێرایی دیاریکردنی (ئەلقورەیشی) وەک سەرکردەی داعش ئەو پەیامەی گەیاند کە ستراتیجیەتی کوشتنی سەرکردەی گرووپە تیرۆریستییەکان بەمەبەستی کۆتایهێنان پێیان زۆر کاریگەر نییە ئەم گروپانە توانای مانەوەیان هەیە و دەتوانن ببنە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی عێراق[(3)] هەروەها لە پاش ڕاگەیاندنی کوژرانی (ئەبو ئیبراهیم ئەلقوڕەیشی) لە مانگی ٢ ی ٢٠٢٢دا، ئەبو ئەلحەسەن هاشمی ئەلقوڕەیشی شوێنەکەی دەگرێتەوە، بە پێی تۆمارێکی دەنگی کە ئەبو عومەر ئەلمهاجیر گووتەبێژی داعش ڕایدەگەیەنێت.[(4)] هەرچەندە حزبوڵلا لەڕووی سیاسییەوە لاواز بووە لە پاش کوشتنی سەرکردەی دیاریيان(ئەبو مەهدی مهەندیس)، بەڵام ئەم گرووپە نەوەستاوە لە هەڕەشەکردن و دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی عێراق باشترین نموونەش" ئەبو

---

[(1)] فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، تاکتیکی جەنگی گرووپە تیرۆریستییەکان :ستراتیجی ڕووبەڕووبونەوەیان، سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

[(2)] کەرەم حەفیان، ڕێکخراوی قاعیدە، لە ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەر تا بەهاری عەرەبی توێژینەوەیەک لە ئەدای فکریی و سیاسیی قاعیدە لە عێراقدا، و: ئیدریس سیوەیلی، گۆڤاری ژۆرناڵ، ژمارە(٢٩)، ٢٠١٨، ل١٥٦.

[(3)] Graig R. Klein, The Leader of ISIS is Dead, but are Targeted Killings Effective?, publish on: 10 Feb 2022, Available at: https://icct.nl/publication/leader-isis-dead-targeted-killings/ (Accessed . 24 April 2022)

[(4)] علي نجات، تداعيات مقتل القادة على مستقبل التنظمات الإرهابية(داعش )أنموذجاً، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢، ص١٢.

عەلی عەسکەری یەکێک لە بەرپرسەکانی ئەو گروپە لە ۲ئازاری۲۰۲۰، هۆشداریدایە سیاسەتمەدارەکانی عێراق دەربارەی هەڵبژاردنی مستەفا کازمی بە سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، لەو چوارچێوەیەشدا گوتی "کازمی یەکێکە لەوانەی تاوانبارە بەوەی لە جێبەجێکردنی کوشتنی هەردووسەرکردە قاسم سلێمانی و ئەبومەهدی موهەندیسدا یارمەتی ئەمریکای دوژمنمانی داوە . هەڵبژاردنیشی بۆ ئەو پۆستە بە ڕاگەیاندنی جەنگ دژی گەلی عێراق دەبینین، ئەمەش ئاسایشی عێراق زیاتر لەناودەبا "(1). کوژرانی سەرکردەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە پاڵ ئەوەی کە کاریگەری لە سەر گەورەبوون یان بچووکبوونەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان هەیە، بەڵام ئەمە بە واتای کۆتای هاتنی ئەم گرووپانە نایەت لە ئەزموونی گرووپە تیرۆریستەکانەوە ئەوەمان بۆ ڕوونبووەتەوە بە کوژرانی سەرکردەکانیان بەزوویی توانای خۆرێکخستنەوەیان هەیە و کەسێکی تر بۆ شوێنگرەوەی دەستنیشان دەکەن و چالاکییەکانیان ناوەستێت.

سەبارەت بە ئامانج گرتنی گروپە تیرۆریستییەکانیش لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ئەگەر چی ئەمە ڕاستییە وایکردووە قورس بێت بۆ گروپە تیرۆریستییەکان خۆیان کۆبکەنەوە، بەڵام گروپە تیرۆریستییەکان توانای خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ بارودۆخە نوێکاندا بۆ نموونە داعش توانیویەتی خۆی بگونجێنێت و بەردەوامی بە مانەوەی خۆی بدات ستراتیجی شەڕی داعش لەم قۆناغەدا جەنگی پارتیزانی پیادەدەکات دوای چەندین ساڵ لە شکستی ڕێکخراوەکە بە سەرکردایەتی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، دووبارە ئەو گرووپە خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەیە و هێرشی کتوپڕ دەکاتە سەر هێزە ئەمنییەکان بۆ ئەو مەبەستەش سوود لە تاکتیکی جەنگی پارتیزانی دەبینن، کە تێیدا مانەوەیان لە ناوچەکە بە گرنگ نازانن بەڵکوو تەنیا هێرشی چەکداری دەکەن و هەڵدێن بۆ شوێنی نادیار.(2) هەرچی سەبارەت بە حزب لڵا یە لە عێراق دوای کوژرانی (ئەبو مەهدی مهەندیس) چالاکییەکانی بەردەوامن و بۆ نموونە "کاتێک حزبوڵا لە ۲٥ی حوزەیرانی ۲۰۲۰ هێزی خۆی ڕاستەوخۆ لەبەردەم بارەگای سەرۆک وەزیرانی عێراقدا نمایشکرد، ئەوەمان بۆ ئاشکرا بوو، کە ئەو گرووپە دەتوانێت بەخێرایی هێزی چەکداری کۆبکاتەوە ولە ڕێگای بارهەڵگرە بچوکەکانەوە( کە زۆربەی جارچەکی دۆشکەی ئۆتۆماتیکی قورس، تەنانەت تۆپی۲۳ملیمیشی لەسەرە ) بیانگوێزێتەوە بۆ ناوجەرگەی ناوچەی سەوز .کاتێکیش حکومەتی عێراقی لە هەمان ڕۆژدا، ١٤ ئەندامی حزبوڵای دەستگیرکرد، کە بەناو لە هێزەکانی حەشدی شەعبیدا کاریان دەکرد، (ئەبو فەدەک) لە وەڵامدا و بە مەبەستی نمایشکردنی هێز، کۆمەڵێک چەکداری لە بنکەی ئەلبوعیسەوە کۆکردەوە، تا ئەودەستگیرکراوانە ئازاد بکات"(3). لێرەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بەهۆی گۆڕینی بەردەوامی شێوازی شەڕکردنی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە ئەم گرووپانە توانیویانە ئیدامە بەمانەوەی خۆیان بدەن، هەروەها حکومەتی عێراقی لە مامەڵەکردن لەگەڵ گروپە تیرۆریستییەکان بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەی نەکردووە، زۆر بەتوندی بەپەرچی هەرچی گروپی توندڕەوەی سوننەیە دەبێتەوە بەڵام گروپە توندڕەوە شیعییەکان جۆرێک لە بێدەنگی و تەنانەت پشتگیری کردن هەیە بۆیان.

یەکێکی تر لەو بنەمایانەی کە وەرگیراوە بۆ کۆتاییهاتن بە گروپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا ئەو کێشانەیە کە تووشی سەرچاوەی دارایی ئەم گرووپانە بووە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە چی بەهۆی لە دەستدانی خاک بێت یان سزاکانی ئەمریکا بۆ بڕینی سەرچاوەی دارایی ئەم ڕێکخراوانە و مامەڵەکانیان، تیرۆر بە شێوەیەکی گشتی زۆر ڕێگەی تری هەیە بتوانێت داهاتی لێوە دەستبکەوێت، بۆ نموونە لە ڕێگەی دزیکردن و سەرانەسەندن و هەروەها فڕاندن و هاوکاریکردنیان لە ڕێگەی

---

(1) مایکڵ نایتس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

(2) فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، تاکتیکی جەنگی گروپە تیرۆریستییەکان :ستراتیجی ڕووبەڕووبونەوەیان، ل١٠.

(3) مایکڵ نایتس، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

تیرۆریستە بیانییەکانەوە بۆ بە دەستهێنانی داهات[1]. کە ئەستەمە سەرچاوە داراییەکانی تیرۆریستان بنەبڕبکرێن بەهۆی زۆری و فرەیی ڕێگاو شێوزەکانی بەدەست هێنانی داراییەوە لە لایەن ئەم ڕێکخراوانەوە.

سەرەڕای خستنەڕووی ئەو بنەمایانەی، کە دەبێتە هۆی کۆتاییهاتنی تیرۆر لە عێراقدا، بەڵام بە دیهاتنی ئەم سیناریۆیە کارێکی مەحاڵ و ئەستەمە، لەبەرئەوەی تیرۆر ناکرێت بە کوشتنی سەرکردەکانی کۆتایی بێت بەو پێیەی گرووپە تیرۆریستییەکان توانای ئەوەیان هەیە بە خێرایی شوێنگرەوە بۆ سەرکردە کوژراوەکانیان دیاری بکەن. هەروەها بە ئامانج گرتنی تیرۆر لە سەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیش کاریگەری دەبێت لە سەر لاوازکردن یان سنوردارکردنی کردە تیرۆریستییەکان و کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی تیرۆر لەسەر ئاسایشی عێراق، بەڵام هەرگیز ناتوانێت تیرۆر بنبڕبکات بەو پێیەی گرووپە تیرۆریستییەکان توانای خۆگونجاندنیان هەیە بەپێی بارودۆخەکان بۆیە شێوازی شەڕکردن و ئەنجامدانی کردە تیرۆریستییەکانیشیان دەگۆڕن هەروەها بە لە دەستدانی ئەو خاکەی کە داعش داگیری کردبوو لە عێراقدا و سزاکان و هەوڵەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بنبڕکردنی سەرچاوەی دارایی تیرۆریستان ئەمە بە واتای کۆتاییهاتنی سەرچاوە داراییەکانی تیرۆر نایەت چونکە تیرۆ سەرچاوەی داراییەکانی جۆراوجۆرە بۆیە مانەوەی تیرۆر ئەگەرێکی کراوە و مەترسی و لێکەوتەکانیشی لە سەر ئاسایشی عێراق دەگۆڕدرێت بەپێی بەهێزبوون و لاواز بوون و جۆری کردە تیرۆریستییەکان کە ئەنجامیدەدات.

---

[1] Agnès LEVALLOIS, Jean-Claude COUSSERAN and others, The financing of the ‘Islamic State’ in Iraq and Syria (ISIS), European Union , DIRECTORATE-GENERAL FOR EXTERNAL POLICIES POLICY DEPARTMENT, Printed in Belgium, 2017, p.9.

**تەوەرەی دووەم: سیناریۆی دووەم: مانەوەی تیرۆر وەک خۆی لە ئێستادا و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش**

کۆتایی داعش وەک یەکێک لە کاریگەرترین گروپە تیرۆریستییەکانی عێراق لەسەر زەوی چاوەڕوانکراوە، کە تەواوی عێراق و سووریا پاکبکرێتەوە، بەڵام ئەمە واتای کۆتای تیرۆر یان تواندنەوەی داعش ناگەیەنێت، چونکە ئەم ڕێکخراوە خاوەنی هەزاران ئەندامی ڕاهێنراو بووە[1] لە بەر ئەوەی لە ماوەی (٢٠٠٠) ساڵی ڕابردوودا تیرۆر هەبووە، بۆیە شتێکی مەحاڵە تیرۆر کۆتایی پێبێت، چونکە هەتاوەکوو بێبەری کراوەکان و مافخوراوان و قین لە دڵان و لاوازان هەبن، ئەوە پەنای بۆ دەبەن لەبەر ئەوەی تیرۆر لە پاڵ ئەوەی، کە تێچووی کەمە توانای بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنی هەیە بە شێوەیەکی فراوان بۆ ئەوەی کە لایەنی بەرامبەر ناچاربکەن وەڵامی داواکارییەکانیان بدەنەوە[2] لە دوای تێکشکاندنی رێکخراوی داعش لەعێراق و لە سووریا لە (٢٠١٧)دا بە هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، رێکخراوەکە تووشی گەورەترین شکست هات بە شێوەيەك لە (٢٠١٩)دا ئەبوبەکر بەغدادی کەسی یەکەمی ئەم ریکخراوە لە سوریا کوژرا. هەرچەندە لە دوای ئەم شکستانەش پێشبینییەکان بەرەو ئەوە دەچوون داعش کۆتایی هاتووە، بەڵام وەك هەمیشە رێکخراوە توندڕەوەکان سوود لە قەیرانەکان و ئەو بۆشاییە ئاسایشیانە دەبینن کە دروست دەبێت بۆ ئەوەی خۆیانی تێدا رێکبخەن و شوێنپێیان قایم بکەن، دروستبوونی خۆپیشاندانەکانی عێراق دژی کابینەکانی (عادل عەبدولمەهدی) و بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا هۆکاری یارمەتیدەر بوون بۆ دووبارە دەرکەوتنەوە و زیادبوونی جموجۆڵەکانی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان لەسەر ئاستی عێراق.[3] بەزیادبوونی جموجۆڵەکانی تیرۆر لێکەوتەکانی لەسەر ئاسایشی عێراق زیاددەبێت وەک هەڕەشەیەکی بەردەم بۆ سەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایشی دەمێنێتەوە، هەربۆیە چاوەڕوان ناکرێت بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی سەربازی داعش لە عیراقدا ئیتر ئەم گرووپە کۆتایی بێت بەڵکو ئەم گرووپە لە هەوڵدان بۆخۆرێکخستنەوە تاوەکو تۆڵەی خۆی بکاتەوە[4] هەروەها تاوەکوو ئێستا ژینگەی عێراق یارمەتیدەرە بۆ مانەوەی تیرۆر بەو پێیەی هاوڵاتیانی عێراق بێزارن و هەست بە نائومێدی دەکەن بەرامبەر دامەزروەکانی عێراق... جگەلەوەی کە بێ متمانەیی بە دامەزراوەکانی فەرمانڕەوا هەیە کە ناتوانێت بەرەنگاری گەندەڵی و بێکاری بێتەوە ئەمەش وادەکات تیرۆر بەردەوامی هەبێت[5].

جگە لەمانەوەی داعش وەک یەکێک لە مەترسیدارترین گروپە تیرۆریستییەکان شایەنی ئاماژە پێکردنە کە چەندین گروپی تریش لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا هەن ئەمەش وادەکات کە کێشەی تیرۆر کۆتایی نەیەت " بە پێی ئەو ئامار و ڕووپێوانەی لەساڵی (٢٠٢٠) کراون، ژمارەی گروپە جۆرا و جۆرەکانی حەشدی شەعبی لە نێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٨) بەم جۆرە بووە: ٦٧ گروپی

---

[1] محمد کەریم، معروف، داعش بێرەدا تێپەڕی، چاپخانەی جەنگەڵ، ٢٠١٧، ل١٤٣.
[2] بروس هۆفمان، تیرۆریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل.٨٢.
[3] بەختیار کاکی،سەرهەڵدانەوەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق، ناوەدی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، سلێمانی،ل٤.
[4] محمد کەریم معروف، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.
[5] المعهد الديمقراطي الوطني، العراق ما بعد داعش تحسّن التماسك الاجتماعي، لكن مع استمرار استياء العراقيين تجاه الحكومة نتائج الاستطلاع الوطني، ٢٠١٩، ص٧.

شیعە، ٤٣ سوننە، ٩ لە کەمایەتییەکان (ئێزیدی و مەسیحی) لە ناو گرووپە شیعەکاندا شوێنکەوتووانی "عەلی خامنەیی" ڕابەری شۆڕشی ئێران دەگەنە (٤٤) گرووپ، شوێنکەوتووانی عەلی سیستانی (١٧) کۆمەڵ و گرووپ لە دەرەوەی ئەم دووانەش (٦) گرووپی تر شوێنکەوتەی مەرجەعی تری ناوخۆیی و دەرەوەی عێراقە.[1] لەپاڵ ئەوەی کە گرووپە شیعەکان بەشێکن لە سیستەمی بەرگری عێراق بەڵام وەک پێشووتر ئاماژەمان پێدان ئەم گرووپانە چەندین کردەی تیرۆریستییان ئەنجامداوە، کە دەکرێت ببنە مەترسی بۆسەر سەقامگیری رامیاری و ئاسایش لە عێراقدا.

ئەوەی لە ئێستادا وەک لێکەوتەیەکی گرنگی ئەم سیناریۆیە بۆ ئایندە جێگەی مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئاسایشی عێراق ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە شێوازی شەڕکردنی داعشدا روویداوە ئەگەر بە وردی ستراتیجیەتی داعش لێکبدرێتەوە...دەبینرێت لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، لەسەر بنەمای ( لێدە و هەڵبێ، هێرشی کتوپڕی سنوردار، دانانی بۆسە، چاندنی مین، بەدیلگرتن) ستراتیجیەتی خۆی بەڕێوە دەبات، ئەمەش وایکردووە عێراق لەڕیزی ئەو وڵاتانەدا بێت کە ئەم رێکخراوە زۆرترین کردەی تیرۆریستی لە ساڵی (٢٠٢٠ ) تێدا ئەنجامداوە. تەنیا لە (٦) مانگی یەکەمی ٢٠٢٠ ئەم ڕێکخراوە(١٤٧٧) چالاکی لەناو عێراقدا ئەنجامداوە.[2] بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی ئەم رێکخراوە دوای تێکشکاندنی، عێراقی کردووە بە ویلایەتێك و هەر ویلایەتەشی دابەشکردوە بەسەر (١١) کەرتدا و هەریەك لەم کەرتانەش وەك پایتەخت مامەڵە لەگەڵ ویلایەتەکەدا دەکەن لەرووی سەربازی و دارایی و ئەنجامدانی چالاکییەوە ، لە نێوان ئەم کەرتانەشدا ناوچەی هەماهەنگی و هاوبەش بوونی هەیە، بەتایبەت لە سێکوچکەی (کەرکوك، سەڵاحەدین، دیالە)[3] بەشێکی ئەم سیناریۆیە لەسەر بنەمای جموجۆڵەکانی داعش داڕێژراوە لەدوای تێکشکاندنیەوە، هەروەها داعش کەرتەکانی خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەشکردووە بەسەر جوگرافیای سیاسی عێراقدا:[4]

١- دوورگەی ڕاوە: ئەم ناوچەیە پێگەیەکی گرنگی هەیە لەبەرئەوەی خاڵی بەریەککەوتنە لە نێوان رۆژئاوای نەینەوا و رۆژئاوای سەڵاحەدین و باکووری ئەنبار کە پێشتر داعش لەم (٣) ناوچەیە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەری بەهێز بووە، چونکە ئەم شوێنانە زۆرینەی سوننەن لە دوای (٢٠٠٣) لە زۆر رووە لە پرۆسەی سیاسی عێراق زوڵمیان لێکراوە.

٢- پارێزگای بەغداد: ناوچەکانی باکووری بەغداد (تاجی و تارمییە) بە ئاراستەی کەرمە و ناوچەکانی باشووری بەغداد و بە ئاڕاستەی جور ئەلسەخر لە بابل.

---

[1] یاسین تەها، قەبارەی گرووپە وەلائییەکانی ئێران لە هاوکێشە ئەمنییەکانی عێراقدا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٣) ، ٢٠٢٠، ل. ل٣٣-٣٤.

[2] د.وەلید راوی، هەڵسەنگاندنی چالاکیەکانی داعش لە نیوەی یەکەمی ئەمسالدا،و:ئیدریس سیوەیلی،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،2020، بەردەستە لەسەر بەستەری http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5582&fbclid=IwAR2_ncF9sDoX4-SQEVt6rQmJjDDdnIzmILMVU2DF8PtyJLu72tsTjJsPn4w، بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٤/٢٧.

[3] بەختیار کاکی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

[4] هەمان سەرچاوە،ل٥.

٣-پارێزگای دیاله: له باشووری بەعقوبە، حەمرین، ئیمام وەیس، نەفتخانە و ناوچەکانی رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای شارۆچکەی خانەقین.

٤- حەمرین: بە ناوچەیەکی پشتیوانی دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکان و ناوچەکانی (گوڵاڵە، سەعدییە، قەرەتەپە، خانەقین) و ناوچەکانی دەوروبەری لەخۆدەگرێت، ئەم ناوچانە ناوچەیەکی شاخاوین، ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی داعش وەك پەناگەیەك خۆی تێدا حەشاربدات.

٥- پارێزگای کەرکووك: ناوچەکانی حەویجە و ئەو ناوچانەی هاوشانین تا زنجیرە شاخی حەمرین درێژ دەبێتەوە.

٦- پارێزگای ئەنبار: فەلوجە، عامرییەی فەلوجە لەخۆدەگرێت.

٧- پارێزگای سەلاحەدین: شارۆچکەی بێجی و ناوچە و گوندەکانی رۆژئاوا لە خۆدەگرێت.

٨- پارێزگای مووسڵ: مووسڵ و هەندێك لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی وەك کۆکجەلی و شاخی بادوش لەخۆدەگرێت.

٩- پارێزگای بابل: جۆرف ئەلسەخر و هەندێك ناوچەکانی باکووری پارێزگاکە لە خۆدەگرێت بە ئاراستەی بەغداد.

١٠- بیابانی جزیرە: ناوچە گەلێکی بیابانییە بە درێژایی سنوری عێراق و سوریا و زۆرینەی ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە باشووری مووسڵ و رۆژئاوای ئەنبار و سەلاحەدین.

١١- گوندی متیبیجە: بەپێی زانیارییەکانی حکومەتی ناوەندی زیاتر لە سێ هەزار چەکدار لەم ناوچەیە بوونیان هەیە، چەکدارەکانی داعش خێزانەکانیان لەگەڵ نییە و سوود لەم ناوچەیە وەردەگرن بۆ دەرچوونی و ئەنجامدانی چالاکی لەسامەرا و دواتر گەرانەوە بۆی.

بەوردبوونەوە لەدابەشبوونی جوگرافیایەی داعش، دەکرێت بوترێت مەترسییەکانی داعش بۆ سەر ئاسایشی عێراق کۆتایی نەهاتووە بەو پێیە داعش تاوەکو نوسینی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەک دابەشکاری جوگرافیای کردووە، کە بتوانێت لە هەرکات و ساتێکدا دەرفەتی بۆ ڕەخسا مەترسی دروستبکات بۆ سەر ئاسایشی عێراق بە تایبەرتی لە جوگرافیای سوننەدا.

هەندێک پێیان وایە دەوڵەتی ئیسلامی وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی عێراق بۆ ماوەی چەندین ساڵ دەمێنێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم ڕێکخراوە توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ بارودۆخەکاندا، بۆ نموونە لەدوای لەدەستدانی زۆرێك لەسەرکردەکانی و لەدەستدانی ئەو ناوچانەی کە کۆنترۆڵیکردبوون، ئەم ڕێکخراوە چالاکییەکانی هەر ماون.(1)هەرچی سەبارەت بە (قاعیدەیە) وادیارە ئەم ڕێکخراوە پەنا بۆ (لامەرکەزی) دەبات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لقەکانی بە شێوەیەک ڕێگە بە

---

(1) Truls Hallberg Tønnessen, The Islamic State after the Caliphate, PERSPECTIVES ON TERRORISM, Volume 13, Issue 1, February 2019,p.9

چەندین گرووپی قاعیدە بدات لە ناوخۆی یەک وڵاتدا سەر هەڵبدەن و چالاکی ئەنجام بدەن، بەڵام بە مەرجێک لەگەڵ یەکتری نەجەنگن و سنوری خۆیان نەبەزێنن و نەچنە سنوری گرووپێکی ترەوە[1]. توانای خۆگونجاندانی داعش و پەنا بردنی ئەلقاعیدە بۆ پیادەکردنی لامەرکەزی دوو ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە ئەم دوو گرووپە مەترسین، لەسەر ئاسایشی عێراق.

لێرەدا، ئێمە مەبەستمانە بە نەخشەیەک لەناو گروپە تیرۆریستییەکان جموجۆڵەکانی (داعش) بخەینەڕوو وەک یەکێک لە بەهێزترین و مەترسیدارترین گروپە تیرۆریستییەکانی عێراق و تیرۆری جیهانی بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).

نەخشەی ژمارە (1)

ئەو ناوچانەی چەکدارەکانی داعش چالاکی تێدا ئەنجام دەدات لە پاش پاشەکشەی هێزەکانی هاوپەیمانان




سەرچاوە: بەختیار کاکی، سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، سلێمانی، ل٧.

---

[1] ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندنی، سەرچاوەی پێشوو، ل.ل٢١٣-٢١٤.

سەرەڕای ئەوەی داعش دەستی بە جموجۆڵ کردووە یەکێك لەو هۆکارە بنەڕەتیانەی وایکردوە ئەم رێکخراوە بە لاوازی بمێنێتەوە و نەتوانێت وەك ساڵی (٢٠١٤) دەستبگرێت بەسەر شار و شارۆچکەکاندا بۆ هێرشە ئاسمانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەم رێکخراوە، چونکە داعش بە بەردەوامی کراوەتە ئامانجی هێرشە ئاسمانییەکانی ( هاوپەیمانی دژی داعش) بە شێوەیەك لە مانگی یەك تا مانگی هەشتی ٢٠٢٠ (٥٧) جار بە ئامانج گیراوە، وەك لە نەخشەی ژمارە(٢) روونکراوەتەوە[1].

نەخشەی ژمارە (٢)

هێرشە ئاسمانییەکان بۆسەر داعش لە مانگی (١-٨) ی ساڵی ٢٠٢٠




Risk Mitigation Information Management Cente, iMMAP - IRAQ HUMANITARIAN : RESPONSE Credit: Photographer RM / Shutterstock.com ISIS SLEEPER CELLS ACTIVITIES AMID THE COVID-19 PANDEMIC JAN - AUG 2020, Published Date: 22 September 2020,Avalabile on https://reliefweb.int/sites/reliefweb.int/files/resources/iraq_immap_humanitarian_access_response_-_isis_sleeper_cells_activities_during_covid-19_pandemic_jan_2020_-_sep_2020_en.pdf

---

(1) Risk Mitigation Information Management Cente, Immap - Iraq Humanitarian Response Credit: Photographer Rm / Shutterstock.Com Isis Sleeper Cells Activities Amid The Covid-19 Pandemic Jan - Aug 2020, Published Date: 22 September 2020, P.1.

لێرەدا، بە پشت بەستن بە نەخشەی ژمارە (١) کە تێیدا شوێنی جموجۆڵەکانی داعش دیاریکراوە دەردەکەوێت، کە ڕێکخراوەکە لە رووبەرێکی جوگرافی فراواندا چالاکی و جموجۆڵی هەیە، بەڵام گەورەترین کێشە کە ڕووبەڕووی بووەتەوە ئەوەیە بەبەردەوامی کراوەتە ئامانجی هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان. هەروەها لە سەر ئاستی ناوخۆیش بە ئامانج گیراوە لەلایەن هێزە عێراقییەکانەوە، لە سەر بنەمای بە ئامانج گرتنی داعش وەک لە نەخشەی ژمارە(٢)دا ڕوونکراوەتەوە، لەگەڵ هەوڵەکان لە سەر ئاستی ناوخۆش بۆ کۆتاییهێنان بە داعش و تیرۆر، بەڵام هێشتا ناکرێت باس لە کۆتاییهاتنی ئەم ڕێکخراوە و تیرۆر، بکرێت لە عێراقدا، لەبەرئەوەی لە پاڵ ئەوەی کە هەندێک هەنگاو نراوە بە ئاراستەی شارە وێرانبووەکانی پاش (داعش)، بەڵام هەتاوەکوو ئێستا هەستی فەرامۆشکراوی لەلای سوننەی عەرەب هەیە لەلایەن حکومەتی شیعەنشینی بەغدادەوە ئەم هەستە بەهۆی بوونی ئەو میلیشیا شیعانەوەیە، کە لەناوچە سوننەنشینەکان هەن، هەروەها هەڵبژاردنی (٢٠٢١) ئەوەی پێوتین، کە سوننەکان مەیلی چارەسەرکردنی کێشەکانیان هەیە[(1)]. بەهۆی فەرامۆشکردنی سوننەکانی عێراق بوونی جموجۆڵی چالاکی میلیشیا شیعییەکان لەپاڵ هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، بەڵام تیرۆر وەک ئێستا دەمێنێتەوە.

هەروەها گروپە تیرۆریستییە شیعەکانیش لەپاڵ ئەوەی، کە هەندێک جار کراونەتە ئامانج بەڵام هەر لە سەر ئاستی ناوخۆیی عێراق چالاکن دەکرێت چەندین ناوی جیاجیا بەکار بهێنن بۆ ئەنجامدانی کردەی تیرۆرستی، بۆ نموونە " پێدەچێت کەتائیبی حزبوڵلا بەناوی نوێوە بەرپرسیارێتی هێرشە تیرۆریستییەکان لە عێراق بگرێتە دەست. بۆ ئەم مەبەستە گرووپی وەهمی دروست دەکات و بە ناوی ئەو گرووپانەوە بەرپرسیارێتی هێرشەکان هەڵدەگرێت. بەم شێوەیەش ڕۆڵی کەتائیبی حزبوڵلا لەو دەستدرێژیانەدا دەشاردرێتەوە و دەشتوانێت وەک بەشێک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی بمێنێتەوە و خۆی لە ڕەخنە سیاسییەکان بەدوور بگرێت، لە ئەنجامیشدا دەتوانێت سەقامگیری عێراق زیاتر بشێوێنێت، شایەنی باسە کارکردن لە پشتی ناوە نوێیەکانەوە شێوازێکە بۆ نانەوەی پشێوی"[(2)].

ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ستراتیجیەتی★ شەرکردنی گرووپە تیرۆریستییە سوننە و شیعییەکان هاتووە لە عێراقدا، بەمەبەستی ئیدامەدان بە مانەوەیان و خۆگونجاندان لەگەڵ پێشهاتە نوێیەکان یارمەتیدەرە کە تیرۆر وەک ئێستا بمێنێتەوە لە گۆڕەپانی عێراقدا، بەو پێیەی لە پاڵ هەوڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان کە هەن بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر، بەڵام بارودۆخی ژینگەی ڕامیاری عێراق کە خۆی لە پشتگوێخستنی سوونە زۆری ژمارەی گرووپە چەکدارە شیعەکان دەبینێتەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ مانەوەی تیرۆر لەم وڵاتەدا، لایەنی کەم تا ئایندەیەکی نزیک و مامناوەند، ئەمەش

---

(1) Cole Bunzel, Explainer: The Islamic State in 2021, published(December 10, 2021)Explainer: The Islamic State in 2021, Wilson Center, available at: https://www.wilsoncenter.org/article/explainer-islamic-state-2021. (Accessed . 01 may 2022)

(2) مایکڵ نایتس، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

★ بەپێی فەرهەنگی لۆنگمان(Longman) ستراتیجی بەواتای پلانێک بۆ بەدیهێنانی شتێک دێت لە بوارەکانی (بازرگانی، سیاسەت و هتد)، بگەڕێرەوە بۆ: Della Summers, Longman Active Study Dictionary, person Education, Uk, 2007, p. 740.

وادەکات کە ئاسایشی عێراق بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە لەبەردەم هەڕەشەدا بێت، بە لاوازبوون یان بەهێزبوونی ئەم گرووپانە لێکەوتەکانیان زیاد و کەم دەکات لە سەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش، کە ئەم لێکەوتانە زۆر بەڕوونی لەسەر حکومەت دەردەکەون بەو پێیەی کاری دامەزراوەکانی حکومەتە کە ئاسایش بۆ هاوڵاتیانی دابینبکات.

### تەوەرەی سێیەم:سیناریۆی سێیەم: گەرانەوەی تیرۆر بە بەهێزتربوونی لە عێراق و لێکەوتەکانی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش

تیرۆریزم لەسەرانسەری جیهاندا توانای ئەوەی هەیە بە شێوەی نوێتر و مەترسیدارتر خۆی نوێبکاتەوە، کە گرووپەکانی پێش خۆیان تێدەپەڕێنن و ڕادیکاڵتر و توندوتیژتر دەربکەون و کارێکی ئەستەمە کە کۆتاییان پێبهێنرێت.[1] باشترین نموونە دەرکەوتنی داعش بوو، کە زۆرێک پێیانوابوو لە پاش قاعیدە ئەستەمە تیرۆر بگاتە ئەو ئاستە لە توندوتیژییەی، کە قاعیدە پیشانیدا، بەڵام "داعش کوشتنی بە کۆمەڵ و تۆقاندن و هەروەها ڕەفتارە دڕندانەکانی کە باوەڕی وابوو، کە توندوتیژی زۆر لە ڕادەبەدەر ئامڕزێکە بۆ نانەوەی ئاژاوە"[2] لە زۆر ڕووە وە قاعیدەی تێپەڕاند؛ بۆ ئەوەی باشتر ئەم سیناریۆیە ببەسترێتەوە بە ناوخۆی عێراقەوە شرۆڤەی بارودۆخی عێراق دەخەینە ڕوو، یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکان بریتییە لە جۆرێک سزای هەڕەمەکی سوونەکان کە زۆر جار سزای قورس سەپێنراوە بە سەر هەندێک خەڵکی بێتاوان کە پەیوەندیشایان بە داعشەوە نەبووە ئەمە وا دەکات لە ئایندەدا ئەو کەسانە و کەسوکاریان بەشداربن، لەهەر سەرهەڵدانێکی تیرۆریستی بە شێوەیەکی کارا کە دژ بە حکومەتی عێراق بێت[3]. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین زۆر جار منداڵی خوار (١٤) ساڵ، کە گومانیان لێکراوە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبێت لەگەڵ ئەندامانی داعش زیندانیکراون، ئەگەر ئەم منداڵانە تیرۆریستیش نەبن یان پەیوەندییان بە گرووپە تیرۆریستییەکانیشەوە نەبێت لە ئایندەدا مەترسی گەورە هەیە، کە ببنە نەوەی ئایندەی داعش یان هەر گروپێکی تیرۆریستی تر، چونکە زۆر جار تیرۆریستەکان زیندانیان وەک قوتابخانەیەک لێکردووە کە تاوانبارەکان لە تیرۆریستەکانەوە فێربوون، ئەمەش سەرەتایەک بووە بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی تیرۆریستی نوێ، بۆ نموونە ئەبوبەکر بە غدادی پێشتر لە زیندانی بۆکا بووە لە (٢٠٠٠) کاندا.[4] هۆکارێکی تری کۆتایی نەهاتنی تیرۆر و سەرهەڵدانەوەی داعش لە ئایندەدا جا بەهەمان ناوەوە بێت یان لە ژێر ناوێکی تردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خێزانانەی هەست و سۆزیان بۆ داعش هەیە، بەپێی هەندێك خەملاندن نزیکەی(١٠٠,٠٠٠) کەسی عێراقی هەریەکەی لە خێزانێکەوە هاتوون پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە زۆرێك لەم ئەندامانە زیندانی کراون یان لەلایەن خێزان و خزمە نزیکەکانیانەوە حەشار دراون لەدوای کەوتنی داعش، ئەمەش وایکردووە زەمینەسازییەك هەبێت لەهەر قۆناغ و بارودۆخێکدابێت داعش لە فۆرمێکی تردا بگەڕێتەوە یان چەندین ڕێکخراو وگرووپی توندرە و دروست ببن و مەترسی دروست بکەن لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا[5]. لەپاڵ بەردەوامی زوڵم و ستەم لە سوننەکانی

---

[1] بروس هۆفمان، تیرۆریزم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٣.

[2] Charles Lister, Al-Qaeda versus ISIS Competing Jihadist Brands in the Middle East, The Middle East Institute, Washington, D.C, 2017, P.10.

[3] Mara Redlich Revkin, The Limits of Punishment *Transitional Justice and Violent Extremism* iraq case study, institute for integrated transitions,2018, P.27.

[4] Ibid, P.28.

[5] Truls Hallberg Tønnessen, The Islamic State after the Caliphate, PERSPECTIVES ON TERRORISM, Volume 13, Issue 1, February 2019,p.8.

عێراق، ئەوانەی کە زیندانی دەکرێن زیندان شوێنێک نییە بۆ چاکسازی تیایاندا و گەڕانەوەیان بۆ ناو ژیانی ئاسای، بەڵکو زیندان جۆرێکە لە سزادانی سیاسی بۆیان.

هەروەک لە سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بینرا، کە داعش لێکەوتەی کۆمەڵێک سیاسەتی چەوتی حوکمڕانییە لە عێراق، هاوشێوەی گەندەڵی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و نالەباری دۆخی ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانەی، کە داعشی لێوە دروست بوو. ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە زۆربەی ئەو دیاردانە هێشتا بوونیان هەیە، کە یارمەتیدەربوونە لە سەرهەڵدانی توندڕەوی و فکری جیهادی. بەڵکو زۆرێک لەو دیاردانە تادێت زیاتر و فراوانتر و گەورەتر دەبن، بەتایبەت گەندەڵی و بێکاری و خراپبوونی بژێوی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، کەواتە بۆ بنبڕکردنی تیرۆر حکومەت سەرەتا پێویستە کاربکات بۆ کۆتایهێنان بەو دیاردانە[1] جۆرێک لە هاوتەریبی هەیە لە نێوان چالاکییەکانی تیرۆر و ناڕەزایەتییەکانی شەقام کە هەردووکیان دژی حکومەتن، هەروەها لاوازی دەوڵەتی عێراقی یەکێکە ترە لەو بنەمایانەی، کە دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین ئەگەر ئەم لاوازییە لە (٢٠٠٣) وە هەیە بەردەوام بێت ئەوە ئەگەری گەڕانەوەی تیرۆر بە بەهێزی زیاترە[2]. لەپاڵ ئەوەی کە حکومەت وەڵامی خواست و داواکارییەکانی خەڵک ناداتەوە و بەردەوامبوونی قەیرانەکان لە عێراقدا و بوونی حکومەتێکی لاواز ڕێگە خۆشکەرە بۆ دووبارە بە هێزبوونەوەی تیرۆر و دروستکردنی مەترسی گەورە لە سەر ئاسایشی عێراق.

دەرکردنی داعش لە عێراقدا بە واتای کۆتایهاتنی داعش و تیرۆر نایەت، بەڵکوو لێکەوتەکانی بۆچەندین ساڵ کاریگەری لەسەر عێراق دەبێت و خانەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ناو کۆمەڵگەی عێراقدا بوونیان هەیە و هەمیشە هەڕەشە دەبن بۆسەر ئاسایشی نیشتمانی عێراق و ئاسایشی مرۆیی.[3] یەکێکی تر لەو مەترسییە گەورانەی، کە ڕووبەڕووی ئایندەی ئاسایشی عێراق دەبێتەوە، بریتییە لەوەی کە داعش نەوەیەکی پەروەردە کردووە کە دەکرێت وەک بۆمبێکی بێدەنگ چاوەڕێی بارودۆخی لەبار بن بۆ ئەوەی کە بتەقێتەوە، ئەو کاتانەی کە داعش چەندین ناوچەی داگیرکرد لە عێراقدا هەوڵی دا لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە کار لەسەر نەوەی داهاتوو بکات، لەڕێگەی گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە هەوڵیدا فێرخوازان بە بیری توندڕەوی تەڵقین بکات، ئەو پەرتووکانەی کە داعش لە سەردەمی خەلافەتەکەیدا بۆ قوتابخانەکانی دانا و قوتابییەکانی بە بیری توندڕەوی گۆشکرد، چاوەڕوانی دروستبوونی نەوەیەکی توندڕەوی لێدەکرێت[4] لەهەر کات و ساتێکدا ژینگەی ڕامیاری ناوخۆیی لەبار بێت ئەوە دەکرێت ئەم نەوەیە ڕۆڵبگێڕن و مەترسی گەورە لە سەر ئاسایشی عێراق دروستبکەن.

---

(1) فەرهاد حەسەن عەبدوڵا، تاکتیکی جەنگی گرووپە تیرۆریستییەکان :ستراتیجی ڕووبەڕووبونەوەیان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(2) Renad Mansour, Iraq After the Fall of ISIS: The Struggle for the State, The Royal Institute of International Affairs Chatham House, uk, 2017, P.7.

(3) أسماء خالد جرجيس، واقع الارهاب في العراق والتحديات المستقبلية بعد هزيمة داعش بمنظور جغرافي، قضايا سياسية، جامعة نهرين، عدد(٥٧)، ٢٠١٩، ص٢٠٥.

(4) سەنگەر یوسف و عەبدولسەمیع ڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣.

هەروەها یەكێك لە خاڵە بەهێزەكانی داعش ئەوەیە ئەو پارە زۆرەی ئەم ڕێكخراوە لەمیانەی حكومكردنی لە عێراق و سوریا كۆیكردووەتەوە دوورنییە لە ئایندەدا ببێت بە پاڵپشتیەكی باش بۆی بۆ ئەوەی جارێكی تر بتوانێت بەكاری بهێنێت بۆ بوژانەوە و دووبارە هەستانەوەی، چونكە ئەم ڕێكخراوە بەگوێرەی خەملاندنەكان مانگانە (٨٠)ملیۆن دۆلاری دەستكەوتووە.[1] سەرەڕای هەموو ئەمانە بابەتی گەندەڵی لە كەیسی دەستگیركردن و بەرەڵاكردنی ئەو تیرۆریستانەی تاوانی تیرۆریان بەسەردا ساخبووەتەوە، وەک یەكێک لە سەرچاوەكانی مەترسی بەردوامیی توندڕە و بوون و كردەوەی تیرۆریستی هەژمار دەكرێت، كە هەندێک لە كاربەدەستانی هێزە ئەمنییەكان و پۆلیس لەڕێگەی ڕێكەوتنی ژێر بە ژێرەوە لە بەرامبەر برە پارەیەكی زۆر چەندین سەركردە و گەورە تیرۆیستیان بەرەڵا كردووە كە دواتر ئەمانە سەرچاوەی مەترسین.[2]

یەكێكی تر لەو كێشە بنەڕەتانەی لە ناو سوننەكانی عێراقدا هەیە، بریتییە لەو دابەشبوونەی لە ناو ئەم پێكهاتەیەدا هەیە بە شێوەیەك سوننەكان پەرتەوازەییەكی زۆریان پێوەدیارە و سەركردەیەكی دیاریان نییە لە ژێر چەترێكدا كۆیان بكاتەوە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ داعش و گروپە تیرۆریستیەكان سود لەم دابەشكاریەیان وەربگرن بۆ بەرژەوەندی خۆیان[3]. هەروەها ئەوەی گرنگە بیخرێتەڕوو ئەوەیە، كە هاووڵاتیانی ناوچە سوننەنشینەكانی عێراق و ناوچە جێناكۆكەكان بە شێوەیەكی گشتی متمانە بە هێز و میلیشیا شیعەكان ناكەن، كە لە ناوچەكانیان هەیە، لە دوای تێكشكاندنی داعش ئەم هێزانە بە مەترسی دەبینن لە سەریان، زۆرێک لە نوسەران و توێژەران پێیانوایە، كە چۆن سیاسەتی تائیفەگەرایی ڕۆڵی سەرەكی بینیوە لە دروستبوون و فراوانبوونی داعش لە ناوچە سوننەنشینەكان بە هۆی كردەوەی گروپ و میلیشیا شیعەكانەوە كە چەندین كردەوەی تاوانكارییان ئەنجامداوە ببێتە هۆكارێک بۆ دووبارە زیندووكردنەوەی شەڕی تائفی و ڕێگە خۆشكردن بۆ دروستبوونی گروپی توندڕەتر و بەهێزتر لە داعش لە ناوچە سوننەنشینەكان[4] هەروەها دەكرێت لەعێراقدا بەهۆی بە قوڵبوونەوەی هاوكێشەی ناكۆكییە ناوخۆییەكانی ناو پێكهاتەكان شیعە سوننە و كورد دابەشبوونیان بەسەر جەمسەری جۆراو جۆردا ئاسۆی چارەسەر كردنی سەرجەم كێشەكان ئاڵۆزتردەكات[5]ئەمەش یارمەتیدەر بێت بۆ گەڕانەوەی تیرۆر لە ژێر ناوی داعش یان هەر بەرگێكی تردا بێت كە سەرئەنجاماكەشی باڵدەكێشێت بۆ دروستبوونی نائارامی و تێكچونی سەقامگیری رامیاری.

لەڕووی سەربازییەوە هەرچەندە داعش تێكشكاوە بەڵام ئەمە واتای كۆتایی نایەت لەبەرئەوەی داعش توانای خۆگونجاندنی هەیە، بۆیە شێوازی شەڕی گۆڕیوە بۆ (شەڕی گەریلا) لەم قۆناغەدا...

---

[1] محەمەد بەسیونی، سیناریۆی گەرانەوەی داعش، و:ئیدریس سیوەیلی،ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان،سلێمانی،٢٠١٩،لا٧.

[2] سەنگەر یوسف و عەبدولسەمیع ڕەحمان، سەرچاوەی پێشوو ،ل٥٥.

[3] Hayder Al-Khoei, Ellie Geranmayeh & Mattia Toald, After Isis: How To Win The Peace In Iraq And Libya, European Council On Foreign Relations,2017,P.6.

[4] بێستون حسێن عارف، حەشدی شەعبی لە نێوان میلیشیا بوون و بە فەرمیبوونیدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٤٠)، گۆڤارێكی سیاسی شیكارییە ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان دەریدەكات، ٢٠١٩، ل٧٣-٧٤.

[5] یاسین تەها، لە كابوولەوە تا بەغدا عێراق و هەرێم لە ئەگەری ئەركگۆڕینی سوپای ئەمریكا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەكات، ژ.(٩) ، ساڵی دووەم، ٢٠٢١، ل٣٥.

هەروەها ئایندەی تیرۆر و داعش لە عێراق لە زۆر ڕووەوە وابەستەیە بە پەراوێزخستن یان بەشداریپێکردنی سوننەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق ئەمە لەسەر ئاستی ناوخۆیی عێراق، هەرچی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیشە پەیوەندی بەو ململانێیانەوە هەیە، کە لە گۆڕەپانی هەم عێراق هەم سووریا لە نێوان ئێران و ئەمریکا، رووسیا و تورکیا هەیە، کورد لە گەڵ تورکیا ئەمە لە کاتێکدایە، کە پێشتر هەمووان سوربوون لە سەر هاوکاریکردنی یەکتری لە تێکشکاندنی داعش، بەڵام ئەم ململانێیەی ئێستایان دەرفەتێک دەدات بە داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ ئەوەی پەیکەری رێکخراوەکانیان جارێکی تر دابڕێژنەوە و خۆیان بگونجێنن لە ڕەچاوکردنی ستراتیجی ئایندەیان، و لە کاتی بوونی دەرفەت بۆیان مەترسی گەورە بکەنە سەر ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا[1]. هەروەها جگە لە داعش تۆڕەکانی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق بوونیان هەیە هەرچەندە وەک داعش دەستیان نەکردووە بە یاخیبوون و دەستکردن بە چالاکی فراوان، بەڵام بە شێوەیەکی هێمنانە و نهێنی کاردەکەن[2]. جێگەی خۆیەتی ئاماژەش بەوە بدەین کە زۆری چەک و جبەخانەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کە تیرۆر کۆتایی نەیەت کە زۆربەی میلیشیا چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی دەستیان بەسەردا گرتووە، کە بە پێی هەندێک خەمڵاندن زیاتر لە (٢٥٠) هەزار تەن مادەی تەقەمەنی و کاتیۆشا و قازیفە و هاوەن و تۆپهاوێژ و مین و عبواتی ناسیفە و حەشوەی تەقینەوە و نزیکەی سی ملیۆن پارچە چەک لە نێوان چەکی سوک و مامناوەند و تەنانەت چەکی قورس، لە وانەش تۆپهاوێژ و موشەکی دژە فرۆکە و مووشەکی مەودا مام ناوەند و کورت مەودا و تانک و تەنانەت ئۆتۆمبێلی سەربازی و زرێپۆش لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتن[3]. لەپاڵ ئەوەی داعش چالاکی لەسەر ئاستی عێراق هەیە، بەڵام بە نهێنی کارکردنی قاعیدە مەترسیدارترە و هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە لە ئایندەدا بە هێزەوە دەربکەوێت لەسەر گۆڕەپانی ڕامیاری عێراق وبەمەش مەترسی گەورە دروستدەکات لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش، هەروەها بوونی چەک و تەقەمەنییەکی زۆر لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە ژێر دەستی میلیشیا شیعییەکانیش مەترسی گەورەن کە لەکاتی بوونی ململانێ ڕامیارییەکان هەندێک لەم گرووپانە لە کردەوەی تیرۆریستیدا بەکاری بهێنن و ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا بخەنە ژێر مەترسییەوە.

لەوانەیە پرسیارێکی واقعی لە ئێستادا دروستبێت ئەویش ئەوەیە ئەگەر تیرۆر جارێکی تر بە بەهێزی دەربکەوێتەوە لە ژێر ناوی داعش یان قاعیدە یان هەر فۆرمێکی تردا لە کوێوە دەردەکەون لەناو عێراقدا؟ هەندێک پێیان وایە ئەگەر تەماشایەکی دابەشکاری داعش بکەین لەسەر بنەمای کەرتەکانی (کەرتی نەینەوا، کەرتی دیجلە، کەرتی سەلاحەدین، کەرتی کەرکوک، کەرتی دیالە، کەرتی بەغداد، کەرتی باکوری بەغداد، کەرتی فەلوجە، کەرتی ئەنبار، کەرتی باشوور و کەرتی

---

[1] د .محمد أبو رمان، مستقبل داعش: عوامل القوة والضعف (الخلافة الافتراضية) وفجوة استراتيجيات مكافحة الإرهاب، مؤسسة فريدريش ايربت، مكتب الأردن والعراق،٢٠٢٠، ص١٤.

[2] Dylan O’Driscoll, The Islamic State in Iraq, K4D Helpdesk, Institute of Development Studies, uk, 2019, p17.

[3] فەرهاد حەسەن، بڵاوبوونەوەی چەک: عەشائیراکانی عێراق هێزێک لەسەروی دەوڵەتەوە، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠٢٠، ل٤٥.

بادیە)[1]. دەبینین داعش جوگرافیای ناوچە سوننەنشینەکانی بە ئامانج گرتووە بۆ دووبارە و سەرلەنوێ خۆڕێکخستنەوەی، ئەمەش لەبەرئەوەیە وەک پێشووتریش ئاماژەمان پێیدا هاوڵاتیانی سوننەی عەرەبی لە عێراقدا لە زۆر ڕووەوە پەراوێزخراون، و قاعیدەش هەمان ئەو شوێنانەی بە ئامانج گرتووە بۆ خۆڕێکخستنەوەیان.

یەکێک لە و ناوچانەی، کە پێدەچێت لە ئایندەدا گروپە تیرۆریستییەکان لەپاڵ خۆڕێکخستنەوەیان بە بەهێزییەوە لێوەی دەربکەونەوە ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقە، کە دیارترینیان کەرکوک و بەشێکی پارێزگاکانی نەینەوا و سەلاحەدین دیالە دەگرێتەوە[2]. کەواتە مانەوەی تیرۆر لە عێراقدا و بەهێزبوونەوەی پەیوەستە بەژینگەیەکی گونجاو بارودۆخی ناوخۆیی لە لایەک و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و یەکنەگرتنەوەی بەرژەوەندی دەوڵەتان، کە لەسەر هەردوو ئاستەکە چی هەرێمی و نێودەوڵەتی، دەکرێت وەک بنەمایەک ببینین، کە تیرۆر لە عێراقدا کۆتایهاتنی ئەستەمە و دوورنییە لە فۆرمێکی تر و بە بەهێزتر بە دەربکەوێتەوە و زیاتر و زۆرتر لێکەوتەی لەسەر ئاسایشی عێراق ببێت[3]. هەندێک لە ئاماژەکان بەرەو ئەوە دەچن داعش بە فۆرمێکی ترەوە یان بە هەمان ناوەوە دەگەڕێتەوە بۆ گۆرەپانی سیاسیی، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە ئایا داعش یان تیرۆر مەرجە لە گۆڕەپانی عێراق دەربکەونەوە؟ لەپاڵ ئەوەی لە زۆر ڕووەوە بارودۆخی عێراق و سوریا لەبارە بۆ گەڕانەوەی ئەم ڕێکخراوە، بەڵام بەربەستەکانیش کەمنین لەبەردەم ئەم ڕێکخراوەدا لەبەر ئەوە هەندێك لە توێژەرەکان پێشبینی ئەوە ئەکەن دوور نییە داعش چالاکیەکانی بگوازێتەوە بۆ ئەفریقا یان ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کە لەو شوێنانەش ژینگەیەکی تا ڕادەیەك لەبار هەیە بۆ دووبارە خۆڕێکخستنەوە و هەستانەوە بە هێزێکی زیاترەوە[4].

تیرۆر لەعێراقدا دەرکەوتنەوەی بە بەهێزی پەیوەندی بە هاوکێشە ڕامیارییەکان لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە هەرکات ململانێیکان لەسەر ئاستی ناوخۆی و هەرێمی و نێودەوڵەتی زیاتر و زۆرتر بوون، ئەوە ئەگەری گەڕانەوەی تیرۆر زیاتر و زۆرتر دەبێت بە پێچەوانەشەوە، لەگەڵ دەرکەوتنەوەی تیرۆر بە بەهیزی لێکەوتەی نەرێنی دەبێت لەسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا. هەرچەندە هاتنەدی هەریەک لەم سیناریۆیانە پەیوەستە بەو بنەمانەی کە سیناریۆکەی لەسەر داڕێژراوە، بەڵام کۆنترۆڵکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا یان مانەوەی وەک ئێستا یان گەڕانەوەی بە بەهێزی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گرتنەبەری ئەو میکانزیمانەوە هەیە کە لە چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆردا خراوەتەڕوو.

---

(1) د.عیماد عەللو، ڕێکخراوی داعش؛ واقیعی مەیدانی و توانا سەربازییەکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

(2) Dilshad Anwar, IS Terror Group Surges in Iraq's Disputed Territories, voa, June 26, 2018, availabile at: https://www.voanews.com/a/islamic-state-terror-group-surges-iraq-disputed-territories/4455890.html.. (Accessed . 5 may 2022)

(3) ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.

(4) محەمەد بەسیونی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

# ئەنجام

لە گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە:

١- چەمکی تیرۆر چەندین لێکدانەوەی جیاوازی بۆ کراوە، هەموو گروپە تیرۆریستییەکان لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی ترس و تۆقاندنەوە جا بە ئەنجامدانی کردەیەکی تیرۆریستی یان هەرەشەکردن هەوڵی کاریگەریدانان لەسەر بەرامبەریان دەدەن.

٢- ئاسایش پێویستییەکی سەرەکی بەرەو پێشچوونی هەردەوڵەتێکە لەبەرئەوە سەرجەم دەوڵەتەکان پرسە ئاسایشییەکان بە بنچینەی کارەکانیان دادەنێن.

٣- داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە بووە هۆی دروستبوونی بۆشایی ئاسایشی لەعێراقی پاش (٢٠٠٣) ئەمەش هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی ئەو گرووپە تیرۆریستیانەی، کە ڕوویان لە عێراق کردبوو بەهێز و فروان بن و شوێن پێێ خۆیان قایم بکەن.

٤- سەرەڕای ئەوەی پەراوێزخستنی سوننەکان لە عێراق وەک یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی تیرۆر لێکدەدرێتەوە، گەندەڵی و بێکاری و بوونیادی پێکهاتەی عێراق و دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ ڕۆڵی هەبوو لە دروستبوون و بەهێزبوونی گروپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا.

٥- لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) نەتوانرەوە، کە حکومەتێکی بەهێزی نیشتیمانی پێکبهێنرێت، کە گوزارشت لە هەمووان بکات و کاربکات بۆ دروستکردنی شوناسێکی نیشتیمانی کە هەموان خۆیانی تیادا ببیننەوە.

٦- دەرئەنجامی شکستی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا داعش توانی لەماوەیەکی کەمدا دووەم گەورەترین شاری عێراق کۆنترۆڵبکات لە (٢٠١٤)دا.

٧- تیرۆر لە عێراقدا لە شێوەی چەندین گرووپی تیرۆریستیی سوننە وشیعییدا دەرکەوت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە کاتی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا دامودەزگاکان چەندین جار پەنایان بۆ چەندین شێوازی تیرۆر بردووە بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان.

٨- تەقینەوە و ڕفاندن و بەبارمتەگرتن و غافڵکوژی دیارترین شێوازەکانی تیرۆرە کە بەدرێژای عێراقی پاش(٢٠٠٣) گرووپە تیرۆریستییەکان ئەنجامیانداوە و لە کردەکانیاندا جیاوازییان نەکردووە لە نێوان خەڵکە مەدەنی و دامودەزگاکانی حکومەتدا.

٩- لەپاش (٢٠٠٣) تیرۆر لێکەوتەی گەورەی لەسەر ئاسایشی سیاسی لەم وڵاتەدا بەجێهێشت، کەبووە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی بەتوانا بێبەشبن لە بەشداریکردنی ڕامیاری، و زۆری ژمارەی قوربانییەکانی تیرۆرلە عێراقدا گەواهیدەری ئەو ڕاستیەن، کە سەقامگیری سیاسی لەم وڵاتەدا لە ژێر هەرەشەدابووە، هەروەها کاتێک، کە داعش موسڵ داگیردەکات دەوڵەتی عێراقی بەرەو لاوازی و تا

نزیکی ڕووخان دەبات ئەمەش دەرفەت دەداتە وڵاتانی دراوسێی و وڵاتە زلهێزەکان، کە زیاتر دەستوەردانبکەن لە کاروباری ناخۆیدا.

١٠- تیرۆر رەهەندی ئاسایشی ئابووری عێراقی توشی زەرەر و زیانێکی زۆر کردووە لەسەر ئاستی گشتی و تایبەتی، بەر لە دروستبونی داعش بەبەردەوامی بیرە نەوتییەکان و بۆری گواستنەوەی نەوت بچربچر بە ئامانجگیراوە لە سەردەمی داعشیش بە داگیرکردنی بیرەنەوتەکان، داعش لە پاڵ ئەوەی توانی داهاتێکی زۆری دەستبکەوێت گورزێکی کوشندەی لە ئابوری نیشتیمانی عێراقدا، هەروەها هەزاران موڵک وماڵی هاوڵاتیان لە ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەستی داعش توشی وێرانی و ڕووخان بوون.

١١- رەهەندی سەربازی ئاسایش لە عێراقدا بەبەردەوامی کراواتە ئامانج لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە بەو پێیەی هێزە ئەمنییەکان ئەرکیان هێنانە ئارای سەقامگیری بووە، هەروەها زۆری کردە تیرۆریستییەکان، حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراقی ناچارکردووە زۆرترین پارە لەبودجەی عێراق بۆ کەرتی ئەمنی تەرخانبکەن بۆئەوەی بەرەنگاری تیرۆر ببنەوە.

١٢- تیرۆر لە ڕووی ڕەهەندی کۆمەڵگەی ئاسایشەوە بووە هۆی قووڵکردنەوە و زیادکردنی کێشە مەزهەبییەکانی عێراق هەروەها لێکەوتەی گەورەشی بە جێهێشتووە لە سەر کەمینەکانی ناو عێراق، کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە کەمبوونەوەدایە ئەمە جگە لە زیادبوونی ڕێژەی ئاوارەبوون وکۆچ لە عێراقدا کە هاوتەریبە لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی کردە تیرۆریستییەکان و بەهێزبوونی تیرۆر، داعش بە خاپورکردنی ناوچە مێژووی وکەلەپورییەکان کاری دەکرد بۆ سڕینەوەی ناسنامەی عێراقییەکان.

١٣- لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆرییە نەوتەکان و بەکار هێنانی چەندین جۆری چەک و تەقەمەنی چی لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە بێت یان لەلایەن حکومەتی عێراق و هاوپەیمانەکانەوە رەهەندی ژینگەی ئاسایش لە عێراقدا ڕووبەڕووی پیسبوونی ژینگە کردووەتەوە، بە شێوەیەک (ئاو، هەوا، خاک)ی عێراق توشی کارەساتی ژینگەیی بووە، لە ئەنجامدا بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی کوشندە لەم عێراقدا.

١٤- داعش لە ساڵی (٢٠١٤)دا بە داگیرکردنی ناوچە جێناکۆکەکان مەترسی گەورەی خستە سەر سەقامگیری ڕامیاری لە هەرێمی کوردستان.

١٥- ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی مەدەنی بۆ هەرێمی کوردستان لە دەرئەنجامی کردەتیرۆریستییەکان لە پاش(٢٠٠٣)وە قورساییەکی زۆری دارای خستووەتە سەر هەرێمی کوردستان و ئەم ژمارە زۆرە لە ئاوەرە مەترسین بۆ سەر شوناسی هەرێمی کوردستان.

١٦- هەرچەندە لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەش هەوڵەکانی قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە عێراقدا بەردەوامە، لەپاڵ ئەوەی داعش کۆنترۆڵی ئەوشارانەی لەدەستداوە کە لەعێراقدا داگیریکردبوون، بەڵام ئەگەرێکی کراوەیە بەهەمان ناو یان بەرگێکی ترەوە داعش دەربکەوێتەوە لە گۆرەپانی سیاسی عێراق.

دەکرێت بڵێین بەهۆی بەردەوامی خراپی ژینگەی ناخۆی عێراق و ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان ئەگەری گەرانەوەی تیرۆر بە بەهێزی ئەگەرێکی کراوە و بەهێزە.

١٧- یەکێک لە مەترسییەکانی سەر ئاسایش لە عێراقدا بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە چەک و تەقەمەنییە لەدەرەوەی دەسەلاتی دەوڵەت ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین گرووپ و میلیشیا و دەستە و تاقم، کە خاوەنی هێزی سەربازین، ئەم میلیشیا و گروپانە پاش کۆنترۆڵکردنی ناوچە جێناکۆکەکان مەترسین بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

١٨- بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا بەتەنیا بەکارهێنانی هێزی سەربازی تەواو پڕاوپڕ نییە، بەڵکو پێویستە لەسەر ئاستی هەموو ڕەهەندەکانی ئابوری و سیاسی وکۆمەڵگەی و ژینگەی پێکەوە کاربکرێت بەمەبستی نەهێشتنی ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی دەبێتە هۆی دروستبوونی تیرۆر لە عێراقدا ئەمەش پێویستی بە دروستکردنی حکومەتێکی بەهێز و نیشتیمانی لە سەر ئاستی ناوخۆو لەسەر ئاستی درەوە هەماهەنگی وهاریکاری ولاتانی دراوسێی عێراق و وڵات زلهێزەکان و رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان هەیە .

## ڕاسپاردەکان

١- دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتیمانی لە عێراقدا کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتەکان بکات و هەموان خۆیانی تیادا ببیننەوە.

٢- کاربکرێت بۆ دروستکردنی ئاشتەوایی نیشتیمانی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەسەر بنەمای قبوڵکردن و ڕێزگرتن لە بەهەکانی یەکتری وکاری پێکەوەی.

٣- پیادەکردنی حکومڕانی باش لە عێراقدا کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەسەرجەم کایەکان لەسەر بنەمای لێهاتوویی و توانا و خزمەتکردن نەک لەسەربنەمای مەزهەب وحیزب حیزبێنە و خزمایەتی.

٤- خیزانە بە جێماوەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان لە عێراقدا جاریکی تر لە ڕێگەی پەروەردەوە بهێنرێنەوە ناو کۆمەڵگەی عێراقی.

٥- دادگایکردنی دادپەروەرانەی ئەوانەی، کە گومانی پەیوەندیکردنیان لێدەکرێت لەگەڵ گرووپە تیرۆریستییەکان.

٦- قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی زەرەمەندی لێکەوتەی گرووپە تیرۆریستییەکان بوون و پرۆسەی ئاوادانکردنەوەی شارە وێرانبووەکانی پاش جەنگی داعش و گەرانەوەی ئاوارەکان خێراتر بکرێت.

٧- ڕیفۆرمکردن لە کەرتی ئابوری عێراقدا، بەشێوەیەک زۆرترین دەرفەتی کار بۆ گەنجان بڕەخسێنێت و سەرچاوەکانی ئابووری عێراق هەمەچەشن بکرێت بۆئەوەی ئابووری نیشتیمانی عێراق تەنها پشت بە کەرتی نەوت نەبەستێت.

٨-دروستکردنی سوپایەکی نیشتیمانی، کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتەکان بکات بەمەبستی شەڕکردن دژی گرووپە تیرۆریستییەکان لە کاتی پێویستیدا.

٩- پێویستە چەک و تەقەمەنی و ئامرازی جەنگی تەنها لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا بێت و تەواوای ئەو هێز وگروپ و میلیشیانەی لە چەک دابماڵرێن کە لەدەرەوەی دەوڵەتن.

١٠-میلیشیا شیعییەکان کە لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدان و بوون بە بەشێک لە سیستەمی بەرگری عێراق بەدامەزراوەی بکرێن .

١١- کەناڵەکانی پێگەیاندنی سیاسی وکۆمەڵایەتی دەتوانن رۆڵی گرنگ بگێڕن لە هێنانە ئارای ئاسایش و ئارامی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی تۆوی خۆشەویستی و جوانی و ئاشتی و پەروەردەکردنی نەوەیەک لەسەر بنەمای لێبوردەی و یەکتر قبوڵکردن.

١٢- لەسەر ئاستی ژینگەیی کاربکرێت بۆ کەمکردنەوەی لێکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە عێراقدا وچارەسەرکردنی لێکەوتەکانی تیرۆر، چونکە رەهەندی ژینگەیی کاریگەری گەورەی لەسەر سایکۆلۆجی خەڵک هەیە.

١٣- عێراق کەناڵە دیپلۆماسییەکانی بەکاربهێنێت لەسەر بنەمای بێلایەنی و ڕێگە نەدرێت عێراق ببێتە گۆرەپانی یەکلاکردنەوەی ململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان.

١٤- سود لە رێکخراوە نێودەولەتیەکان ببینرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتەوای ولێبوردەیی لەعێراقی پاش جەنگدا.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:

### أ.دەستور و یاسا


1. دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥).
2. یاسای بەرەنگاربونەوەی تۆقاندن (تیرۆر) لە هەرێمی کوردستان-عێراق، یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (٢٠٠٦).


### ب.فەرهەنگ و مەوسوعە:


3. شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر،٢٠١٧.
4. شەوکەت مەلائیسماعیل، فەرهەنگی مامۆستا، دەزگای تەفسیر بۆ بڵاو کردنەوە و ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٩.
5. عەبدولقادر ساڵح، فەرهەنگی سیاسی سەبا، کۆمپانیای چاپ و پەخشی نوسەر، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٧.
6. مەسعود عبدالخالق، مەوسوعەی جودی بۆ چەمک و زاراوەکانی سەردەم، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨.
7. هاوکار حسێن، فەرهەنگی پۆلەتیکس، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.


### پ-فەرهەنگی بەکوردیکراو:


8. محەمەد حاجی زادە، فەرهەنگی ڕاڤەیی ئیزم ە کان، و:سیروان موسا پوور، کتێبخانەی هەژار موکریانی، چ١، تاران، ٢٠١٨


### ت.کتێبە کوردییەکان:


9. ئازاد عەلی و هاورێ باخەوان و ئەوانیتر، کوردستان و پۆست داعش ، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ.٣، ٢٠٢٠.
10. ئاکۆ حەمە کەریم ڕەحیم، سیاسەتی وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا پاش ڕووداوەکانی ١١ ی سێپتیمبەر، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٩
11. ئاوات محمد ئەمین، هەرێمی کوردستان و ئیرادەی ئایندەسازی، کۆمەڵە ووتار، کۆمەڵەی رۆناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك،٢٠١٢.
12. ئەنوەر حسێن بازگر، داعش و میلیشیاکان، دەزگای ئایدیا،چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٦.
13. حەسەن خالید مستەفا، دیاردەی تیرۆر لەڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە پێناسەو جۆر و هۆکار و چارەسەرییەکانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢.

14. خامۆش عمر عبدالله، تیۆری گشتی و یاسای دەستوری و سیستەمی دەستوری لە عێراق، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩.
15. ڕزگار شەمێرانی، لەبارەی سەلەفیە و سەلەفیبوونی داعشەوە، چاپخانەی کاروخ، چ١، ٢٠١٥.
16. ساڵح عوسمان، تیرۆری نێودەوڵەتی سەرەتا و پەرەسەندنی، چاپخانەی بینایی، چ٣، سلێمانی، ٢٠٢١.
17. ساڵح عوسمان، گۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی، عێراق بەنمونە، چاپخانەی بینایی، چ٢، سلێمانی، ٢٠٢١.
18. ستیڤان شەمزینی، داعش لوتکەی تیرۆریزمی ئیسلامی، چاپخانەی کارۆ،چ١، سلێمانی،٢٠١٥.
19. سەرمەند ئەحمەد، ئاسایشی نەتەوەی و ئاسایشی خۆراک، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.
20. شنۆ عوسمان، داعش و دیمۆگرافیای هەرێمی کوردستان ، لە کتێبی کوردستان دوای ئۆپەراسیۆنی موسڵ و ڕەققە، دیڤید پۆلاک، ئەلکساندر دووگین، ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ٢، ٢٠٢٠.
21. د.عابد خالید رسول، د.ئومێد ڕەفیق فتاح، ئەوانی تر، سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆرستییەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی، ٢٠١٩.
22. عادل باخەوان، تیرۆریسم وەک بیناکردنی کۆمەڵایەتی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.
23. عوسمان عەلی، کێشەی فیدڕاڵی لە عێراق و داهاتووی عێراق لە نێوان ناوەندیبوون و فیدڕاڵیبووندا، لە کتێبی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و پێکدادانی ناسنامەکان، نوسینی مەهمەت ئاڵکیش، جێسیکا واتکینس و ئەوانیتر، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ١، ٢٠٢١،
24. عیرفان عزیز عزیز، ئایندەی پرۆسی سیاسیی عێراق، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر، ٢٠١٥
25. عەلی مەعموری و یاسین تەها و ئەوانیتر، دۆخی سیاسەتی شیعی لە عێراق، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ١، ٢٠٢٠.
26. فەرزەند شێرکۆ، عێراق قەیرانی ئاسایش و ستراتیژی بونیادنانەوەی، مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)، سلێمانی، ٢٠٠٧،
27. ڤیان فەرەج، سیستمەکانی هەڵبژاردن و پرەنسیپەکانی دەنگدان، چ٢، ٢٠١٠.
28. محمد باقی سەعی، ئاسایشی نەوەی کورد و خاکی کوردستان، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٢.
29. محمد صابیر کریم، کولتوری زەبروزەنگ و تیرۆر، چاپخانەی بەدرخان، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢.
30. محمد کەریم معروف، داعش بێرەدا تێپەڕی، چاپخانەی جەنگەڵ، ٢٠١٧.

31. مظفر خالید عبدالرحمن، تاوان و لێکۆڵینەوەی تاوانکاری، کتێبخانەی هەولێری یاسای بۆ چاپ و بڵاو کردنەوەی یاسای، چ١ ، هەولێر، ٢٠٢٠.
32. موعتەسەم نەجمەدین، شارە زەردەواڵە پرۆسەی دروستکردنی داعش، دەزگی ئایدیا، سلێمانی، ٢٠١٧.
33. مەریوان ووریا، شوناس و ئاڵۆزی چەند ووتارێکی دژبە دۆگماتیزم، بڵاوکراوەی ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٤.
34. نەجات عەلی ساڵح، ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٢١.
35. هاوکار عبدوڵڵا، داعش لە نێوان ململانێی مەزهەبی و شکستی بەهاری عەرەبیدا، دەزگای ئایدیابۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٨.
36. وریا یونس، تارماییەکانی داعش دوای روخانی خەلافەتەکەی، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠١٩.
37. یوسف گۆران، دەرکەوتنی ڕێکخراوی قاعیدە لە کوردستانی عێراق، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٩.

ج. کتێبە بەکوردیکراوەکان:

38. ئیبراهیم ئەلحەیدەری، سۆسۆلۆژیای توندوتیژی و تیرۆر، و: دانا مەلا حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٨
39. ئەحمەد محمەد ڕەفعەت و د.ساڵح بەکر ئەلتەیار، تیرۆری نێودەوڵەتی، و:کوێستان جەمال، سەنتەری لێکۆڵینەوەی عەرەبی ئەوروپی، چاپخانەی ڕەنج، چ١، ٢٠٠٣.
40. ئەمین فەرەج، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەک لە پایە و ئاستەنگەکانی(١٩٩٢ تا٢٠١٣)، و:لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی، چ١، هەولێر، ٢٠١٩.
41. ئەنتۆنی گیدنز، شۆڕش و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، و:هیوا حاجی دیلۆی، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٥.
42. ئێرک هیرن، ئامڕازاکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی دهاتوو، و:هێمن غەنی، لە کتێبی تەنگەژەکانی تیرۆریزم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
43. بروس هۆفمان، تیرۆریزم، و:ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
44. پیتەر فلێمنگ و مایکڵ ئیستۆل، ئاسایشی نەتەوەی و ئاسایشی تۆڕەکان(دوو توێژینەوە)، و:عارف سەلیمی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠٠٧.
45. حمید حنون خالد، بنەماکانی یاسای دەستوری و گەشەسەندنی سیستەمی سیاسی عێراق، و:یادگار عبدالکریم حسین، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤

46. عمر احمد قدور، ئاسیشی نەتەوەی و ئاسایشی دەوڵەت، و: ئازاد گڕاوی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

47. عەلی قەرەداغی، جیهاد و توندوتیژی و خەلافەت و وەلاء و بەراء، و:زانا ناجی، چاپخانەی چوارچرا، چ١، سلێمانی، ٢٠١٣ .

48. عەلیرەزا سەمیعی ئیسفەهانی و عەبدلکەریم سالمی، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، و: رێباز مستەفا، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چ١، سلێمانی، ٢٠١٦.

49. کارۆلین کێنۆن، سەرهەڵدانی داعش تیرۆریزم لە سەدەی نوێدا، و: تەحسین تەها چۆمانی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١.

50. کیم کراگین و سارا ئا. دالیک، هەڕەشەی دینامیکی تیرۆرستی، و:مەروان کاکل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٦.

51. کەمال دیب، بومەلەرزەیەک لەسەرزەمینی ناتەباییدا مێژووی سەد ساڵی عێراق ٢٠١٥-١٩١٥، و: سەربەست جیهاد، ناوەندی فێربوون، چاپی (١)، ٢٠٢١.

52. گروپی ئەمەرداون، پێداچونەوە بە چەمکی ئاسایش، و:سابیر حسەن ڕەسول و هاوریێ حەسەن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧،

53. لیام ئەندرسۆن و کاریث ستانسفیلد، ئاییندەی عێراق دیکتاتۆریی، دیمۆکراسی یان دابەشبوون، و: کامیار سابیر و دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٨

54. مایکڵ لیمەن و گاری پوتەر، تیرۆریزم وک تاوانێکی ڕێکخراو، و:ئەبوبەکر مەجیدی، چ١ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٦.

55. محەمەد عەلی بەسیری، گۆڕانکاریەکانی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی، لە کتێبی شەرعیەتی دەسەڵات و کارگێڕی ئاسایشی نەتەوەیی (سێ توێژینەوە)، و:سلێمان حوسێن تاشان، چ١، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧

56. ن.ماسیۆج . مۆرگان، سەرچاوەکانی تیرۆریزم، لە کتێبی تەنگەژەی تیرۆریزم، و:مەروان کاکل، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦

57. هیشام هاشمی، جیهانی داعش، و: هێمن مەحمود، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٥.

58. هێڵگا هافیندۆرن، مەتەڵۆکەی ئاسیش: بیردۆزە داهێنان و پێکهێنانی لقێک لەبواری ئاسیشی نێونەتەوەییدا ، لە کتێبی کۆمەڵێک پسپۆڕ، ئاسایشی نێودەوڵەتی، و:قادر وریا، چاپخانەی منارە، هەولێر.


چ. تێزی دکتۆرا :


59. زانا توفیق کاکەامین، تیۆری جەنگی ڕەوا و ئاشتی جیهان (لێکۆڵینەوە لە جەنگی دژ بە تیرۆر)، تێزی دکتۆرایە پێشکەشکراوە بە کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان ، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٢٠.


ح. توێژینەوە :

60. ئیبراهیم سەعید، تیرۆری ئەلیکترۆنی و میکانیزمی روو بەروو بوونەوەی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٨.

61. بارام مەجید خان، مەرجەعیەتی شیعە و کاریگەرییان لەسەر کایەی سیاسی، وەرزنامەی ئێراناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژ(١)، ساڵی یەکەم، ٢٠٢١.

62. بارزان جوهر صادق، هەڕەشە ناوخۆییەکانی سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان- عێراق، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بەرگی (٣)، ژمارە(٦)، ٢٠٢٠.

63. بێستون حسێن عارف، پلان و ستراتیژی ئێران بۆ عێراق لە دوای داعش، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(١٤-١٥)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٧.

64. بێستون حسێن عارف، حەشدی شەعبی لەنێوان میلیشیا بوون و بەفەرمیبووندا،گۆڤاری جۆرناڵ،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات،،ژمارە(٤٠)، ٢٠١٩.

65. بێستون حسین عارف، خۆپیشاندانکانی عێراق و کاریگەری لە سەر هەژموونی ئێران لە بە غداد، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٤٣)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٩.

66. بەختیار کاکی،سەرهەڵدانەوەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق، ناوەدی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،سلێمانی، ٢٠٢٠.

67. پشتیوان فەرەج، بەرهەم ساڵح و عادل عەبدولمەهدی لەنێوان سەرکەوتن و شکستدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣٢-٣٣)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات،

68. جەزا ئەحمەد فارس، ئایدۆلۆژیای تیرۆر داعش بە نمونە، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٦)، سلێمانی، ٢٠١٥.

69. حارس حەسەن، بەدەر لە ئاسایش: ئاڵانگاریی حکوکمڕانی ، سەقامگیری و ئابوورییە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق، و: هاوڕێ حەسەن، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٢٧)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٨.

70. زریان رۆژهەڵاتی، ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا لە دوای داعش، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، هەولێر، ٢٠١٦.

71. زیرەك ئەحمەد رەحمان،حەشدی شەعبی پێکهاتە و تێروانینی ناوچەکەبۆ ئەو هێزە، گۆڤاری جۆرناڵ،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێی و قەیرانەکان دەریدەکات،،ژمارە(٤٠)، ٢٠١٩.

72. سەردار عەزیز، دیاردەی "ئەلادەولە" لە عێراقدا، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٢)، ٢٠٢٠.

73. پ.د.صالح عمر عیسی و د .پەرویز رحیم قادر، شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان- عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی(٦)، ژمارە(٣)، ٢٠٢١.

74. سەفین جەلال فەتحولا، ئاسایشی تەندروستی جیهان لێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆلەتیکی دەربارەی گرنگترین هەڕەشەکانی سەردەمی بە جیهانیبوون،گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(٣)، ساڵی (٢٢)، ٢٠١٤.

75. سەنگەر یوسف و عەبدولسەمیع ڕەحمان، ژینگەی بەرهەمهێنان و بەردەوامی بیری توندڕەوی لە ناوچە جێناکۆکەکان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٣) ، ٢٠٢٠.

76. صالح عمر عیسی، ئاسایشی ئابوری لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان-عێراق بە نموونە، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی(٦)، ژمارە(٤)، ٢٠٢١.

77. فەرهاد حەسەن عەبدولا، تاکتیکی جەنگی گرووپە تیرۆریستییەکان: ستراتیجی ڕووبەڕووبونەوەیان، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢٢.

78. فەرهاد حەسەن عەبدوڵلا، داعش و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(١)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٦.

79. فەرهاد حەسەن، بڵاوبوونەوەی چەک: عەشائیراکانی عێراق هێزێک لەسەروی دەوڵەتەوە، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠٢٠.

80. کارزان عەلی، هەڕەشەی تیرۆر لە کۆمەڵگادا، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ک)، ژمارە (٥٧)، سلێمانی، ٢٠١٢.

81. کارزان محەمەد ئەحمەد، کاریگەری واتەواتی میدیای ئەلکترۆنی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستان بەلاوبونەوە ی (19Covid) بە نمونە، بەرگی (٣)، ژ.(٢٠)، ٢٠٢٠.

82. محەمەد ئەحمەد مەجید، کاریگەری تەکنەلۆجیای زانیاری و پەیوەندی لە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوی داعش، ، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٦)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٦.

83. مستەفا هەمزە، تیرۆر و میدیا و شەڕی نەوەی چوارەم، و: د.فوائاد عەلی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٢٦)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٨.

84. موحەمەد ئەحمەد، چارەنووسی تیرۆریزم و ئایندەی ڕێکخراوی داعش، ، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٨)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٦.
85. ناودار زیاد، ڕێوشوێنەکانی وڵاتان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی تیرۆر، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠٢٠
86. نەوشیروان ڕەشید، ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی سیاسەتی ئابووری باو، ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، سلێمانی،٢٠١٥.
87. هاوڕێ حەسەن حەمە، چەمکی ئاسایش لە نێوان تیۆری ڕیالیزم و قوتابخانەی کۆبنهاگن، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٦.
88. هۆگر ئیبراهیم حەکیم، ڕۆڵی دامەزراوە زانکۆییەکان لە دەستەبەرکردنی ڕەهەندەکانی ئاسایشی نیشتمانی، گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنییەکان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بەرگی(٤)، ژمارە(٨)، ٢٠٢١.
89. هەڵگورد جەلال، کورد و ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، مەکتەبی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) دەریدەکات، ژمارە(٥٧)، سلێمانی، ٢٠١٢.
90. یاسین تەها، پێگەی وڵاتانی هەژموونداز لە هەڵبژاردنی عێراقدا ڕۆڵ، چاوەڕوانی و سیناریۆکان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٧) ، ساڵی دووەم، ٢٠٢١.
91. یاسین تەها، قەبارەی گرووپە وەلائییەکانی ئێران لە هاوکێشە ئەمنییەکانی عێراقدا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٣) ، ٢٠٢٠.
92. یاسین تەها، لە کابوولەوە تا بەغدا عێراق و هەرێم لە ئەگەری ئەرکگۆڕینی سوپای ئەمریکا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوومانگ جارێک دەریدەکات، ژ.(٩) ، ساڵی دووەم، ٢٠٢١.

خ.توێژینەوە بە کوردیکراوەکان:

93. جێسیکا دێڤیس، ئیسلامی سیاسی و بەرهەم هێنانی ژنانی تیرۆرست، و:ماجید خەلیل، گۆڤاری فاکت، دەزگای ئایدیا، ژمارە٣-٤، ٢٠٢٠.
94. حارس حەسەن ئەلقەرەوی، بەفەرمیکردنی مەرجەعیەت: دەوڵەت و دەسەڵاتی پیاونی ئایینی شیعە لە عێراقی دوای ٢٠٠٣، و: قارەمان عەلی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٣٠)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٨

95. شەهروز ئیبراهیمی، ڕەوشی چەمکی ئاسایش بە درێژی مێژوو، و:زریان ڕۆژهەڵاتی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان دەریدەکات، ژ.(٥٤)، سلێمانی، ٢٠٠٨.
96. عیماد عەللو، ڕێکخراوی داعش؛ واقیعی مەیدانی و توانا سەربازییەکانی، و:ئیدریس سیوەیلی، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٥٧)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠٢١.
97. کەرەم حەفیان، ڕێکخراوی قاعیدە، لە ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەر تا بەهاری عەرەبی توێژینەوەیەک لە ئەدای فکریی و سیاسیی قاعیدە لە عێراقدا، و: ئیدریس سیوەیلی، گۆڤاری ژۆرناڵ، ژمارە(٢٩)، ٢٠١٨.
98. مایکڵ نایتس، گەڕانەوە بۆ پشتی پەردە؛ ئایندەی کەتائیبی حزبوڵڵا و بریکارەکانی دیکەی ئێران لە عێراقدا، و: حسێن ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠٢١.
99. محەمەد بەسیونی، سیناریۆی گەڕانەوەی داعش، و:ئیدریس سیوەیلی،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،سلێمانی،٢٠١٩
100. ناوەندی جەزیرە بۆ توێژینەوە، ئایندەی ڕێکخراوی داعش دوای بەغدادی ، و:حسێن ئەحمەد حسێن، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێی و قەیرانەکان، ٢٠١٩ .
101. هادی مەعسومی زارع، ڕەوتی سەفد، مەرجەعییەت و داهاتووی دامەزراوەی ئایینی لە گۆڕانکارییەکانی عێراقدا، و: ئارام مەحموود، گۆڤاری جۆرناڵ، ژمارە(٤٣)، گۆڤارێکی سیاسی شیکارییە ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان دەریدەکات، ٢٠١٩.

د.نامیلکە:

102. بەهزاد ئەحمەد لفورکی، سەرەتایەک لەسەر ئاسایشی سروشتی، و: ئەرسەلان حەسەن، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا(توێژینەوەی چەمک و چوارچێوەی ئاسیشی سروشتی)، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی، ٢٠١٧
103. عادل عەلی، تیرۆریزم هەڕەشە و مەترسییەکان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی، ٢٠١١.
104. قادر حەمەجان عزیز، دەروازەیەک بۆ ئاسایشی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی، ٢٠١٢

ر.بڵاو کراوەکانی یونامی لەعێراق:

105. گۆڤاری لە پێناو عێراقدا، چاوپێکەوتن لەگەڵ گەورە ڕاوێژکاری بواری هەڵبژاردن و سەرۆکی تیمی تەواوی هاریکاری بواری هەڵبژاردن، گۆڤاری لە پێناو عێراقدا، نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، عێراق، ٢٠١٨.

106. نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نشینگە مرۆییەکان (پەناگەی نەتەوە یەکگرتووەکان)، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠١٩ دا، عێراق، ٢٠١٩.

107. نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی عێراق، هەوڵە تازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری کردنی ئێزیدیەکان ، هەواڵنامەی مرۆیی، ٢٠٢١.

108. نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠١٨ دا، عێراق، ٢٠١٨.

109. نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠١٩ دا، عێراق، ٢٠١٩.

110. نوسینگەی ڕاگەیاندنی یونامی، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە، گۆڤاری لە پێناو عیراقدا نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ٢٠٢٠ دا، عێراق، ٢٠٢٠.

ڕ.ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی :

111. بیکەر-هاملتۆن، ڕاپۆرتی گروپی دیراسەکردنی عێراق، و: جەمیل عەلی و ئەونیتر، چ١، سلێمانی،

ز.کۆنفرانس:

112. مەلا عەبدوڵلە ی مەلا سەعید گرتکی، کاراترکردنی ڕۆڵی زانایان لەبەردەم پرسە هەنووکەییەکان بەگشتی و دیاردەی تیرۆریش بە تایبەتی، پێشکەش کراوە لە کۆنفرانسی دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، ١-٢-٣/٢/٢٠٠٦، هەلێر، بڵاو کراوەتەوە لە کتێبی دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان هۆکار و چارەسەر، وەزورەتی ڕۆشنبیری، بەرگی دووەم، هەولێر ٢٠٠٧.

ژ.ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:

113. پەرویز ڕەحیم، ئاسایشی هەرێمی کوردستان-عێراق لە سەردەمی پۆست-داعش، ٢٠١٧، بەردەستە لەسەر بەستەری: http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/436-2018-09-02-18-56-38، بەروارەی سەردان(٢٠٢٢/٢/١٠).

114. جەزا ئەحمەد فارس، هەرێمی کوردستان لەکوێی کۆنگرەی ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بوو؟ ٣ ملیار دۆلار بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق تەرخانکرا، بلاو کراوەتەوە لە سەر ماڵپەڕی

دیپلۆماتیک مەگەزین (٢٠١٨)، بەردەستە لە سەر بەستەری:
https://diplomaticmagazine.net/economy/156 (بەرواری سەردان: ٢٠٢٢/٠٢/٢٠).

115. وەلید راوی، هەڵسەنگاندنی چالاکیەکانی داعش لە نیوەی یەکەمی ئەمسالدا،و:ئیدریس سیوەیلی،ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان،2020،بەردەستە لەسەر بەستەری
http://www.kurdistanc.com/Islamic/details.aspx?jimare=5582&fbclid=IwAR2_ncF9sDoX4-SQEVt6rQmJjDDdnIzmILMVU2DF8PtyJLu72tsTjJsPn4w ، (بەرواری سەردان ٢٠٢٢/٤/٢٧)

116. یونامی، داوایەك بۆ لێپرسینەوەو پاراستین: ڕزگاربووانی ئێزیدی لە تاوانە قێزەوەنەکانی داعش، ڕاپۆرتی ئۆفیسی کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاریکاری عێراق (یونامی) ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤ، ئابی ٢٠١٦، بەردەستە لە سەر بەستەری :
https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMIReport12Aug2016_kurdish.pdf بەروارەی سەردان(٢٠٢٢/٤/١٠).

117. ناس کورد، وەزارەتی پێشمەرگە: 1720 شەهیدمان لە شەڕی داعش هەیە، بەردەستە لەسەر:https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=89 بەرواری سەردان(٢٠٢٢/١١/٢٨).

118. مەعد فەیاز، تارق هاشمی بۆ رووداو: دەگەڕێمەوە بۆ عێراق و دەچمە دادگە، دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانیش نەبووم، و: هێمن بابان رەحیم، بەردەستە لەسەر بەستەری: https://www.rudaw.net/sorani/interview/270420222، بەرواری سەردان(٢٠٢٢/٢/١٠)

119. فەرمان سادق، یەکخستنی ژمێریاریی یەکەی حەفتا و هەشتای پێشمەرگە جێبەجێ دەکرێ، ماڵپەڕی ووشە، بەردەستە لەسەر بەستەری:
https://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=91539&Jor=14 بەرواری سەردان(٢٠٢٢/١١/١)

دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان

أ. القران الكريم

ب. القوانين:

120. قانون الانتخابات رقم (١٦) لسنة ٢٠٠٥.
121. قانون مكافحة الارهاب رقم (١٣) لسنة (٢٠٠٥).

122. قانون العقوبات رقم(١١١)،مادة (٢١) ، فقرة(أ) تاريخ التشريع : ١٩٦٩/١٢/١٥.
123. قانون تعديل قانون الانتخابات رقم 16 لسنة 2005.

ت.المعاجم والموسوعة :

124. عبدالوهاب الكيالى، موسوعة السياسة، الجزء الاول، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ١٩٨٦.
125. ناظم عبدالواحد الجاسور، موسوعة المصطلحات السياسية والفلسفية والدولية، دار النهضة العربية، ط١، لبنان، ٢٠٠٨.
126. وضاح زيتوى، معجم المصطلحات السياسية أول معجم شامل فى كل المصطلحات السياسية المتداولة فى العالم و تعريفتها، دار أسامه للنشر والتوزيع، الاردن،
127. يوسف محسين، موسوعة الحرب الاهلية الطائفية فى العراق، الدار العربية للموسوعات، المجلد الثانى، ط١، بيروت، ٢٠٢٠.

ث. الكتب العربية:

128. أحمد فهمى، صراع المصالح فى بلاد الرافيدين، مكتب مجلة البيان، ط١، ٢٠٠٨.
129. الاستاذ د. ذياب البداينة، الامن وحرب المعلومات، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.
130. ثامر عبداعزيز السعيد، الارهاب فى العراق بين اسبابه الحقيقية وأبعاده الاقليمية، منشورات زين الحقوقية، ط١، بيروت، ٢٠١٨.
131. خلف صالح على الجبورى و معتز اسماعيل خلف الصبيحى، التعايش السلمي وبناء السلام فى عراق ما بعد النزاعات، دار السنهورى، بيروت، ٢٠٢١.
132. دلاوه ر عثمان مجيد، دستور جمهورية العراق لسنة ٢٠٠٥، اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر ٢٠١٠.
133. رنا جاسم محمد حمزة، السبايا دراسة اجتماعية ميدانية للايزيديات المختطفات العائدات في العراق، ط١، مطبعة رو ژهلات، اربيل، ٢٠١٩.
134. طارق رشاد محمود، العنف السياسي العوامل المادية والايديولوجية والسيكولوجية، مركز حرمون للدراسات المعاصرة، ط١، تركيا، ٢٠١٨.
135. طاهر سليمان خليل، مكافحة الارهاب وتأثيرها على حقوق الانسان المدنية (دراسة مقارنة)، مكتبة صباح، بغداد، ٢٠١٤.
136. عابد خالد رسول، الحقوق السياسية فى الدساتير العراقيةو مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٢.

137. عادل حسن على، الاصول الفكرية تنظيم الدولة الاسلامية فى العراق وسبل المواجهة، انى للنشروالتوزيع، ط1، بغداد، 2020.
138. عبد البارى عطوان, الدولة الاسلامية الجذورو التوحش و المستقبلو، دار الساقى، ط٢، بيروت، ٢٠١٥.
139. فرغلى هارون، الارهاب العولمى وانهيار الامبراطورية الامريكية، دار لاوامى الثقافية، القاهيرة، ٢٠٠٦.
140. كامل جاسم المراياتى، مفهوم الامن الاجتماعى فى الفكر السوسيولوجى، تقدم فى ندوة الفكرية، بيت الحكمة، 1997، نشر فى الكتاب الامن الاجتماعى.
141. ماجد انور عشقي، معركة الموصل والرقة وانعكاساتها على مستقبل العراق و سوريا، فى الكتاب صفين الجديدة دراسات حول معركتي الرقة والموصل، مركز روداو للدراسات، ط٢، اربيل، ٢٠٢٠.
142. محمد عوض الترتورى و د.أغاديرعرفات جويحان، علم الارهاب الاسس الفكرة والنفسية والاجتماعية والتربوية لدراسة الارهاب، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.
143. مسعود حميد اسماعيلو الامن القومى الكردى وسبيل حمايته جنائيا (دراسة قانونية تحليلية)و مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٨.
144. منصور عبدالحكيم، داعش مارد العصر الاخير السفياني.. والرايات السود اخر الزمان!!،دار الكتاب العربي ،ط١، القاهرة، ٢٠١٥.
145. هايل عبد المولى طشطوش، الآرهاب المعاصرن، ط١، دار البداية، عمان، ٢٠١٤.
146. هيثم عبدالسلام محمد، مفهوم الارهاب فى الشريعة الاسلامية ، دار الكتب العلمية، ط1، بيروت، ٢٠٠٥.
147. يوسف كوران، جريمة الارهاب والمسؤولية المترتبة عنها فى القانون الجنائي الداخلي والدولى، مركز مردستان للدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٧.
148. يوسف محمد صادق، الارهاب والصراع الدولى، دار الحكمة، ط٢، بغداد، ٢٠٢٠.

ج.الكتب المعربة:

149. كارين أ.منغست و ايفان م. أريغوين، مبادي العلاقات الدولية، ترجمة حسام الدين خضور، دار الفرقد للطباعة والنشر، سوريا.

ح. اللبحوث:

150. أثير ناظم الجاسور،نحو قيادة عالمية جديدة لمحاربة الارهاب الدولي، مجلة العلوم السياسية، العدد(٥٣)، ٢٠١٩.
151. احمد عبدالله ناهي، م.م محمد ارمين كربيت، التنمية المُستدامة في العراق: التحديات والمعالجات، قضايا سياسية، ع:٦٥.

152. أحمد فريجة و أ. لدمية فريجة، الأمن والتهديدات الأمنية في عالم ما بعد الحرب الباردة، دفاتر الساسية والقانون، العدد الرابع عشر، ٢٠١٦.
153. احمد محمد عبد الرحمن العايدي، نظرية حرب الواحد في المائة دراسة حالة للحرب ألامريكية علي العراق، مجلة البحوث المالية والتجارية، ع٤، جامعة بورسعيد - كلية التجارة، مصر، ٢٠١٩.
154. أسماء خالد جرجيس، واقع الارهاب في العراق والتحديات المستقبلية بعد هزيمة داعش بمنظور جغرافي، قضايا سياسية، جامعة نهرين، عدد(٥٧)، ٢٠١٩.
155. أمين عبد الكرمي الفيصل، داعش وأثره فى العراق رؤية مختصرة، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، العراق، ٢٠٢٠.
156. أنتوني كوردسمان، الاستقرار في العراق و"الحرب على داعش"،دراسات مترجمة، سياسات عربية،دراسات وأوراق تحليليّة، العدد (١٦)، ٢٠١٥.
157. أيمن عبد الكريم الفيصل، داعش وأثرهُ في العراق رؤية مختصرة، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٠.
158. باسم علي خريسان، الامن السيبراني في العراق: قراءة في مؤشر الامن السيبراني العالمي ٢٠٢٠، مركز البيان للدراسات والتخطيط ، ٢٠٢١.
159. باسم علي خريسان، العراق فى مؤشر القوة العسكري العاملي ٢٠٢٢، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢.
160. هاشم شبر، تنظيم الجهد المؤسساتي والوزاري المشترك إزاء ألامن السيبراني فى العراق، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢.
161. بشار حسن يوسف، مفهوم العنف عند الحركات الاسلامية (جماعة الاخوان المسلمين فى مصر)-أنموذجا،مجلة أبحاث كلية التربية الاساسية، المجلد١١،ع(١)، كلية العلوم السياسية، جامعة الموصل، ٢٠١١.
162. باتريك بي جونستون، چيكوب إن. شيپيرو والاخرون، أُسُس تنظيم الدولة الإسلامية الإدارة، والمال، والإرهاب في العراق، من عام ٢٠٠٥ إلى٢٠١٠ ، نشرته مؤسسة رند، سانتا مونيكا، كاليفورنيا، ٢٠١٦.
163. جمال نصار، ظاهرة الإرهاب: محدداته وحقيقة المواجهة والتناقضات الدولية، مركز الجزيرة للدراسات،٢٠١٥.
164. حسن لطيف الزبيدي و صادق جبر فخري،الإرهاب و آثاره في التنمية البشرية في العراق،مجلة الغري للعلوم الاقتصادية و الإدارية،المجلد ٩، ع٢٩ ، ٢٠١٣.
165. خضير ياسين الغانمي، ظاهرة الارهاب الدولي...العوامل الدافعه وكيفيه معالجتها، مجلة أهل البيت عليهم السلام، مجلة فصلية محكمة تصدرعن جامعة أهل البيت، العراق، ٢٠٠٥.
166. دنيا جواد، الارهاب في العراق.. دراسة في الاسباب الحقيقية دراسة تحليلية لاسباب الارهاب في العراق.. ومتغيراته الاجتماعية والسياسية، العدد(43)، مجلة العلوم السياسية، كلية العلوم السياسية / جامعة بغداد، 2011.
167. رانج علاء الدين، احتواء الميليشيات الشيعية: المعركة من أجل الاستقرار في العراق، مركز بروكنجز، الدوحة، ٢٠١٧.

168. رنـا مولـود سبع، ماهيـة الارهـاب وتـأثيره علـى واقـع حقوق الانسـان فرنسا وبريطانيا انموذجا، دراسات الدولية، مركز الدراسات الدولية، جامعة بغداد، عدد التاسع والاربعون.

169. سلام جبَّار شهاب، الحكومة العراقية الجديدة وخُطُوات التوجُّه نحو التنويـع الاقتصـادي، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢١.

170. سيد ابـراهيم، عـدم الاسـتقرار السياسـي فـي العـراق بعـد عـام 3 200، مجلـة البحـوث الاقليمية (Bölgesel Araştırmalar Dergisi)، العدد(١)، ٢٠١٨.

171. د. عبـد الوهـاب الكيـالي، موسـوعة السياسـة، الجـزء الاول، ط ٢، المؤسسـة العربيـة للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٠.

172. عـادل عبـد الحمـزه ثجيل،السياسـة والأمـن فـي العـراق : تحـديات وفـرص، مؤسسـة فريدريش ايربت، مكتب الأردن والعراق، ٢٠٢٠.

173. عـامر بنـي عـامر، التقريـر النهـائي ّ لمراقبـة الانتخابـات البرلمانيـة العراقيـة ٢٠١٨ انتخابات الخارج – األردن،مركز الحياة – راصد، ٢٠١٨.

174. عبد الله الجبور، الحشد الشعبي في العراق: بين التوازنات إلاقليمية والمتغيرات المحلية، مؤسسة فريدريش ايربت، مكتب األردن والعراق، ٢٠٢١.

175. عبدالصمد رحيم كريم زنكنه، م.د.صداع دحام طوكـان، الارهـاب و تمييزه عن الكفاح المسلح للحركـات التحرريـة، دراسـات قانونيـة وسياسية، مجلـة فصـلية علميـة محكمـة يصـدرها مركز الدراسات القانونية والسياسية، كاية القانون والسياسية/جامعة السليمانية، السنة الخامسة، العدد(٩)، كوردستان-العراق،٢٠١٧.

176. عدنان عبد الامير مهدى، مشكلة البطالـة في العراق بعد ٢٠٠٣ .. واقعها، وأسبابها، وآثارها، وخيارات السياسات العامة،سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط،٢٠٢١.

177. عـلاء عبـد الحفيظ، الأمـن القـومي.. المفهـوم والأبعـاد، المعهـد المصـرى للدراسـات، ٢٠٢٠.

178. علـي نجـات، تـداعيات مقتـل القـادة علـى مستقبل التنظمـات الإرهابيـة)داعش( أنموذجـاً، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢.

179. علـي نجـات، تقيـيم أداء التحـالف الـدولي خـلال السـنوات السـبع فـي العـراق، سلسـلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢١،

180. عمـاد جاسـم حسـن، أثـر الارهـاب علـى الاوضـاع الاقتصـادية فـى العـراق وانعكاسـاته الاجتماعية..الاسـباب والمعالجات،مجلـة بحـوث،تصـدر عـن مركـز لنـدن للبحـوث والدراسـات والاستشارات،،العدد الثامن عشر،شباط ٢٠١٨.

181. غسـق حسـن مسـلم الكعبـي، الابعـاد الفكريـة للإرهـاب وتداعياتـه فـي الرسـم العراقـي المعاصر، نـابو للدراسـات والبحـوث، مجلـة علميـة محكمـة - العـددان التاسـع والعاشـر، حزيـران ٢٠١٥.

182. القاضـى سعيد رشيد، الجريمـة السياسـية، المجلـة العراقيـة لحقـوق الانسـان، مجلـة سـنوية تصدرها الجمعية العراقية لحقوق الانسان، العدد الثامن-تموز-٢٠٠٣.

183. قبي آدم، رؤية نظرية حول العنف السياسي، مجلة الباحث، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية العلوم الاقتصادية و التجارية و علوم التسيير، ع(٢)، الجزائير، ٢٠٠٢.
184. كريم مزعل شبى، مفهوم الارهاب دراسة فى القانون الدولى الداخلى، مجلة اهل البيت، العدد(٢)، جامعة أهل البيت، ٢٠٠٥.
185. ماجد صدام سالم، أثر الإرهاب على الأمن المائي العراقي، مجلةأبحاث ميسان، المجلد الحادي عشر، العدد الثاني والعشرون، ميسان، السنة ٢٠١٥.
186. مايكل نايتس، مستقبل القوات المسلحة العراقية، مترجم: مركز البيان للدراسات والتخطيط، مركز البيان للدراسات والتخطيط، بغداد، ٢٠١٦.
187. محمد أبو رمان، مستقبل داعش: عوامل القوة والضعف (الخلافة الافتراضية) وفجوة استراتيجيات مكافحة الإرهاب، مؤسسة فريدريش ايربت، مكتب الأردن والعراق،٢٠٢٠.
188. محمد عبد المحسن سعدون، مفهوم الإرهاب وتجريمه في التشريعات الجنائية الوطنية والدولية، مجلة مركز دراسات الكوفة ، العدد السابع، ٢٠٠٨.
189. محمد محى محمد و م.م.زيدون سلمان محمد، سبل النهوض بواقع ألاقليات و حمايتها في العراق لمرحلة ما بعد داعش، قضايا سياسية، ع(٦٥).
190. مصطفى ابراهيم سلمان و م.د.ضاري سرحان حمادي، استراتيجية التحالف الدولي لمكافحة الارهاب فى العراق، مجلة المستنصرية للدراسات العربية والدولية، العدد(٦١)، بغداد، ٢٠١٨.
191. منى حمدي حكمت، الفكر المتطرف واليات التصدى له داخليا: العراق نموذجا، قضايا سياسية، العدد(٦٦)، تصدر عن كلية العلوم السياسية في جامعة النهري، ٢٠٢١.
192. مهند حميد مهيدي، آفاق الإصلاح الاقتصادي في العراق، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٢.
193. نغم اسحق زيا، تكييف عمليات التهجير القسري للمسيحيين فى العراق عام 2014 في ضوء المفهوم الدولى الجنائي، مجلة كلية الحقوق- جامعة النهرين، المجلد(٢٣)، العدد(١)، لسنة (٢٠٢١).
194. هاشم حسن التميمي،دور الإعلام في مكافحة الارهاب، مجلة العلوم السياسية، عدد(٤٩)،كلية العلوم السياسية جامعة بغداد، ٢٠١٥.
195. وليد الحلى، الشباب فى مواجهة الارهاب، مجلة العلوم السياسية، العدد(٤٤)، جامعة بغداد،٢٠١٢.

خ. الاطاريح:

196. تارا عمر محمد، اشكاليات الانتقال الى الديموقراطية فى العراق بعد ٢٠٠٣، اطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم السياسية، ٢٠١٩.

د.تقارير الدولية:

197. بعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)، تطورات التظاهرات في العراق: المساءلة بشأن إنتهاكات وتجاوزات حقوق الإنسان التي ترتكبها "عناصر مسلح مجهولة الهويةن" ، بغداد، أيار ٢٠٢١.
198. بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق،تقرير حول حماية المدنيين في النزاع المسلح في العراق، المفوضية السامية لألمم المتحدة لحقوق اإلنسان بغداد/العراق،: ١١ أيلول –١٠ كانون الاول ٢٠١٤.
199. المعهد الديمقراطي الوطني، العراق ما بعد داعش تحسّن التماسك الاجتماعي، لكن مع استمرار استياء العراقيين تجاه الحكومة نتائج الاستطلاع الوطني، ٢٠١٩.
200. منظمّة الأمن والتعّاون في أوروبا، الوقاية من الإرهاب ومكافحة التطرّف العنيف والرّاديكالية المؤدّيين إليه: مقاربة الشّرطة المجتمعيّة، نشرت هذا التقرير منظمّة الأمن والتعّاون في أوروبا، فيننا، ٢٠١٤.
201. منظمة الشفافية الدولية في المملكة المتحدة ، الطابور الخامس فهم العلاقة بين الفساد والنزاع، منظمة الشفافية الدولية، المملكة المتحدة، ٢٠١٧.
202. هيومان راتس ووتش، التقرير العالمى ٢٠٠٥، كانون ثانى ٢٠٠٥، على موقع: https://www.hrw.org/legacy/arabic/mena/wr2005/iraq2.pdf، زيـــــاره: ٢٠٢٢/٣/٣
203. هيومن رايتس ووتش، العراق: عمليات اختطاف مرتبطة بمظاهرات بغداد اختفاء سبعة واعتقال اثنين، ٢٠١٩، https://www.hrw.org/ar/news/2019/12/02/336161، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٢.
204. هيومن رايتس ووتش، عدالة منقوصة المحاسبة على جرائم "داعش" في العراق، ديسمبر/كانون الأول، الامريكا، ٢٠١٧.
205. هيومن رايتس ووتش، عدالة منقوصة المحاسبة على جرائم "داعش" في العراق، ديسمبر/كانون الأول ٢٠١٧.
206. هيومن رايتس ووتش، وجه واسم: الضحايا المدنيون لحرآة التمرد في العراق، ع(٩)،المجلد(١٧).
207. وزارة خارجية الولايات المتحدة•مكتب الديمقراطية وحقوق الإنسان والعمل،تقرير حول حقوق الإنسان في العراق في العام ٢٠١٨، التقارير القطرية عن ممارسات حقوق الإنسان لعام ٢٠١٨.

ز. المؤتمرات:

208. احمد عبد العزيز عبدالعزيز، مسببات تنامي جرائم الخطف وأثارها على المجتمع العراقي
209. د راسة وصفية تحليلية، آداب الرا فدين عدد خاص مؤتمر كلية الآداب العلمي الرابع العدد(٤٧-٤)، ٢٠٠٧
210. سامر مؤيد عبد اللطيف وم.م. حمد جاسم محمد، الإرهاب وتأثيره على التعايش السلمي بين الأديان والمذاهب في العراق، بحث مقدم الى (المؤتمر الوطني حول الاعتدال في الدين

والسياسة) يومي 22 و23 اذار 2017، الذي عقد من قبل مؤسسة النبأ للثقافة والاعلام ومركز الدراسات الاستراتيجية في جامعة كربلاء ومركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية،نشر فى 2018/7/14، على موقع 15915/https://m.annabaa.org/arabic/studies)

211. على بن فايز الجحنى، أضواء على الاتفاقية العربية لمكافحة الارهاب، أبحاث الندوة العلمية حولتشريعات مكافحة الارهاب فى الوطن العربى، الندوة العلمية الخمسون، الرياض، ٧-٩ /١٩٩٨/١٢

212. نبيل جاسم محمد وأ.م. د.صالح شبيب محمد، الرؤى المجتمعية لتنامي ظاهرة الارهاب بعد عام 2014 واستراتيجيات المواجهة دراسة بينية ميدانية حسب وجهة نظر بعض القيادات المحلية في محافظة الانبار، لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية/ ج ١/ العدد (٢٣) ، )خاص بوقائع المؤتمر العلمي السنوي الدولي الخامس لكلية الآداب- محور أبحاث الاجتماع(، ٢٠١٨.

213. الإرهاب وتأثيره على التعايش السلمي بين الأديان والمذاهب في العراق، بحث مقدم الى (المؤتمر الوطني حول الاعتدال في الدين والسياسة) يومي 22 و23 اذار 2017، الذي عقد من قبل مؤسسة النبأ للثقافة والاعلام ومركز الدراسات الاستراتيجية في جامعة كربلاء ومركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، على موقع 15915/https://m.annabaa.org/arabic/studies، زيارة ٢٠٢٢/٢/١.

ر. المصادر الالكترونية:

214. أحمدى هادي، ٢٠ قصة فساد... كيف ضاعت ٥٠٠ مليار دولار في العراق ، من موقع الاليكترونى: https://bit.ly/34rjPIy، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٢

215. الجزيرة، المليشيات الشيعية بالعراق.. سلطة فوق الدولة، نشر على موقع الجزيرة،٢٠١٦/١/١٩على موقع: https://bit.ly/3lZwvy6، ،زيارة: ٢٠٢٢/٢/٢٠.

216. حسين الدليمي، الاختطاف الجماعي في العراق بين الحقيقة والخيال، ٢٠١٣، على موقع: https://www.albayan.co.uk/Article2.aspx?id=2935، زيارة: ٢٠٢٢/٢/٢٨.

217. الدكتور حسن لطيف الزبيدي و السيد خالد محمد طاهر شبر، التنمية الاقتصادية في العراق في ظل الحرب على الإرهاب، 2019، على موقع: http://hasnlz.com/?p=1382، يوم الزيارة:٢٠٢٢/٣/٢.

218. دويشته فيله ،البرلمان العراقى يقر تشكيل حكومة الوحدة الوالوطنية،٢٠٠٦/٥/٢٠، على موقع: https://p.dw.com/p/8VB4 ، زيارة موقع ٢٠٢٢/٣/١٤

219. رائد الحامد،مستقبل "داعش" بعد إعلان هزيمته بالعراق وسوريا انهزم التنظيم في سوريا والعراق لكن المسببات التي أدت إلى ظهوره لا تزال قائمة، نشر على موقع الأناضول، ٢٠١٩/٤/١، من موقع الاليكترونى: https://bit.ly/348txzj

220. رستم محمود، إدارة بايدن تترنح في العراق.. وتتحدث عن ٤ أولويات ،على الرابط الاتى: shorturl.at/kmEQV، ، زيارة: ٢٠٢٢/٦/٢
221. سكاي نيوز عربية، أذرع إيران الإرهابية.. تعرف على ميليشيات نشر الفوضى، أبوظبي - سكاي نيوز عربية، ، من موقع الاليكترونى: shorturl.at/swBDO ، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٢.
222. شذى خليل،تداعيات الارهاب على الاقتصاد العراقي،مركز الروابط للبحوث والدراسات الاستراتيجية ،على موقع44369/https://rawabetcenter.com/archives، زيارة: ٢٠٢٢/٣/١٥.
223. شيلي كيتلسون، مستقبل الدعم الأمني الدولي في العراق، قسم الترجمة والتحرير مركز بيان، ٢٠٢٠/١٠/٧، https://www.bayancenter.org/2020/10/6370/ ، زيارة: ٢٠٢٢/٦/٢
224. صالح الدهني، ما هي المليشيات الشيعية المقاتلة بالعراق؟ (ملف+ إنفوغراف)، من موقع الاليكترونىshorturl.at/luzPQ ، ، زيارة ٢٠٢٢/٢/٢٠.
225. صباح بالة، مدرسة كوبنهاغن في تفسير الدراسات الأمنية، نشر فى 2020، على موقع : الموسوعة السياسية(political-encyclopedia.org) زيارة: 2022/4/11.
226. عبد الواحد مشعل،الآثار الاجتماعيَّة للتطرّف على النسيج الاجتماعي العراقي، ٢٠١٩، على موقعhttps://bit.ly/3gKKjde، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٢٧.
227. عربي21، أبرز حوادث الاغتيال في العراق منذ 2003 (إنفوغراف)، على الموقع:https://bit.ly/3jtfIml، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٥
228. علاء ابراهيم محمود الحسينى، أهمية الأمن السياسي للمواطن العراقي،نشر على موقع شبكة النبأ المعلو ماتية، الأثنين ١٢ كانون الثاني ٢٠٢١، على موقع https://annabaa.org/arabic/rights/25808، زيارة ٢٠٢٢/١/٢٥
229. علي المكدام، الاغتيالات المستمرّة في صفوف الناشطين العراقيين، تحليل السياسات ، منتدى فكرة، على موقع: -https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy -analysis/alaghtyalat-almstmrwt-fy-sfwf-alnashtyn-alraqyyn، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٦
230. علي زياد العلي، التحديات غير المرئية للأمن الوطني العراقي، ٢٠١٨، على موقع4565/06/2018/https://www.bayancenter.org/، زيارة ٢٠٢٠/٥/٢٢
231. علي زياد العلي، دور أجهزة الاستخبارات الوطنية في إدامة الزخم الأمني العراقي، ٢٠١٧، 3906/12/2017/https://www.bayancenter.org/، زيارة: ٢٠٢٢/٦/٢
232. الغد، العبادي: أكثر من مائة مليار دولار خسائر سنوات الحرب مع داعش، نشر 2017، على موقع: https://bit.ly/3KjkheV، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٢٢.
233. فرهاد علاء الدين، دولة تتهاوى: فشل أمن العراق ونظامه السياسي.، تحليل موجز، على موقع: -https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/dwlt tthawy-fshl-amn-alraq-wnzamh-alsyasy، زيارة: ٢٠٢٢/٣/١٠

234. فضل عباس فرج الله، الارهاب (الايديولوجية والسلطة)، مركز مدارك للدراسات والبحوث، العراق، ، على موقع: http://www.madarik.net/mag3/9.htm، زيارة : 2021/4/8

235. محمد بن سعيد الفطيسي،قراءة في مفهوم الأمن السياسي ودوره في صناعة الاستراتيجية الوطنية، نشر 2018، على موقع: https://bit.ly/3vSiB5b ، زيارة:٢٠٢٢/١/٢٢.

236. محمد قيراط، الإرهاب الرقمي.. "داعش" وأساليب جديدة للتمويل والتجنيد، على موقع: 59shorturl.at/dmK، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٥.

237. المسلة،انتخابات العراق..من الاجتياح،٢٠٠٣ الى التحرير ٢٠١٨، على موقع: https://bit.ly/3ncski0 ، زيارة ٢٠٢٢/٢/١٥

238. نظام توزيع المقاعد لمجلس النواب، على موقع: http://www.iraqcenter.net/vb/showthread.php?t=54629، زيارة ٢٠٢٢/٢/١٥

239. هدى رؤوف، ماذا بعد تأسيس إيران الميليشيات الشيعية في دول النزاع؟ ، من موقع الاليكترونى: shorturl.at/lGPRU، زيارة ٢٠٢٢/٢/١٥

240. هدى رؤوف، ماذا بعد تأسيس إيران الميليشيات الشيعية في دول النزاع؟ ،2019 ، على موضع: 1shorturl.at/hlEV ، زيارة: ٢٠٢٢/٢/٢١.

241. هشام الهاشمي، داعش في العراق – تحدي إعادة دمج عوائل داعش، ٢٠٢٠/٠٧/١٢، https://www.bayancenter.org/2020/07/6174/ ، زيارة: ٢٠٢٢/٦/٣

242. وان نيوز، تعرف على أبرز خمسة اغتيالات في العراق بعد ٢٠٠٣،على موقع: http://oneiraqnews.com/index.php?aa=news&id22=1083#.YlPLlshByM-، زيارة: ٢٠٢٢/٣/٥

سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان

A.Law:

243. IRAQ LIBERATION ACT OF 1998, Sec(3).

B. Dictionaries:

244. Angela crawley, Oxford Elementary Learner's Dictionary, oxford university press, 1994.

245. Della Summers, Longman Active Study Dictionary, person Education, Uk, 2007.

246. P.H. Collin, Dictionary Of Politics And Government, Third Edition, Peter Collin Publishing, Uk, 2004

247. Oxford university press, oxford collocations Dictionary for student of English ,fifth published, printed in china, 2003.

248. Susan Ellis Wild, Webster's New World Law Dictionary, Published By Wiley, Hoboken, Canada,2006.

C. Thesis

249. Peter Alan Sproat, An Investigation Of The Concept Of State Terrorism, Phd. Thesis. Department Of Politics, University Of Newcastle Upon Tyne,1997.

D.Books:

250. *Alex P. Schmid, In The Book* The Routledge Handbook Of Terrorism Research, *Edited By Alex P. Schmid,* First Published By Routledge, 2011.

251. Anthony Tucker-Jones, Modern Warfare The Iraq War *Operation Iraqi Freedom 2003-2011,* Pen & Sword Military, First Publishe, Great Britain, 2014

252. Barry Buzan And Lene Hansen, The Evolution Of International Security Studies, Cambridge University Press, Uk, 2009.

253. Barry Buzan And Ole Wæve, Regions And Powers The Structure Of International Security, Cambridge University Press, Uk, 2003

254. Barry Buzan, Ole Wµver And Jaap De Wilde, Security A New Framework For Analysis, Lynne Rienner Publishers, Published In The United States Of America ,1998

255. Barry Buzan, People, States, And Fear The National Security Problem In International Relations, Second Edition, Wheatsheaf Books Ltd , Uk, 1983.

256. Beatrice De Graaf And Wouter Klem, Joining The International War Against Anarchism The Dutch Police And Its Push Towards Transnational Cooperation, 1880–1914 , In The

Book Shaping The International Relations Of The Netherlands, 1815–2000, 1st Edition, Routledge, London, 2018.

257. Boaz Ganor, Defining Terrorism Is One Man's Terrorist Another Man's Freedom Fighter?, In The Book Examining Political Violence Studies Of Terrorism, Counterterrorism, And Internal War, Edited By David Lowe, Austin Turk, Dilip K. Das, International Police Executive Symposium Co-Publication, Crc Press Is An Imprint Of The Taylor & Francis Group, An Informa Business, Usa, 2014.

258. Con Coughlin, Saddam His Rise And Fall, Harpercollins Publishers Ltd., United Kingdom, 2017.

259. Ernesto Che Guevara, Guerrilla Warfare: A Method, Printed In The People's Republic Of China,1963.

260. gérard chaliand and arnaud blin,the history of terrorism from antiquity to alqaeda, translated by edward schneider, kathr ynpulver, and jesse browner, university of california press, USA, 2007

261. Institute For International Cooperation, Incorporating The Concept Of Human Security Into Povert, Japan International Cooperation Agency, Japan, 2006.

262. Jonathan Fine, Political Violence In Judaism, Christianity, And Islam: From Holy War To Modern Terror, Littlefield Publishers, 2015.

263. Julia Jansson, Terrorism, Criminal Law And Politics The Decline Of The Political Offence Exception To Extradition, Published By Routledge, 2020.

264. MARC ROGER, The Psychology Of Cyber-Terrorism, Terrorists, In The Book Victims And Society Psycho Log I Ca I Perspectives On Terrorism And Its Consequences , Edited By Andrew Silke ,University Of Leicester, UK,2003, P.78.

265. Nafeez Mosaddeq Ahmed, The War on Freedom: How and Why America was Attacked, September 11th, 2001, Institute for Policy Research & Development, United Kingdom, 2002.

266. Patrick H. O'neil, Essentials of Comparative Politics, Norton & Company,six edition, Canada, 2018

267. Peter Hough, Understanding Global Security, By Routledge, USA, 2008.

268. Robert S. Macnamara,The Essence of security, Harpar and Row publisher, New York, 1968

269. Yassir Abd al-Hussein, Breaking Terrorism: An Evaluation of Combatting the “Islamic State” Organization in Iraq, in the book Methods of Preventing and Combatting Terrorism in the MENA Region and in the West,Collective writin, Published by Friedrich-Ebert-Stiftung Jordan and Iraq, 2016.

E. Researchs:

270. Agnès LEVALLOIS, Jean-Claude COUSSERAN and others, The financing of the ‘Islamic State’ in Iraq and Syria (ISIS), European Union , DIRECTORATE-GENERAL FOR EXTERNAL POLICIES POLICY DEPARTMENT, Printed in Belgium, 2017.

271. Alex Schmid,*Terrorism - The Definitional Problem*, the Case Western Reserve Journal of International Law Vol. (36), Iss. 2, Western Reserve University, 2004.

272. Alexander Lee, Who Becomes A Terrorist? Poverty, Education, And The Origins Of Political Violence, World Politics, Volume 63, Number 2, April 2011.

273. Álvaro De Vasconcelos, Multilateralising Multipolarity II Between Self-Interest And A ‘Responsiblepower’ Approach, Published In Global Security In A Multipolar World, Institute For Security Studies, Paris, 2009.

274. Anton Grizold, The Concept Of National Security In The Contemporary World, International Journal On World Peace , Vol. 11, No. 3, September 1994.

275. Beverly Gage, Terrorism And The American Experience: A State Of The Field, *Journal Of American History*, Volume( 98), Issue 1, June 2011.

276. Bruce R. Pirnie, Edward O’connell, Counterinsurgency In Iraq (2003–2006), National Defense Research Institut, Prepared For

The Office Of The Secretary Of Defense, Rand Counterinsurgency Study • Volume 2, 2008..

277. Charles Lister, Al-Qaeda versus ISIS Competing Jihadist Brands in the Middle East, The Middle East Institute, Washington, D.C, 2017.

278. Chidiebere Obi1, Chidimma Stella Ukaulor2, The Moral Questions on the Religious Basis for Terrorism, International Journal of Humanities and Social Science Inventi, Volume 5 Issue 4, April. 2016.

279. CRS Report for Congress, Iraq War: Background and Issues Overview, Congressional Research Service ˜ The Library of Congress, Updated April 22, 2003.

280. DANIEL BYMA, Iran, Terrorism, and Weapons of Mass Destruction, Studies in Conflict & Terrorism, no:31, 2008..

281. David J Brooks, What is security: Definition through knowledge categorization, Security Journal, Volume23, Issue3, UK, 2010.

282. Dmitry Baluev And Others, Human Security Concept As An Analytical Framework For The Study Of Asymmetric Conflict, Vol. 38 (Nº 44) Año 2017.

283. Diana B. Baisagatova, Saken T. Kemelbekov And Others, Correlation Of Concepts "Extremism" And "Terrorism" In Countering The Financing Of Terrorism And Extremism, International, Journal Of Environmental & Science Education, Vol. )11(, No. )13(, 2016,

284. Donald Holbrook And John Horgan, Terrorism And Ideology: Cracking The Nut, Perspectives On Terrorism, Volume 13, Issue 6, December 2019.

285. Douglas Kellner, 9/11, spectacles of terror, and media manipulation A critique of Jihadist and Bush media politics, Critical Discourse Studies, Vol. 1, No. 1, April 2004

286. Emilio Sánchez De Rojas Díaz, Are We Facing The Fifth Wave Of International Terrorism?, Spanish Institute For Strategic Studies, Spain, 2016.

287. Erik Männik, Terrorism: Its Past, Present And Future Prospects, Kvüõa Toimetised, No. )12(, Published By: Kaitseväe Ühendatud Õppeasutused, 2012.
288. Feike Fliervoet, Fighting for Kurdistan? Assessing the nature and functions of the Peshmerga in Iraq, Netherlands Institute of International Relations 'Clingendael, 2018.
289. *Gregor Bruce,* Definition Of Terrorism Social And Political Effects, Journal of Military and Veterans' Health, Volume 21 Number 2; May 2013..
290. Hamzeh al-Shadeedi Erwin van Veen, Iraq's adolescent democracy Where to go from here, The Clingendael Institute, June 2020.
291. Hans Günter Brauch, Environment and Human Security: "Towards Freedom from Hazard Impacts, UNU Institute for Environment and Human Security (UNU-EHS), Germany, 2005.
292. Harith Hasan and Kheder Khaddour, The Transformation of the Iraqi-Syrian Border: From a National to a Regional Frontier, Carnegie-MEC, uk,2020.
293. Hayder Al-Khoei, Ellie Geranmayeh & Mattia Toald, After Isis: How To Win The Peace In Iraq And Libya, European Council On Foreign Relations,2017.
294. Henry Prunckun And Troy Whitford, Terrorism And Counterterrorism: A Comprehensive Introduction To Actors And Actions, Lynne Rienner Publishers, USA, 2019.
295. Harrison Bardwell and Mohib Iqbal, The Economic Impact of Terrorism from 2000 to 2018, From the journal Peace Economics, Peace Science and Public Policy, Volume 27 Issue 2, 2020
296. Human Security Unit Office For The Coordination Of Humanitarian Affairs, HUMAN SECURITY IN THEORY AND PRACTICE, United Nations, USA, 2009.
297. JAMES P. PFIFFNER, US Blunders in Iraq: De-Baathification and Disbanding the Army, Intelligence and National Security Vol. 25, No. 1, 76–85, February 2010.
298. János Besenyő, Barry Buzan's Securitization Theory And The Case Of Iraqi Kurdish Military Action Against Isis In 2014,

Journal Of Security And Sustainability Issues, Volume 8, Number 3, 2019
299. Jeffrey Kaplan, Terrorism's Fifth Wave: A Theory, A Conundrum And A Dilemma, Perspectives On Terrorism, Volume Ii, Issue 2.
300. Jessica Trisko Darden, Tackling Terrorists' Exploitation Of Youth, The American Enterprise Institute, USA, 2019.
301. John Domingo Inyang and Ubong Evans Abraham, The Social Problem of Kidnapping and its Implications on the Socio-Economic Development of Nigeria: A Study of Uyo Metropolis, Mediterranean Journal of Social Sciences, Vol 4 No 6, July 2013.
302. Jonathan Matusitz, Terrorism And Communication A Critical Introduction, Sage Publications Inc, USA, 2013.
303. Jørgen Staun, A Linguistic Turn Of Terrorism Studies, Danish Institute For International Studies, Printed In Denmark By Vesterkopi As, 2009.
304. Jose F. Pinto, Global Religious Terrorism, A Troubling Phenomenon, Global Journal Of Human-Social Science: A Arts & Humanities – Psychology, Volume 19 Issue 1 Version 1.0, Year 2019.
305. Joseph S. Tuman, Communicating Terror: The Rhetorical Dimensions of Terrorism, SAGE Publications, 2010.
306. Joshua Sinai, How To Define Terrorism, Perspectives On Terrorism, Vol. 2, No. 4, February 2008.
307. Kafkazli Seyed Javad, The Significance Of Caucasia And Central Asia In Iran's National Security, Just Peace Diplomacy Journal, Number 7, International Peace Studies Centre (IPSC) London, UK, 2012.
308. Katherine R. Seifert and Clark R. McCauley, Suicide Bombers in Iraq, 2003-2010: Disaggregating Targets Can Reveal Insurgent Motives and Priorities, Terrorism and Political Violence, Volume:26, 2014.
309. Kenneth Katzman, Iraq: Politics, Security, and U.S. Policy, Congressional Research Service,USA, 2015.

310. Leonard Weinberg , Ami Pedahzur & Sivan Hirsch-Hoefler, The Challenges Of Conceptualizing Terrorism, Terrorism And Political Violence, Vol.16, No.4 ,Winter 2004.
311. Lily Hamourtziadou and Jonathan Jackson, COVID-19 and the myth of security, Journal of Global Faultlines , Vol. 7, No. 1, 2020.
312. Maha Azza, Iraq and Political Islam, in the research Iraq Ten Years, Edited by Claire Spencer, Jane Kinninmont and Omar Sirri, The Royal Institute of International Affairs, 2013.
313. Malini Subramanyam, Motivation leading to radicalization in terrorists, Forensic Research & Criminology International Journal, Volume 6 Issue 4 , 2018.
314. Mara Redlich Revkin, The Limits of Punishment *Transitional Justice and Violent Extremism* iraq case study, institute for integrated transitions,2018.
315. Mara Redlich Revkin, After the Islamic State: Balancing Accountability and Reconciliation in Iraq, institute for integrated transitions, United Nations University, 2018, 2018.
316. Marc A. Levy, Is the Environment a National Security Issue?, International Security, Vol. 20, No. 2 ,1995.
317. Marc Von Boemcken And Conrad Schetter, Security What Is It? What Does It Do?, Think Piece 09 Reflection Group, Friedrich-Ebert-Stiftung, Berlin,Germany, 2016.
318. Marianne STONE, Security According to Buzan: A Comprehensive Security Analysis, Columbia University, School of International and Public Affairs, SECURITY DISCUSSION PAPERS SERIES 1, 2009, USA.
319. Martin J. Gallagher, The 2016 ‘Lone Wolf’ Tsunami - Is Rapoport’s ‘Religious Wave’ Ending?, Journal Of Strategic Security , Vol. 10, No. 2, Summer 2017.
320. Michael E. O’Hanlon and Ian Livingston, Iraq Index Tracking Variables of Reconstruction & Security in Iraq, The Brookings Institution, July 2013.
321. Mohammad Husni Abumelhim, Sociology of Terrorism: A Brief History and Overview of the Islamic State of Iraq and Syria’s

(ISIS) Propaganda Wing from a Socio-Educational Perspective, Journal of Educational and Social Research, Vol 12 No 2, 2022.

322. Muyiwa Afolabi, CONCEPT OF SECURITY, Intelligence And Security Studies Programme, Department Of Political Science And International Studies, Published On Researchgate, 2015.

323. Peter Chambers,Abu Musab Al Zarqawi: The Making and Unmaking of an American Monster (in Baghdad (Alternatives: Global, Local, Political , February 2012, Vol. 37, No. (1(, February 2012.

324. PETER IMBUSCH , The Concept Of Violence, International Handbook Of Violence Research, Volume 1, Kluwer Academic Publisher, Netherlands , 2003.

325. Pine Roehrs, Weak States And Implications For Regional Security: A Case Study Of Georgian Instability And Caspian Regional Insecurity, Research Institute For European And American Studies, Research Paper No. 97 , 2005.

326. Ranj Alaaldin, Containing Shiite Militias: The Battle for Stability in Iraq, Brookings Institution, U.S.A., 2017.

327. Renad Mansour, Iraq After the Fall of ISIS: The Struggle for the State, The Royal Institute of International Affairs Chatham House, uk, 2017.

328. Rindha Widyaningsih And Kuntarto, Family Suicide Bombing: A Psychological Analysis Of Contemporary Terrorism, Walisongo: Jurnal Penelitian Sosial Keagamaan Vol. 26 No.2 ,2018.

329. S. Kalyanaraman, Conceptualisations of Guerrilla Warfare, Strategic Analysis, The Institute for Defence Studies and Analyses, Vol. 27, No. 2, Apr-Jun 2003.

330. Sean Kane, The Coming TurkishIranian Competition in Iraq, United States Institute of Peace, Washington, 2011.

331. Tom Parker & Nick Sitter, The Four Horsemen Of Terrorism: It's Not Waves, It's Strains, Published With License By Taylor & Francis., Terrorism And Political Violence, 2016.

332. Tomáš Kaválek, From al-Qaeda in Iraq to Islamic State: The Story of Insurgency in Iraq and Syria in 2003- 2015, Vol. 14, No. 1, Spring 2015.
333. Truls Hallberg Tønnessen, The Islamic State After The Caliphate, Perspectives On Terrorism, Volume 13, Issue 1, February 2019.
334. UN, Environmental Issues In Areas Retaken From Isil Mosul, Iraq, United Nation Development Program, july - august 2017.
335. Vincent A. Auger, Right-Wing Terror: A Fifth Global Wave?, Perspectives On Terrorism, Volume 14, Issue 3, June 2020.
336. Vittorio Bufacchi, Two Concepts Of Violence, Political Studies Review, Vol 3, 2005.
337. Willem Schinkel, On The Concept Of Terrorism,Contemporary Political Theory , Vol. )8(, 2009.
338. William F. Shughart, An Analytical History of Terrorism, 1945-2000, Public Choice, Vol. 128, No. 1/2, 2006.

F.UN Resolution

339. Resolution 1618, Security Council, 4 August 2005.

G.REPORTS

340. Amnesty International , Amnesty International Report 2020/21
341. Amnesty International, Amnesty International Report 2005
342. Amnesty International, Amnesty International Report 2017/18.
343. Dylan O'Driscoll, The Islamic State in Iraq, Helpdesk Report, K4D Helpdesk, This report was prepared for the UK Government's Department for International Development, 2019.
344. Erwin van Veen, Alba Di Pietrantonio Pellise, Nancy Ezzeddine, Paolo Napolitano, Band-aids, not bullets EU policies and interventions in the Syrian and Iraqi civil wars, CRU Report, Netherlands Institute of International Relations 'Clingendael,2021

345. Hideki Matsunaga, The Reconstruction of Iraq after 2003 Learning from Its Successes and Failures, MENA DEVELOPMENT REPORT, 2019 International Bank for Reconstruction and Development / The World Bank

346. Risk Mitigation Information Management Cente, Immap - Iraq Humanitarian Response Credit: Photographer Rm / Shutterstock.Com Isis Sleeper Cells Activities Amid The Covid-19 Pandemic Jan - Aug 2020, Published Date: 22 September 2020.

347. Sean Kane, The Coming Turkish Iranian Competition in Iraq, United States Institute of Peace, SPECIAL REPORT, Washington, 2011

348. The Geneva Academy Of International Humanitarian Law And Human Rights,THE SYRIAN ARMED CONFLICT: NEARING THE END ?, THE WAR REPORT 2018..4

349. The Norwegian Refugee Council (NRC), Iraq's Drought Crisis And The Damaging Effects On Communities, 2021.

350. The State Of The World's Human Rights, Annual Report 2020/21

351. United Nations Office On Drugs And Crime, Module 1 Introduction To International Terrorism, Education For Justice University Module Series Counter-Terrorism, Publishing Production: English, Publishing And Library Section, United Nations Office At Vienna., 2018

352. United Nations Environment Programme, UNEP in Iraq Post-Conflict Assessment, Clean-up and Reconstruction, First published in December 2007 .

353.

H.CONFERENCE

354. Bjørn Møller, The Concept Of Security: The Pros And Cons Of Expansion And Contraction, Paper For Joint Sessions Of The Peace Theories Commission And The Security And Disarmament Commission At The 18th General Conference Of The International

Peace Research Association (Ipra) Tampere, Finland, 5-9 August 2000.

355. Czesław Mesjasz, SECURITY AS AN ANALYTICAL CONCEPT, Paper Presented At The 5th Pan-European Conference On International Relations, In The Hague, 9-11 September, 2004.

356. Jason-Leigh Striegher, Violent-extremism: An examination of a definitional dilemma, 8th Australian Security and Intelligence Conference, held from the 30 November – 2 December, 2015 (pp. 75-86), Edith Cowan University Joondalup Campus, Perth, Western Australia.

357. Ludek Lukas, Theoretical Sources for a Theory of Safety and Security, : The Tenth International Conference on Emerging Security Information, Systems and Technologies, 2016.

I.WEBSITE

358. Akanshya Gurung, The impact of explosive weapons on children in Iraq, published 22 Oct 2020, Availabile at: https://reliefweb.int/report/iraq/impact-explosive-weapons-children-iraq, (Accessed . 5/3/2022)

359. Antonia Ward, How Do You Define Terrorism?, Publish On Nationalinterest, May 31, 2018, Avilabile at: Https://Nationalinterest.Org/Feature/How-Do-You-Define-Terrorism-26058, (Accessed . 2/11//2021)

360. Cole Bunzel, Explainer: The Islamic State In 2021, Published(December 10, 2021)Explainer: The Islamic State In 2021, Wilson Center, Available At: Https://Www.Wilsoncenter.Org/Article/Explainer-Islamic-State-2021. (Accessed . 01 May 2022)

361. David Sterman, Don T Dismiss Poverty S Role In Terrorism Yet, Publish On Time, 2015, Available At : Https://Time.Com/3694305/Poverty-Terrorism/, (Accessed . 5/4/2022)

362. Dilshad Anwar, IS Terror Group Surges In Iraq's Disputed Territories, Voa, June 26, 2018, Availabile At:

Https://Www.Voanews.Com/A/Islamic-State-Terror-Group-Surges-Iraq-Disputed-Territories/4455890.Html.. (Accessed . 5 May 2022)

363. Edward Wong, Sunnis Reject Early Iraq Election Results, Calling for Inquiry, Availabile on: https://www.nytimes.com/2005/12/21/world/middleeast/sunnis-reject-early-iraq-election-results-calling-for.html (Accessed 1/11/2022).

364. Graig R. Klein, The Leader Of ISIS Is Dead, But Are Targeted Killings Effective?, Publish On: 10 Feb 2022, Available At: Https://Icct.Nl/Publication/Leader-Isis-Dead-Targeted-Killings/ (Accessed . 24 April 2022)

365. Ido Levy, Biden UN Speech Misunderstands the Point of ‘Forever Wars’—in the Mideast and Elsewhere, The Washington Institute , published on Sep 20, 2021 Policy Analysis, Availabile at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/biden-un-speech-misunderstands-point-forever-wars-mideast-and-elsewhere, (Accessed . 21/3/2022)

366. Jack Losh, In Iraq, the Bitter Legacy of War Still Lies Hidden Underground Baghdad can’t rebuild its infrastructure and agricultural sector when its land remains littered with thousands of explosive devices, 2022, Available at:https://foreignpolicy.com/2022/02/12/iraq-explosives-landmines-war-legacy-of-war-infratructure-economy/ (Accessed . 25/5/2022).

367. James A. Baker, III, and Lee H. Hamilton, The Iraq Study Group,available onhttps://www.bakerinstitute.org/media/files/Research/88085bb4/iraqstudygroup_findings.pdf, (Accessed . 23/3/2022).

368. Kathy Gilsinan And Mike Giglio, What Isis Will BecomeThe Group Has Lost Its Territory And Its Leader. But It Has Survived Before—And Can Do It Again, November 22, 2019,Date Of Visit October 2,Avilabile At: Https://Www.Theatlantic.Com/Politics/Archive/2019/11/Evolution-Of-Isis/602293/, (Accessed . 23 April 2022)

369. Kirk H. Sowell, The Rise Of Iraq’s Militia State, Carnegieendowment. , Availabile at:

Https://Carnegieendowment.Org/Sada/59888, (Accessed . 28/2/2022).

370. Lily Hamourtziadou, with Hamit Dardagan and John Sloboda, Iraq 2019 Calls for a ‘True Homeland’ met with deadly violence (England: Iraq Body Count, 2019): Availabile at: https://www.iraqbodycount.org/analysis/numbers/2019/(Accessed . 9/3/2022)

371. Louisa Loveluck and Mustafa Salim, In Iraq, powerful militias assassinate protesters with impunity, Availabile at: https://www.washingtonpost.com/world/iraq-militia-assassinations-fear/2021/05/12/501474c0-b1cc-11eb-bc96-fdf55de43bef_story.html, (Accessed . 7/3/2022)

372. Maha Yassin, Climate Activism In Iraq: A Dangerous Undertaking, *December 29, 2021,* Availabile at: https://theglobalobservatory.org/2022/01/climate-activism-in-iraq-a-dangerous-undertaking/ (Accessed . 24/5/2022)

373. Michael Knights, Crispin Smith, Hamdi Malik, Profile: Kataib Hezbollah, Policy Analysis , The Washington Institute, Apr 1, 2021, Avilabile at: https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/profile-kataib-hezbollah, (Accessed . 23/2/2022)

374. Mustafa Saadoun, Why are kidnappings on the rise in Baghdad?,
January 26, 2017, Availabile At: https://www.al-monitor.com/originals/2017/01/kidnap-abduction-crime-militias-baghdad.html#ixzz7N3llrzhm, (Accessed . 1/3/2022)

375. Barry Buzan was interviewed online by Dorota Domalewska on August 4th, 2020, , avilabile at: DOI: http://doi.org/10.35467/sdq/125295, (Accessed . 1/2/2022)

376. Ranj Alaaldin, Saving Iraq What Ayatollah Sistani Can Do, May 9, 2016, Available at: https://www.foreignaffairs.com/articles/iraq/2016-05-09/saving-iraq, Accessed . 28/5/2022).

377. Michael Ray, Jacobin Club French political history, The Editors of Encyclopaedia Britannica, Availabile at:

https://www.britannica.com/event/Coup-of-18-Fructidor. (Accessed . 27/11/2022)

378. Steven Blockmans, Can the EU help prevent further conflict in Iraq and Syria?, 25 NOV 2016https://www.ceps.eu/ceps-publications/can-eu-help-prevent-further-conflict-iraq-and-syria/, (Accessed . 7/6/2022)

379. Tim Arango and Duraid Adnan, *Dozens Escape in Deadly Iraqi Prison Break, sep2012, Availabile on: https://www.nytimes.com/2012/09/29/world/middleeast/militants-attack-iraqi-prison-near-tikrit.html, (Accessed: 2/11/2022).*

380. Tobias von Lossow , Peter Schwartzstein and Hassan Partow Water, Climate, and Environment: Beyond Iraq's obvious conflicts, Available at: https://medium.com/@ecosystemforpeace/water-climate-and-environment-beyond-iraqs-obvious-conflicts-f2b268523181(Accessed . 27/5/2022)

381. Unmas, Iraq Impact, Available at: https://www.unmas.org/sites/default/files/unmas_iraq_factsheet_2021_en.pdf 2022, (Accessed . 23/5/2022).

382. Unodc, Module 5: Regional Counter-Terrorism Approaches, The European region, https://www.unodc.org/e4j/zh/terrorism/module-5/key-issues/european-region.html, (Accessed . 7/6/2022).

383. Walter Dorn, Human security: an overview, aper prepared for the Pearson Peacekeeping Centre for use in courses. The PPT used at the PPC and elsewhere is "Human Security: Four Debates", Available at: :https://walterdorn.net/23-human-security-an-overview, (Accessed . 10/1/2022)

# پوختە

تیرۆر یەکێکە لەمەترسییە گەورەکانی سەر ئاسایش، نەمانی ئاسایش واتە نەمانی بەرەو پێشچون و گەشەسەندن لەسەرجەم بوارەکاندا، لێکەوتەکانی تیرۆر لە سەر ئاسایشی عێراق پاش (٢٠٠٣) دەردەکەوێت لەبەرئەوەی لەپاش داگیرکردنی عێراق لەلایەن وویلایتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆشای ئەمنی دروست دەبێت و عێراق دەبێتە گۆڕەپانی دروستبوون و بڵاوبونەوەی چەندین گروپی تیرۆریستی، هەروەها بەهۆی دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێی لەلایەک و خراپ ئیدارەدانی کاروباری گشتی لە لایەکیترەوە گروپە تیرۆریستیەکان زۆر بەخێرای گەشەدەکەن و فراوان دەبن بەشێوەیەک کە دەبنە هەڕەشە بۆسەر سەرجەم ڕەهەندەکانی ئاسایش لە عێراقدا و ناسەقامگری سیاسی دێننە ئاراوە؛ زەرەرو زیانێکی زۆر لە ڕەهەندی (ئابوری، سیاسی، سەربازی، کۆمەڵگەی و ژینگەی)ئاسایش لە عێراق دەدەن بەجۆرێک ئەم لێکەوتانە بۆ چەندین دەیە کاریگەرییان دەمێنێتەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەدات کە لێکەوتەکانی تیرۆر کامانەن لەسەر رەهەندەکنی ئاسایش لە عێراقی پاش (٢٠٠٣) ؟ هۆکارەکانی سەرهەلدانی کێشەی تیرۆر لە عێراقدا چییە؟ ئایندەی تیرۆر لەم ووڵاتەدا بەرەو کوێ دەروات؟ چۆن چارەسەری کێشەی تیرۆر دەکرێت لە عێراقدا؟ جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە سودمان لەچەندین میتۆدی زانستی وەرگرتووە لەوانە (شیکاری ناوەڕۆک، وەسفی، سیستەم، مێژووی، تێبینیکردن، پەیبێبردن و هەمەکی) بەپێی پێویستی توێژینەوەکەمان هەریەک لەو میتۆدانەمان بەکارهێناوە، تیرۆر لە پاڵ ئەوەی کە لێکەوتەی لەسەر ڕەهەندەکانی ئاسایش بەجێهێشتووە بەهۆی ژینگەی ناخۆی عێراق لە لایەک و ململانێ هەرێمی و نێودەڵەتییەکان لەلایەکی ترەوە، ئەگەرێکی کراوەیە لە ئایندەدا بە بەهێزتر لە پێشووتر دەربکەوێتەوە بۆ ڕێگە گرتن لە گەرانەوەی تیرۆر بۆ سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق بە تەنها بەکارهێنانی هێزی سەربازی بەس نییە بەڵکو دەبێت لە هەموو ڕەهەندەکانی ( سیاسی، سەربازی، ئابوری،کۆمەڵگەی و ژینگەی)یەوە شەڕی تیرۆر بکرێت چونکە ئەم رەهەندانە هەموویان تەواوکەری یەکترین.

## ملخص

يعد الارهاب من أهم التحديات التي يتواجه الآمن ،وان انعدام الامن يؤدي الى انعدام التنمية والتطور في جميع المجالات، وان آثار الارهاب على الاوضاع الامنية في العراق ظهرت بعد عام 2003 بعد احتلال العراق من قبل امريكا بسبب حدوث الفراغ الامني في العراق وأصبح العراق ساحة لظهور وانتشار العديد من الجماعات الارهابية وانه بسبب تدخل الدول المجاورة من جهة وسوء ادارة الشؤون العامة من جهة أخرى، فان المجاميع الارهابية في العراق انتشرت بشكل سريع وشكل خطورة على جميع الاوضاع الامنية في العراق وادت الى خلق عدم الاستقرار السياسي في العراق وادت الى الحاق خسائر كبيرة من حيث الجوانب الاقتصادية والسياسية والعسكرية والاجتماعية والبيئية للامن في العراق، وان آثار ذلك ستظل باقية لعدة عقود.

ان هذا البحث يسعى الى الرد على عدة اسئلة من بينها ماهي آثار الارهاب على جوانب الامن في العراق بعد 2003 ؟ وماهي اسباب ظهور مشكلة الارهاب في العراق ؟ وماهو مستقبل الارهاب في العراق؟وكيفية معالجة مشكلة الارهاب في العراق ؟ وتجدر الاشارة الى انه من اجل الرد على هذه الاسئلة تم الاستفادة من عدد من مناهج البحث العلمية من بينها (تحليل المحتوى، الوصفي ،تحليل النظام ،التاريخي ،الملاحظة ،والادارك ،الشمولي) وانه تم استخدام هذه المناهج وفقا للحاجة اليها . ان الارهاب في العراق بالاضافة الى كونها اثرت على الابعاد الامنية في العراق ، فانه بسبب البيئة الامنية الداخلية للعراق والصراعات الاقليمية والدولية من جهة اخرى من المحتمل ان تظهر بشكل اقوى من السابق ،وانه من اجل منع عودة ظهور الارهاب الى الساحة السياسية العراقية فان استخدام القوة العسكرية غير كافي، ولكن يتعين استخدام الاساليب السياسية والعسكرية والاقتصادية والاجتماعية والبيئية في محاربة الارهاب بسبب كل هذه الاساليب تكمل بعضها البعض.

# Abstract

Terrorism is one of the most critical challenges facing security, and the lack of security leads to a lack of development in all fields. The effects of terrorism on the security situation in Iraq appeared after its occupation by the US in 2003 which created a security vacuum and Iraq became an arena for the emergence and spread of many terrorist groups. Additionally, due to the interference of neighbouring countries, on the one hand, and the mismanagement of public affairs, on the other hand, terrorist groups spread rapidly and posed a threat to all security conditions in Iraq and led to the creation of political instability and inflicted great losses in terms of economic, political, military, social and environmental aspects, and that the effects of this will remain for decades. This research seeks to answer several questions, including: What are the effects of terrorism on the security aspects in Iraq after 2003? What are the reasons for the emergence of the problem of terrorism in Iraq? What is the future of terrorism in Iraq? And how terrorism is to be addressed in Iraq? It should be noted that in order to answer these questions, a number of scientific research methods have been utilized, including (content analysis, descriptive, system analysis, historical, observation, perception, and holistic) and that these methods were used according to the need for them. Terrorism in Iraq, in addition to having affected the security dimensions, because of the internal security environment of Iraq and regional and international conflicts, on the other hand, is likely to appear stronger than before, and in order to prevent the re-emergence of terrorism in Iraq, the use of military power is not sufficient. Political, military, economic, social, and environmental methods should be utilized to fight terrorism as these methods complement each other.

Kurdistan Regional Government-Iraq.

Ministry of High Education and Scientific Research.

*University of Sulaimani*

*College of Political Sciences*

# Terror and it's Consequences on the Security Dimensions in post-2003 Iraq and it's Future Horizon

*A thesis by*

Jaza Ahmed Fars

*Submitted to the Council of the College of Political Sciences at Sulaimani University, as partial fulfillment of the requirements for obtaining a Master's Degree in Political Sciences.*

*Supervised by*

Assistant. Prof. Dr. Abid Khalid Rasul

*2022*